د . محەمەد ئارکۆن

# عەلمانییەت و ئایین

ئیسلام — مەسیحییەت - خۆرئاوا

لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی

**هاشم سالّح**

لە عەرەبییەوە بۆ کوردی

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

سلێمانی 2005

www.dengekan.com

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( 301 )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# عەلمانییەت و ئایین

بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: د. محەمەد ئارکۆن
وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
هەڵەچنی: خودی وەرگێر
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن: 160ی 2005
مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.info

# پێرست

پێشەکیی وەرگێڕی کوردی 7
پێشدەستی 17
سەرەتا 19

بەشی یەکەم- بەرەو ئیپستیمۆلۆژیایەکی تر
بەرایی:عەلمانییەت وەك هەڵوێستێك
لەبەرامبەر گرفتی مەعریفەدا 23
یەکەم: عەلمانییەت چییە؟ 23
دووەم: لەبەرچاوگرتنی دیاردەی ئایینی 27
سێیەم: نموونەیەك بۆ روونکردنەوە-دۆخی جەزائیر 29
چوارەم: ئایین لەفەزای کۆمەڵایەتی و مێژووییدا 35
پێنجەم: لەئیسلامۆلۆژیی کلاسیکییەوە بەرەو میتۆدێکی تر 49

بەشی دووەم-عەلمانییەت وەکو خاڵی بەیەکگەیشتنی
نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان
یەکەم: موسڵمانان و مەسیحییەکان میراتی رابردوو 67
دووەم: هەڵوێستی عەلمانی 83
سێیەم: بەرەو گەڕاندنەوەیەکی عەلمانییانەی ئیسلام 93
چوارەم: دواجار چی بکەین؟ 114

پەراوێزەکانی هاشم ساڵح 119

پاشکۆ- دەروازەیەك بۆ بیری محەمەد ئارکۆن 163

## پێشەکیی وەرگێڕی کوردی

(1)

د. محەمەد ئارکۆن (1928) سەر بە وەچەی ئەو بیریارانەیە کە شۆڕشێکی ئیپستیمۆلۆجیو میتۆدییان لە فیکری هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا بەرپا کردووە، واتە سەر بە وەچەی میشێل فۆکۆو پییێر بوردیۆو دێریداو فرانسوا فوریەیە، نیو سەدەیە لە فەرەنسەدا دەژیو پارسەنگی میتۆدو بیری زانستیی ئەورووپیو خۆرئاوایی دەکات. ئەگەر ئەو بیریارانە لە فیکری فەرەنسیو خۆرئاواییدا شۆڕشی میتۆدیو ئیپستیمۆلۆجییان ئەنجام دابێت، ئارکۆن هەوڵی داوە شۆڕشێکی لەو چەشنە لە فیکری عەرەبی-ئیسلامیدا ئەنجام بدات، بەو مانایەی دەیەوێت دوا دەستکەوتەکانی فیکری زانستیو میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکان بەسەر تێکستو کەلەپوری ئیسلامیدا پراکتیزە بکات، لێرەشەوە کەوتە ململانێ لەگەڵ خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکیدا، واتە ململانێی نێوان میتۆدی فیلۆلۆجیی خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی لە سەرێکو، میتۆدی زانستیی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە سەرێکی تر، بەو پێیەی لە دوو دیدو تێڕوانینی جیاوازەوە لە کەلەپووری ئیسلامی ڕادەمێننو لێی دەکۆڵنەوە.

ئارکۆن لە میانی ژمارەیەك میتۆدی زانستیی تازەوە، بە تایبەتی میتۆدی زمانەوانیو مێژووگەراییو سۆسیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی، لێکۆڵینەوەی لە بارەی فیکری ئیسلامی ئەنجام داوە. واتە هەمان ئەو میتۆدانەی بەکارهێناوە کە بیریارانی فەرەنسەو خۆرئاوا بەسەر کەلەپووری مەسیحی ئەورووپیدا پراکتیزەیان کردووەو گەیشتوونەتە کۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی گرنگ.

(2)

سەرجەم پرۆژەی ئارکۆن لەژێر یەك ناونیشانی سەرەکیدا کۆدەبێتەوەو ئەو ناونیشانە سەرەکییەش تێزی بنەڕەتیی ئەو لەخۆ دەگرێت: "ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی". واتە ئەو گەشتێکی زانستی بە سەرانسەری مێژوو و بیری ئیسلامیدا دەکاتو دەیەوێت پتر لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا بووەستێت کە ئەو چوار سەدەیە دواجار دەبێتە بناغەی بیرو مێژووی عەرەبی - ئیسلامی، گرنگیدان بەو چوار سەدەیە لە لای ئارکۆن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە لایەك تاریکترین چوار سەدەی مێژووی ئیسلامییە لە ڕووی دۆکیومێنتو زانیاریو ڕاستیی ڕووداوەکانو چۆنێتی شکلگرتنی تێکستەکان، بە تایبەتی لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا کە زانیاریو دۆکیومێنتێکی ئێجگار کەم لەبەردەستدانو ئەمەش-وەك ئارکۆن دەڵێت- کێشەیەکی گەورە بۆ مێژوونووسو بۆ توێژەری بیریار دروست دەکات. لە لایەکی تر لەو چوار سەدەیەدا گرنگترین تێکستەکانی کەلەپوری ئیسلامیو گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانو ململانێ گەورەکانی تیادا دروست بوون، هەروەکو تێکستی دامەزرێنەریش (واتە قورئان) لەو ماوەیەدا بە تەواوی شێوەی گرتو لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو کاتەدا بوو بە تێکستێکی نووسراوی ڕەسمیو داخراو (واتە موسحەف).

لەژێر ئەو ناونیشانە سەرەکییەدا "ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی"، ئارکۆن ناونیشانێکی دیکەی هەیە کە تیایدا هەوڵیداوە میتۆدێکی ترو شێوازێکی تر بۆ خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی بەکاربهێنێت، ئەو خوێندنەوە تازەیەش ناودەنێت "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی". بۆ ئەوەی خوێنەر شارەزایی زیاتری لەم چەمكو لەم زاراوەیەوە هەبێت، بابەتێکی هاشم ساڵحمان وەکو پاشکۆیەك بۆ ئەم کتێبە زیادکردووە کە تا ئەندازەیەکی باش ئەو چەمکەی ئارکۆن ڕوون دەکاتەوە.

(3)

گرنگیی پرۆژەکەی ئارکۆن لەوەدایە کەدەچێتە ناو گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی ئایین و لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر ئەنجام دەدات ، بوونی ئارکۆن لەزانکۆیەکی گرنگی وەکو زانکۆی سۆربۆن، ئازادییەکی فراوانی بۆ دەستەبەرکرووە ، ئەو ئازادییەی ڕەنگە لەهیچ زانکۆیەکی عەرەبیدا بوونی نەبێت بەتایبەتی لەپەیوەستیدا بەشیکردنەوەی فیکری ئایینی. ئارکۆن پێی وایە گواستنەوە لەباوەڕی دۆگمایی وداپلۆسێنەرانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ باوەڕی زانستی وعەلمانییانەی سەدە نوێیەکان، بەبێ نەزیفێکی ناوەکیی توندو بەبێ هەڵتەکاندنێکی گەورە ئەنجام نادرێت. هەرچەند لەحەقیقەتی شاراوەی خۆمان نزیك بینەوە ئەو نەزیف وهەڵتەکاندنە پتر دەبێت. ئەو دیاردە فەندەمینتالیستییەی ئەمرۆ دەیبینین، جگە لە گوزارشتکردن لەم دۆخە شتێکی تر نییە. دیاردەی فەندەمینتالیزمیش بریتییە لە هەوڵێکی نیگەران و بێهودە -کە دوا هەوڵیشە- بۆ بەرگرتن یان بۆ دواخستنی پرۆسەی بەعەلمانیکردن و پرۆسەی ڕووبوڕووبوونەوەی مێژوویی. لێرەدا لەلای ئیسلامییە ئوسولییەکان ترسێکی گەورە هەیە لە پراکتیزەکردنی میتۆدی مێژوویی و میتۆدە زانستییەکانی تر بەسەر تێکست و کەلەپوری ئیسلامیدا، ترس لەوەی ئەم پرۆسەیە بەشێکی زۆری وێناکردنە ئاینییە چەسپیوەکان بلەقێنێت .

(4)

پرۆژەی سەرەکیی محەمەد ئارکۆن پرۆژەی بیریارێکە لەناو بابەتێکی ئێجگار گرنگ و هەستیاردا کاردەکات، پرۆژەیەکە دەچێتە نێو قوڵاییەکانی کەلەپوری ئایینی ئیسلامی تا دواجار بەبەکارهێنانی میتۆدە زانستییەکانی بواری سوسیۆلۆجیاو ئەنترۆپۆلۆجیا بەکۆمەڵێ دەرەنجامی زانستیی گرنگ و دەگمەندا بێتە دەرێ، پرۆژەیەکە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەکەرەستەیەکی سەرەکی بۆ هەڵکۆڵینی ڕووبەرە نەخوێنراوەکانی کەلەپوری ئیسلامی و دەرخستنی لایەنە تاریك و ڕۆشنەکانی ئەو کەلەپورەو پاشان هەڵوەشاندنەوەیان و پیشاندانی ڕەهەندو چینە جیاجیاکانی کە بەدرێژایی چەندین سەدە بەسەریەکدا کەڵەکە بوون و بیری ئیسلامییان بەدۆگمایەکی داخراو هێشتۆتەوە، ئەمەش کارو ئەرکی بیریارانی ئەو بوارەی دەیانجار قورستر کردۆتەوە، بەڵام ئارکۆن بەدرێژایی نیوسەدە لەتەمەنی لەرووی ئەکادیمی و پراکتیکییەوە سەرقاڵی کارکردنە لەو کایە گرنگەدا، پوختەی بیرو دەرەنجامی کارەکانی لەچەندین کتێب و وتاری زانستیدا خستۆتە ڕوو کە لەهەردوو دنیای خۆرئاوایی و خۆرهەڵاتیدا بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی بابەتەکانی چاپ کردووە. پتر لەدە کتێبی بەزمانی عەرەبی چاپکراوە کە زۆربەیان لەلایەن هاشم سالحەوە وەرگێڕدراون، واتە ڕۆڵی هاشم سالحیش بەوەرگێڕان و پەراوێزو شەرحە دووردرێژەکانی هیچی لەرۆڵی ئارکۆن کەمتر نییەو بگرە پارسەنگی کارەکانی ئارکۆن دەکات.

ئارکۆن لە خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆجیانەدا کێشەی هیومانیزم لە کەلەپوری ئیسلامیدا دەخاتەڕوو کەبەناو بیری تەوحیدی و جاحظ و میسکەوەیهو ئیبن روشدو بیریارانی تردا گەشتێکی زانستی دەکات و دەیەوێ ئەو دیوە پرشنگدارانەی بیری ئیسلامی بهێنێتە سەرەوە کەچەندین سەدەیە فەرامۆش کراون، هەژمونی ئەرسەدۆکسی و دۆگمای ئیسلامی نەیانهێشتووە ئەو بیرە هیومانیستییەی سەدەی چوارەمی کۆچی گەشە بکات و پەرەی پێبدرێت.

ئەم تێزەی ئارکۆن درێژەپێدانی هەمان ئەو تێزەیە کە لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەتێزی دکتۆرانامەکەیدا خستویەتیە روو لەبارەی هیومانیزمی نەوەی میسکەوەیهو تەوحیدی و ئیبن عەمیدو صاحب بن عبادو سەرجەم ئەو نوسەرو ئەدیب و فەیلەسوفانەی رۆڵێکی چالاکیان هەبووە لەبرەوپێدانی ئەو تیۆرسازی و ئەرگۆمێنتەدا کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا کەشێکی فیکرییان خوڵقاندبوو. ئارکۆن دەیەوێت پێمان بڵێت لەچوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا کەشێکی لەبارو گونجاو هەبووە بۆ گفتوگۆی فیکری و خستنەرووی کێشەی ئایین بەتەفسیرە جیاجیاکانی دەقی دامەزرێنەریشەوە، دەیەوێت بیرمانی بخاتەوە کە لەسەردەمێکدا فەیلەسوفی ئیسلامی هەبوون دەرگای بیری جیاوازیشیان بۆ تێڕوانینی ئایینی دەکردەوەو ئەگەر ئەو کەشە ئایینیەی ئەوسا بەردەوام بوایەو دواجار ئەرسەدۆکسی ئیسلامی

سەرانسەری بیری ئیسلامیی داگیرنەکردایە، دەشیا زووترو چەندین سەدە لەمەوبەر بیری دۆگمای ئیسلامی وشکی بکردایەو بیرێکی رۆشنگەرانە لەناو ئایینی ئیسلامیدا بڵاوببوایەتەوەو بارودۆخی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانیش نەگەیشتایە ئەو حاڵەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین، ئەوسا دەشیا ئەو لێکترازانە گەورەیەی نێوان "مۆدێرنەی مادی" و "مۆدێرنەی فیکری" دروست نەبوایە کەسەرانسەری کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکانی تەنیوە.

کەواتە ئامانجی سەرەکیی ئارکۆن لەدەرهێنانی بیری هیومانیستیی ئیسلامی لەچینەکانی ژێرەوەی کەلەپوری ئیسلامیو لەگۆشە لەبیرکراوەکانی ئەو کەلەپورەدا، دەرخستنی ئەو لایەنە رۆشنگەرەی بیری ئیسلامییە کەدەکرێ ئەمڕۆ خوێندنەوەی زانستی بۆ ئەنجام بدرێو ببێتە زەوییەکی بەپیت بۆ فەراهەمکردنی ریفۆرمی ئایینیو دەرچوون لەباوەڕی دۆگمای سەدەکانی ناوەڕاستو پێخستنە نێو چەرخی عەلمانییەت ومۆدێرنەوە، ئارکۆن لەم ئاستەشدا بەدوو ئاڕاستە کاردەکات، ئاڕاستەی تیۆریو ئاڕاستەی پراکتیکی، واتە لەسەرێك کەلەپوری ئیسلامی هەڵدەوەشێنێتەوەو بەدوای دیوە گەشەکانیدا دەگەڕێتو ئەو بیریارو فەیلەسوفانەمان پێدەناسێنێت کەتێڕوانینێکی کراوەو تا ئاستێك رەخنە ئامێزیان بۆ ئایینو ئیمانو تەنانەت بۆ تێکستی دامەزراندنیش هەبووەو ئەمڕۆ لەبیرکراون، لەسەرێکی تر تیۆریزەی ئەو چەمكو میتۆدانەمان بۆ دەخاتە بەردەست کەخۆی کاریان تیادا دەکاتو لەسەردەمێکی نزیکدا رۆڵێکی کاریگەریان لەخوێندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی تێکستی مەسیحیدا هەبووەو ریفۆرمی ئاینییان پێ ئەنجام داوە، ئەمە سەرباری ئەو میتۆدە زانستییانەی ئەمڕۆ لەبواری کۆمەڵناسیو مرۆڤناسیو دەرونناسی وزمانەوانیو مێژوویيدا داهێنراونو بەردەوامیش لەپەرەپێدانو گەشەکردندان، دواجار ئارکۆن ئەو دەستکەوتە زانستییانەی ئەو کایە گرنگانە دەکات بەکەرەستەیەکی سەرەکی بۆ پراکتیزەکردنیان بەسەر کەلەپوری ئیسلامیو تێکستی قورئانیو فەرموودەو تەفسیرەکاندا.

ئارکۆن پێی وایە کۆمەڵگە ئیسلامییە هاوچەرخەکان لەدوو قۆناغی گرنگ دابڕاون، یەکەم: لەو قۆناغە داهێنەرەی کەلەپوری خۆیان دابڕاون کەدەرگایەك بۆ رۆشنگەریو بیری جیاوازی ئایینی دەکاتەوە، واتە چوارسەدەی یەکەمی کۆچی، یان تەنانەت تا سەدەی شەشەمی کۆچیشو تامردنی ئیبن روشدی فەیلەسوفی گەورەی ئیسلامی کەدوای ئەوە ئیتر بیرێکی سکولاستیکیو باوەڕێکی دۆگماتیزمانەی ئایینی بڵاوبووەو تەنها پشتی بەیەك تەفسیرو یەك قوتابخانەو یەك مەزهەب دەبەست وەکو مەزهەبی (مالکی) لەمەغریبی عەرەبیو مەزهەبی (حەنەفی) لەئیسلامی عوسمانیدا. دووەم: لەو قۆناغە گرنگەی مۆدێرنە دابڕاون کە لەئەوروپادا هەر لەسەدەی شانزەهەمو حەڤدەهەمەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام لەپێشکەوتندایە. بۆیە ئەم گیروگرفتە بۆ بیریارانو رۆشنبیرانی دنیای هاوچەرخی ئیسلامی گرفتێکی ئاڵۆزو قورسە، چونکە ئەمان لەبەردەم کەلەپورێکی مێژوویی قەبەو ئاڵۆزدان کە تائەمڕۆ خوێندنەوەی زانستی بۆنەکراوە. بۆیە دەبێ رۆشنبیرانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامی لەدوو سەنگەردا کار بکەن: سەنگەری کەلەپورو سەنگەری مۆدێرنەی ئەوروپیو.. چۆن بتوانن بگەنە ئاستێك قۆناغی کلاسیکی تێپەڕێننو بگەنە چەرخی مۆدێرنە. ئەم کارە بەدوو گرووپ دەکرێ: گرووپی یەکەم گروپی ئەو پیاوە ئاینییانەیە کە دیدێکی کراوەو رۆشنگەرانەیان بەرامبەر بەئایینو کەلەپورو مۆدێرنە هەیە "کە ئەمانە ئەمڕۆ ژمارەیان زۆر کەمە"، گروپی دووەم ئەو بیریارو رۆشنبیرو مێژوونووسانەن کە دیدێکی زانستیو واقعییان بۆ کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی دنیای ئیسلامی هەیەو باوەڕیان بەپراکتیزەکردنی میتۆدە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەمڕۆ بەداخەوە دەبینین مەعریفەو زانیاریی زۆربەی پیاوانی ئایین لەسنوری زانیارییان لە کەلەپورێکی تەقلیدی دەرناچێتو لاهوتێکی بەسەرچوو دەخەنە روو و ئاگاداری ئەو دەستکەوتە زانستیو فەلسەفییە گەورانە نین کە لەماوەی چوار سەدەی رابردوودا مۆدێرنە بەدەستی هێناون.

ئارکۆن بایەخێکی سەرەکی بەبابەتی ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی دەدات لەپێناوی خوێندنو فێرکردنی ئەم زانستە. واتە چۆن لەڕووی زانستی مرۆڤناسییەوە لەدیاردەی ئایینی بکۆڵینەوەو هەروەها ئایین لەسەردەمە جیاوازەکاندا چ رۆڵێکی لەبارودۆخی ژیانی مرۆڤو کۆمەڵگاکاندا هەبووە، واتە دەبێ لەهەموو رەهەندە جیاوازەکانیەوە سەیری ئایین بکەین نەك

تەنها لەرەهەندێکەوە کەپێمان وابێت بیری ئایینی سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی ئێمەیە، ئەمە بۆ ئەوەی بەقوڵی لەکاریگەرییەکانی ئایینو بیرۆکەی "ئیمان" لەزەینو رۆحی مرۆڤدا تێبگەین تابزانین ئەو رێگەچارانە چین دەتوانن مرۆڤ لەدۆگماو چوارچێوە تەسکەکانی بیرکردنەوە رزگار بکەن.

(5)

ئارکۆن لەم کتێبەدا لە بارەی عەلمانییەتو ئایین بە گشتی دەدوێت، لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەشدا ئاماژە بە وتاری "ئیسلامو عەلمانیەت" دەکات کە پێویستە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆی، ولەکتێبی "مێژوگەرایی بیری عەرەبی ئیسلامی"دا بلاوکراوتەوە. لێرەدا بۆئەوەی بیری ئارکۆن لەم مەسەلەیەدا ڕوونتر بێت، هەوڵ دەدەین بە کورتی هەندێ لایەنی ئەم چەمکە باس بکەین بەو پێیەی بابەتێکی فرەچەشنەو لێکدانەوەی هەمەجۆرو تێگەیشتنی جیاجیای لێکەوتۆتەوە، خوێنەر دەتوانێت لە کۆمەڵێك کتێبی گرنگ بە زمانی عەرەبیو فارسیو کوردی ئاشنای ئەو لێکدانەوە جیاجیایانەی عەلمانییەت بێت، بە بۆچوونی من باشترین کتێب بە زمانی کوردی لە بارەی عەلمانیەتەوە نووسرابێت، ئەو کتێبە گرنگەی مەریوان وریا قانیعە بە ناوی "عەلمانیەتو ئایین، چەند سەرنجێك لەسەر مانا گشتییەکانی پەیوەندیی نێوان ئایینو عەلمانیەت" کە لە ژمارە (14-15)ی گۆڤاری (ڕەهەند) ساڵی (2003)دا بلاوکراوەتەوەو خوێنەر دەتوانێت لە دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبەی مەریوان بە ئەندازەیەکی باشتر لەم چەمکە تێبگات.

ئارکۆن پێی وایە عەلمانییەت کۆمەڵگاکانی خۆرئاوای لە باوەڕی دۆگماتیزمی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گواستەوە بۆ پێشکەوتنی سەدەی مۆدێرنەو زانستو ئەو خۆشگوزەرانییەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین. عەلمانییەت لە تێڕوانینی ئارکۆندا مانای لەناوبردنی ئایین نییەو هەروەها دژایەتیکردنی باوەڕی ئاینیش نییە، عەلمانیەت مانای بێبایەخکردنو بێماناکردنی ئایین نییەو عەلمانییەت یەکسان نییە بە بێدینی، بەڵکو جیاکردنەوەی دینە لەدەوڵەت و دانانی سنورێکە بۆ هەموو ئەو باوەڕە ئایینیو مەزهەبییانەی دەیانەوێ فەزای کۆمەڵگە داگیربکەن. واتە لە سیستمی عەلمانییەتدا ئایین دەتوانێت لە شوێنی تایبەتیی خۆیدا پرۆسەی هەموو سروتەکانی خۆی بکات، بەو پێیەی "عەلمانییەت" و "ئازادی" دوو چەمکی هاوشێوەو پێکەوە بەستراون. ئیسلامیش لە بەرامبەر عەلمانییەتدا داخراو نییە، واتە ئەو باوەڕە هەڵەیە کە وایدەبینێ ئیسلام عەلمانیەت قبوڵ ناکاتو لەناو چوارچێوەیەکی دۆگماییدا خۆی داخستووە. کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە مێژووی خۆیاندا بە شێوەی جیاجیا ئەزموونی عەلمانییەتیان بەخۆوە بینیوە. لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا چەندین بزووتنەوەی گرنگ پەیدابوون کە ڕۆڵی گەورەیان لە تێڕوانینێکی تری غەیری تێڕوانینی داخراوی ئاینیی ئەوسادا هەبووەو توانیویانە لەو چوارچێوەیە دەربچن کە دەسەڵاتی ئایینی سەپاندبووی. بۆ نموونە بزوتنەوەی (موعتەزیلە) کۆمەڵێ کێشەی ئایینی گرنگیان خستۆتە ڕوو و هەندێ مەسەلەی فیکریی بنچینەییان چارەسەر کردووە، ئەمانە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی دوولایەنی بوونو پشتیان بە هەردوو بیری ئیسلامیو بیری یۆنانی بەستبوو، هەروەکو ڕەهەندێکی ڕۆشنبیریو زمانەوانییان لە مەسەلەی قورئاندا خستەڕوو و دانیان بە ڕۆڵی ئەقڵو بەرپرسیاریی ئەقڵیدا ناوەو پێیان وابوو ئەقڵ ڕۆڵێکی گرنگی لە خوڵقاندنی قورئاندا هەبووە، ئەگەرچی دواتر ئەم ڕەوتە شکستی هێناو بەهۆی چەندین هۆکاری مێژوویی پتر خەتی ئەشعەریو غەزالی بالادەست بووە کە دواجار بیرێکی دۆگماتیزمی داخراوو ئوسوڵی پەرەی سەندووە. هەروەها ئارکۆن لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیدا ئەو جیاوازییە دەسەلمێنێت کە لە نێوان (دینی) و (دونیایی)دا هەیەو ئەوەی کە ئیسلامیش ئەم جیاوازییەی ناسیوە. بگرە ئارکۆن وایدەبینێ کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بێئەوەی بە خۆیان بزانن سەدەیەك پترە بەرەو عەلمانییەت هەنگاو دەنێن ، سەدەیەك پترە لەناو پرۆسەی عەلمانییەتدا دەژین بێئەوەی هەستی پێبکەن، ئەمەش لەبەر نەبوونی بیری فەلسەفیانەو لێکۆڵینەوەی زانستیو شیکردنەوەی نوێی ڕۆشنبیری ومیتۆدی زانستە مرۆڤایەتی وکۆمەڵایەتییەکان.

(6)

رەنگە لەسەرەتادا خوێندنەوەی ئەم کتێبە کەمێك قورس بێت و هەندێ چەمك و زاراوە نارۆشنییەکیان پێوە دیاربێت. ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو چەمك و زاراوە سۆسیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجییە تازانەی ئەمڕ لەو زانستانەدا بەکاردەهێنرێن. بەڵام ئەگەر خوێنەر بەردەوام بگەڕێتەوە بۆ پەراوێزەکانی هاشم ساڵح کەلەکۆتایی کتێبەکەدا هەن، دەشێت ئاسانتر لەچەمکەکانی ئارکۆن تێبگات. هەروەها بگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشکۆیەی بۆ ئەم کتێبەمان زیاد کردووە. خۆیشم هەوڵمداوە لەهەندێ جێگادا لەنێوان دوو کەوانی گەورەدا یاخود لە پەراوێزدا روونکردنەوەی زیاتر بۆ هەندێ چەمك وزاراوە بنووسم. لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو کتێبەش رادەکێشم کە من لەساڵی 2002 دا کردوومە بە کوردی و لەدەزگای موکریانی لە هەولێر چاپ کراوە بەناونیشانی"ئایین و عەلمانییەتو کۆمەڵگای مەدەنی" کەبریتییە لەگفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن.

وەرگێڕ
**2005/2/22**
**سلێمانی**

## پێشەکی :

ئەمە دەقی ئەو لێکچەرەیە کە محەمەد ئارکۆن لە سێنتەری (تۆماس مۆر)دا پێشکەشی کرد، ئەم سێنتەرە سیمیناری ساڵانە لە بارەی بابەتگەلی هەمەجۆر دەبەستێ و گەورە توێژەران بۆ وتوێژکردن بانگ دەکات. ئەمە دووەمین لێکچەری محەمەد ئارکۆنە کە لەم سێنتەرەدا لە بارەی عەلمانییەتەوە پێشکەشی کردبێت. لێکچەری یەکەم لە مانگی دیسەمبەری ساڵی (1978)دا بە ناوی "ئیسلام و عەلمانییەت" پێشکەشی کرد و ئێمە وەرمان گێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە کتێبی "مێژووگەرایی بیری عەرەبی-ئیسلامی" (تأريخية الفكر العربي الاسلامي)دا بڵاومان کردەوە، لە ساڵی (1985)یشدا بۆ جاری دووەم محەمەد ئارکۆن بۆ ئەم سێنتەرە بانگهێشت دەکرێ بۆئەوەی ئەمجارە نەك تەنها لە بارەی ئیسلام و عەلمانییەت ، بەڵکو بە شێوەیەکی فراوانتر لە بارەی "عەلمانییەت و ئایین" بدوێ سا هەر ئاینێك بێت. لێرەدا ئارکۆن لە شیکردنەوەکەیدا پتر تەرکیز دەکاتە سەر ئیسلام و مەسیحییەت و خۆرئاوای بەعەلمانیکراو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە "عەلمانییەت و ئایین" تەواوکەری بەشەکەی دیکەیە "ئیسلام و عەلمانییەت"، پێویستە خوێنەر هەردوو لێکۆڵینەوەکە بخوێنێتەوە بۆئەوەی بە شێوەیەکی وردتر لە ئاراستە و تێڕوانینەکانی محەمەد ئارکۆن بۆ عەلمانییەت و ئایین تێبگات. من پەراوێز و شەرحێکی ئێجگار زۆرم بۆ ئەم بەشە داناوە لە پێناوی ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵی ناڕۆشن و تەماوی یان ئەوانەی ئارکۆن بە خێرایی بەسەریاندا تێدەپەڕێت، پاشان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەرجەعییەتە مەعریفی و ئەو ئاماژانەی پەیوەستن بە کولتووری فەرەنسییەوە کە لەوانەیە دووربێت لە مەرجەعییەتە کولتوورییەکانی خوێنەری عەرەبی یان موسڵمان بە شێوەیەکی گشتی.

هاشم ساڵح

## سەرەتا:

دەمانــەوێ لێــرەدا هەنــدێ لــەو مەســەلانە بخەینــەڕوو کــە بــە داخــەوە بــەپێی پێویســت لــە فەرەنســەدا لێیــان نەکۆڵراوەتــەوە زۆر کــەم نــەبێت. ژمارەیــەکی کــەمی فەرەنســییەکان بــە ڕێگــەی لێکگەیشــتن و پەیوەنــدیی ئــاڵوگۆڕی بەردەوامی نێوان کولتوورەکان و ژیارەکان ئەم مەسەلانە چارەسەر دەکەن. زۆرجار بە ڕێگەی نـەفرەتی سیاسـی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن بەپێی ئەو هەڵوێستی "ڕەتکردنەوە"یەی لە ڕابردووەوە بە میرات بۆیان ماوەتەوە، بە تایبەتی لە قۆنـاغی جەنگە داگیرکارییەکاندا. بەداخەوە ئەزموونی مێژوویی شەڕی جەزائیر شتێکی ئـەوتۆی فێـری فەرەنسییەکان نـەکردووە و بەپەلە ئەو ئەزموونەیان لەبیرچووەوە وەك چۆن بیرەوەرییەکی خراپ و ناخۆش لەبیر دەکرێ. ئیدی بەراوردکاری یـان ڕووبەڕووبوونەوەی چاوەڕوانکراوی نێوان کولتوورەکان ڕووی نەدا، هەروەکو ئەمە لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ڕووی نـەدا و بگـرە بـە شـێوەیەکی زۆر کـەمتر لـەوەی کـە لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا هـەبوو، ڕووی دا. دەبیـنین ئـەمڕۆ ئایـدیۆلۆژیا سیاسـییەکان شـوێنی ئـەو سیسـتمە تیۆلۆژییـە لاهوتییـەیان گرتۆتـەوە کـە لـە ڕابـردوودا بـاو بـوو، بێگومـان بـۆ ئـەوەی کەشوهەوای گفتوگۆ پیس بکات و ڕێگە لە هەر دیالۆگێکی ڕاستەقینە بگرێت. تەنها هەڵوێستی عەلمانی —بە مەرجێك بـە باشی لێی تێبگەین- دەتوانێت مەسەلەکان بجووڵێنێ و ئیشکالیەتەکان بخاتە ڕوو[1].

محەمەد ئارکۆن

# بەشی یەکەم

## بەرەو ئیپستیمۆلۆژیایەکی تر[2]
## "عەلمانییەت وەك هەڵوێستێك لە بەرامبەر گرفتی مەعریفە"

## بەرایی:
## ئەوەی پێویستە ئەمڕۆ جارێکی دیکە بیری لێ بکەینەوە

### یەکەم: عەلمانییەت چییە؟

من بۆ ماوەی سی ساڵە ئەندامێکی کارای فێرکردنی گشتیی فەڕەنسیم. لەم ئاستەدا من مامۆستایەکی عەلمانیم و لە فێرکردن و دەرسەکانمدا پرۆسەی عەلمانییەت دەکەم. ئەمە سەبارەت بە من جۆرێك لە ئینتیما و جۆرێك لە پرۆسیسی ڕۆژانەیی –لە یەك کاتدا- پێکدەهێنێ. دەمەوێ هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر ئێوەدا ئەو قسەیە بکەم، چونکە دەشێت هەندێ کەس باوەڕیان وابێت مومکین نییە بە هۆی ئینتیمای ئیسلامیم و بە هۆی ئیسلامبوونمەوە لە هێڵی عەلمانییەتدا بم[3]. بوونی من لە فەڕەنسەدا زۆر شتی ئیجابی و سەلبی لەبارەی ئەزموونی عەلمانییەت و شێوەی پرۆسەکردن و جۆری ژیانێکی عەلمانی فێرکردم. دواجار گەیشتمە ئەو پرۆسەیە یان ئەو قەناعەتە فیکرییەی کە دەڵێت عەلمانییەت بەر لە هەرچی یەکێکە لە کۆشش و دەستکەوتەکانی ڕۆحی بەشەری[4]. ئەمە دەستکەوتێکە لە چەندین ناوەند و لە چەندین ئەزموونی جیاجیادا پرۆسە کراوە، لەوانە جیهانی عەرەبی-ئیسلامیش وەك دواتر دێینە سەری. بەڵام ئەو وتەیە ڕاستە کە ئەم دەستکەوتە –واتە عەلمانییەت- لە کۆمەڵگە مەسیحییەکانی خۆرئاوادا زۆر دوورتر ڕۆیشتووە لەتەك هەموو ئەو شڵەژان و گرژی و ململانێیەی یاوەریی ئەو دەستکەوتە مەزنەی کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکاری مێژوویی و کولتووری کە دەکرێ بە ئاسانی شییان بکەینەوە[5] و دواتر دەگەڕێینەوە بۆی. ئێستا بەو وتەیە وازدەهێنم کە عەلمانییەت، سەبارەت بە من، بریتییە لە هەڵوێستی ڕۆح کە لە پێناوی بەمولککردنی حەقیقەت یان گەیشتن بە حەقیقەت تێدەکۆشێ. لێرەدا عەلمانییەت ڕووبەڕووی دوو بەرپرسیاری یان دوو بەرەنگاری دەبێتەوە:

1-چۆن بە شێوەیەکی گونجاو و دروست واقیع بناسین؟ واتە چۆن دەکرێ بگەینە مەعریفەیەك گونجانێکی زەینی و عەقڵیی لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەبێت (بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانیان) بەرەو گەیشتن بە حەقیقەت؟ لێرەدا ئەرك و بەرپرسیارییەکی هەمیشە کراوە هەیە، ئەمە کارێکە تەواو نابێ و لە شوێنێکدا داناخرێت، ئەمەش ئەوە لە توێژەر دەخوازێت هەموو تایبەتمەندییە کولتووری و مێژوویی و تەنانەت ئایینییەکانیش تێپەڕێنێ (واتە تەنانەت سنووری ئەو تایبەتمەندییە ئایینییەش تێپەڕێنێ کە تیایدا لەدایك بووە)، ئەمە ئەو خاڵە سەرەکی و یەکلاکەرەوەیەیە کە دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم، ئەو خاڵەی ئەوەمان پیشان دەدات عەلمانییەت شتێکی ترە و زۆر گەورەترە لە دابەشکردنی یاسایی[6] توانا و بەهرەکانی کۆمەڵگا. ئەمە یەکەمجار و پێش هەموو شتێك مەسەلەیەکە پەیوەندیی بە مەعریفە و بەرپرسیاریی ڕۆحەوە هەیە (واتە ڕۆحی بەشەری، واتە ئینسان). لە بنەڕەتدا ئەمەیە عەلمانییەت کە بە شێوەیەکی یەکسان و ئیجباری و بەبێ جیاوازی خۆی بەسەر هەمووواندا دەسەپێنێ.

2-بەرپرسیاریی دووەم پەیوەندیی بە گفتوگۆیەکی ترەوە هەیە کە باوتر و ئاشناترە، مەبەستم ئەو وتووێژەیە کە لە سەروبەندی دامەزراندنی (قوتابخانەی گشتی بۆ هەمووان) لە لایەن فەرەنسەوە، لە ئارادایە. ئەمەش شتێکی ڕوون و لۆجیکییە، واتە دوای ئەوەی دەگەینە چەشنێك لە زانین و ناسینی واقیع دەبێ فۆرمیولایەك یان شێوەو ڕێگەیەکی گونجاو بدۆزینەوە بۆئەوەی بیگەیەنینە ئەویدی بێئەوەی مەرج بۆ ئازادییەکەی دابنێین یان ئازادیی کۆت بکەین[7]. هەموو گیروگرفتی خوێندن و فێرکردن لێرەدایە. ئەمە ئەرکێکی عەمەلی ڕۆژانەییە و هەموو ئەو مامۆستایانە پرۆسەی

دەکەن کە لە بەرامبەر عەقلگەلی تازە و گەنج و پێگەیشتودان بەڵام ئەو عەقڵە گەنجانە توانای داکۆکی لەخۆ کردنیان نییە. گرنگیی ئەم بەرپرسیارییەش لەوەی یەکەم کەمتر نییە و کۆششێکی بەردەوامی لە مامۆستا دەوێت.

من بەمجۆرە لە عەلمانییەت تێدەگەم: مەبەستم عەلمانییەتێکی واقعی وەکو گرژی یان شپرزەییەکی هەمیشەیی بۆ ئاوێزانبوون بە دنیای واقیعی کە یارمەتیی بڵاوکردنەوەی ئەو شتە دەدات کە پێمان وایە لە فەزای کۆمەڵایەتیدا (فەزای کۆمەڵایەتی= واتە کۆمەڵگە) حەقیقەتە. هەر شتێکی بەدەر لەمە (واتە هەر شتێك دواتر لەبارەی عەلمانییەت بووترێت، یان ئەوەی گوایە عەلمانییەتە= عەلمانەوی) بەرهەمی کەموکورتییەکانی ئێمەیە لە پرۆسەی توێژینەوەی زانستیدا بۆ زانینی واقیع، هەروەها لە کەموکورتییە پەروەردەییەکانی ئێمەیە لە گەیاندنی ئەو زانینە (مەعریفەیە) بە ئەویدی، یان بە ئەوانیدی. هەر لەم کەموکورتییانەشەوە زنجیرەیەك لە ڕووداو و ململانێی عەلمانی یان دژی عەلمانییەت بەرهەم دەهێنرێن یان بەرهەم هێنراون. ئەم ململانێیانە —بە شێوەیەکی تایبەتی لە فەڕەنسەدا- بووە بە گرەوێکی سیاسی کلۆڵ وەك بەم دواییە بینیمان[8]. سەرباری ئەزموونە مێژووییە گرنگەکەیان کەچی فەڕەنسییەکان ئەو وێناکردنەیان بە کردەوە تەعمیم نەکرد و ئەو وێناکردنە فەلسەفییەیان بۆ عەلمانییەت —بە باشترین و بە فراوانترین مانای وشەکە — نەپاراست[9]، نەیانزانی چۆن سنووری شوێنگەکانی ئەو جیدال و ململانێیانە جێبهێڵن کە لە نێوانیاندا بنجی بەستووە، سا لە ئاستی ئاینیدا بێت یان لە ئاستی سیاسیدا.

کەواتە گرفتەکە —گرفتی عەلمانییەت- سەبارەت بە هەمووان بە کراوەیی دەمێنێتەوە، مەبەستم سەبارەت بە موسڵمانان و سەبارەت بەو کەسانەی خۆیان بە عەلمانی دەزانن و ململانێ و خەبات دەکەن (=عەلمانییە پەڕگیرەکان)[10]. سەبارەت بە موسوڵمانەکان دەبینین زیاد لە پێویست کەوتوونەتە نێو شەیدایی یەقینیاتە دۆگماییەکانی خۆیانەوە[11]. سەبارەت بە عەلمانییە پەڕگیرەکانیش دەبینین عەلمانییەتی ڕاست و دروست لەگەڵ ململانێ لە دژی ئەکلیرۆس یان پیاوانی ئاین تێکەڵ دەکەن. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن وامان نیشان بدەن کە ئەوەندە بەسە مامۆستا لە دەرسەکانیدا "بێلایەن"[12] بێت بۆئەوەی بگاتە نموونەی عەلمانی و ئاوێزانی بێت. بەڵام مەسەلەکان بەم سادەییە نین، چونکە لێرەدا مەسەلەی مەعریفە بە تەواوی خراوەتە ڕوو. بەمجۆرە دەڵێم ئەمڕۆ یەك توێژەر نییە —لە هەر پسپۆڕییەکی زانستیدا بێت- بتوانێت لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتی و قەناعەتپێهێنەرمان لەبارەی ماهییەتی دیاردەی ئاینییەوە پێشکەش بکات. سەرباری بوونی هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی و دابەشکاری و پێناسەکان تا ئێستا هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ قسەکردن لە بارەی دیاردەی ئایینی. مەبەستم هیچ ڕێگەیەك نییە بتوانێت ئەو کۆدەنگییە عەقڵییە بەدیبهێنێت کە سنووری هەموو ئایدیۆلۆژیاکان و هەموو ململانێ تەئویلی و ڕاڤەکارییەکانی نێوان ئایینەکان و مەزهەبە جیاوازەکان ببەزێنێت. (ئەمە دیدێکی ئەنترۆپۆلۆژیی بەرفراوانە نەك دیدێکی تایبەتیی بەرتەسك).

## دووەم: لەبەرچاوگرتنی دیاردەی ئایینی

ئەگەر عەلمانییەت یان هەڵوێستی عەلمانی سەبارەت بە ڕۆحی بەشەری پێشکەوتنێك پێکبهێنێت، ئەوا ئێمە لەم ئاستەدا هەموومان هاوچەرخی یەکتر نین. چونکە لە پەیوەستدا بە مەعریفەو گەیاندنی بە ئەوانیدی، دەبینین هێڵەکان یەکسان نین، ئینجا هەڵوێست و ئاستەکان جیاوازن. ئەم قسەیە بەسەر خودی یەك کۆمەڵگاشدا –بۆ نموونە کۆمەڵگەی فەڕەنسی- پراکتیك دەبێ، هەروەکو بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەسەر کولتوورەکانی دیکە و کۆمەڵگاکانی دیکەشدا پراکتیك دەبێ وەکو ئەو کۆمەڵگایانەی ئیسلامیان تیادا بڵاوبۆتەوە.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە مەسەلەی "عەلمانییەت و ئایین" دەدوێین نەك مەسەلەی "ئیسلام و عەلمانییەت" کە پێشتر لە بارەیەوە دواوین، چونکە دەبێ دیدگامان سەرجەمگیرتر و فراوانتر بکەین بە جۆرێك نموونەی ئیسلام تێپەڕێنێ و بچێتە سەر ئایینەکانی تریش. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ دیاردەی ئایینی وەك گشتێك لەبەرچاو بگرین نەك یەکێ لە دەرکەوتەکانی، بۆ نموونە ئیسلام یان مەسیحییەت.

لە واقیعدا نووسراوگەلێکی ئێجگار زۆر هەیە لەبارەی عەلمانییەت یان لەبارەی مەسیحییەت و عەلمانییەت، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی "عەلمانییەت و ئایین"ەوە نووسراون، زۆر نین. بۆچی؟ چونکە توێژینەوەی زانستی پێشکەوتووی خۆرئاوا –نەك تەنها لە بواری زانستە سرووشتییەکان، بەڵکو تەنانەت لە بواری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا- زانیارییەك لە بارەی ئایین پێشکەش دەکات کە لە (مێژووی ئایینەکان)[13] دەرناچێت و ئەویش تەنها لە پەیمانگەی دەگمەن و زۆر تایبەتیدا قەتیس کراوە. بێگومان خوێندن لەو پەیمانگایانەدا بە زۆری لە بارەی مەسیحییەتەوەیە: واتە ئایینی ئەوروپا و بە گشتی خۆرئاوا. کەچی ئایینی ئیسلام جێهێڵراوە بۆ ئەو خۆرهەڵاتناسانەی لە زانکۆکانی فەڕەنسە و خۆرئاوادا کۆمەڵێ توێژەری پەراوێزین. بەڵام خوێندنی ئایینەکانی دی یان زانیاری لەبارەی ئایینە ئەفریقاییەکان کەمترە، چونکە بەپێی قسەی ئەوان ئایینەکانی ئەفریقیا ئاینگەلێکی وەسەنی –پەیگانین[14] و وابەستەی عەقڵیەتێکی "سەرەتایی"ن و ئەمەش لە پسپۆڕیی ئیتنۆلۆجیایە[15] (واتە زانستی تایبەتمەندیی میلللەتان و زمان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان..) ئەم زانستەش قابیلی هەڵکشان و داکشان و گفتوگۆیە و ئامادەبوونێکی لاوازیشی لە زانکۆکاندا هەیە. دەتوانین تا ڕادەیەك هەمان شت لە بارەی ئایینەکانی ئاسیاش بڵێین، بۆ نموونە ئێمە بە شێوەیەکی دروست چ شتێك لەبارەی بوزی و هیندۆسی و زەردەشتی و مانەوی دەزانین؟ بێگومان زۆر کەم، بگرە لەوانەیە تەنانەت لەنێو ڕۆشنبیرانیشدا هیچ شتێکیان لەبارەوە نەزانرێت.

کەواتە، یەکێ لە دەرەنجامەکانی ئەوەی پێیدەوترێ (عەلمانییەت) یان (دونیایی) یان (دونیاگەرایی) بریتییە لە دوورکەوتنەوەیەکی عەقڵی و زانستیی تەواوی کەرتێك لە کەرتەکانی مەعریفە (واتە: ئایین) ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم کەرتە مەعریفییە (ئایین) ڕۆڵێکی بنچینەیی لە لەدایکبوونی مێژوویی کۆمەڵگاکانماندا بینیوە، لەوانە کۆمەڵگا ئەوروپی و خۆرئاواییەکانیش. ڕێك لێرەدا حاڵەتی ئیسلام بە سیفەتی بەرەنگارییەك دەردەکەوێت. ئیسلام لە ڕووی عەقڵی و کولتوورییەوە پەیوەستێکی زۆری بە فیکری ئەوروپی خۆرئاواییەوە هەیە. بەڵام وەك ئایین و وەك ڕێچکەی مێژوویی چەندین کۆمەڵگە کە زۆر بە کەمی لێیکۆڵراوەتەوە و وەك ئەوەی ئاینێکە نەناسراوە و بگرە ڕەت کراوەتەوە و فڕێدراوەتە فەزای "خۆرهەڵاتی"ی گریمانکراو، ئەوا زۆر دوورە لە فەزای ئەوروپی خۆرئاوایی. دەبێ پرسیار لە هۆیەکانی ئەو دوورخستنەوەیە بکەین[16]، ئێمە تێبینی دەکەین ژمارەیەکی زۆری ئەنیستیتوتی "مێژووی ئایینەکان" لە خۆرئاوادا بەشی تایبەتییان بۆ ئیسلام تیا نییە.

## سێیەم: نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوە

## دۆخی جەزائیر

هەردوو چەمکی "عەلمانییەت" و "ئایین" دوو چەمکن زۆر دوورن لەوەی بە ڕوونی گەڵاڵە کرابن و خرابنە ڕوو و پاشان دوو چەمکی نائەکتیڤن، زۆرجار ئەو شتانەی لەبارەی ئەو دوو چەمکەوە دەیانڵێین گوتارێکی زانستی پێکناهێنن بەڵکو گوتاری کۆمەڵایەتین، ئێمە دەزانین جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو تەرزە گوتارەدا هەیە کە دەبێ گوتاری زانستی زاڵبێت بەسەر گوتاری کۆمەڵایەتیدا و میکانیزمی ئیشکردن و پێکهاتەکەی دەربخات. ئامانجی گوتاری زانستی بە شێوەیەکی تایبەتی بریتییە لە دەرخستنی ئەوەی کە سەرجەمی کۆمەڵگا بەشەرییەکان بەبێ دەرهاویشتە هەوڵدەدەن بەر لەهەر شتێك نکوڵی لە زەمینە ڕاستەقینەکەی بوونی خۆیان بکەن. بە مانایەکی تر کۆمەڵگە دەمامك دەخاتە سەر حەقیقەتی ئەو هێزانەی تەحەکوم بە چارەنووسی مێژوویی دەکات لە ڕێگەی زمانێکی تایبەتی گونجاو بۆ ئەو کارە (واتە زمانێکی گونجاو بۆ پرۆسەی تەمویهی واقعی ڕاستەقینە)[17].

حاڵەتی جەزائیری، بەو شێوەیەی هێنری سانسون بۆی خستووینەتە ڕوو، *{لە بارەی ئەم مەسەلەیە بڕوانە ئەو دۆسییەیەی کە هێنری سانسۆن لەسەر جەزائیر خستیەڕوو بە ناونیشانی: (جەزائیر: کۆمەڵگایەکی تائیفی، لەگەڵ ئەوەشدا عەلمانی)}*. نموونەیەکی ڕوونکاریی چاکمان پێشکەش دەکات، ئەمە لەگەڵ گوتاری ڕەسمی باوی ئەمڕۆدا گونجاوە، واتە گوتارێکی ملکەچ بۆ ڕابردوو و بۆ گیروگرفتە سیاسییە هەنووکەییەکان. لە جەزائیر لە ساتەوەختی سەربەخۆییدا، هێزە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەکان هەموویان بە یەك چەشن بە ئاراستەی ئەو هێڵەدا نەدەڕۆیشتن کە لە ساڵی 1962 و لە دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن گرووپێك لە تێکۆشەران، سەرکەوت، بەڵکو تەوژم و ململانێ جیاوازەکان پێشتر و تەنانەت لە سەروبەندی جەنگیشدا لەنێو ڕیزەکانی بەرەی ڕزگاریدا دەرکەوتن، ئەوان لەبارەی کەسایەتیی ئیسلامی یان جەزائیریی وڵاتەوە گفتوگۆیان دەکرد، بەو مانایەی ئایا ئەو کەسایەتییە، ئیسلامییە یان جەزائیری؟ ئەوسا تەوژمگەلێکی جیاواز هەبوون ململانێیان لەگەڵ یەکدیدا دەکرد:" لەوانە تەوژمی "عروبییەت" کە لەگەڵ هاتنی جەمال عەبدولناسر لە میسر ئەوانیش سەرکەوتن، هەروەها تەوژمی زانایانی ئایین کە بەپێی هێڵی سەلەفییە ئیسلامییەکان پێی لەسەر ئیسلامبوونی وڵات دادەگرت، هەروەها کەمایەتییەکی شەرمنیش هەبوو باسیان لە ئینتیمای جەزائیری بۆ جەزائیر دەکرد، واتە لەبارەی جەزائیریبوونی جەزائیر دەدوان. بەڵام جەزائیر لە ساتەوەختی جەنگی داگیرکاریدا لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە کەم و زۆر خۆی بە دابڕاوی بینی، واتە لە ئایدیۆلۆژیاکان دابڕابوو، مەبەستم ئەوەیە لەو تەوژم و ڕەوتە عروبی و سەلەفییانە جیاکرابووەوە. ڕاستە دەنگدانەوەی بیرۆکەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ڕێگای زانایانی ئایینییەوە دەگەیشتە دانیشتووان، بەڵام ئەوانە لە لایەن خودی دانیشتوانی جەزائیرەوە ڕووبەڕووی بەرگری دەبوونەوە.

بەمجۆرە پێویستە بە نیگای سۆسیۆلۆژیستێك و مێژوونووسێك تەماشای کۆمەڵگای جەزائیری بکەین نەك بە چاوی عەقائیدییەکی ئیسلامی وەك ئێستا دەیکەن هەر لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سەرکەوتووە. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام لە جەزائیردا بە چەند چەشنێك ئامادەبوونی هەیە کە بە شێوەیەکی تایبەتی ملکەچی کولتوورێکە وابەستەی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەیە کە لە قۆناغی داگیرکاریدا کەموزۆر لە یەکدی دابڕابوون و هەروەها لە ڕابردوویەکی دوورتریشدا دیسان لە یەکدی دابڕابوون. لە واقیعدا کۆمەڵگای جەزائیری، وەکو گشت کۆمەڵگاکانی باکووری ئەفریقیا، کۆمەڵگایەکی خێڵەکیی پەرت و پارچەپارچەیە (دابەشبووەتە سەر چەندین خێڵ و عەشیرەت و خێزانی پاتریارکی). قۆناغی داگیرکاریش پارێزگاری لەو دوورگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بچووك و لێکدی دابڕاوانە کردووە تا ئەو ئەندازەیەی ئیسلامی جەزائیری هەمان ئەو ئامادەبوونە یەکدەستی و عەقائیدی و ئایدیۆلۆژییەی نەبووە کە لە ساتەوەختی سەربەخۆییدا دەیبێت بە هۆی دەرکەوتنی دەوڵەتێکی بەهێز و ئیرادەگەریی زۆرەملێ و مەرکەزییەتی دەسەڵات.

دەسەڵاتی نوێی جەزائیری ویستی لەیەك كاتدا پشت بە ئینتیمای حەماسییانەی خۆی بۆ جیهانی عەرەبی (یان عروبییەت) و بۆ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی ببەستێ، واتە جەختكردن –بە هەمان هێزەوە- بۆ ئینتیمای ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی زۆر زیاتر لە ئینتیمای بۆ ئیسلام. دەشێت ئەم هەڵوێستە یان ئەم ڕەفتارە یان بینینی شتەكان و سەپاندنیان لە لایەن دەسەڵاتی نوێوە، وەك كاردانەوەیەكی حەتمی لە دژی قۆناغی داگیركاری، تەفسیری بۆ بكەین. ئەمە پتر كاردانەوەیەك بوو وەك لەوەی بریتی بێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریی واقیعی جەزائیری بە شێوەیەكی جدی و هاوسەنگ لە ڕووی كۆمەڵایەتی و كولتووری و مێژووییەوە، دەڵێم هەڵگرتنی بەرپرسیارییەكەی لەلایەن دەوڵەتێكی بە فیعلی ئازاد.

دەبێ بە چاكی ئاگاداری ئەم خاڵە بین و لەبەرچاوی بگرین. ئەم ناڕێكی و ناهاوسەنگییە لە نێوان دوو شتدا نیشتەجێیە: لە نێوان وێناكردنی زۆرەملێیانەی دەوڵەت و كۆمەڵگای جەزائیریی پاش سەربەخۆیی وەك كاردانەوەی داگیركاری و، لە نێوان پەرەسەندنی سروشتی كۆمەڵگایەك هێز و توانای ناوەكی و دەنگە جۆراوجۆرەكانی لە پێناوی دروستكردنی مێژووی تایبەتیی خۆیدا بەكاردەهێنێت. ئەم پەرەسەندنە سروشتییە دەبێ بەدەر لە فشارە دەرەكییەكان بە ئەنجام بگات، یەكەمین ئەو فشارە دەرەكییانەش بە تەبیعەتی حاڵ بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای داگیركاری، پاشان ئایدیۆلۆژیای عروبەوی (واتە نەتەوەخوازییەكی زیادەڕۆیی)، مەبەستم لەو ئایدیۆلۆژیایەیە كە لەگەڵ هاتنی سەردەمی جەمال عەبدولناسردا، سەركەوت. پاشان دەبێ ئەم پەرەسەندنە سروشتییە بەدوور لە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامێكی دیاریكراو و وێناكراو بە ئەنجام بگات، ئەو ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییە وێناكراوەی گوایە پاڵپشتێكی گەورەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئیمپریالیزمی داگیركاری. هەموو ئەمانە بەرەو ئەوەمان دەبەن بڵێین ئەو حاڵەتەی هێنری سانسۆن بۆمانی وەسف دەكات بریتییە لە بەرهەمی هێزە دەرەكییەكان زۆر زیاتر لەوەی بەرهەمی هێزە تایبەتییەكانی خودی كۆمەڵگەی جەزائیری بێت بە هەموو فرەییە كۆمەڵایەتی و مێژووییەكەی و بەو شێوەیەی بە درێژایی سەدەكان شێوەی گرتووە و لەو كاتەوەش كە دیاردەی ئیسلامی و عەرەبی چووەتە نێو ئەو كۆمەڵگایەوە[18].

من بە ئەنقەست وشەی "دیاردە"م بەكارهێنا و وتم: "دیاردەی ئیسلامی" و بە ئاسانی نەمووت "ئیسلام"، ئەم جیاوازییەش لە چەمكدا گرنگیی خۆی هەیە. كاتێ وشەی "ئیسلام" بەكاردەهێنین، زاراوەیەك واژە دەكەین لە ڕووكاردا وادیارە چەمكێكی ڕوونی هەیە، یان وەك بڵێی هەركە ئەم زاراوەیەت دركاند ئیدی خەڵكی دەمودەست لێی تێدەگەن و دەتوانن بە ئاسانی بەكاری بێنن. ئەوان وا تێدەگەن ئەوەندە بەسە بگەڕێنەوە بۆ دەقە كلاسیكییە گەورەكان كە پێیان وایە ئەو دەقانە بۆیان ڕوون دەكاتەوە ئیسلام چییە. بەڵام ئەمە تەنها لە خەیاڵی ئەو چاودێرە بیانی و ئایدیۆلۆژیستانەدا هەیە كە بۆ ئەم مەبەستە تیۆرییەكان ئاوێتە دەكەن، بە تایبەتی لە فەرەنسەدا. ئەمانیش بۆ ئەوە ئەم كارە دەكەن تا بیكەن بە پاساوێك بۆ مەیل و ئارەزووی جۆراوجۆری سیاسییانەی ئەو كرێكارە عەرەب و دوورە وڵاتانەی لە هەندەران دەژین، هەروەها بۆ ئیسلام و.. هتد، بێگومان قسەكانیان بە ئاسانی لەلای جەماوەری فەرەنسی وەك ڕاستییەكی ڕەها وەردەگیرێ. بەڵام لە واقیعدا ئەمە لەو خەیاڵكراوە سیاسی و كۆمەڵایەتییەوە بەرهەم هێنراوە كە بە تەواوی چاو لە ئاستی ئەو حەقیقە واقعییانە نابینا دەكات كە وشەی ئیسلام لە خۆی دەگرێ. لەبەرئەوە دەبێ بە هەموو ئاڵۆزییەكیەوە چاودێریی "دیاردەكە" بكەین و لێی بكۆڵینەوە، بە چاوپۆشین لەو وێناكردنە "ڕوون" و سادەیەی لە بارەی ئەو دیاردەیەوە دەیخەنە ڕوو.

ئەوەی لێرەدا لە بارەی جەزائیرەوە دەیڵێم، دەكرێ فراوان و گشتی بكرێ و هەموو فەزای مەغریبی بگرێتەوە، تەنانەت لیبیا و مۆریتانیا و بیابانەكان تا دەگاتە كەنارەكانی ئەفریقیای ڕەش. ئەم كۆبوونەوە فراوانەی كۆمەڵگاكان دەخوازێت لە ڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەیەكی كۆمەڵایەتی- مێژوویی بۆ ئەنجام بدرێت كە تا ئەمڕۆش زۆر دوورە لەوەی كاری بۆ كرابێت. بگرە هەندێ لایەنی ئەم پێداچوونەوەیە بە شێوەیەكی دروست دەركی پێنەكراوە.

لە واقیعدا هیچ کۆمەڵگایەکی بەشەری نییە هەوڵی ئەوە نەدات واقیعە تایبەتییەکەی خۆی نەشارێتەوە و پەردەپۆشی نەکات، سا ئەو کۆمەڵگایە پێشکەوتوو بێت یان پاشکەوتوو. هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەو دەوڵەتانەی بە "دیموکراسی"[19] ناوزەد دەکرێن لەسەر پرۆسەی ئەو پەردەپۆشکردنە دامەزراوە، مەبەستم پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی واقیع. ئێمە لە میانی ئەزموونەکانەوە ئەم شتە دەزانین و درکی پێدەکەین. پاشان متمانەکردن بە گوتارەکانی بەرەی ڕزگاریی نیشتمانیی جەزائیری بۆ خستنەڕووی وێنەیەك لە بارەی بونیادی کۆمەڵگای جەزائیری و میکانیزمی ئیشکردنی هەنووکەیی، یان بۆئەوەی بڵێین ئەم کۆمەڵگایە تایفەگەرایی یاخود عەلمانییە، ئەمە لە ڕاستیدا کەم یان زۆر لە خشتەبردن و فریودانە، ئەمە واتە ملکەچکردنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ گوتارێك کە دەبێ بەر لەهەر شتێك دەست بە هەڵوەشاندنەوەی بکەین، دەبێ ئەو گوتارە ڕووت بکەینەوە بۆئەوەی ئەو پرۆسە و میکانیزمانە ئاشکرا بکەین کە لەپێناوی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی حەقیقەتە قووڵەکانی کۆمەڵگای جەزائیری بەکاریاندەهێنێت، سا هەر چەندێ ئایاتی قورئانی و فەرموودەکانی پێغەمبەر و وتەی گەورە پیاوانی ئاینی بهێننەوە لە خشتەم نابات و ئەمەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەمە سەبارەت بە کەسێکی وەك من کە لە ئامێزی میللەتێکی زۆر ساکاردا ژیاوە و گەورە بووە و پاشان جەنگە ڕزگاریخوازەکانی بینیوە، جۆرێك لە گەمەکردن بە واقیع دەنوێنێ. ئەوانەی ئەم گەمەیە دەکەن ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییانەن کە لە پێناوی دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی سەرجەمی گۆڕەپانە سیاسییەکەدا بەربەرەکانی و ململانێ دەکەن.

ئەمە ڕێك ئەو حیزبە سیاسییانەی وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوایی دەیکەن کە دەیانەوێ ببن بە حیزبی دیموکراسی، هەروەها هێزە کۆمەڵایەتییەکانی جەزائیریش ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن تا ئەگەر یەك تاکە حیزبیش هەبێت و بێدەنگی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێ، ئەم حیزبە تاك و تاقانەیە لە هەموو شوێنەکانی دیکە ڕاشکاوانەتر سەرانسەری گۆڕەپانە سیاسییەکە مۆنۆپۆل دەکات، بەڵام گەمەکە هەر هەمان گەمەیە، تەنها گرەوێك کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتە، بۆئەوەی بەو ئامانجەش بگەن ئەوا دەبێ هەموو ئەو وەسیلانە بەکاربهێنن کە گرەوەکانی سیاسەتیان بۆ دەخاتە سەرپشت و گرەوەکانی سیاسەتیان بۆ شی دەکاتەوە، ئەو "شیکردنەوە"یەی کە حزبی فەرمانڕەوا پێشکەشی دەکات، یاخود ئەو حیزبەی دەخوازێ شوێنی حیزبی فەرمانڕەوا بگرێتەوە، ئەوا بە زەروورەت پرۆسەیەك لە پرۆسەکانی شاردنەوە و پەردەپۆشکردن پێکدەهێنێ و دەمامك بەسەر حەقیقەتی شتەکاندا دەکات.

لە هەموو ئەو شتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، پێدەچێ پێویست بەوە بکات بە تەواوی تەرکیز بکەینە سەر شیکردنەوەیەکی وردبینانەی سەرجەم کایەکانی ئەو واقیعەی کۆمەڵگایەکی بەشەری پێکدەهێنێ، ئەمە بەرلەوەی بچینە نێو گوتارێك لە بارەی پەیوەندییەکانی نێوان کارکردی ئاینی و کارکردی سیاسی.

## چوارەم: ئایین لە فەزای کۆمەڵایەتیی مێژووییدا

لێرەدا پێنج گۆڕەپان یان پێنج کایە هەیە دەبێ هەوڵ بدەین بە دیقەتێکی زۆرەوە باسیان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە لە پێناوی ئەوەی بە هێمنی و بەشێنەیی درێژە بە شیکردنەوەکەمان بدەین. ئێستا ئەو پێنج کایەیە دەژمێرم بێئەوەی پلەدارییەکی هەرەمییان لە نێواندا بکەم، چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ئەمەم کرد ئەوا ئێمە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆمان لەناو یەکێکیاندا دیل دەکەین. کەواتە ئێستا هەرچۆنێك هات بە هەرەمەکی دەیانژمێرم: (گۆڕەپانی فیکری)، (گۆڕەپانی ئاینی)، (گۆڕەپانی سیاسی)، (گۆڕەپانی ئابووری)، (گۆڕەپانی کولتووری)[20]. ئەم پێنج بوارە یان ئەم پێنج گۆڕەپانە سەرانسەری فەزای کۆمەڵایەتی مێژوویی پێکدەهێنن کە ئەمانە ئەرکی خوێندنەوەی ئەو فەزا کۆمەڵایەتی مێژووییەیان دەکەوێتە سەرشان. مومکین نییە ئەم خوێندنەوەیەش بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێت

تەنها ئەگەر زانستی تەئویل بۆ تێگەشتن لە کۆمەڵگاکانی کتێب پراکتیزە بکەین: واتە ئەو کۆمەڵگایانەی لە کتێبی سرووشبەخشەوە بەرهەمهێنراون، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێگەی ئێمە لە ئاوێزانبوون بە جیهان و کارلێککردن لەگەڵیدا پەیوەستە بە تۆڕێکی دەگمەن لە هەستپێکردن و دەرککردن، ئەو تۆڕە لە لایەن زمانی دایکەوە گەڵاڵە بووە و چەسپیوە. هەموو زمانێکیش بریتییە لە پارچەکردن یان بڕینی ئەو واقیعەی تیایدا دەژین[21]. ئەم بڕین و پارچەکردنە –بەبێ خواستی خۆمان- کۆمەڵێ سنوور و کۆمەڵێ دەلالات دەخاتە سەر واقیع، سنوور و دەلالاتێك کە لە لایەن زمانەوە سەپێنراون. لەبەرئەوە دەبینین زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان تا ئاستێك لەوە دەچێ یەقینی نەبن. هەر لەبەرئەوەش خەباتی ئێمە لە پێناوی عەلمانییەت یان عەلمانیکردن لە هەموو شوێنێ زیاتر خۆی دەسەپێنێ، دیسان لەبەر ئەم هۆیە دەبینین زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ئایین بکەین.

ئایین، یان ئایینەکان، لەهەر کۆمەڵگایەك، بریتییە لە چەندین ڕەگوڕیشەی درێژ. لێرەدا پێویست ناکات ئاینە پەیگانی (وەسەنی) و ئاینە تەوحیدییەکان (سرووش) جیابکەینەوە[22]، ئەم جیاکردنەوەیە کاتیگۆرییەکی تیۆلۆژی بەزۆر سەپێنراوە و هەمیشە بە شێوەیەکی دوانەیی (دیوالتی) تۆڕە ئیدراکییەکەی یاخود ڕوانینەکەی خۆیمان بەسەردا دەسەپێنێ. تێڕوانینی عەلمانی ڕایدەگەیەنێ کە بەرەو قووڵایی شتەکان و بەرەو ڕەگەکان شۆڕدەبێتەوە لە پێناوی ئەوەی ڕوانینێکی دروست و ورد و دادپەروەرانە پێك بهێنێ. بێگومان ئێمە نامانەوێ هەموو شتەکان ئاوەژوو بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێ لە میانی تێڕوانینێکی دیکەی تازەدا بە هەموو شتەکاندا بچینەوە و سەرلەنوێ هەڵیانسەنگێنین. لە پشتی سنووره تیۆلۆژییەکانەوە[23] دەبینین هەموو ئاینەکان نەك تەنها ڕوونکردنەوە و تەفسیرەکانیان پێشکەش بە ئینسان کردووە، بەڵکو ئەو وەڵامە عەمەلییانەشیان پێشکەش کردووە کە ڕاستەوخۆ قابیلی پراکتیك کردن و بەکارهێنانن بە تایبەتی لە پەیوەندیماندا بە بوون و بە کەسانی دی و بەو ژینگە فیزیاییەی دەوری داوین، بگرە تەنانەت بە هەموو گەردوونیشەوە، هەروەها بەو شتانەی کە بە "سەرووی سرووشت" ناودەبرێ، وتە ئەو شتانەی سرووشتی هەستپێکراو تێدەپەڕێنێ. ئاینەکان زۆر لەوە دوورتر دەڕۆن تا دەگەنە جیهانی سەروو سرووشت یان ئەودیوی سرووشت. ئەم وەڵامە وەکو بڵندگەراییەك و وەکو ڕاستییەك چاوی لێکراوە کە قابیلی گفتوگۆ نییە و هەروەها ئەمە مادەیەك نییە بۆ شیکردنەوەی زانستی لە لایەن عەقڵی بەشەریمانەوە، بەڵکو ئەمە لە بازنەی هەیبەت و هەژموونی عەقڵی بەشەری دەردەچێ، لەبەر ئەم هۆیە ئێمە تێکەڵ بە هەستیاریی زۆر قووڵی خۆمانی دەکەین نەك تەنها لە ڕێگەی زمانەوە بەڵکو لە ڕێگەی سرووت و پەرستنەکانیشەوە، واتە لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی دیاریکراوی جەستەمانەوە (وەك ئەوەی، بۆ نموونە، لە نوێژکردندا هەیە).

ئێمە دەزانین کاتێك حەقیقەتەکان لەناو خۆماندا بەرجەستەتە دەکەین –بە مانای حەرفیی وشەی بەرجەستە-، واتە کاتێك لە جەستەماندا دەیتوێنینەوە، ئەوسا ئەو حەقیقەتانە بە شێوەیەکی کوللی و کۆتایی پەیوەست دەبێت بە کەینونەی قووڵی ئێمەوە و پاشان پەیوەست دەبێت بەو تۆڕە ئیدراکییەی دواجار تەحەکوم بە هەموو بوون و سلوکی ئێمەوە دەکات. کەواتە دەبێ لەم ئاستە قووڵ و ڕیشەدارەدا هەوڵبدەین لە بونیادی گۆڕەپانی ئایینی تێبگەین، هەروەها ئەو ڕێگەیەی کە ئەم گۆڕەپانە ئاینییە لە کۆمەڵگە بەشەرییە جیاجیاکاندا ڕۆڵی خۆی پرۆسە دەکات. بەم مانایە هەموو ئەو شتەی کە بە ئاینەکان ناوی دەبەین (واتە هەموو ئاینەکان بەبێ دەرهاویشتە) تەنها بریتییە لە چەشنگەلێك (انماط) بۆ ئەو فۆرمیولا سرووتئامێز و پەرستنانەی کە یارمەتیی ئاوێتەکردنی حەقیقەتە بنچینەییەکان دەدات لە جەستەی ئێمەدا، واتە تێکەڵاوکردنی "حەقیقەتە" ئاینییەکان لە جەستەی مرۆڤدا. ئەو حەقیقەتانەی دواتر تەحەکوم بە سەرجەمی بوونی ئێمەوە دەکەن. بەمجۆرە دەبینین، بۆ نموونە، موسڵمان هەندێ جووڵانەوەی جەستەیی ئەنجام دەدات بۆ جێبەجێکردنی نوێژەکەی. مەسیحییەکیش هەندێ جووڵانەوەی تر جێبەجێ دەکات و بوزییەکیش جووڵانەوەی دیکە.... هتد. بیناسازییە ئاینییەکانیش لەسەر ئەم پەرستن و سرووتانە دادەمەزرێن. پاشان سیستمە تیۆلۆژییە

لاهوتییەکان شکڵیان گرت کە دواتر ئەرکی ئەو سیستمانە بریتی بوو لە تەفسیر و ڕوونکردنەوەی چەشنەکانی پەرستن. بەڵام لێرەدا زۆر گرنگە کە: ئەو چەشنە پەرستنانەی کە لە واقیعدا شتگەلی کولتووریی ئیحتیمالی یان ڕێکەوتئامێزی[24] دروست دەکات (واتە ئەو کولتوورەی لە بنەڕەتدا ملکەچی ئەگەر و ڕێکەوتەکانە) جیابکەینەوە لە: ئەو بونیادە ڕێساییە قووڵەی بە فیعلی کارمان تێدەکات. مەبەستم ئەمانە حەقیقەتی ئێمە پێکدەهێنن، ئێمە وەکو کۆمەڵێ بوونەوەری مرۆیی پەیوەست بە زمان و بەو تۆڕە هەستیاری و دەرککردنەی زمان لە خۆی دەگرێ.

دەشێت قسەکردنمان لەسەر گۆڕەپانی ئاینی زۆر درێژتر بێتەوە، بەڵام لێرە بەوەندە دەوەستین و دەڵێین: ئەگەر ئێستا هەوڵ بدەین ڕووبەڕووکردنەوەیەك یان بەراوردکارییەك لە نێوان گۆڕەپانی ئایینی و گۆڕەپانی فکریی عەقڵی بکەین، دەبینین ئەمەی دواییان چەند فۆرمێك یاخود چەند پێکهاتێکی زۆر جیاواز وەردەگرێ بەپێی هەمەجۆریی کولتوورییە بەشەرییەکان و هەروەها بەپێی چرکەساتە مێژووییە جیاوازەکانی خودی ئەو کولتوورە. با بۆ نموونە لێرەدا بیر لە گۆڕەپانی کولتووریی ئیسلام بکەینەوە. ئەگەر کەسێکی ئەورووپی خۆرئاوایی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە، ئەوا دەبێ بەر لەهەر شتێك خاوەنی بیرێکی ورد بێت لە بارەی پێکهاتی عەقڵیی کولتووره تایبەتییەکەی خۆی، چونکە مومکین نییە مرۆڤ بتوانێت لە پێکهاتەی عەقڵیی کولتوورێك تێبگات ئەگەر خاوەنی مەعریفەیەکی پێشوەخت نەبێ لە بارەی کولتوورەکەی خۆی. ئەمەش شتێکی زۆر پێویستە، چونکە ئەگەر ڕووناکبیر خاوەنی ئەو مەعریفەیە نەبێت ئەوا هەمیشە هەست بە شپرزەیی و هەڵەکردن دەکات.

لە سەرەتادا ئەم تێبینییە بنچینەییە دەخەمە ڕوو: ئەوەی کە بە "عەقڵ" ناوی دەبەین بە هیچ جۆرێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ پرۆسەی کردارەکەی خۆی ناکات، بە پێچەوانەی ئەوەی لە مێژوویەکی دوورودرێژی فەلسەفەو لاهوت لە خۆرئاوای ئەورووپی و هەروەها لە ئیسلامیشدا ئەو وەهمەیان پێداوین. عەقڵ هەمیشە لە پەیوەندیدا بە خەیاڵ و خەیاڵکراو (متخیل Limaginaire) ڕۆڵی خۆی پرۆسە دەکات. ماوەیەکی کورتە تێبینی ئەوەمان کردووە کە مێژوونووسە نوێگەرەکان (بۆ نموونە جۆرج دۆبی) و سۆسیۆلۆژیستەکان دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لە "خەیاڵکراوی کۆمەڵایەتی" کە یەکێك لە ڕەهەندە یەکلاکەرەوەکانی هەموو بوونێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ. بەڵام هێشتا ئەم فزولە مەعریفییە شتێکی تازەیە و ئەم تێڕوانینە مەعریفییە لە سەیرکردنی شتەکاندا نەچۆتە ناو گۆڕەپانی عەقڵی و فکریی کۆمەڵگای فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەمەریکی. ئێمە لە خۆرئاوادا هەر لە پاش سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە ئامێزی "پەرستنی عەقڵانییەت"[25] پەروەردە بووین.

بەمجۆرە دەبینین کاتێ زانایەکی تیۆلۆژی قسە دەکات وامان نیشان دەدات کە بە ناوی عەقڵی باڵاوە قسە دەکات و هەر خۆی کەرەستە و مەنهەجەکانە، پاشان پێمان دەڵێ بە چ جۆرێ کتێبە پیرۆزەکان بە شێوەیەکی گونجاو بخوێنینەوە، ئەمەش لە زمانی لاتینیدا پێی دەوترێ: ئیمانێك بە دوای عەقڵبووندا دەگەڕێ. بەڵام کاتێ دیکارت سەری هەڵدا و فەلسەفە سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێنا یان لەژێر چنگی عەقڵی تیۆلۆژی ڕزگاری بوو، کەچی سەروەریی عەقڵ زۆر بە توندی بنجی بەست. پێشتر عەقڵی تیۆلۆژی –لاهوتی لانیکەم دانی دەنا بە زەلیلی عەقڵ یان خاکەڕایی عەقڵ لە بەردەم پێدراوی سرووش و لە ڕاستیدا عەقڵ لە بەردەم سرووشدا دەچەمییەوە. بەڵام عەقڵی دیکارتی کە زۆر شانازیی پێدەکەین، سەروەریی خود جێگیر دەکات، تەنها سەروەریی خود و جگە لەو شتێکی تر سەروەر نییە. پاشان جۆرێك لە جیاکاری یان جیاکردنەوە دەچێتە ناو ئەو خودەوە؛ جیاکردنەوەی نێوان ئەو بەشە عەقڵانییەی تەرخان کراوە بۆ فکرێکی دادپەروەر و مەعریفەیەکی ڕاست و دروست و نێوان بەشی سۆزداری و خەیاڵی (بەپێی گوزارشتی کانت). لە سەدەی نۆزدەهەمدا –و بگرە تا ئەمڕۆش- ژمارەیەك کتێب لەو بوارەدا چاپکران ئەو کتێبانەی جەخت لەوە دەکەن کە ئێستا لە خۆرئاوادا چیدی خورافە و سیحر و نوشتە نەماوە، ئەوەی کە لە ئەفریقیای ڕەش و هەندێ شوێنی تری دنیادا تا ئەمڕۆش وەکو خۆی ماوەتەوە. ئێستا لە خۆرئاوادا تەنها عەقڵانییەتی زانستی باڵادەستە و هەژموونی هەیە، لە

هەموو کاتێکیش زیاتر لە سەردەمی عەلمانییەتدا ئەو عەقڵانییەتە زانستییە هەیمەنەی هەیە. لەم کەشوهەوایەدا و لەم گۆڕەپانە فکریی عەقڵانییەدا ئەو عەلمانییانە سەرهەڵدەدەن کە تەماحی ئەوەیان هەیە حەقیقەت بزانن و بیگەیەننە ئەوانی دی[26].

لە دوای ئەو هەموو شتەی باسم کردن، بارستایی ئەو ئاستەنگ و زەحمەتییانەمان بۆ دەردەکەوێ لە گەیشتن بە چرکەساتی ئاخاوتنی مەسیح کە بە زمانی ئارامی قسەی کردووە نەك بە زمانی گریکی، هەروەکو قەبەیی ئەو کێشەو زەحمەتییانەمان لە گەیشتن بە چرکەساتی یەکەمی گوتاری قورئانی بۆ دەردەکەوێ: واتە ئەو ئایەتە قورئانیانەی بۆ یەکەمجار و بە گوزارشتێکی زارەکی وتراون لە کۆمەڵگایەکدا نووسینی تێدا نەبووە یان زۆر بە کەمی هەبووە. مەبەستم کۆمەڵگایەك لە بنەڕەتدا پشتی بە نەقڵکردنی زارەکی دەبەست.*

پاشان دەبێ کۆششێکی گەورەی دەرککردنی مێژوویی و هەستیاریی مێژوویی ئەنجام بدەین بۆئەوەی کاتیگۆری و بابەتەکانی ئەو مەعریفەیە جێبهێڵین کە پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدە و جۆرێکی دیاریکراو لە جۆرەکانی مارکسیزم بە میرات بۆی بەجێهێشتووین.**

هەموو ئەمەش لە پێناوی گەیشتن بە شکلگرتنی وێنەیەك یان بیرۆکەیەك لە بارەی چەشنی ئەو مەعریفەیەی لە کۆمەڵگە بەشەرییەکاندا باوبووە، ئەو کۆمەڵگایانەی (سرووش)یان تیادا سەری هەڵداوە. "کۆمەڵگاکانی کتێب" لە خۆرئاوای ئەوروپی و هەروەکو لەلای یەهودی و ئیسلامیشدا لەسەر ڕێسای "خوێندنەوەکان" (یان تەفسیرەکان بە کۆ) بۆ دیاردەی سرووش، ژیاون و کاریان کردووە.

ئەم دیاردەیەش (دیاردەی سرووش-وەحی) هەندێ جار ئەوەندە بە سادەیی باسی دەکەین وەك بڵێی ئاسان و لەبەردەست بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە واقیعێکمان لە هەموو لایەنەکانیەوە لەژێر دەست دەردەهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە مرۆڤ لە ڕەهەندە ئاینییەکەیەوە پەنا بۆ سروش دەبات و لەوێوە بۆ شوێنێك دەگەڕێ تا چارەسەرەکانی چنگ بکەوێت، ئەو چارەسەرانەی چیدی کولتووورە هاوچەرخەکانمان پێشکەشی ناکەن، بەڵام ئەوسا خۆمان بە تەنیا دەبینین و لە بەرامبەر دیاردەی سروشدا لە هەموو چەکێ دامالراوین لە بەرامبەر دنیا و گەردوون: گەردوونی سرووش[27]. ئەو توانایانەی ئەمڕۆ لەبەردەستمانە بۆ چوونە ناو سرووش و تێگەیشتن لێی، زۆر کەمترە لەو توانایانەی کەسانی پێشووی ئێمە —ئەوانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاون- هەیانبووە. کەسانی پێش ئێمە لە زەمەنێکدا ژیاون سیستمێکی مەعریفیی وای تیادا باو بووە کە بۆ ئاتاج و پێداویستییەکانی خۆیان گونجاو بووە. هەروەها ڕەهەندی خوداوەندیی ئیعجازی و سروشت بڕ، بە هیچ جۆرێ نە لە لایەنی سیاسی و نە لە لایەنی عەقڵی ڕووبەڕووی گومان و ناڕەزایی نەبۆتەوە وەك ئەوەی لە سەدەی شانزەهەمەوە تا ئەمڕۆ لە ئەوروپای خۆرئاوادا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

---

* لێرەدا بە ئەنقەست دەستەواژەی زارەکی یان "دەستەواژەی تێکستە زارەکییەکان" بەکاردەهێنم بۆئەوەی خوێنەر لە بایەخ و گرنگیی لایەنی زمانەوانی کتێبە پیرۆزەکان ئاگادار بکەمەوە، هەروەها بۆئەوەی خوێنەر بگەڕێنمەوە بۆ حەقیقەتی کولتووری و زمانەوانیی ئەو هەلومەرجە مێژووییانەی بۆ یەکەمین جار ئایەتە قورئانییەکانی تیادا وتراوە (-هۆیەکانی دابەزین- اسباب النزول) و ئەوەندە بەس نییە ئاماژە بۆ نوسخەی قورئان بکرێ وەك ئەمڕۆ ئەوە دەکەن. ئەو نوسخەیەی بە (مصحف) ناودەبرێ بریتییە لە دەقی نووسراو نەك ئاخاوتنێکی زارەکی ئازاد کە لە سەرەتادا هەبووە. ئەمەش بە تەواوی مەرجەکانی تێگەیشتنی قسەی خودا و تەفسیر و بەکارهێنانی دەگۆڕێت. چونکە پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغی تێکستی زارەکییەوە بۆ قۆناغی تێکستی نووسراو بە مسۆگەری دەبێتە مایەی ونبوونی بەشێك لە مانا.

** من لێرەدا هێرش ناکەمە سەر هەڵوێستێکی مەعریفی و فەلسەفەیەکی سەنگین لە خۆیدا، بەڵکو هێرش دەکەمە سەر ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم کە بەشداربووە لە بڵاوکردنەوەی حوکمە پێشوەختەکانی عەقڵانییەت، ئەمەش لە میانی ئەو گوتارە ناودارەیەوە کە لە ناواخنیدا لە هەموو گوتارێکی دیکە زیاتر چەندێتییەکی زۆری خەیاڵ و خەیاڵکراو هەڵدەگرێ.

دەبینین لێرەدا گۆڕەپانی سیاسی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێ بە بەراورد لەگەڵ گۆڕەپانی فکری و عەقڵی و هەروەها بە بەراورد لەگەڵ گۆڕەپانی ئاینی. هەروەکو هیچ وەسیلەیەکمان نییە بۆ دانانی پلەدارییەکی هەرەمی نێوان ئەو گۆڕەپانە جیاجیانە. بە چ جۆرێ دەشێت ئەوە دیاری بکەین کە ئاخۆ هێزی سیاسیی دەوڵەتی خەلیفە پێکهاتی دیاریکراوی گۆڕەپانی فکری و گۆڕەپانی ئاینی ئیسلامی سەپاندووە، یان بە پێچەوانەوە دوو گۆڕەپانەکەی دی (فکری و ئاینی) دەوریان لە شکلگرتن و سەپاندنی هێزی سیاسیدا هەبووە. لێرەدا دەبینین گرفتی پەیوەندییەکانی نێوان ئایین و سیاسەت بە سەرجەمگیری خۆی دەخاتە ڕوو و ئێمە ناتوانین بە ئاسانی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ بکەین وەك هەندێ کەس ئەمە دەکەن. ئەگەر ئێمە پێشوەختە مەسەلەکەمان یەکلاکردەوە ئەوسا لە زەمینەی شیکاری دوور دەکەوینەوە و ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو ڕووبەری خەیاڵ یان خەیاڵکراو یان ئایدیۆلۆژیاوە[28].

شتەکان لە خەیاڵدا یان لە خەیاڵکراودا زۆر بە ئاسوودەیی مومارەسەی ڕۆڵی خۆیان دەکەن. ئەگەر بڵێم —وەك زۆرجار موسڵمانەکان دەڵێن- لە دنیادا دەسەڵاتێکی سیاسی نییە کە بە دەسەڵاتی خوداوەندییەوە نەبەسترابێتەوە و ملکەچی دەسەڵاتی خودایی نەبێت، ئەوا دەکەومە ئامێزی خەیاڵکراوێکی (متخیل) بەرین و گەورەوە[29] (واتە من بە تەواوی لە زەمینەی واقیع دوور دەکەومەوە). مرۆڤ هەر ئەوەندەی کەمێك چاوەکانی بکاتەوە یەکسەر بۆی دەردەکەوێ پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، لە ڕاستیدا ڕژێمە سیاسییە گرژ و ستەمکارەکان کە پشت بە هێزێکی سیستماتیزەکراوی مۆدێرن دەبەستن (وەك دەزگای پۆلیس و سوپا و ڕاگەیاندن) لە ڕێگەی ئایینەوە مومارەسەی دەسەڵاتی زۆرداریانەی خۆیان دەکەن. لە واقیعدا ئایین بە فیعلی هەژموونی هەیە بەڵام لە هیچ شوێنێکدا حوکم ناکات، {هێنری سانسۆن لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەم مەسەلەیەی ڕوونکردۆتەوە کە لە بارەی حاڵەتی جەزائیرەوە نووسیویەتی..}، لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری کۆمەڵایەتی[30] دەڵێ خودا یان ئاینی سرووشبەخش حوکم دەکات یان دەبێ حوکم بکات. بەڵام واقیعی حاڵ ئەو گوتەیە یان ئەو گوتارە بە درۆ دەخاتەوە و دەڵێ حاکمە فعلییەکان بە هیچ جۆرێ ملکەچی ئاخاوتنی خودا نین و تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا ملکەچی نەبوون.

لێرەوە و ڕێك لەم خاڵەوە دەگەینە بەنێویەکداچوونی بەردەوامی نێوان خەیاڵی و/ عەقڵانی. ئەوەی بە ئاخاوتنی خودا ناوی دەبەین لە واقیعدا بریتییە لە کۆمەڵە دەقێك (لە تەورات و ئینجیلەکان و قورئان) و ئەو دەقانەش بۆ تەفسیرەکانی پیاوانی ئایین و ئەو فوقەهایانە جێهێڵراوە کە مانا و دەلالەتەکانی دیاری دەکەن. بەڵام ئایا ئەو فوقەهایانە کێن و نوێنەرایەتیی چی دەکەن؟ لە قۆناغی کلاسیکیی مێژووی فیکری ئیسلامیدا لایەنگرانی زانستە ئاینییەکان لە بەرامبەر لایەنگرانی زانستە عەقڵییەکان (واتە ئەو فەیلەسووف و کەلامیێژانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئەرستۆتالیسەوە) ڕادەوەستان. ململانێی نێوان ئەو دوو ئاراستەیەش بارستایی و سنووری ئەو شتەی دیاری دەکرد کە من بە (عەقڵی ئیسلامی)[31] ناوم بردووە و هەروەها دیاریکردنی شێوەی پێکهات و میکانیزمی ئیشکردنەکەی. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ زمان و کولتوور و تێکڕای ئەو شتانەی پێشتر لە بارەی چۆنێتیی ئیشکردن و میکانیزمی گۆڕەپانی فیکریی کۆمەڵگایەکی بەشەریی دیاریکراودا وتمان. بە مانایەکی تر، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی زمان و ئەو تەئویل و تەفسیرانەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان درووستیان کردووە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی لە ململانێدان لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاسی و پاشان دەستگرتن بەسەر گۆڕەپانی فیکریشدا. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین وتنی ئەوەی کە "ئەم یان ئەو حکوومەتە لە کۆنتێکستی (سیاقی) مەسیحی یان ئیسلامی یان هەر سیاقێکی تر، پشتی بە ئیرادەی خودا بەستووە" واتە کەوتنە نێو جۆرێك لە خەیاڵ یان خەیاڵکراو. بەڵام بێگومان ئەمە خەیاڵکراوێکی پێویستە لە پێناوی ڕێکردنی کۆمەڵگە و میکانیزمی ئیشکردن. هیچ کۆمەڵگایەکی بەشەری نییە ڕۆڵی خۆی -بەبێ پێکهێنانی

خـەیاڵکراوێك- بـە شـێوەیەکی جیـاواز پـرۆسـە بکـات. تەنانـەت ڕژێمـی کۆمـاریش[32] پێویستی بـە "خـەیاڵکراو"* هەیـە بۆئەوەی کارەکانی بە ڕێکوپێکی بڕوات. بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەم ڕاستییە بـین و بیهێنینـە نێـو بازنـەی ڕووناکییـەوە بـە تایبەتی ئەوکاتەی ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییـەکانی نێـوان ئـایین و سیاسـەت و کۆمەڵگـە و هەڵسـەنگاندنی ئـەو پەیوەندییە دەبینەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێبینییانەی سەرەوەدا پێدەچێ کارێکی بێهودە بێـت هـەموو جـارێ وەکـو تـووتی ئـەوە دووپـات بکەینەوە کە ئیسلام کـارکردی سیاسـی و کـارکردی ڕۆحـی لەگـەڵ یەکـدی تێکـەڵ دەکـات، سـەرباری ئەمـە، دەبیـنین ئـەم چەشنە وتەیە زۆر باوە و وەك بڵێی عەقیدەیەکی ڕەها بێت[33]، و بگرە پێیان وایە ئەمە وتەیەکی عەقڵانییـە! تەنانـەت ئەو زانا ئیسلامیناسە خۆرئاواییانەی هاوچەرخی ئێمەن هەمان ئەو وتەیە دەڵێنەوە. بێگومـان ئـەم جـۆرە تێکەڵکردنـەی نێوان فاکتەری سیاسی و فاکتەری ئایینی بـوونی هەیـە، بـەڵام ئەمـە بەرهـەمی ئیسـلامێکی خەیاڵییـە لـە لایـەن فوقـەها موسڵمانەکانەوە، کە پاشان خۆرهەڵاتناسەکان دێن و ئەو بیرۆکەیە وەردەگرن و وەکـو خـۆی دەیڵێنـەوە. ئـەم تێکەڵکردنـە لە ڕاستیدا –بە شێوەیەکی واقعی و هەستپێکراو- بەرهەمی ئەو بەنێویەکداچوونەی گۆڕەپانی ئاینی و گۆڕەپـانی فیکـری و گۆڕەپانی سیاسییە کە کۆنتڕۆڵ نـەکراوە. لـە واقیعـدا کۆنتڕۆڵکردنی ئـەو گۆڕەپانانـەی کۆمـەڵگا پێکـدەهێنن پشـت بـە سرووشی یەکەم نابەستێ، هەروەکو ناشچێتە سـەر جەوهـەری هـیچ ئاینێـك، بـەڵکو پشـت بـەو ڕێگەیـە یـان بـەو شـێوازە دەبەستێ کە تیایدا تێگەیشتن لە پەیامێك شکڵ دەگرێ، سا ئەو پەیامە ئاینی بێت یان سیاسی، هەروەها پشت بە شـێوەی پراکتیزەکردن و ئاوێزانبوونی لە کۆمەڵگادا دەبەستێ. کەواتـە شـتی گـرنگ لێـرەدا ئەمەیـە: دەبـێ تەماشـای جـۆری ئـەو مەرجە مێژووییە هەستپێکراوە بکـەین کـە زەمینـەی بـۆ ئیسـلام خـۆش کـرد لـە کۆمەڵگـە بەشـەرییە جۆراوجۆرەکانـدا ئاوێزان بێت و گەشە بکات. بۆ ئەوەی بە چاکی لەم خاڵەش تێبگەین دەبێ فاکتـەرێکی تـر بهێنینـە نێـو شـیکردنەوەوە و نەهێنییەکانی ڕەگەزێکی تر بکەینەوە کە تا ئێستا ناومان نەهێناوە، ئەویش: فاکتەری ئابووری یان گۆڕەپانی ئابوورییە.

لەم ئاستەدا من بە جۆرێك لە ڕێزگرتن و هاوکات جۆرێك لە وریایی سەیری ڕۆڵی مارکسیزم لـە بـواری فیکـردا دەکـەم. لە ڕاستیدا شتێکی پێویستە کە تەرکیز بکەینە سەر فاکتەری ئابووری، دەشتوانین بڵێین کـە گۆڕەپـانی ئـابووری گرنگییـەکی گەورەی هەیە بێئەوەی مەبەستمان ئەوە بێت فاکتەری ئابووری بکەین بـە کلیلـی کردنـەوەی هـەموو شـتێك. سـەبارەت بـەم بوارە –واتە بواری ئابووری- دەبێ بە مسۆگەری ئاماژە بـۆ بایـەخی ئـەو دەورە گرنگـە بکـەین کـە بـورژوازی بینیویـەتی، کـە لـەناو چـینەکانی دیکـەدا چـینێکی کۆمەڵایەتییـە. ئـەم چـینە –واتـە بـورژوازی- دەورێکـی یەکلاکـەرەوەی بینیـوە لـە جێلەفکردنی سنوورەکانی نێوان گۆڕەپـانی ئـاینی و گۆڕەپـانی فیکـری و گۆڕەپـانی سیاسـی لـە خۆرئـاوای ئەوروپیـدا. بـەڵام شیکردنەوەکانی ئێمـە لێـرەدا شـیکردنەوەیەکی لاواز و ناتـەواوە چـونکە ئـەو چارەنووسـە جیـاوازە لەبەرچـاو ناگرێـت کـە بورژوازی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا دووچاری بوو، کەواتـە دەبـێ لـەناو تێڕوانینـی شـیکردنەوەیەکی بەراوردکاریـدا بـین و کۆمەڵگا بەشەرییەکان لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین نەك تەنها تەرکیز بکەینە سەر نموونەی خۆرئاوای ئەورووپی[34].

دەبێ خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئیسلام قۆناغی لەدایکبوونی چینێکی بـورژوازیی دیـاریکراوی بینیـوە و هـەقی ئـەوەمان هەیە باسی ئەم چینە بکـەین و دەوری لـە پێشکەوتنی کۆمـەڵگا ئیسلامییەکاندا پیشان بـدەین. ئـەو چینە بورژوازییـەکی بازرگـانیی ناسـەرمایەداری بـوو –بـە مانـا خۆرئاواییەکـەی- و لـە دەوری بازرگـانیکردنی شـتومەکدا دەجووڵایـەوە. ئـەم بازرگانییـە لـە ئۆقیانووسـی هیندییـەوە تـا خـوارووی فەرەنسا درێـژ دەبـووەوە و لـە ڕێگـای بیابانەکانـەوە بـە ئیسـپانیادا تێدەپەڕی، لە سەدەی سێیەمی کۆچییەوە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی (واتـە لـە نێـوان سـەدەی نۆیـەم و سـەدەی یانزەیـەمی

* سەبارەت بە مانای زاراوەی خەیاڵکراو یان خەیاڵدان ، بڕوانە: (ئایینو عەلمانییەتو کۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر 2002- ل154 ، 155).

زاینی) بەردەوام بووە و بووەتە مایەی دەوڵەمەندیی ئابووریی پایتەختە گەورەکانی دنیای ئیسلامی بۆ نموونە: تاران و ئەسفەهان و شیراز لە ئێران، بەغدا و بەسرە لە عێراق، دیمەشق لە سوریە.. هتد.

ئەو بورژوازییەی لە خۆرئاوادا دیمەنی شانۆی فیکری و کولتووریی سەپاند، ئەویش بەروبوومی پێشکەوتنێکی مێژوویی دیاریکراوە. ئەو دیاردە گرنگەی کە شایستەی ئەوەیە لێرەدا تۆماری بکەین ئەوەیە کە: بوژوازی لە ئەورووپای خۆرئاوادا هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە بەردەوامییەکی بێ پسانەوەی بەخۆوە بینیوە بە پێچەوانەی دنیای ئیسلامییەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر پچڕپچڕ بووە[35]. ئەورووپا لەو کاتەوە سەرهەڵدانی چینێکی کۆمەڵایەتیی چالاکی بەخۆوە بینیوە، لە سەرەتادا بازرگانی بوو پاشان بوو بە چینێکی سەرمایەداری و پیشەسازی و ئیدی ئەو دۆخە تا ئەمڕۆ بەردەوام بووە. بەمجۆرە بورژوازی وردە وردە بازنەیەکی سەربەخۆی بۆ چالاکیی ئابوری کردەوە. ئەم ڕووداوە تا ئاستێك دیاردەیەکی لۆکاڵی و درەنگوەخت پێکدەهێنێ و دەتوانین وەك ڕووداوێکی لابەلای ناو ڕووداوەکانی مێژوو لێی بکۆڵینەوە، بەڵام مارکس تێکرای تیۆرییەکەی خۆی لەسەر ئەم ڕووداوە بنیات نا: بەمجۆرە ئەورووپا توانی بازنەیەکی سەربەخۆ (یان گۆڕەپانێکی سەربەخۆ) بۆ ئابووری بکاتەوە و هاوکات مومکین بوو بازنەیەکی سیاسی سەربەخۆ و جیاواز لە بازنەی ئایینی دابمەزرێنرێ، بە تەریبی لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا بازنەیەکی ڕۆشنبیری و کولتووریی زۆر گەورەتر لە بازنەی ئایینی پێکهێنرا. هەموو ئەو بازنە جیاواز و سەربەخۆیانە شتێکیان پێکهێنا کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین: خۆرئاوا[36]. ئەم جیاوازی و ئەم جیاکارییە ئەوەندە بەهێز و ڕوون بوو کە ئیدی نەماندەتوانی ئەم بەشەی دنیا بە دنیای مەسیحی وەسف بکەین و ئەم بەشە پێشکەوتووەی دنیا بە جیهانی مەسیحییەت ناوببەین.

ئەمڕۆ ئەو پرۆسە مێژووییە و ئەو پێشکەوتنە بنچینەییە زۆر بە باشی ناسراوە بە تایبەتی بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی مێژوونووسانی گەورەی وەکو، بۆ نموونە، فیرنان برۆدێل. بەمجۆرە شتێك شکڵی گرت کە ئەم مێژوونووسە گەورەیە (واتە فیرنان برۆدێل) پێی دەڵێ: "شارستانییەتی ماتریالی خۆرئاوا"[37]. لە ئاکامی ئەم پرۆسە مێژووییە گرنگەشدا گۆڕەپانی ئاینی ناچار بوو فۆرمێکی تر و پێکهاتێکی تر وەربگرێ[38]. هەروەها ناچار بوو بە شێوەیەکی جیاواز شوێنگەی خۆی بگرێ بە بەراورد بەو گۆڕەپانانەی پێشتر ناومان هێنان و ئەوانەی کە بورژوازی ئازادی کردن و کردنی بە گۆڕەپانی سەربەخۆ، بە تایبەتی گۆڕەپانی ئابووری و ئەو گۆڕەپانە ئایدیۆلۆژییەی یاوەریی دەکرد.

## پێنجەم: لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکییەوە بەرەو میتۆدێکی تر بۆ ئیسلام

ئەو کارەی هەوڵدەدەم ئەنجامی بدەم بە تەنها کارێکی کۆششکاری یان تەئویلکاری نییە سەبارەت بە ئیسلام. ئەو شوێنگەیەی من گرتوومەو هەوڵدەدەم لێیەوە کارەکانم ئەنجام بدەم، شوێنگەیەکە ناتوانین ناوێکی دیاریکراوی لێبنێین، چونکە لێرەدا چەمکێکی تازە نییە شوێنی چەمکی (عەلمانییەت) بگرێتەوە. لە واقیعدا عەلمانییەت، وەك پێشتر وتمان، بریتییە لە هەڵوێستێکی دیاریکراوی مرۆڤ بەرامبەر بە گرفتی مەعریفە. ئەمرۆ ئەم هەڵوێستە لە میانی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکاندا لە قۆناغی گەڵاڵەبوونو شێوەگرتندایە، ڕێچکەی ئیپستیمۆلۆژیی من وەك توێژەرو وەك مامۆستایەکی زانکۆ بەرەو ئەوێم دەبات. بەم مانایە پێویستە ئیسلامی هاوچەرخ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو رابردووەیدا بگەڕێنێتەوە کە پڕبوو لە کرانەوەو داهێنان، واتە پەیوەندی لەگەڵ کەلەپووری فیکریی خوڵقێنەر کە لە نێوان سەدەی سێهەمو چوارەمی کۆچیدا گەشەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی، ئەو قۆناغە قۆناغی درەوشانەوەو گەشەکردن بوو کە من پێشتر بە "هیومانیزمی عەرەبی" ناوم بردووە* ،و نابێ ئەم شتەمان لەبیربچێت. لێرەدا چەندین تێکست هەن ئەم قسەیەی من دەسەلمێننو دەتوانین بە ئاسانی بگەڕێینەوە بۆیان.

بەڵام با لێرەدا بە چاکی لەسەر مەسەلەکان ڕێبکەوین دەنا بەدحاڵیبوون ڕوودەدات. من بانگەشەی شوێنکەوتنی ستراتیژێکی مەعریفیی دیکە دەکەم کە نموونەی ئیسلامی دەگرێتەوەو هاوکات تەجاوزیشی دەکات. من لەو وتارانەی بڵاویان دەکەمەوە زۆرجار دەنووسم: "ئایینو کۆمەڵگا لە میانی نموونەی ئیسلامەوە"، مەبەست لە وشەی "لە میانی" بنیاتنانی شتێکە: واتە ئەو شوێنگە ئیپستیمۆلۆژییەی کە بە بۆچوونی من هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنوێنێ سەبارەت بە تێگەیشتنمان بۆ شتەکان. مومکین نییە کۆششی مەعریفی لە پرۆژەیەکدا قەتیس بکرێت کە تەنها ئیسلام یان تایفەی ئیسلامی بگرێتەوە، بەڵکو ئەمە مەسەلەیەکە هەموو کۆمەڵو هەموو ئاینەکان دەگرێتەوە[39].

بەڵام سەبارەت بە ئیسلام دەبینین پرۆژەیەکی فراوانی لەم چەشنە، بێگومان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی (یان خۆرهەڵاتناسی) دەخاتە سەر مەحەکی ڕەخنەگرتنو گومانەوە. دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکییە بریتییە لە گوتاری خۆرئاوایی لە بارەی ئیسلام. ئەم جۆرە زانستە هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە پرۆسەیەکی مەعریفیی مولتەزیمو لە هەمان کاتدا نامولتەزیمیش پێکدەهێنێ، لێرەدا مەبەستم لە ئیلتیزام ئیلتیزامی ئیپستیمۆلۆژییە، ئەم زانستە بەو مانایە مولتەزیمە کە خۆرهەڵاتناسەکان کاتێ لە بارەی ئیسلام دەنووسن لە ڕوانگەی کولتوورێکی دیکەوە دەینووسن بەو مانایەی ئەوان سەر بە کولتووری تایبەتیی خۆیانن، لە کۆمەڵێ ئەگەرو شیمانەی پێشوەختو لە تێڕوانینێکی فەلسەفیو لاهوتیو ئایدیۆلۆژیی تایبەتییەوە قسە لەسەر ئیسلام دەکەن. بەو مانایەش نامولتەزیمە کە خۆرهەڵاتناسان بە هیچ جۆرێ گوێ نادەنە چارەنووسی موسڵمانانو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، واتە کاتێ لە بارەی ئیسلامەوە دەنووسن تەنها هەندێ لایەنی لێ دەگوازنەوەو ئیتر ئەو دوای بۆ موسڵمانان خۆیان جێدەهێڵن، واتە ئەوان بە ڕاشکاوی دەڵێن ئەمە گرفتی ئێمە نییەو گرفتی موسڵمانەکان خۆیانە، واتە دەبێ موسڵمانان خۆیان ئەرکی تازەکردنەوەی ئایینو لەفکردنی سنوورە تەقلیدییەکانی فیکرو مەعریفەی خۆیان ئەنجام بدەن. بەم جۆرە خۆرهەڵاتناسان بەبێ کەمو زیاد بابەتەکانی ئایینی ئیسلام وەردەگرنو تەفسیری دەکەنو وەریدەگێڕن[40] و بێگومان بەنیازپاکییەکی تەواویشەوە ئەم کارە دەکەن. بەڵام لەناخەوە باوەڕیان وایە ئەو گرفتە ئاینییەی لە ئیسلامدا هەیە، لە ڕووی ئیپستیمۆلۆژییەوە، هیچ پەیوەندییەکی بەو گرفتە ئاینییەوە نییە کە لە کۆمەڵگا مەسیحییەکاندا هەیە. ئەوان پێیان وایە ئەم مەسەلەیە لە هەردوو لایەنی ئیسلامیو

---

* (بڕوانە کتێبە ناودارەکەی ئارکۆن لەبارەی هیومانیزمی عەرەبی لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا کە تێزی دکتۆراکەیەتی وهاشم ساڵح لەساڵی 1997 کردوویەتی بەعەرەبی)

مەسیحیدا لە ڕیشەوە جیاوازەو هیچ شتێك بەیەکەوەیان نابەستێ. پاشان ئەوان لە ڕووی ئیپستیمۆلۆژییەوە ئیسلام ناخەنە ناو ئەو ئیشکالیەتە گشتییەی کە سەرانسەری دیاردەی ئایینی دەگرێتەوە. یان ئەگەر ئیسلام بهێننە ناو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییەوە ئەوا بابەتەکەیان پتر لێکۆڵینەوەیەکی ئایدیۆلۆژی یان لاهوتی دەبێت وەك لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێت (بۆ نموونە بڕوانە کارەکانی لویس گاردێو جۆرج کنواتی). ئەمانە بۆ زەمەنێکی دوورودرێژ میتۆدی فیلۆلۆژییان[41] بەکارهێنا بۆ دەرخستنی بنەماو کاریگەرییە تەوراتیو ئینجیلییەکان بەسەر ئایەتە قورئانییەکانەوە. بەڵام ئەم میتۆدە تەنها لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی شێوەگەریدا مایەوەو تەرکیزی دەکردە سەر شێوەی داڕشتنی ڕستەو وشەو نەژادە مێژووییەکانی وشە. کەچی زۆر لایەنی گرنگ لە میتۆدی خۆرهەڵاتناسیدا نەناسرابوو یان فەرامۆش کرابوو، بۆ نموونە: بونیادە سیمیۆلۆژیو دەلالییەکانی گوتاری ئایینی، ڕۆڵی بنەڕەتی میتافۆر، ڕەهەندی ئەفسانەیی چیرۆکە ئاینییەکان، واتە بە کورتی هەموو ئەو گوتەزایانەی گوتاری سروش دادەمەزرێنن فەرامۆش کراون، مەبەستم ئەو گوتاری سروشەی تێکستە پیرۆزەکانی لە لایەن تایفە ئاینییەکان بەرهەم هێناوە.

خۆرهەڵاتناسەکان میتۆدی بەراوردکاری لەسەر بابەتە تیۆلۆژییەکانی هەردوو لایەنی ئیسلامیو مەسیحیدا پراکتیك دەکەن، ئەمە بە تایبەتی لە کتێبی "دەروازەیەك بۆ زانستی تیۆلۆژیی ئیسلامی"ی هەردوو خۆرهەڵاتناس لویس گاردێو جۆرج کنواتی بەکارهێنراوەو ئەمانە تا ئەمڕۆش لە دیدارە ئیسلامی-مەسیحیەکاندا هەمان میتۆدی بەراودکاری بەکاردەهێنن، بەڵام بەراوردکارییەکی تەقلیدی. ئەمانە باوەڕە ئاینییەکان لەگەڵ یەکدی بەراورد دەکەنو لە بارودۆخە مێژوویيو لە سیستەمە مەعریفییەکانی خۆیان دایدەبڕێنن[42]. لێرەدا جیاوازیو فەرقی گەورەی نێوان "مێژووی تەقلیدیی فیکرەکان" و "مێژووی سیستەمەکانی فیکر" دەردەکەوێت.

تێبینیی ئەوە دەکەین کە بەراوردکاریی ناوەکی یان ئاشکرا دەگاتە ئەوپەڕی ناڕەوایی خۆی بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە کۆمەڵگە "مۆدێرنەکانی" وەکو فەرەنسەو ئینگلتەرەو بلجیکاو ئیتالیاو.. هتد لە سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکان داگیردەکەن. لەو ساتەوە چەرخی بەرهەمهێنانی "زانستی" لە سیحرو ئایین، و لە مورابتینو ئیخوان دەستی پێکرد، واتە لەو لایەنانەی ئیسلام کە پێشتر وردە وردە بەرەو داڕمان ڕۆیشتبوو و دواتر کولتوورو ئەو ژیارانەیشی گرتەوە کە ئیسلامیان تیادا بلاوبوەوە[43]. لەو ساوە وێنەیەکی ئیتنۆگرافیو فۆلکلۆری لە بارەی جیهانی ئیسلامییەوە سەپێنرا لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیای زانستگەرایی —یان پۆزەتیفیزم- و لە بەرامبەر "هیومانیزمی گەردوونی"[44]ی کۆمەڵگە مەسیحییەکانی ئەوروپای خۆرئاوایی. دەتوانین بڵێین ئەو حاڵەتەی ئەمڕۆ باوە، بە تایبەتی هەر لە ساڵی 1970 بەدواوە، هەموو ئەو وێناکردنو خەیاڵدانە زیاد دەکات کە خۆرئاوا لە بەرامبەر ئیسلامدا پێکیهێناوە. بە چ شێوەیەك دەکرێت خۆمان لەم هەموو شتە ڕزگاربکەین؟

لە ڕاستیدا ئەدەبیاتو توێژینەوە خۆرهەڵاتناسییەکان گۆڕانکارییان بەسەر تێڕوانینی پەرگیرانەو بەدحاڵیبوونیان بەرامبەر بە جیهانی ئیسلامیدا هێناوە، ئەو بەدحاڵیبوونەی ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، جا بۆئەوەی نموونەیەك لەسەر ئەو تێڕوانینە نوێیەی خۆرهەڵاتناسی بهێنمەوە، سەرنجی خوێنەر بۆ کتێبێکی نۆرمان دانییل ڕادەکێشم بە ناونیشانی "ئیسلامو خۆرئاوا، چۆنێتی دروستکردنی وێنەیەك". هەروەها سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو لێکۆڵینەوە مێژوویيو تەنانەت ئەنترۆپۆلۆژییانەش ڕادەکێشم کە نموونەی ئیسلامی تێکەڵ بە ستراتیژی گشتیی زانستەکانی مرۆڤو کۆمەڵگا دەکەن. بەڵام بە داخەوە نووسینە ئایدیۆلۆژییەکانو بەکارهێنانە ئایدیۆلۆژییەکان لە هەردوو لایەنی (ئیسلامی/ خۆرئاوایی)دا تا ئەمڕۆش زۆر زیاترن لە توێژینەوە زانستییەکان. واتە نووسینە ئایدیۆلۆژییەکان براوەن بەسەر کۆششی خاوو خلیچكو سنورداری لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا[45].

من پێشتر وتم لە مێژووی ئیسلامدا ڕەوتێکی هیومانیستی سەری هەڵداوە کە ڕەنگێکی عەلمانییانەی لەخۆ گرتبوو، ئەمە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو. بەڵام ئەم ڕەوتە هیومانیستییە هەر لە سەدەی یانزەهەمی زاینییەوە لەبار

برا، بێگومان لەبەر چەند هۆکارێکی مێژوویی کە دەشێت ئەو هۆکارانە شیبکەینەوەو بیانناسین، ئەمەش نەك لەبەرئەوەی کە "قورئان وتوویەتی کە....."[46] وەك ئەمە لەسەر زاران دووپات دەکرێتەوە، بەڵکو بکەرە کۆمەڵایەتییەکان (واتە مرۆڤەکان)ن بە پێی پێوەری قورئان یان بە پێوەری ئینجیل ئەم شتە دەڵێن، لە ڕاستیدا قورئان یان ئینجیل هیچ پەیوەندییەکیان بەم مەسەلەیەوە نییە. ئەوەی قورئان یان ئینجیل دەیڵێت لە واقیعدا هەمیشە کراوەیەو هەمیشە فراوانە. قورئانو ئینجیل زۆر لە گوتنەکانی بەشەر کراوەترو فراوانترن. من وایدەبینم ئەم کرانەوەیە تەحەکوم بە بوونی دیاردەی کتێبە پیرۆزەکان دەکات لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانداو مەرجی بۆ دادەنێ. من وام پێ باشە لێرەدا وشەی "هاوچەرخ" بەکاربهێنم لە جیاتی وشەی "نوێ" یان "مۆدێرن" بۆ دەرخستنی جیاوازیی نێوان مۆدێرنەی زەمەنیو مۆدێرنەی مەعریفی —ئیپستیمۆلۆژی، ئەمانە دوو شتن یان دوو تێڕوانینن بە تەواوی جیاوازن. جا بۆئەوەی ئەم مەبەستەم ڕوون بکەمەوە دەڵێم: لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زاینیدا چەندین کەسایەتیی عەرەبیو ئیسلامی دەرکەوتن کە خاوەنی هەڵوێستی فیکری بوونو چەندین بەرهەمی پڕ لە داهێنانیان بەرهەم هێناوە کە بابەتەکانیان بێ چەندوچوون بابەتی تازەگەری بوون. لێرەدا تەنها یەك ناو دەهێنم ئەویش (جاحظ)ە کە لە ساڵی 869ز کۆچی دوایی کردووە. جاحظ باشترین نوێنەری هەموو هەڵوێستە فیکریو ڕۆشنبیرییەکانی کولتووری عەرەبیی ئیسلامییە بە تایبەتی لەو سەردەمە گەشاوەیەی هیومانیزمی عەرەبیدا؛ واتە قۆناغی دۆزینەوەو سەرکێشیو کرانەوەو ڕزگاریخوازی کە لە ناوچەی عیراقو ئێراندا بڵاوببۆوە. هەموو ئەم سیفەتانە لە کەسایەتیی ئەو پیاوەدا کۆببوونەتەوە. بەم مانایە جاحظ کەسێکی مۆدێرنەو.. کۆمەڵێ پرسیاری لە چەشنی ڕەخنەی مێژوویی لە ئیسلام دەخستەروو، ئەو پرسیارانەی کە موسڵمانانی ئەمڕۆ ناتوانن ئاستی سوودو پێویستییەکانی ببینن[47].

لەبەر ئەم هۆیە من لە بەرامبەر ئێوەدا دەڵێم نابێت ئێمە وەکو چەمکی ڕاستەهێڵ یان وەکو بەدوای یەکداهاتنی زەمەنی لە مۆدێرنە بڕوانین، واتە نابێت وەك بەرەوپێشچوونی پلە بە پلەی ڕۆحی بەشەری وێنای مۆدێرنە بکەین، واتە مەرج نییە ئەو کەسەی لە چەرخەکەی ئێمەدا دەژی بە پێویست پێشکەوتووترو مۆدێرنتر بێت لەو کەسانەی لە سەدەکانی پێشوودا ژیاون.. هتد. ئەگەر بەو جۆرە ڕەفتار بکەینو ئەگەر تێڕوانینێکی وامان هەبێت ئەوسا دەکەوینە ناو بیری پۆزەتیڤیزمی سەدەی نۆزدەهەمەوەو پێمان وا دەبێت کە مۆدێرنیزم دەستکەوتێکی تازەیە. ڕاستە ئێمە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی باشتر کۆنترۆڵی مۆدێرنیزممان کردووەو، ڕاستە ئەمڕۆ لەچاو سەدەکانی ناوەڕاست بە شێوەیەکی فراوانتر بڵاوبۆتەوەو تەشەنەی کردووە بە هۆی قوتابخانەو فێرکردنەوە، بەڵام مۆدێرنە دستکەوتێکی تازە نییە، ئەوەندە هەیە کە لە سەدە کۆنەکاندا بەرتەسك بووە، تەنانەت کەسایەتییەکی پێشکەوتووی وەکو (جاحظ) ناچار بووە لەژێر زەبری چەند مەرجێکی سەپێنراودا بۆ سەر فیکر، قسەبکات. بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ دەبینین ئەم مەرجە بەزۆر سەپێنراوانەی سەر فیکر جارێکی تر سەرهەڵدەدەنەوەو گەشە دەکەن، بگرە لە جاران بەهێزتر دەردەکەون لە میانی دەزگاکانی سانسۆرو ئەو خۆسازدانە ئایدیۆلۆژییەی لە هەموو شوێنێکی جیهانی ئیسلامیو عەرەبیدا ئامادەیە بەتایبەتی لەو وڵاتە تازە دەرکەوتووانەی لە دوای سەربەخۆیی دروست بوون[48]. ئەمڕۆ لە چەندین کەرتی کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی عەرەبیو ئیسلامیدا جۆرێك لە پاشەکشەی مۆدێرنە دەبینین. بۆ نموونە تێبینیی ئەوە دەکەین کە چاپکردنو لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی تێکستە کلاسیکییە کۆنەکان بووە بە شتێکی زۆر دەگمەن لە چاو ئەوەی لە ساڵانی 1930-1950دا هەبوو.

مۆدێرنەی ئەقڵی دابڕانێك لەگەڵ یەقینیاتی دۆگمایيو ئیمانی تەقلیدییو سیستمی داخراوی ئەقڵ دروست دەکات. ئێمە ئەمڕۆ باسی گەڕانێکی ئازادو ڕەها دەکەین بە دوای حەقیقەتدا، هەروەکو چۆن سۆفییەك گوزارشتی لە ئارەزوو و داگیرسانی ناخو کەموکورتی لە توانای خۆیو لە زمانی خۆی دەکرد بۆ گەیشتنو تێکەڵبوون بە ڕەهایی خودا. ئێمە لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە چرکەساتێکی زاهیدانەی بێشوماردا دەژین، بەڵام بە هەموو سەرچاوە عەقڵیو عاتیفییەکانی ڕۆحی بەشەری پڕکراوین[49].

دەبێ تا ئەو سنووره بوێر بین بۆئەوەی دوورتر بڕۆین تا دەگەینە ئەو هەڵوێستە، ڕازی نەبین بەوەی لە هەڵوێستێکی پڕ لە گومان بوەستین، ئەو هەڵوێستە گوماناوییەی بە داخەوە ئەمڕۆ زۆر بلاوه[50]، ئەم جۆره هەڵوێستە جۆره فێرکردنێك بەرهەم دەهێنێت کە عەلمانییەتێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ساختەیە. بەڵێ دەبێ ڕازی بین بە هەموو ڕێچکەو گوزەرەکاندا بڕۆین‌و لە ونبوون سڵ نەکەینەوە. بەڵام دەبێ ئەم گەڕان‌و ڕۆیشتنە لە پێناوی حەقیقەتدا بێت لە کاتێکدا ئێمە هەندێ سەوابتی ناوەکیمان هەڵگرتووە ئەمەش وامان لێدەکات لە هیچ گرفت‌و ئاستەنگێك یان لە هیچ سەرکێشییەکی فیکریی ڕۆح نەترسین. بێگومان ئێمە ئەوە باش دەزانین کە دەبێ خەبات‌و ململانێ بکەین بێئەوەی بڵێین ئێمە خاوەنی حەقیقەتین.

ئەگەر پشتمان بەم هەڵوێستە ڕۆحییە (یان ئەم هەڵوێستە فیکرییە) بەست بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیسلام لەناو کۆنتێکستی مۆدێرنەدا، ئەوسا هەموو ناوەڕۆکی کەلەپووری ئیسلامی دەهێنینە ناو چوارچێوەیەکی فراوانی ئارکیۆلۆژیای ماناوە[51]. ئیدی لە جیاتی ئەوەی خۆمان بە شانازیکردن‌و تەمجیدکردنی ئەو کەلەپوورەوە خەریك بکەین، ئەو تەمجیدو قەبەکردنەی لە ڕاستیدا لە واقیعی مێژووی ئێستا دامانده‌بڕێ، دەڵێم لە جیاتی ئەوە دەبێ سەرانسەری ئەو کەلەپوورە لە ڕووی ڕەخنەییەوە شیبکەینەوە، ئەمەش نەك لە پێناوی سووککردنی یان لە پێناوی کەمکردنەوەی بایەخ‌و گرنگییەکەی، بەڵکو لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی‌و دەرخستنی هۆکاری سەرهەڵدانەکەی‌و گەشەکردنی بەو ڕێگەیەی ئەمڕۆ شێوەی گرتووە، هەروەها لە پێناوی ئەوەی بپرسین بۆچی ئەم کەلەپوورە بەو شێوەیە پرۆسەی ڕۆڵی خۆی کردووە هەروەکو لەو کۆمەڵگایانەشدا هەمان پرۆسەی هەبووە کە دیاردەی ئیسلامییان تیادا بالادەست بووە. جا بۆئەوەی ئەم پێداچوونەوە ڕەخنەییە بنەڕەتییەی کەلەپوور ئەنجام بدەین، ئەوا دەبێ یەکەمین قۆناغ لەوێوە دەست پێبکەین کە ئەمڕۆ جارێکی تر خوێندنەوەیەکی ڕاڤەکارییانە بۆ قورئان بکەین، یان بە جۆرێکی تر دیاریکردنی مەرجەکانی ئەم جۆره خوێندنەوەیە دەسنیشان بکەین، چونکە ئیسلام لە دوو ڕووداوی گەورەوە دەستی پێکردووە، ئەو دوو ڕووداوەش لە یەکتر جیاناکرێنەوەو تەواوکەری یەکدین، ڕووداوی یەکەم لە "گوتاری قورئاندا" خۆی دەنوێنێ، ڕووداوی دووەمیش لە "ئەزموونی مەدینە"* وە ئێستا لە بارەی ئەم دوو ڕووداوە قسەدەکەین.

1-لێرەدا فەزای" گوتاری قورئانی" هەیە کە شوێنی ئیپستیمۆلۆژی‌و سیمیۆلۆژیی تایبەت بە خۆی هەیە بە هۆی سروشتی بونیادە زمانەوانییەکەی، هەروەها بە هۆی ئەو تیۆلۆژیا مێژووییەی جێگیری دەکات. خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات من لێرەدا هەرگیز باسی "قسەی خودا" یان "حەقیقەتی سروشئامێز" ناکەم، ئەمانە شتگەلێکن دواتر دێن. من دەمەوێ یەکەمجار تەرکیز بکەمە سەر فەزای زمانەوانیی قورئان، یان بە جۆرێکی تر تەرکیز دەکەمە سەر چنینی زمانەوانیی قورئان بۆئەوەی لە دوو ئاستی جیاوازدا لێی بکۆڵرێتەوە. ئاستی یەکەم بریتییە لە واژەکردنی زارەکییانەی قورئان بۆ یەکەمین جار، واتە بەو شێوەیەی یەکەم جار لە زاری پێغەمبەرەوە وتراوە. ئاستی دووەمیش بریتییە لە ئاستی دەق (تێکست) دوای ئەوەی بوو بە کتێب‌و دوای ئەوەی بوو بە تێکستی نووسراو، ئێستا ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

أ-ئاستی یەکەمین واژەکردن: قورئان بە درێژایی بیست ساڵ بریتی بوو لە زنجیرەیەکی پێکەوەبەستراوی دەستەواژە زمانەوانییە زارەکییەکان کە زاری پێغەمبەر واژەی کردوون، واتە بۆ یەکەمجار لە زمانی ئەوەوە بە شێوەیەکی زارەکی وتراوە. هەروەها قورئان مەرجەعێکی دانەبڕاوە لە ئەزموونی پیاوێك کە لە یەك کاتدا ئەم سیفەتانەی هەبووە: پیاوی ئایین بووەو مرۆڤێك بووە حەزی لە ڕامان‌و بیرکردنەوە کردووەو هاوکات پیاوێکی پرۆسەکارو تێکۆشەر بووەو چووەتە ناو کێشە دونیاییە هەستپێکراوەکانەوە. کاتێك موحەممەد هات کۆمەڵگایەکی بینی خاوەنی ڕابردوویەکی دێرین‌و دامەزراوی

* (خوێنەر دەتوانێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم دوو زاراوەیە، بگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەکەی ئارکۆن لەبارەی ئیسلام وعەلمانییەت کەلەکتێبی: تاریخیە الفکر العربی الاسلامی-دا بلاوکراوەتەوە).

ناسراوو دابونەریتو بەهاو ئایینو کولتوورو.... هەموو ئەم شتانەی لەبەردەمدا بوو، ئەویش ویستی بیانگۆڕێتو دەزگای دیکەیان لێدابمەزرێنێتو ڕێگەیەکی تری ژیانیان پێ نیشان بداتو تەرزێکی دیکەی کولتوورو یاسا دابهێنێت. لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە لە ڕێگەی قورئانی زارەکییەوە ئەنجام دراوە، یان با بڵێین قورئان بە شێوە سەرەتاییو زارەکییەکەی گوزارشتی لەو پرۆسەیە کردووە. دواتر سەرجەمی ئەو دەستەواژە زارەکییانە لە کتێبێکدا تۆمار کران، لێرەدا کتێب بە مانا ڕۆشنبیریو ئاساییەکەی ئەم وشەیە نەك بە مانای (ترانسندێنتالی- موتەعالی)ی کتێبی سروش.

ب-ئێمە کەباسی کتێب دەکەین مەبەستمان لە گواستنەوەیە لە کولتوورێکی زارەکییەوە بۆ کولتوورێکی نووسراو. ئەمەش گواستنەوەیەکی ئاڵۆزەو لە هەمان کاتدا بایەخێکی گەورەی هەیە سەبارەت بە تێگەیشتنی بابەتەکەی ئێمە. چونکە ئەمە ئەو چرکەساتە گرنگو یەکلاکەرەوەیە پێکدەهێنێت کە (مصحف)ی پێکهێناو وەك تاکە کتێبێکی (یان وەك موصحەفێکی) ڕاستو دروست ڕاگەیەنرا کە دەبێ هەر لە ئێستاوە تا کۆتایی، هەموو موسڵمانێك وەکو مەرجەع بگەڕێتەوە بۆ ئەو مصحفە. ئەم کارە یەکەمین هەنگاو بوو بە ئاراستەیەك کە دواتر دەبێت بە ئەرسەدۆکسیزم[52]. بەم جۆرە قۆناغێکی نوێ یان پرۆسیسەیەکی نوێ بۆ لەدایکبوونی مێژوویی کۆمەڵگا دەستی پێکرد. ئێمە لێرەدا لە ئاستێکی تری خوێندنەوەدا دەوەستین، واتە خوێندنەوەی ئەو شتانەی لە چرکەساتی یەکەمدا ڕوویانداوە، و ئەمەش ئاستێکی تازەیەو پشت بە ستراتیژێکی دیاریکراو دەبەستێ بۆ "هەڵوەشاندنەوەی" کۆی ئەو کەلەپوورە ئیسلامییەی بەو داڕشتنە نوسراوەوە گرێ دراوە، واتە ئەو کەلەپوورەی پەیوەستە بە جۆری داڕشتنی (مصحف). (لێرەدا زاراوەی "هەڵوەشاندنەوە" یان "تەفکیك" بە مانای خوێندنەوەیەکی زانستی هاتووە). داڕشتنی نووسراوی مصحف یان فۆرمیولای نووسراو، دواتر کاری خۆی دەکاتو بۆ ماوەی پانزە سەدە —واتە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ- پرۆسەی ڕۆڵی خۆی دەکات. بەڵام ئەم فۆرمیولا نووسراوە هەمیشە بە شێوەیەکی دژ (لە ڕووی سیاسیو کولتووریو مەعریفییەوە) پرۆسەی خۆی کردووەو کاریگەریی لەسەر توێژی فراوانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان جێهێشتووە، ئەو توێژە فراوانەی سەرباری هەموو شتێك ملکەچی کەلەپووری زارەکی بووەو تا ئەمڕۆش هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە. کەلەپووری زارەکی بەردەوام ئامادەیی لە بواری ئیسلامیدا هەبووە سەرباری دەرکەوتنی "کیتاب" —وەك دیاردەیەکی کولتووری- لەو کۆمەڵگایانەدا هەرگیزو ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو کەلەپوورە زارەکییە کاڵ نەبۆتەوە. لە ڕاستیدا لەگەڵ شکلگرتنی دەوڵەتی ئومەویدا کیتاب لە ئاستێکی فراواندا بەکارهێنراوە. بەڵام کاریگەریی کەلەپووری زارەکی زۆرتر بووە[53].

بەمجۆرە دەبینین خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی من بۆ ئیسلام خوێندنەوەیەکی زنجیرەییو بەدوای یەکداهاتنی زەمەنی نییە، یان خوێندنەوەیەکی دۆگمایی نییە کە تەنها لایەنێك بگرێو ئەوانی دیکە لاببات، ئەم خوێندنەوە تەقلیدییە ،لە لایەن کەلەپوورەوە، بە زۆر سەپێنراوەو تەرکیزی کردۆتە سەر لایەنێكو لایەنێکی دیکەی شاردۆتەوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە خوێندنەوەی من خوێندنەوەیەکی دیالێکتیکییە کەدەمەوێ ئەم خوێندنەوە دیالێکتیکییە بۆ فەزای کۆمەڵایەتیی مێژوویی دابمەزرێنم، مەبەستم خوێندنەوەیەکە بەردەوام دەچێتە سەر ئەو بەشەی کە کولتووری زارەکی بەسەریدا زاڵەو هاوکات دەچێتە سەر ئەو بەشەی دیکەش کە دیاردەی نووسین —یان کولتووری نووسراو- بەسەریدا زاڵە، واتە خوێندنەوەی من لە یەك کاتدا کولتووری زارەکیو کولتووری نووسراو بەسەر دەکاتەوە. ئەم خوێندنەوەیەش بە تەواوی خوێندنەوەیەکی تازەیەو دەکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان بەسەر ئینجیلەکانو کۆمەڵگە مەسیحییەکانیشدا پراکتیزە بکرێت.

ئەمە یەکەمین ئەو میتۆدەیە کە دەمەوێ سەرنجتانی بۆ ڕاکێشم. دەبێ بە فیعلی بگەڕێینەوە بۆ چرکەساتی قورئانو لەو بەرجەستە دوولایەنییەوە بیخوێنینەوە —واتە بەرجەستەی زارەکیو نوسراو-، هەروەها دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە من ناوم لێناوە: "ئەزموونی مەدینە".

2-ئەزمونی مەدینە: ئەمە بریتییە لە تەواوی ڕووداوێکی مێژوویی. ئەگەرچی پیاوانی ئایینو فوقەهاکان لەم کارەی من بێزار دەبن بەڵام من ناتوانم ئەم دوو دیاردەیە لە یەکدی جیانەکەمەوە: مەبەستم جیاکردنەوەی دیاردەی قورئانی/ و دیاردەی ئیسلامی.*

بنەماو خاڵی دەستپێکردنی ئەم دوو دیاردەیە بریتییە لە ئەزموونی مەدینە (بە مانای ڕوونو نموونەیی وشەی ئەزموون، چونکە ئەزموونی مەدینە بوو بە نموونەی کاری مێژووییو بووە بە پێشڕەو کە سەرانسەری وەچەی موسڵمانان تا ڕۆژی ئەمڕۆمان چاویان تێبڕیوەو دوای ئەو ئەزموونە کەوتوون). ئەم ئەزموونە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ئەزموونی پیاوێك ناوی موحەممەدەو هاووڵاتییەکی شاری مەککەیە. ئەم پیاوە توانی هەر لە ساڵی 622ی زایینییەوە –واتە لە ساڵی یەکەمی کۆچییەوە- سەرکەوتوو بێت لە پرۆسەیەکی مێژوویی گرێدراو بە هێزی گوتاری ئایینی، ئەو گوتارە ئاینییەش لە قورئاندا چڕکراوەتەوە. مەبەستیشمان لەم پرۆسە مێژووییە: دامەزراندنی (مەدینە- دەوڵەتە) یان (دەوڵەتی مەدینە) یان دەوڵەتشاری مەدینە. ئەم دەوڵەتە تازەیە لەو سەردەمەدا بە تەنها لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا نەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی فراوانتر لە سەرانسەری ئەو ناوچانەدا هەبووە (ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، ئەمە نموونەیەکی تازەی دەوڵەت بوو کە یەکەم جار لە دەوڵەتی ئەسیناوە خوازراوەو دواتریش لە دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە وەرگیراوە. بێگومان ئەم خواستنە لە دوای شکڵگرتنی خەلافەتی ئیسلامییەوە ئەنجام دراوە. پاشان ڕەهەندی ئایینی بۆ ئەو دەوڵەتە زیادکراوە، ئەو ڕەهەندە ئاینییەی پاڵپشتی دەوڵەتی کردووەو لە سروشی قورئانیدا خۆی دەنوێنێت. لە ئاکامی ئەمەشدا شتێك دروست بوو زیاتر لەوە دەچێت کە لە ئیمپراتۆریەتی مەسیحیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو، واتە لوتکەیەکی دووسەری (رأس مزدوج) دروستبوو کە خۆی لە پاپاو ئیمپراتۆردا دەبینی. بەڵام لە ئیسلامدا ئەم لوتکە دووسەرییە لەیەك سەردا –یان لە یەك کەسدا- کۆبۆوە، ئەویش: سەری خەلیفە یان کەسی خەلیفەیە، یان سەری ئیمام.

ئەزموونی مەدینە ناچارمان دەکات جارێکی تر بیر لەو گرفتە بکەینەوە کە ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو ئەزموونێکی مۆدێرنەدا جارێکی تر سەرهەڵدەداتەوە، سەرباری ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئەو دوو سەردەمەدا هەیە، بەڵام هەر هەمان تێگەیشتن بۆ ئەو دوو ڕەهەندە هەیە، واتە: چۆن هاوجومگەییەك دادەمەزرێنرێت لە نێوان ڕەهەندی ئایینیو/ واقیعی سیاسیدا. ڕەهەندی ئایینی لە بنەڕەتدا دەمانباتە سەر ئەو شتەی بە خەیاڵدانی ئایینی(المخیال الدینی) لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوی دەبەین. بەڵام واقیعی سیاسی تایبەتە بە ڕێکخستنی بەکردەوەی گروپە مرۆییەکان (لێرەدا هۆزە عەرەبیەکان) لە پێناوی گەڵاڵەکردنی سیستمێکی کۆمەڵایەتیو هەروەها سیستمێکی سیاسیو پاشان پێکهێنانی دەوڵەت. ئەم پرۆسەیە بە هەردوو ڕەهەندە ئایینیو سیاسییەکەیەوە لە نێوان ساڵانی (622-632 ز) لە مەدینەدا ئەنجام درا بە ڕێبەرایەتیی ئەو پیاوەی ناوی موحەممەدە، ئەم پیاوە وردە وردەو پلە بە پلە قبوڵ دەکرا، بە تایبەتیو بە شێوەیەکی زیاتریش بەو سیفەتە قبوڵ دەکرا کە پێغەمبەری خودایە.

من لێرەدا ناوی موحەممەد وەکو خۆی دەبەم بەبێ هیچ نازناوێك، وەك چۆن لە مەسیحییەتدا دەوترێت "عیسای ناسری" یان "یەسوع کوڕی خودا". لێرەدا لێکچوونێك لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەیە. ئێمە بە پێی بەکارهێنانی ئەم یان ئەو زاراوەیە دەشێت ئاستەکانی شیکردنەوە لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بکەین، واتە دەبێ ئاگاداری ئاستەکانی شیکردنەوە

---

* (ئارکۆن لەزۆربەی لێکۆڵینەوەکانیدا ئەم دوو زاراوەیە :"دیاردەی قورئانی" و "دیاردەی ئیسلامی" بەکاردەهێنێت کە زیاتر دوو زاراوەی سۆسیۆلۆجین و لەیەکتریان جیادەکاتەوە. فەرقی نێوان ئەم دوو دیاردەیەش لەلای ئارکۆن بەم شێوەیەیە: دیاردەی قورئانی هەمیشە دیاردەیەکی موتەعالی-ترانسێندنتالی- وتەنزیهی وکراوەیە بەسەر هەموو دەلالەت و ئەگەرە مەعریفیەکان، واتە کراوەیە بەسەر ڕەهادا –ڕەهای خودا-...بەڵام دیاردەی ئیسلامی بەتەواوی دیاردەیەکی مێژووییەو بریتییە لەبەرجەستەکردنی یەکێك لەو مانایانەی لەدیاردەی قورئانیدا هەیەو لەمیانی تەفسیرەکانی فوقەهاکانەوە بەرجەستە دەبێت. بۆ زیاتر شارەزابون بڕوانە ئەم کتێبە گرنگەی ئارکۆن: -محمد ارکون.الفکر الاسلامی نقد واجتهاد.ترجمه هاشم صالح. دار الساقی.ط3. 1998 ص201 ).

بین[54]. هەموو ئەو زەحمەتییەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەم خاڵەدا دەردەکەوێ: زەحمەتی لەوەی چۆن عیسای ناسری ڕۆڵی خۆی ئەنجام دەدات لە هەمان ئەو ساتەوەختەی دەبێت بە یەسوعی کوڕی خودا یان یەسوعی مەسیح؟ (واتە ئەو ڕۆڵەی لە کەسێکی ئاساییدا هەیەتی بۆ ئەو ڕۆڵەی دواتر دەبێت بە کەسێکی پیرۆز )، لە حاڵەتی ئێمەشدا هەمان شتە: دەبێ ئەوە ببینین کە چۆن موحەممەدی هاووڵاتییەکی خەڵکی مەککەو ئەندامێکی هۆزی قورەیش دەتوانێت ئەزموونێکی مێژوویی دابمەزرێنێت لە پەیوەستیدا بە موحەممەدی پێغەمبەر کە بە ناوی خۆیەوە قسە ناکات بەڵکو بە نای ئاخاوتنێکی باڵاو ترانسندێنتالییەوە کە لە لای خوداوە دێتو بەو شێوەیەش لە لایەن ئاگایی بەشەرییەوە پێشوازی دەکرێت.

ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە یان بینینی ئەم خاڵە شتێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەوەی لەو سەردەمەدا لە ئاگایی خەڵکیدا ڕەگوڕیشەی دانا، دواتر بوو بە ڕوانینی فیعلیی ئەو مرۆڤانەی ئەو کۆمەڵگەیانە بەرهەم دەهێنن کە تیایدا دەژین. ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێ بیبینینو بایەخی خۆمانی بخەینەسەر نەك چاوی خۆمان نابینا بکەینو بەردەوام ئەو قسانە بڵێینەوە کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، قسەی لەو چەشنە کە: ئاخۆ پێغەمبەر ڕاستەوخۆ پەیامەکەی لە خوداوە وەرگرتووە یان نا —وەك هەندێ لە خۆرهەڵاتناسەکان ئەمە دەکەن-. ئەم خاڵە پەیوەستە بە گرفتێکی ترەوە کە لەوانەیە هەرگیز نەگەینە چارەسەرێكو ئەمە لە دنیای مەسیحییەتیشدا هەر بەو شێوەیەو ڕوبەڕووی هەمان زەحمەتی دەبینەوە، مەبەستم زەحمەتیی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە هاوجومگەییەی لە نێوان عیسای ناسری/ و یەسوعی مەسیح، کوڕی خودادا هەیە.

ئیسلام وەك خۆرهەڵاتناسو سۆسیۆلۆجیستە خۆرئاواییەکان باسی دەکەن، شتێکە لە تێکستەکانو لە زاری موسڵمانانندا بوونی هەیە، هەروەها لە گوتاری جەماعیشدا بوونی هەیە، ئەوان وا دەزانن بەو سیفەتە ئیسلام دەناسن کە یەك ئیسلامە، واتە ئیسلامی نەمرو ئەبەدی. بەڵام دەشێت ئێمە ئیسلام بە کۆ وێنا بکەین، واتە بە چەندین ئیسلامی جیاجیا وێنای بکەین: واتە ئیسلامی تیۆلۆژیو ئیسلامی سۆسیۆلۆژیو ئیسلامی مێژوویی. ئەگەر بە وردی لە ئیسلام بڕوانین دەبینین بریتییە لە چەندین ئیسلامی جیاواز نەك یەك ئیسلام. سەبارەت بە من وەکو موسڵمانێك ناتوانم سەر بە یەکێك لەو شێوە باوانەی ئیسلام بم، چونکە هەموویان دژی ئەو مۆدێرنە فیکرییەن کە من پشتگیریی دەکەمو لەگەڵیدام. من ئەو دەنگەم لەناو ئیسلامەوە بەرز دەبێتەوە تا بڵێت لێرەدا ڕێگەیەکی ترو شێوازێکی تر بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئایینی هەیە. من دەنگێکم لەنێو دەنگەکانی تردا کە هەوڵدەدات گوزارشت لە خۆی بکاتو شوێنی خۆی لە کۆمەڵگەداو لەناو توێژەرە زانستییەکاندا بگرێت، ئەمەش لە میانی گفتوگۆیەکی کراوە کە دەیەوێت بە هەمو مانایەکی فیکریو ئەقڵییەوە گفتوگۆیەکی دیموکراتی بێت[55].

ئەو چەمکەی (نەك سنوور بۆ کێشانێکی داخراو) کە دەمانەوێت لە بارەی دیاردەی ئایینییەوە پێکی بهێنین، هەرگیز چەمکێکی جەوهەری یان چییەتی نییە[56]. لە واقیعدا ئەو شێوازو ئەو ڕێگەیەی گرتوومەتە بەر تا ئەندازەیەکی گەورە شێوازێکی ئیجابیو کراوەو واقعییە (بەڵام بە دڵنیایی پۆزەتیڤیزم نییە)، ئەمە ڕێگەو میتۆدێکی هەستیارەو هەموو سنوردانانێکی پێشوەختو هەموو ئەو هەڵوێستە زانراوانە ڕەت دەکاتەوە کە زیانی بە هەردوو نێوەندی خۆرئاواییو ئیسلامی گەیاندووە. لەبەرئەوە ئێمە ناچارین جەنگەکە لەسەر زەویی واقیعدا دەست پێبکەین، ئەمەش جەنگێکی وەهمی یان ئەبستراکتی نییە لە نێوان ئەو ڕۆشنبیرانەدا ئەنجام بدرێت کە لە بورجی عاجی خۆیاندا خۆیان داخستووە[57].

# بەشی دووەم

## عەلمانییەت وەکو
## "خاڵی بەیەکگەیشتن"ی نێوان
## موسڵمانان و مەسیحییەکان

## یەکەم :موسوڵمانان و مەسیحییەکان : میراتی رابردوو

لێرەدا دوو هێڵی بەیەکگەیشتن لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکاندا هەیە کە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرین، ئەمە ئەگەر مافی هەڵبژاردنمان بۆ برەخسێت، چونکە ئەم مافە هەموو کاتێ مسۆگەر نییە بەهۆی بوونی چەندین کۆت و سەپاندن، مەبەستم لە کۆت و سەپاندنی سیاسیی نییە، لانیکەم لە فەرەنسەدا.. بەهەرحاڵ ئەو دوو هێڵە ئەمانەی خوارەوەن:

1-هێڵی یەکەم هێڵێکی تەقلیدییە و بریتییە لە چوونە ناو گفتوگۆ و مشتومڕێکی بێ ئەنجام و نەزۆك کە کۆتایی نایەت. بۆ نموونە گرفتی بەراوردکردنێکی تایبەت بە لاهوتی هەردوو لایەنی ئیسلامی و مەسیحی، ئینجا گرفتی پێغەمبەرایەتی و سروش و گرفتی کوڕی خودا و.. هتد. هەموو ئەم شتانە بە ڕێگەیەکی تەقلیدی و لە میانی موفرەداتی فەرهەنگی کۆنی لاهوتی چارەسەر دەکرێن. جا ئەگەر چووینە ناو ئەو چەشنە گفتوگۆ و مشتومڕە گەرمانەی نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان، ئەوا هەرگیز لێی دەرناچین. ئەم جۆرە گفتوگۆیانە چەندین سەدەیە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکەوە، ئەم مشتومڕەی نێوان ئیسلامی – مەسیحی، یان نێوان یەهودی – مەسیحی یان یەهودی – ئیسلامی بوونیان هەیە. لێرەدا چەندین کتێبخانە هەیە پڕن لەو کتێبانەی ئەو جۆرە گفتوگۆیانەیان لە خۆ گرتووە. ئەم ئەزموونە هەزاران جار ئەوەی سەلماندووە کە مومکین نییە لەو ڕێگەیەوە چارەسەرێك یان دەریچەیەك بدۆزرێتەوە. زۆر کەس باسی دیالۆگی مەسیحی – ئیسلامی دەکەن، بەلام من ئەم وشەیەم پێ خۆش نییە، نەك لەبەرئەوەی دژی دیالۆگم، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم وشەیە ڕەواییەك بە دوو خودگەراو و بە دوو خەیاڵکراوی جەماعی دەبەخشێت کە هەردوو ئەو خەیاڵگەیە لە ئاستی وێناکردنە بە میراتبۆماوەکانیانەوە دەچنە ناو پێکدادانێکی راستەوخۆوە. (واتە ئەم چەشنە دیالۆگ و مشتومڕە بێ ئەنجام و نەزۆکە دەبێتە مایەی پێکدادانی هەردوو خەیاڵگەی ئایینیی مەسیحی – ئیسلامی). ئەمە لە کاتێکدا کە دەبێ ئێمە بچینە نێو قووڵاییەکانەوە تا بگەینە ئەو ڕێسا هاوبەشە یان ئەو ڕیشە هاوبەشەی بیروباوەڕەکانی لەسەر دامەزراوە، مەبەستم ئەو بیروباوەڕانەی یەکدی نەفی دەکەن و ئەوانەی لە راستیدا پەیوەستن بە بارودۆخێکی مێژوویی و کولتووریی دیاریکراوی مێژووەوە. کاتێکیش ئێمە ئیشکالیەتەکان لە شوێنگە تەقلیدییەکانی خۆیان دەلەقێنین و دەیانبەینە ناو ئاستێکی تری شیکردنەوە و تێگەیشتنی هاوبەشەوە، ئەوا لەو ئاستەدا نامێنینەوە کە بریتی بین لە چەند بازنەیەکی داخراو و لەگەڵ یەکدیدا لە شەڕ و ململانێدا بین. واتە بە لەقاندنی ئیشکالیەتە تەقلیدییەکان دەتوانین بازنەکان بە ڕووی یەکتردا بکەینەوە، ئیدی دوای ئەوە دەچینە ناو توێژینەوەیەکی هاوبەشەوە و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئاینەکان دەدۆزینەوە، چونکە ئێمە هەر هەموومان لە نێو هەمان ئەو سنوورە هاوبەشەدا گیرمان خواردووە.

2-هێڵی دووەم هەمان ئەو هێڵەیە کە من پێشتر لە کتێبەکانی ترمدا نەخشەم بۆ کێشاوە، واتە هێڵی پراکتیزەکردنی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ئایینەکاندا. بە پێی ئەم میتۆدە دەبێ دەست بکەین بە پرۆسیسەکردنی سۆسیۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و زانستی زمانەوانی و زانستی مێژوو بە پێی تازەترین ڕێگەی مێژوونووسە هاوچەرخ و نوێیەکان کە روانینێکی دیکەی جیاواز لە بارەی دیاردەی ئایینی دەخەنە ڕوو. باوەڕم وانییە ئەم میتۆدە ببێتە هۆی بێنرخکردنی ئیمان بە مانا قوڵەکەی وشەی ئیمان[58]. بەڵکو ئەم دیدە نوێیە ڕێگە بۆ ئایینەکان خۆشدەکات گوزارشت لە خۆیان بکەن، بە زمانێکی وا گوزارشت لە خۆیان بکەن کە بتوانێت ئێمە لەو مشتومڕە بێ ئەنجامە ڕزگار بکات کە جگە لە جیابوونەوە و لێکترازان هیچی دیکەمان بۆ بەرهەم ناهێنێت. ئێمە دەبێ ئەمڕۆ هێڵی دووەم بگرین و لەسەر ئەم هێڵە گوزەر بکەین.

لەبەرئەوە من وام پێ باشە قسە لەسەر پێویستبوونی "هاوکاری" بکەین، پێویستبوونی هاوکاریی یەکدی، واتە لەوەدا هاوکاریی یەکتر بکەین کە بە شێوەیەکی هاوبەش بەرپرسیاریی سەرجەم کەلەپورە ئایینی و کولتوورییەکان لە ئەستۆ بگرین، لە جیاتی ئەوەی بچینە نێو دیالۆگ و مشتومڕێکەوە کە دەمانباتە سەر چەمکی لێکبوردنێکی تەوەزل و بێپەروا و فەرامۆشکردنی ئەو گرەوە تازانەی لە گۆڕین و بەرهەمهێنانی ماناکانەوە دێتە دی. بەڵام لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی کەلەپوورە ئایینی و کولتورییەکان بە شێوەیەکی هاوکار و هاوبەش ناچارمان دەکات گرفتەکان لە ئاستێکی ریشەدارتر و قووڵتردا بخەینە ڕوو وەك لەو ئاستە سادە و ساکارەی زانا تەقلیدییەکانی فیقهو لاهوت و میتافیزیکیای کلاسیکی تا سەرهەڵدانی فەلسەفەی گومان[59] لەسەری وەستاون. بۆ نموونە ئەگەر سرووش لە مەسیحیەتدا شتێکی تری غەیری ئەو سروشە بێت کە لە ئیسلامدا هەیە، ئەوا دەبێ گرفتەکە روون بکەینەوە چونکە ئەمە گرنگییەکی ریشەدار و قووڵی هەیە. واتە دەبێ لە چوار چێوەی مەعریفیی مۆدێرنەدا ئەو گرفتە بخەینەڕوو و ئاشکرای بکەین نەك لە ڕێگەی زمان و زاراوە لاهوتییە تەقلیدییەکانەوە کە هەژموونی خۆیان بەسەر هەموو تایفەیەکدا دەسەپێنن. بەڵام ئەم زمان و زاراوە تەقلیدییە لاهوتیانە ناتوانن هەژموونی خۆیان بەسەر ئیپستیمۆلۆژیای نوێدا بسەپێنن[60].

هێڵی دووەم تەنها ئاستی فیکری ناگرێتەوە، بەڵکو بایەخ بە مەسەلەی ژیانی هاووڵاتیانیش دەدات لە کۆمەڵگەدا. لێرەدا بە عەلمانییەت دەگەین بە باشترین و وروژێنەرترین مانای وشەی عەلمانییەت. بەڵام ئەم عەلمانییەتە بەشێوەیەکی پتەو پشت بە جۆری ئەو کولتوورە دەبەستێت کە لە کۆمەڵگەدا هەیە. پاشان ئەمە لە جۆری ئەو کولتورە باوەی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا (عەرەبی بێت یان غەیرە عەرەبی) بلاّوە شتێکی مەحاڵە و بگرە مومکین نییە وێنابکرێت. من کە لێرەدا باسی کولتوور دەکەم، لە راستیدا باسی جۆری کولتووری باو دەکەم نەك باسی ئایین یان ئیسلام و قورئان، چونکە ئەمانە شتێکی ترن. کاتێك وشەی "کولتوور" واژە دەکەم مەبەستم تێکڕای ئەو تەوژمە ئایدیۆلۆژییانەیە کە بە شێوەیەکی توندوتیژ دێنە نێو کۆمەڵگاکانی ئێمەوە بە تایبەتی لە ساڵی (1950) بە دواوە. ئەم توندوتیژییە ئایدیۆلۆژییە تەنها بریتی نییە لە بەرهەمی لۆکاڵی و ناوخۆیی ئەو کۆمەڵگایانە، بەڵکو ئەمە لە بنەڕەتدا هێڵی گەڕانەوەی ئەو شۆکە توندوتیژە دەنوێنێت کە هەژموونی داگیرکاری (ئیستیعماری) و دوای ئەوەش هەژموونی شارستانیەتی ماتریالی سەپاندوویەتی. لەبەرئەم هۆیە ئەو کۆمەڵگایانە ناچارن لە میانی ئەو زمانە ئاینییەی لەبەردەستیاندایە گوزارشت لە خۆیان بکەن. لەم چەشنە کولتورەشدا ئاشکرایە کە عەلمانییەت بەو شێوەیەی روونمان کردەوە شتێکە مومکین نییە لە کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییە هاوچەرخەکاندا وێنا بکرێت یان بیری لێبکرێتەوە. بەڵام بە داخەوە چاودێرانی دەرەوە و هۆیەکانی راگەیاندنی خۆرئاوا و ئەوروپا ئەوە رەتدەکەنەوە کە دابەزنە نێو ئەم ئاستە قووڵەی شیکردنەوەوە، بەڵکو هەمان ئەو قسە باوانە لە بارەی موسڵمانان دووپات دەکەنەوە کە تیایاندا فرەژنی باوەو پیاوی موسوڵمان ژنی خۆی تەڵاق دەدات و جیهاد دەکات و باسی میرات و توندوتیژی و دەمارگیریی ئایینی دەکەن[61].

ئەمە لەسەرێك، بەڵام لە سەرێکی تر تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو عەلمانییەتەی بەرپرسە سیاسییەکانی فەرەنسە خۆیانی پێ سەرقاڵدەکەن عەلمانییەتێکی ناتەواوە. بۆ نموونە کاتێك دەڵێن مومکین نییە خەڵکی مەغریب (مەبەست لە وڵاتە عەرەبییەکانە) ببنە کەسانی رۆشنبیر و مەدەنی و ئاوێزانی کۆمەڵگەی عەلمانی بن، ئەمە لە راستیدا دەرخستنی جۆرێك لە دەمارگیرییە کەشایستەی کولتووری فەرەنسی نییە[62]. لە راستیدا مەحاڵە مێژوونوسێکی فیکری فەرەنسی لەوە تێبگات چۆن دەشێ سەرکردەیەکی سیاسیی فەرەنسی کولتووره دێرینەکەی خۆی لەبیر بکات هەر تەنها لەبەر چەند هۆیەکی ئایدیۆلۆژی و بۆ پێداویستییەکانی خۆی سەبارەت بە ستراتیژی هەڵبژاردن و بە دەستهێنانی دەنگەکان. ئەم چەشنە هەڵوێستانە لەلای سەرکردە سیاسییەکان، خراپ تێگەیشتن و بەدحاڵیبوونی نێوان هەردوو لایەنی ئەوروپی و ئیسلامی بەهێز دەکات و کەشوهەوای باوی کۆمەڵایەتیی فەرەنسی دەشێوێنێت. ئەمە دەبێتە مایەی کاردانەوەی توند و بەهێز لەلایەن جالیەی مەغریبی و عەرەبی کە هەست بەوە دەکەن لەلایەن فەرەنسییەکانەوە دوور دەخرێنەوە و

سوکایەتییان پێدەکرێت هەروەکو چۆن لە قۆناغی داگیرکاریدا لە نیشتمانەکەیان دوورخرابوونەوە. ئێمە لە هەمان هەڵوێستی رەتکردنەوەی گرتنەئەستۆی بەرپرسیاریی هاوبەش رووبەرووی هەمان دیاردە دەبینەوە، واتە کاتێك ئەوروپییەکان بەرپرسیاریی دیاردە ئاینییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ئێمەدا لە ئەستۆ ناگرن، دوچاری هەمان کاردانەوە دەبینەوە. جاران هەژموون و باڵادەستیی داگیرکەر هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو هەژموونە فۆرمی دیکەی لە خۆ گرتووە.

لە راستیدا ئەم چەشنە ململانێیانە مێژوویەکی دووروودرێژیان هەیە، ئەمە مێژووی دەریای سپیی ناوەڕاستە. حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاست ماڵی پێکەوە ژیانی ئێمە بووە، هەروەکو شوێنی نەفیکردنی یەکدیش بووە. سا ئەگەر قۆناغی بورژوازیی لەدایکبوو لە ئیسلامدا لە سەدەی پانزەهەمی زایینییەوە دەستی بە لاوازی و وەستان کردبێت، ئەوا لەوبەرەوە هێزی خۆرئاوایی و بورژوازیی خۆرئاوا بەرەو هەڵکشان دەچوو، ئیدی لەو ساتەوەختەوە جەنگە سەلیبییەکان دەستی پێکرد بێگومان بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگاوبانە بازرگانییەکان هەر لە ئۆقیانوسی هیندییەوە تا خۆرئاوای ئەوروپا. بۆ ئەم بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کتێبە گرنگەکەی مامۆستای گەورەمان (فیرنان برۆدێل) بە ناوی "جیهانی ناوەراست لە سەردەمی فیلیپی دووەمدا". ئەو گیروگرفتانەی ئەمڕۆ پێیانەوە دەناڵێنین دەگەڕێنەوە بۆ ئەو مێژووەو تەنانەت بۆ بەر لەو مێژووەش. بەڵام یادەوەریی مێژوویی لەلای خەڵك زۆر کورتە، تەنانەت جەنگی جەزائیریش کە لە رابردوویەکی زۆر نزیکدا روویداوە، خەریکە بیر دەچێتەوە یان بیرچۆتەوە وەك بڵێی هیچ شتێ رووی نەدابێ. لە کاتێکدا ئەو جەنگە کۆمەڵێ وانە و پەندی زۆر گرنگی تێدایە و تیشك دەخاتە سەر چۆنێتی میکانیزمی ئیشکردنی دامەزراوە فەرەنسییەکان و فیکری فەرەنسی. ئەو کتێبە زۆرانەی لە فەرەنسەدا لەبارەی مەغریبی گەورەوە چاپ کراون و دەکرێن هەرگیز نەگەیشتوونەتە راڤەکردنێکی راستەقینەی دیاردەی ئایینی لەو کۆمەڵگایانەدا. ئەو نووسەرانە یان پێیان وایە ئایین لە مەغریبدا شتێك نییە، یاخود پێیان وایە ئایین لە مەغریبدا هەموو شتێکە و هەموو شتێکیش یەکلا دەکاتەوە و بگرە تەفسیری هەموو شتێك دەکات. ئەم بەراوردکارییە دژبەیەکە بۆ فاکتەری ئایینی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی (دۆرکهایم). تا ئەمڕۆش ئەم دید و ئەم بەراوردکارییە لە فەرەنسەدا باڵادەستە کاتێك بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە مەغریبییەکان و عەرەبەکان بە گشتی، تا هەتایە مەحکومن بەوەی لە ژینگەیەکدا بژین کە هەردوو فاکتەری ئایینی و سیاسی تێکەڵ دەکات، واتە لە کەشوهەوایەکدا دەژین فاکتەری ئایینی و فاکتەری سیاسی ئاوێزانی یەکدی دەبن. لێرەدا ئاماژەیەکی روون دەبینین سەبارەت بە چۆنێتی تێگەیشتن لە عەلمانییەت و میکانیزمی ئیشکردنی عەلمانییەت لە بیری فەرەنسیدا و بگرە لەوانەیە لەبیری خۆرئاواییشدا.

ئیسلام لە خۆیدا، بەرووی عەلمانییەت، داخراو نییە، واتە ئیسلام هەموو دەرگاکانی بەرووی عەلمانییەت دانەخستووە. جا بۆ ئەوەی موسڵمانان بگەنە دەرگاکانی عەلمانییەت، ئەوا دەبێ خۆیان لە بە زۆر سەپاندن و لە کۆت و پێوەندە دەروونی و زمانەوانی و ئایدیۆلۆژییەکان رزگار بکەن، واتە خۆیان لەو فشارە زمانەوانی و دەروونی و ئایدیۆلۆژییە دەرباز بکەن کە باری قورس کردوون، نەك تەنها بە هۆی کەڵەکەبوونی پاشکەوتوویی مێژوویی تایبەت بە خۆیان، بەڵکو بە هۆی فاکتەرە دەرەکییەکان و هۆکارە نێو دەوڵەتییەکانیشەوە. جا بۆ ئەوەی بگەنە ئەو مەبەستە، ئەوا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ حەقیقەتی مێژوویی فیکری ئیسلامی لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا. لە واقیعدا لە نێوان سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا لە ناو ئیسلامدا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیران هەبووە کە پێیاندەوترا "موعتەزیلە". دواتر موعتەزیلەکان لە مێژووی ئیسلامدا دوچاری چەوسانەوە بوونەوە. مانای وشەی "موعتەزیلە"ش واتە: ئەو کەسانەی خۆیان جیا کردەوە و بە تەواوی ئیرادەی خۆیانەوە خۆیان بۆ رامان و لێوردبوونەوەو بیرکردنەوە تەرخان کرد. بەڵام ئەرتۆدۆکسی ئیسلامی ناوەکەیان شێواند و مانایەکی وایان کردە بەر کە ئەمانە خۆیان لە ئوممەی ئیسلامی جیاکردۆتەوە یان گوایە ئەمانە لە ئوممەتی ئیسلام نین بۆ ئەوەی سوکیان بکەن و وەك کەسانی بێ عەقڵ نیشانیان بدەن. لە راستیدا ئەو روناکبیرانە (واتە موعتەزیلەکان) مەسەلەگەلێکی بنچینەییان لە گۆڕەپانی فیکریدا وروژاندووە

کە جێی بایەخی ئێمەیە، ئەمەش بەهۆی مەرجەعیەتی دوولایەنیی رۆشنبیرییان کە خۆی لە دیاردەی سروش و بیری گریکی دەنواند. موعتەزیلەکان سەرباری بایەخدان و لێکۆڵینەوەیان لە بارەی سروشی ئیسلامی، بایەخیان بە تەوەرێکی دیکەی فیکر دەدا کە فیکری گریکی بوو، واتە جگە لە ئەقڵی ئیسلامی لایان لە پرۆسەکەی تری ئەقڵ کردەوە کە ئەقڵی گریکییە. مەبەستم ئەو پرۆسیسەی لە یۆنانی کلاسیکییەوە هاتە ناو ئیسلام و هەر لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە بەهێز و وزەیەکی پەلاماردەرەوە هاتە ناو کۆمەڵگای ئیسلامییەوە. ئەمانە بە شێوازێکی تر سەیری سرووشی ئیسلامی و بیری گریکییان دەکرد کە جیاواز بوو لە شێوازی فەیلەسوفەکان (واتە شێوازی موعتەزیلەکان جیاواز بوو لە شێوازی فەیلەسووفە ئیسلامییەکان).

مەسەلەکە لەلای ئەو روناکبیرانە (واتە موعتەزیلەکان) گەیشتە ئاستی خستنە ڕووی گرفتێك کە بە "قورئانی خوڵقێنراو" ناوزەدیان کرد، هەر تەنها دانانیان بەوەی کە قورئان شتێکی خوڵقێنراوە ئەمە لە بەرامبەر دیاردەی سروشدا هەڵوێستێکی دەگمەن دەنوێنێت. ئەمە لە راستیدا هەڵوێستێکی مۆدێرن و تازەگەرانەیە لە نێوجەرگەی سەدەی دووەمی کۆچی/ هەشتەمی زاینیدا. ئەم هەڵوێستە تیۆلۆجییە داهێنەرەی کە موعتەزیلەکان گرتیانە بەر، کایەیەکی مەعریفی نوێی دەکردەوە کە توانای ئەوەی هەبوو ئەقڵانییەتێکی رەخنەگرانەی وا بەرهەم بهێنێت رێك لەو ئەقڵانییەتە بچێت کە لە سەدەی سیانزەهەمی کۆچی لە خۆرئاوای ئەوروپادا سەریهەڵدا، بە تایبەتی ئەگەر ڕووبەڕووی ئۆرتۆدۆکسی ئیسلامی بالادەست نەبوونایە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ یانزەهەمی زایینی و لەسەر دەستی (خەلیفە ئەلقادر) پەلاماردران و چەوسێنرانەوە. مەسەلەی وتنی ئەوەی کە قورئان شتێکی خوڵقێنراوە تەنها ئاخاوتنێکی رووت نییە بەڵکو مانای ئەوەیە کە رەهەندی کولتوور و زمان بخرێتە ناو خستنەڕووی گرفتەکەوە، ئەم دوو شتەش (کولتوور و زمان) دروستکراوی بەشەرن نەك خودا. ئەمە واتە ئەو دوو رەهەندە سەبارەت بەو کۆششەی لە پێناوی تەملیککردنی پەیامی سروشبەخشدا سەرف کراوە، لەبەرچاو بگیرێت (واتە رەهەندی کولتوور و زمان لە قورئان و پەیامدا حیسابی گەورەیان بۆ بکرێ)، هەروەها مانای وایە دان بە بەرپرسیاریی ئەقڵ و بەشداریکردنیدا بنرێت لە کۆششی ئەو تەملیککردنەدا[63].

ئەم بزاوتە فیکرییە رەسەنە (واتە موعتەزیلە) بەندە بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی مەعریفەوە نەك بە ئیسلام وەك ئاینێك. واتە پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی شارە گەورەکان راستەوخۆ تەحەکومی بە بلاوبوونەوەی زانستە ئەقلانییەکان دەکرد، ئەو زانستە ئەقڵانییانەی دەبوونە مایەی عەلمانیبوونی فیکر و بوون، یان بە پێچەوانەوە بەرتەسکی دەکردنەوە و لە نێوی دەبردن[64]. (واتە فیکر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بارودۆخ و فاکتەرە مادییەکانەوە)، ئیدی لەوێوە قرتاندنی پلە بە پلە و شێواندن و داپچڕان دوچاری فیکری ئیسلامی بوون بە تایبەتی لە سەدەی یانزەهەمی زایینی بە دواوە نەك لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کە ئایدیۆلۆژیای خەباتگێڕیی بزوتنەوە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکان ئەو وەهمەیان پێدەفرۆشتین[65]. ئەوەی کە بە ئیسلامی "ئەرتۆدۆکسی" ناودەبرێت لە راستیدا ئیسلامێکی قرتێنراو و بێ وزە و هیلاکە بە هۆی ئەو بڕیارە سیاسییە دیاریکراوانەی لە رابردوودا دەدران. سا ئەگەر رێگە بە هەڵوێستی موعتەزیلەکان بدرایە سەبارەت بە قورئانی خوڵقێنراو کە بەردەوام بن لەسەر کارو هەڵوێستەکانی خۆیان وەك یەکێ لە هێڵە تیۆلۆجییەکانی ناو ئیسلام، ئەوا ئیسلام تەنها نەدەبوو بە "ئایینی کتێب". بەڵام یەکلاکردنەوەی کێشە و مەسەلەکان بە هۆی چەند هۆکارێکی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە ئەنجام دراوە نەك بەهۆی ململانێی سروشتیی بیروباوەڕ و فیکرە جیاوازەکان وەك چۆن ئەمە (واتە ململانێی سروشتیی بیروباوەڕە جیاوازەکان) بە درێژایی چوار سەدەی یەکەمی کۆچی روویدا. هەر بە هۆی ئەم هۆکارە مێژوویی و ئایدیۆلۆژی و سیاسییانەوە بوو کە خەتی تیۆلۆجیی (ئەشعەری) دەبێت بە تەنها خەتێکی تیۆلۆجیی رەسمی لە ناو ئیسلامدا (ئەشعەری لە سەدەی دەیەمی زاینییدا ژیاوە)، ئەمە رێك لە سەدەی یانزەهەم روویدا کاتێك خەلیفە ئەلقادر بڕیارێکی

خەلیفانەی دەرکرد[66] و تیایدا ئەوەی قەدەغەکرد کە باسی هەڵوێستی تیۆلۆجیی موعتەزیلەکان سەبارەت بە قورئانی خوڵقێنراو بکرێت، هەر کەسێك ئاماژە بۆ ئەوان بکات یان هەڵوێستی ئەوان دووپات بکاتەوە خوێنی حەلاڵ دەکرێت. هەموو ئەم شتانە ئێمە لە تیۆلۆجیا (یان زانستی لاهوت = کەلامناسی) دوور دەخاتەوە. ئەم چەشنە ئیسلامە ئۆرتۆدۆکسییە بۆ ماوەی نۆ سەدە بەشێوەیەکی عەمەلی سەرکەوتنی بەدەست هێناو بنجی داکوتاو بەردەوام بوو و ئەو دەرەنجامانەی لێکەوتەوە کە ئەمڕۆ دەیزانین (واتە ئیسلامێکی وشك و بێجوڵە و سکولاستیکی لێکەوتەوە). بەمجۆرە دەبینین ئەمڕۆ چەندین کۆنگرەی ئیسلامیی گەورە سازدەکرێ و ژمارەیەك زانای موسوڵمانان کۆدەبنەوە و کەچی ناوی گەورەی وەکو (ئیبن روشد) و (ئیبن عەرەبی) لادەبرێ و کەس باسیان ناکات، دیسان ئەمڕۆ بە ئاشکرا هەڵکشانی ئیسلامێکی سکولاستیکی تاریکگەرا دەبینین.

بەلاّم دەبێ خۆرئاوا و ئەورووپاش بارستایی ئەو رووداوانە بپێون کە لە لای خۆیاندا رووی داوە، بۆ نموونە کاتێك لە خۆرئاوا باسی ئەو لێکدی جودا کردنەوەیەی نێوان کەنیسە و دەوڵەت دەکەن، یان کاتێك باسی لێکترازانی لوتکەی ئایینی و لوتکەی سیاسی دەکەن، ئەوا لەو ئەزموونەوە دەست پێدەکەن کە لە شۆڕشی فەرەنسەوە دەستی پێکردووە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. بەلاّم لێرەدا دەبێ وریا بین نەکەوینە ناو گرفتی هەڵەکاریی مێژووییەوە. راستە لە جیهانی مەسیحیدا دوو دامەزراو هەبووە: دامەزراوی کەهەنوتی کە پاپا لە لوتکەیدا بوو، پاشان دامەزراوی سیاسی کە پاشا و ئۆروستوکراتەکان رابەرایەتییان دەکرد. بەلاّم دەبێ ئەوەش ببینین چۆن ئەم دوو دەسەلاّتە بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست تا ساتەوەختی جیابوونەوەیان پرۆسەی کارەکانی خۆیان کردووە. ئێمە دەزانین رەوایی دەسەلاّتی سیاسی دانی پێدا نەدەنرا ئەگەر لەلایەن قەداسی گەورەوە مەشروعیەتی دەسەلاّتی رۆحیی بەبەردا نەکرایە، واتە دەبوایە دەسەلاّتی رۆحی و ئایینی رەوایی بە دەسەلاّتی سیاسی ببەخشیایە، کە لە کاتی دانانی پادشای فەرەنسە یان ئیمپراتۆرێکدا ئەم کارەیان لە کاتیدرائیەی شاری رانسی فەرەنسیدا ئەنجام دەدا. کاتێکیش ئەمڕۆ باسی پەیوەندیی نێوان کەنیسە و دەوڵەت دەکەین، مومکین نییە ئەم مێژووە دوور و درێژە فەرامۆش بکەین و بیسڕینەوە و وەك بڵێی هیچ شتێ رووی نەدا بێ. هەمیشە لوتکەی دەسەلاّتی سیاسی هەبووە بەلاّم لە تەکیدا هەمیشە لوتکەی سەروەریی بالاّش هەبووە کە دەسەلاّتێکی ئایینی بووە و رەوایی بەخشیوە بە دەسەلاّتی سیاسی[67]. ئەم قسەیە بە جۆرێکی تر بەسەر مۆدێلی دیموکراتیانەی حوکمیشدا دەگونجێت، ئەو مۆدێلەی دواتر لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ سەپاندنی مافی دەنگدانی گشتیدا خۆی دەچەسپێنێت. بۆ نموونە دەبینین لەگەڵ هاتنی سەردەمی کۆماریدا لە فەرەنسە، رژێمی کۆماری جۆرە سرووتێك بۆ پیرۆزکردن بە خۆوە دەبینێ، بەلاّم ئێمە ئەمڕۆ ئەو ناوەی لێ نانێین چونکە ئەمڕۆ ئێمە زمانێکی عەلمانیانە بەکاردەهێنین، بەلاّم ئەنترۆپۆلۆژیستی فەرەنسی (جۆرج بالاندێ) بۆی دەرخستووین کە هیچ دەسەلاّتێکی سیاسی لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا نییە بەبێ دەرهێنانێکی شانۆیی کە جۆرێك لە ئاهەنگسازی و چەشنێك لە تەقالیدی ئایینی لە خۆدەگرێت.

سا ئەو ژینگەیەی دەسەلاّتی تیادا پرۆسیس دەکرێت، دەسەلاّتێکی ئایینی بێت یان عەلمانی، پێویستیی بە رەوایی و بە لوتکەی سەروەریی بالاّ هەیە و مومکین نییە مەشروعیەت لە دەسەلاّت جیا بکرێتەوە. پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان سەروەریی بالاّ / و دەسەلاّتی سیاسی بەپێی ناوەندە کولتووری و مێژووییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت (واتە ئەو پەیوەندییە بە گوێرەی کۆمەڵگاکان و بەپێی پەرەسەندنی مێژووش دەگۆڕدرێت). بەلاّم ئەم پەیوەندییە بەردەوام پێمان دەڵێت: مەحاڵە کارکردی ئایینی بە مانای فراوانی وشەکە (واتە لوتکەی سەروەریی بالاّ) بە شێوەیەکی ریشەیی لە کارکردی سیاسی (واتە لوتکەی دەسەلاّتی سیاسی) جیا بکرێتەوە. مەسەلەی سەروەریی بالاّ بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست هەژمونێکی بێ ئەملاو ئەولای هەبوو کە پێدراوی سرووش بە تەواوی زاڵ ببوو و وەك سەرچاوەی هەموو حەقیقەتێکی بالاّ کاری دەکرد، بەلاّم هەر لەو چرکە ساتەی کە دەنگدانی گشتی شوێنی سرووشی وەکو تەنها سەرچاوەی حەقیقەت گرتەوە، ئەوسا دەسەلاّتی دەوڵەت دەستی کرد بە سەپاندنی سەرچاوە و رێگە تایبەتییەکانی شەرعیەتی خۆی و بە شێوازی تایبەتی خۆی رەوایی خۆی سەلماند.

ئەو پرسیارەی دەمانەوێ لێرەدا بیخەینە ڕوو، بەمجۆرەیە: بە ناوی چی و بە ناوی کێوە ئینسانێك قایل دەبێت تاعەت پێشکەش بە ئینسانێکی تر بکات کە خاوەنی دەسەلأتە؟ توێژەری فەرەنسی (مارسیل گوشیێ) وەلأمی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ بنەمای ئەم پەیوەندییە (واتە پەیوەندیی تاعەت) بریتییە لە: "قەرزدارێتی مانا" (مديونية المعنى)*. ئایا قەرزدارێتی مانا یانی چی؟ ئەمە یانی من رازیم تاعەتی کەسێك بکەم کە ئارەزووم تێر دەکات لە گەیشتن بە مانایەکی چڕو پڕ، پاشان من بە هۆی پێداویستییەکی ناوەکی و خودی تاعەتی دەکەم نەك یەکێ لە دەرەوە بە زۆر ئەوەی بەسەردا سەپاندبم. لێرەدا و لەم کاتەدا دەسەلأت دەبێت بە سەروەریی بالأ و رەواییەکی تەواوی دەبێت و پێویستیی بەوە نابێت ناچاربێت پەنا بەرێتە بەر هێز لە پێناوی ئەوەی خەڵکی تاعەتی بکەن. ئەمە لە مێژوودا روویداوە. حاکمەکان بە درێژایی چەندین سەدە "قەرزدارێتی مانا" یان لە سرووشەوە وەرگرتووە، ئەمە لە جیهانی مەسیحیدا رووی داوە هەروەکو لە جیهانی ئیسلامیشدا رووی داوە(68). ئەمرۆش دەسەلأتداران بە هەموو هێزی خۆیانەوە هەوڵدەدەن لە ڕێگەی مافی دەنگدانی گشتییەوە بە دەستی بهێنن. بەلأم ئەم مافە بەردەوام رووبەڕووی زەبر و شۆك دەبێت کە لە بەهاکەی کەم دەکاتەوە – بێگومان ئەمەش لە میانی پرۆسەی فیعلیی دەسەلأتەوە-. ئەم "قەرزدارێتیی مانا"یە ئەمڕۆ لە سیستمی دیموکراتیدا لە قۆناغی توانەوەو لە نێوچووندایە، لە راستیدا بەبێ ئەوەی پشکنینێکی قووڵ لە قەرزدارێتی مانا ئەنجام بدەن، فەرامۆشیان کردووە و لە پڕێکدا بڕیاری ئەوەیان دا کە ئەم قەرزدارێتییە تەنها بە کەڵکی میللەتە سەرەتاییەکان دێت و شایستەی میللەتانی پێشکەوتوو و شارستانی نییە(69).

با ئەم خاڵە زیاتر روون بکەینەوە. کاتێك سەری لویسی شازدەهەمیان پەڕاند، لە ڕاستیدا سنوورێکیان بۆ "لوتکەی سەروەریی بالأ" (ذروة السيادة العليا) دانا کە تەقدیسکردنی پاشای فەرەنسی لە کاتیدرائیەی شاری رانس هێمای بۆ دەکرد (واتە پیرۆزکردنی پاشا هێمای بۆ لوتکەی سەروەریی بالأ دەکرد). بەلأم پێناچێت فەیلەسوفانی ئەو کاتە، بەم پرۆسەیە، گرفتی قەرزدارێتی مانایان چارەسەر کردبێت. ئەوان بە تەنها سەری پاشایان نەپەڕاند، بەڵکو زۆر بە خێرایی مەسەلەکەشیان یەکلاکردەوە. بەمجۆرە لە "سەروەریی بالأ"یەکەوە گواستیانەوە بۆ "سەروەریی بالأ"یەکی تر. واتە لە ڕێگەی چەندین زەبری کوشندەی یەك لە دوای یەکەوە سیستمێکیان لە مەشروعیەت گۆڕی بە سیستمێکی تری مەشروعیەت. لە واقیعدا مێژوو لە ڕێگەی هێزەوە دروست دەکرێ و دواتریش رەوایی دەکرێ بەبەر دەسەلأتی سەرکەوتوودا ئەمەش لە ڕێگەی هەوڵدانی فەرمانڕەواکان بۆ دۆزینەوەی قەرزدارێتیی مانا لە شوێنێکی تر (واتە دۆزینەوەی رەوایی لە شوێنێکی تر). هەر لە ئێستاوە و هەر لێرەشەوە ئەم هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی رەوایی (یان با بڵێین هەر لە چرکەساتی شۆڕشی فەرەنسییەوە) هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رەوایی کەوتۆتە سەر شانی مرۆڤێکی تایبەتی کە دابڕاوە لە بڵندگەرایی و لە هێماکاریی ئایینی. بەمجۆرە مرۆڤ بۆ رەهەندەکانی خۆی کورت کرایەوە. هەر بەم مانایەش دەبێ لە گرفتی خەلافەت و سەڵتەنەت سەبارەت بە ئیسلام بکۆڵینەوە. چونکە لە ئیسلامیشدا بە هۆی لوتکەی سەروەریی بالأ، کە لە پیاوانی ئایینیدا خۆی دەنواند، جۆرێك لە پیرۆزکردنی دەسەلأتی سیاسی هەبوو. بەمجۆرە خەلیفە نوێنەرایەتیی موقەدەسی دەکرد (یان نوێنەرایەتیی ئامادەبوونێکی پیرۆزگەرایی دەکرد)(70). ئەمە بە چەشنێك بوو کاتێك (کەمال ئەتاتورك) لە ساڵی 1924دا سیستمی سەڵتەنەتی عوسمانیی هەڵوەشاندەوە، نارەزایی و خەمێکی گەورەی

* ئەم زاراوەیە بیریاری فەرەنسی مارسیل گوشیێ دایهێناوە. ئەمە مانای وایە تۆ واهەست دەکەیت بەشێوەیەکی مەعنەوی قەرزاری کەسێکی چونکە ئاسۆیەکی مەعریفی فراوانی بۆ کردویتەتەوەو شتێکی فێرکردویت پێشتر نەتزانیوە، یان ڕێگای راستو هیدایەتی پیشان داویت.بەمجۆرە لە رابردوودا خەڵکی دوای پێغەمبەرەکان کەوتوون، هەروەکو دوای قەشەو پیاوانی ئاینو تەنانەت بیریارە گەورەکانیش کەوتوون، چونکە وا هەست دەکەن بەماناو بە ئیمانو بە مەعریفە قەرزاری ئەوانن.(بڕوانە : محمد أركون، نزعة الأنسنة في الفكر العربي – ترجمة هاشم صالح, دار الساقي 1997، ص 22).

لەسەرانسەری دنیای ئیسلامیدا ورووژاند. ئێمە ئەمڕۆ ئەوەش دەزانین کە لەم بارەیەوە و لە کاتی سەرکەوتنی (ئیمام خومەینی) بۆ لوتکەی دەسەڵات، چ شتێك روویدا.

سا ئەگەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ دوورن لە کاتیگۆرییە عەقڵییەکان (واتە بیرکردنەوەی ئەقلانی) و هەروەها دوورن لە مەرجەعیاتە رۆشنبیرییەکانی دی بۆ خستنەڕووی مەسەلەی سەروەریی بالاّ و دەسەلاّتی سیاسی بە هەموو رەهەندەکانیەوە، ئەوەی کە لە سەردەمی خەلافەتدا بە درێژی گفتوگۆیان لەسەر کردووە، ئەوا ئەو شتە لە یەك کاتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگایانە هەم لە کەلەپووری تایبەتیی خۆیان دابڕاون و هەم لە مۆدێرنەیەکی رەخنەگرانە دابڕاون[71]. بەلاّم سەرباری هەموو شتێك، ئەمڕۆ مەسەلەکان چارەسەر بوون و گۆڕاون.

لە دوای ئەزموونی شۆڕشی "عەرەبی" لە تەك جەمال عەبدولناسر و شۆڕشی "ئیسلامیی"ی حالّی حازر، هەست بە دەرکەوتنی جۆرێك لە پێشکەوتن دەکەین، بەلاّم پێشکەوتنێکی خاو و لەسەرخۆ کە بەر چەندین لەمپەرو رێگر دەکەوێت، دەبێ لەم مەسەلەیەدا ئەو توێژە بەرفراوانەی ناو جیهانی ئیسلامیمان لەیاد نەچێت کە تا ئەمڕۆش نەخوێندەوارن، توێژگەلێکی فراوان هەر لە بەنگلادیشەوە بۆ پاکستان و تا دەگاتە ئەفریقیای رەش نەخوێندەوارن. تا ئێستاش دانیشتوانی ئەو ناوچانە خاوەنی کەلەپورێکی زارەکین، بەلاّم ئەو کەلەپورە زارەکییەش ئەمڕۆ لەلایەن هۆیە نوێیەکانی راگەیاندنەوە تێکدراون و چوارچێوە تەقلیدییەکانی کولتوری زارەکی تێکشکێنراوە، بەو پێیە لەسەدا حەفتا تا لە سەدا هەشتای دانیشتوان هاوسەنگیی خۆیان لە دەستداوە، ئەوان لە ئاژاوەیەکی مەعنەویی گەورەدا دەژین، چونکە کەشوهەوای مەعنەویی تەقلیدییان بە توندی سوکایەتی پێکراوە و لەلایەن کولتورێکەوە رووخێنراوە کە بەمۆدێرن ناودەبرێت و ئەمە ئەو شتەیە کە لە رێگەی ئامێری رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە هێنراوە. گوتاری فیکریی من مومکین نییە بچێتە نێو ئەو خەڵکە بەش مەینەتەی بوون بە ئامرازی مانۆڕی سیاسی و گەمەی سیاسی رژێمە حوکمڕانەکان. کاتێکیش لە ولاّتێکی ئیسلامی یان عەرەبیدا قسە دەکەم، ئەوا قسەکانم تەنها دەگەنە کەمێکی زۆر کەمی هاوولاّتییان، بە تایبەتی ئەو گەنجانەی لە زانکۆدا دەخوێنن یان ئەو کەسانەی بۆیان رەخساوە ئاستێکی دیاریکراو لە خوێندن بە دەست بێنن. کەچی بزاوتە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە تەنانەت لە نێوەندی ئەو گەنجانەشدا کە بەر لە هەرچی ئارەزوو دەکەن لە رووی سیاسییەوە خۆیان بسەلمێنن، (بێگومان گوتاری بزوتنەوە ئیسلامییەکان زۆر بە ئاسانی دەچێتە نێوەندی جەماوەری بەرفراوانەوە).

بە کورتی، هەموو ئەو شتانەی پێشتر وتم واتە دەبێ توانای کۆمەڵگایەك بۆ وەرگرتن و پێشوازی لە بەرچاو بگیرێت. بەلاّم دەشێت زۆر شتی دیکەش لە بارەی ئەو رێگرو بەربەستانە بوترێن کە ناهێڵن لە کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا رزگاریی کولتووری بێتەدی. من لێرەدا لەسەر یەکێك لەو بەربەستانە دەوەستم:

لە واقیعدا ولاّتانی خۆرئاوا لە بابەتی فەرەنسە، لە مەسەلەی ئیسلامدا شتەکان ئاڵۆز دەکەن و هیچ نموونەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراو ناخەنە روو. من ئەمە دەڵێم و بیر لە بارودۆخی کرێکارە کۆچبەرەکان و ئەو گوتارە باوە دەکەمەوە کە لە خۆرئاوادا لە بارەی ئیسلام هەیە. بۆ نموونە لێرەدا ئیسلامێکی ریفۆرمخواز و رەخنەگرانە هەیە کە لەبەرامبەر مۆدێرنەدا کراوەیە، بەلاّم بایەخی پێنادرێ و فەرامۆش دەکرێ، چونکە لە رووی سۆسیۆلۆجییەوە کەمینە پێکدەهێنن[72]. ئێمە دەزانین لە ولاّتە دیموکراتییەکاندا تا چ ئاستێك حەقیقەتی سۆسیۆلۆجی گرەو لە ماف راستەقینەی مرۆڤ دەباتەوە.

لەم ئاستەشدا عەلمانییەتی فەرەنسی کورت دەکەینەوە بۆ هێڵی بەیەکگەیشتنی موسولّمانان و مەسیحییەکان. ناکۆکیی ئایینی تەنها لە نێوان ئایینەکاندا نییە، بەڵکو لە نێوان عەلمانییەت و ئاینیشدا هەیە بەو شێوەیەی بە درێژایی ماوەی رابردوو لە فەرەنسەو ولاّتانی تری خۆرئاوادا پرۆسە کراوە. دیسان ئەو گیروگرفتانەی لێرەدا باسیان دەکەین، هەڵوێستی ئاتەئیستەکان(مولحیدەکان)یش دەگرێتەوە. چونکە دەبێ هەردوو لایەنی رۆحی و رەوتە فیکرییەکان کۆك بن

لەسەر پێداچوونەوە و پشکنینی شوێنگەی فاکتەری ئایینی لەم قۆناغەی ئێستای مۆدێرنەدا. بەڵام بەداخەوە رای گشتیی خۆرئاوایی تا ئەمڕۆش وای پێ باشە موسوڵمانەکان تەریك بکات و سەبارەت بە دیاردەی ئایینی لە ناو روانینێکی خەیاڵی و بەسەرچوودا دیلیان بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی موسوڵمانان، بە تایبەتی لە فەرەنسەدا، ئامادەی ئەوەن بەشداری لە دروستکردنی ئەزموونێکی نوێی عەلمانیەت بکەن[73].

## دووەم: هەڵوێستی عەلمانی

## ئەوەی پێشتر هەبووەو ئەوەی دەشێت ببێت؟

وا پێدەچێ عەلمانییەت لە فەرەنسەدا، بە تایبەتی ئەو لایەنەی پەیوەندیی بە سیستمی فێرکردنەوە هەیە، جۆرێك لە بێپەروایی فیکری بنوێنێت بەرامبەر ڕەهەندی ئایینیی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان[74]. بۆ نموونە کە لە قوتابخانەکاندا مێژووی کۆمەڵگە بەشەرییەکان دەخوێنن، بێگومان باسی ئەو ڕووداوانە دەکەن کە بە هەڵوێستە ئایینییەکانەوە گرێدراوە، وەکو جەنگە خاچپەرستییەکان، کەچی ئایین وەکو یەکێ لەو فاکتەرانە لەبەرچاو ناگرن کە تەحەکوم بە بوونی فەردیو جەماعیی مرۆڤەوە دەکات. بەم جۆرە عەلمانییەت یان بە شێوەیەکی تر هەڵوێستی عەلمانی، بە شێوەیەکی تەریب لەگەڵ هەڵوێستی ئاینیدا، دەمێنێتەوە. واتە هەڵوێستی عەلمانیو هەڵوێستی ئایینی، بە هۆی چەندین هۆکاری سیاسیو فیکری، لە یەکدی دووردەکەونەوە. لێرەوە هەلومەرجی ململانێ لە نێوانیاندا دروست دەبێت کە هیچ پاساوێکی نییە. ئیدی ئەو هەڵوێستە ئەقلانییەی من پشتگیریی لێدەکەم لە گۆڕەپانەکەدا ون دەبێت، مەبەستم هەڵوێستێکی ئەقلانی کە هەردوو لایەنی ئایینیو عەلمانی لە یەکدی نزیك دەکاتەوە. ئەم دوو هەڵوێستو تێڕوانینە جیاوازە، پەیوەستن بە دوو میکانیزمی جیاوازو بە پەرتبوونێکی قووڵەوە کە لە هەناوی مرۆڤ خۆیدا جێگیرە[75].

ئەو مرۆڤە باوەڕدارەی لایەنگرو پشتگیری هەڵوێستی ئاینییە، ئەم خاسیەتانەی هەیە: بەبێ ئەملاو ئەولاو بەبێ هیچ گفتوگۆو پرسیارکردنێك "پێدراوی سروش" وەردەگرێتو قەناعەتێکی تەواوی پێ هەیە. چونکە لە ناوەوە وا تێدەگات کە ئەم پێدراوە (یان ئەم سروشە) شتێکی موتەعالی –بڵندگەراییەو لە خوداوە هاتووە، بۆیە گوێ نادات بە هیچ قسەو گفتگۆیەکی بەشەری. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە مەسیحییەتدا کاڵبۆتەوەو ئەم جۆرە هەڵوێستە دوچاری لەقبوون بووە. بەڵام دان بەوەشدا دەنێن کە هێشتا توێژێکی تایبەتیو بە ژمارە کەمی مرۆ هەن سەرپشکن لە خوێندنەوەی پێدراوی سروش یان سروشی پێدراو وهەر تەنها ئەوان دەتوانن سروش بخوێننەوەو تەفسیری بکەنو یاسای پیرۆزی لێدەربهێنن سەرباری یاسای قەزایی تەشریعیو یاسای ئەخلاقی کە لە یەکدی جودا ناکرێنەوە، پاشان ئەو یاسایانە دەسەپێننو پێیان وایە ئەمانە یاسای ڕاستو دروستنو لە سروشەوە هەڵێنجراونو شوێنی گفتوگۆ نین. لە ئیسلامدا ئەم توێژە تایبەتیو ژمارە کەمە پێی دەوترێ "توێژی تایبەتی" وەك جیاکردنەوەیەك لەگەڵ توێژی بەرفراوانو گشتی "عەوام". لێرەدا خەتێکی تیۆلۆجی یان لاهوتیی ئیسلامی هەیە پێی وایە نابێت بە زمانی عەوام قسە لەگەڵ ئەو کەسە "تایبەتی"یانەدا بکرێت. (بڕوانە کتێبە ناودارەکەی غەزالی بە ناوی: "الجام العوام عن علم الکلام").

هەرچۆنێك بێت، ئەو باوەڕو یاسایانەی لە سروشەوە وەرگیراون، شورایەکی دۆگمایی یان پەرژینێکی عەقیدەیی داخراو پێکدەهێنن کە ئەقڵی مرۆییش لە ناویدا قەتیس دەبێت. من ئەمەم بە دیاریکراوی ناو نابوو "ئەقڵی ئیسلامی" ڕێك وەکو ئەوەی لێرەدا ئەقڵی مەسیحیو ئەقڵی یەهودیو ئەقڵی مارکسی هەیە. تەنها توێژی پیاوانی ئایین یان فەقیهەکان بۆیان هەیە ئەو ئەقڵە بەکاربهێنن کە دواتر دەسەڵاتی عەقائیدی پرۆسەی دەکات. هەموو ئیمانداریێکیش، ئەم تێڕوانینە بۆ شتەکان، بە قوڵترین مانای وشەکە، لەخۆ دەگرێت. ئەم تێڕوانینەش دەگۆڕدرێت بۆ پرۆسیسەیەکی ڕۆژانە نەك لە ڕێگەی ئەو یاسایەی گوایە لە سروشەوەیەو بەسەر هەمووواندا سەپێنراوە، بەڵکو بە هۆی کۆمەڵێ سروت

و پەرستنەوە پرۆسە دەكرێت. ئەم پەرستنو سرووتانە رۆڵێكی گرنگیان هەیە بە سیفەتی ئەوەی پاڵپشتێكی گەورەن بۆ ئەم ڕوانینەی جیهان. چونكە ئەم تەرزە ڕوانینە بۆ جیهان لە لای كەسی ئیماندار لە جوڵانەوەی جەستەدا دەردەخرێت، واتە لەو شێوەیەدا كە (پییێر بوردیۆ) بە "عادەتی بەرجەستەكار" ناوی دەبات (واتە نەریتو تەقلیدێك كە هەندێ جوڵانەوەی جەستەیی- بۆ نموونە وەكو نوێژ- بەرجەستە دەكرێت)، واتە بەو شتەی لە ناخماندا نیشتەجێیەو مومكین نییە بە ئاسانی ڕزگاربین لێی (نەریتی سروتئامێز لە ناخی مرۆڤدا نیشتەجێیە وەكو چۆن مرۆڤ لە ماڵدا نیشتەجێیە)، (چونكە ئەم شێوە سرووتە لە ڕێگەی دووپاتكردنەوەو زۆر بەكارهێنانی، بووەتە بەشێكی دانەبڕاو لە جەستەمان).

بەڵام هەڵوێستی عەلمانی بریتییە لە دابڕانێكی ڕەگوڕیشەیی لە هەموو هەڵوێستێكی ئایینیو ئەو شتانەی ئایین تەحەكومیان پێوە دەكات. ئەم هەڵوێستە عەلمانییە گریمانەی ئەوە دەكات كە مەسەلەی خودا یان بوونی خودا شتێكی پێویست نییە لە پێناوی گوزەراندا، پاشان سروش سەبارەت بە كەسی عەلمانی دیاردەیەكە یاخود پێدراوێكە وەكو هەر دیاردەو پێدراوێكی تر. دەشێت ئێمە وەكو مێژوونووسو وەك سۆسیۆلۆجیست لێكۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین، بەڵام ناشێت خۆمانی پێوە ببەستینەوەو قبوڵی بكەین، یان ئەو شتە قبوڵ بكەین كە (پۆل ڕیكۆر)ی فەیلەسوفی فەرەنسی بە "هەڵبژاردنی كۆیلەكراو" ناوی دەبات، مەبەست لەم زاراوەیە ملكەچ پێكردنی ئەقڵە بۆ پێدراوێكی دەرەكی. هەڵوێستی عەلمانی لە ڕێڕەویدا تا ئەم خاڵەش دەڕوات. ئەم مەسەلەیە بە تەنها مەسەلەیەكی سیاسی نییە كە خەڵكی لە دەوریدا دابەش بنە سەر لایەنگرو دژ، بەڵكو ئەم مەسەلەیە زۆر لەمە زیاترو قووڵتریشە. لێرەدا دوو جۆر هەڵبژاردن هەیە: هەڵبژاردنی كۆیلەكراو (واتە هەڵبژاردنێك كە بە زۆر سەپێنراوەو جگە لەوە هەڵبژاردنێكی ترت لە بەردەمدا نییە) و هەڵبژاردنی خودی یان هەڵبژاردنی ئازاد. ئەم دابەشبوونە، لە بونیادو پێكهاتەی قووڵی دەروونیدا دوچاری هەموو كەسێك دەبێت، واتە ئەم دابەشبوونە دوچاری بونیادو پێكهاتەی قووڵی سایكۆلۆجیی مرۆڤ دەبێت. كەواتە بە فیعلی لێرەدا دابڕانێكی بنچینەییو ڕیشەیی لەگەڵ سروشدا هەیە بۆئەوەی مرۆڤ بە تەواوی سەربەخۆیی ئەقڵ بەدەست بهێنێت. بەڵام لێرەدا جیاوازییەكی تر دەردەكەوێ هەروەك لە میانی كاروانی مێژوودا دەیبینین:

1-لێرەدا شتێك هەیە دەشێت ناوی بنێین عەلمانییەتی خەباتگێڕی یان عەلمانەوییەتی خەباگێڕو پۆزەتیڤیزم (كە عەلمانییەتێكی توندو پەڕگیرە)، ئەم عەلمانیەتە هەر لە چەرخی ڕێنیسانسەوە پێی وایە هەڵوێستی ئایینی هەرگیز لەگەڵ هەڵوێستی ئەقڵیی سەربەخۆدا ناگونجێت. (ئۆگست كۆنت) وایدەبینێ كە قۆناغی "تیۆلۆجی" یان "لاهوتی" لە ژیانی بەشەریدا شتێكە بەسەرچووەو سەر بە قۆناغی ڕابردووەو مرۆڤ تێی پەڕاندووە. بە پێی ئەم ڕوانینە ڕاستەهێڵەی پێشكەوتنی ڕۆح، ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغێكی ئیجابیو هەستپێكراو لە مەعریفە. ئەم قۆناغە بە تەواوی هەڵوێستی ئایینی ڕەت دەكاتەوەو پێی وایە ئایین شتێكی كۆنەو بەسەرچووە. ئەم هەڵوێستە لە ئەوروپای خۆرئاواییداو بە تایبەتیش لە فەرەنسەدا بۆ ماوەیەكی درێژ هەژموونی هەبووە. ئەم هەڵوێستە تەنها بەسەر نێوەندە سیاسییەكاندا زاڵ نەبووە كە دەیانەوێ كەنیسە لە دەوڵەت جیابكرێتەوە، بەڵكو بەسەر نێوەندە فیكریو ڕۆشنبیرییەكانو نێوەندی توێژەرانیشدا باوو بڵاو بووە، لە ڕاستیدا سیاسییەكان هیچیان نەكردووە تەنها بەكارهێنانی ئەو فەلسەفەیە نەبێت كە بیریارە ئەوروپاییەكان سەپاندوویانە[76]. لێرەوە هەڵوێستێكی خەباتگێڕی یان ململانێی دژ بە كەهنوت (پیاوانی ئایین) هاتە ئاراوە، بەڵام بە تەنها دژی كەهنوت نەبوو. ڕاستە ئەو ململانێو دژایەتییە هەبووە لە دژی هێزی گەورەی پیاوانی ئایین (كەهنوتییەكان) كە دەیانەوێ هەژموونی خۆیان بەسەر هەموو خەڵكیدا بسەپێنن، لە ڕاستیدا ئەمانە دەیانەوێ هەژموونی ئایینو پەروەدەریی بەسەر ژیانی كۆمەڵایەتیو ژیانی گشتیداو بگرە بەسەر ژیانی تایبەتیی تاكە كەسیشدا بسەپێنن. ئەم ململانێیە بوونی هەیەو لە مێژووشدا بە شێوەیەكی توندوتیژ ڕوویداوە، بەڵام هەڵوێستی عەلمانی لەمەش دوورتر دەڕوات: ئەمە هەڵوێستی ڕۆح دەنوێنێت لە بەرامبەر گرفتی مەعریفەدا، ئەمەش خاڵی یەكلاكەرەوەی بابەتەكەیە وەك پێشتر بینیمان.

ئەم هەڵوێستە خەباتگێڕییە لە خۆرئاوادا، بە هۆی مارکسیزمەوە، توندتر بووەوە، فەلسەفەی مارکسیزم بۆ پەرەسەندنی شتەکان بەو شێوەیە تیۆریزەی کردووە (واتە مارکسیزم لە بەرامبەر ئاییندا بە شێوەیەکی توند تیۆریزەی کردووە)، ئەمە نەك تەنها بە ئاراستەی پێکهێنانی سیستمێکی مەعریفیی تازە (یان ئیپستیمۆلۆژیایەکی نوێ)، بەڵکو بە ئاراستەی پێکهێنانی فەلسەفەیەك بۆ پرۆسیسەو بۆ کاری سیاسیش. ئیدی ئەم تیۆرە دەڵێت فاکتەری ئایینی یان ئایین جگە لە ڕووکارو توێکڵی دەرەوە شتێکی تر نییە، یان ئەمە تەنها بونیادی سەرەوەیە (سەرخان) و بایەخو گرنگییەکانی ئەوتۆی نییە. ئەم وێناکردنە جیاوازانە پشتگیریی یەکتریان دەکرد تا تەفسیرێکی ناتەواو و کورتکراوەیی [77] بۆ جیهانو مێژووی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بسەپێنن. تێکستی مارکسی پێی وایە هێزە ڕاستەقینەکانی مێژوو لە هەناوی پەیوەندییە ئابوورییەکاندایەو ئەم هێزە بەتەنها لە سیستمی ئاڵوگۆڕو بەرهەمهێناندا پەنهانە. کەواتە لێرەدا چینێك هەیە خاوەنی ئەم سیستمە ئابوورییەیەو دەستی بەسەردا گرتووەو لە بەرامبەریدا چینێکی تر هەیە مژدەی پێیەو هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکی تەبشیرییە لەپێناوی ئەوەی لەلای هاووڵاتیان پەسەندکراو بێت. ئێمە لێرە لە بەرامبەر فەلسەفەیەکداین زۆر توندو تۆکمەیەو دیاردەی ئایینی لە ڕووبەرەکانی خۆیدا دەسڕێتەوە یان بایەخی ئایینو وەزیفەکانی ئایین تەسك دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا خەڵکی لێرە لە فەرەنسەدا بەرامبەر بە هەموو ئەم مەسەلانەو گرەوەکانی، هوشیار نین، تەنانەت وشەی "عەلمانییەت"یش خەریکە دەبێت بە وشەیەکی کۆنو بەسەرچوو، کاتێك باسی عەلمانیەت دەکرێت جۆل فێری یان کۆماری سێیەممان بیردەکەوێتەوە. ڕاستە لە ساتەوەختی قەیرانەکاندا کاردانەوەی قووڵ دروست دەبێت وەك لەم دواییەدا لەو خۆپیشاندانەدا ڕووی دا کە تایبەت بوو بە گرفتی خوێندنی ئازاد. بەڵام هیچ کەسێ لە ئاستی فیکریدا شتێکی تازەی پێ نییە پێشکەشی جەماوەری بکاتو مانای ڕووداوەکان یەکلا بکاتەوە. بە ڕاستی هیچ کەس شتی نوێی پێ نییە جگە لەو سیستمە تەقلیدییانەی لەسەر ستراتیژی ڕەتکردنەوە کاردەکەنو لە هەموو دۆخێکدا ئایین دوور دەخەنەوە یان با بڵێین ڕەتی دەکەنەوە.

2-لەبەرامبەر ئەم عەلمانەوییەتە خەباتگێڕەدا کە ئایین دووردەخاتەوە، دەشێت وێناکردنێکی ترو هەڵوێستێکی تر سەرهەڵبدات، بەڵام من هیچ شیکردنەوەیەکی ڕۆشن بۆ مەسەلەکان نابینم، مەبەستم لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری نابینم کە هەوڵ بدات لە نزیکەوە چاودێریی کێشەکان بکاتو بچێتە نێو ڕیشەی شتەکانەوەو مەسەلەی سروشیش بە شێوەیەکی جیدی لەبەرچاو بگرێت. من لێرەدا وەکو مێژوونووسێك باسی مەسەلەی (سروش-وەحی) دەکەم نەك وەکو کەسێکی عەقائیدی(دۆگماتیست)[78]. لە ڕووی مێژووییەوە نابێ هیچ کەسێ (سروش) فەرامۆش بکات وەك فاکتەرێك یان کارکردێکی مێژوویی کە بەشدار بووە لە دروستکردنی ئەو شتەی بە "کۆمەڵگەکانی کتێب" ناوی دەبەم. نابێ هەروا بەسادەیی بەسەر چیرۆکی سروشدا تێپەڕین یان سەرپێیی باسی بکەین وەك لە قوتابخانە ناوەندییەکانی فەرەنسەدا ئەمە دەکەن، بە تایبەتی کاتێ باسی دانەرە مەسیحییەکانی وەك باسکال یان بوسویە یان شاتوبریان دەکەن، یان کاتێ باسی مەرسومی نێوداری "نانت"[79] دەکەنو لەو ململانێ توندوتیژو خوێناوییە دەدوێن کە لاپەڕەکانی مێژووی فەرەنسەیان تەنیوە. بەڵکو دەبێ بە شێوەیەکی قوڵترو جیدیتر لە سروش بکۆڵینەوە بە هەموو ئەو هێزو کاریگەرییەی لەسەر ڕەوتی مێژوویی میللەتانو کولتورەکانو سایکۆلۆجیای مرۆڤەکانو سیستمی فیکردا هەیبووە.

من لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا هەوڵم داوە چوارچێوەی زانستیو قۆناغە پێویستەکانی لێکۆڵینەوە لە "چەمکی سروش" بە شێوەیەکی نوێ دیاری بکەم. حەزدەکەم خوێنەر بچێتەوە سەر ئەو باسەم بەنێوی "چەمکی سرووش: لە ئەهلی کتێبەوە بۆ کۆمەڵگەکانی کتێب". (ئارکۆن لە زۆربەی نووسینو کتێبەکانیدا لەم مەسەلەیە دەدوێ، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ بەشی پێنجەم لە لاپەڕە (55)ی ئەم کتێبە: محمد ارکون، **اين هو الفكر الاسلامي المعاصر**، ترجمة وتعليق: هاشم صالح، دار الساقي- ط 2- 1995- ص ص 55- 78 ". یان کتێبی: **الفكر الاسلامي قراءة علمية**).

دواتر دەبینین کە چۆن توانای ئەوەمان هەیە ئیشکالیەتە تەقلیدییەکانی تیۆلۆجیای یەهودیو مەسیحیو ئیسلامی تێپەڕێنین بێگومان لەگەڵ میتافیزیکیای کلاسیکیش. ئێمە هەموو ئەمانە تێدەپەڕێنین بۆ ئەوەی مەسەلەی سروش بخەینە نێو مەعریفەی زمانەوانیو سیمیۆلۆجیو مێژوویيو ئەنترۆپۆلۆجییەوەو لەو تێڕوانینەوە لە سروش بکۆڵینەوە. کاتێکیش ئەم کارە ئەنجام دەدەین، ئەو سیستمە مەعریفیانە لە ڕەگەوە دەلەقێنین کە یان لە کەلەپووری تیۆلۆجییەوە وەرمان گرتووە یان لە خەتی فیکریی عەلمانییەتێکی توندڕەو (واتە عەلمانەوی نەك عەلمانییەتێکی ڕاستو دروست). ئێمە بۆیە ئەمە دەکەین تا پرۆسەیەکی تری مەعریفە ئەنجام بدەین، ئەوسا مومکین نییە شتە کۆنەکان بە داڕشتنێکی ترو بە فۆرمێکی ترەوە بگەڕێنەوە تا هەمان ڕۆڵی پێشوویان ببینن. ئێمە لە پشتی هەموو ئەو شتانەوە ئەم ئامانجەمان هەیە: لە ڕێگەی تیۆرێکی مەعریفیی تەواو جیاوازەوە جارێکی تر بە هەموو ئەو پێدراوو ئەو ململانێ مێژووییانەدا بچینەوە کە کۆمەڵگاکانی ئێمە لەژێر پەردەی چەندین دوالیزمدا بە خۆیەوەی بینیوە، واتە دوالیزمو زاراوەی وەکو: ئیمان/ ئەقڵ. زانست/ ئایین. زەمەنی/ ڕۆحی.... هتد، نەوەکانی پێشووی ئێمە بۆ چەندین سەدە بە دوای ئەم مەسەلانەوە بوونو بەبێ هیچ دەرەنجامێك ململانێی توندیان لەسەر کردووە. بەبۆچوونی من دوالیزمی "عەلمانییەت/ و ئایین" (ئەگەرچی کردوومە بە ناونیشانی توێژینەوەکەم) شێوەیەکی ترە یان ڕێگەیەکی ترە لە هێنانەوەی ئەو دوالیزمەی لە ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەمە دوا گۆڕانی ئەو دوالیزمەیە کە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستو پاپاکانی کەنیسە دەبڕێتو قووڵتر دەڕواو دەگاتە قوڵایی فیکری گریکی. وەك دەزانرێ فیکری گریکی بەر لە ئێمە باسی سەربەخۆیی ئەقڵی کردووە کە دەشێت لە لای ئێمە شتێکی تازەو عەلمانیانە بێت. نابێ ئەو کێبەرکێ دوورو درێژە لە بیربکەین کە لە نێوان ئەفلاتونیزم (کە باوەڕی بە ئەفسانەو خەیاڵ هەبوو) و ئەرستۆتالیزم (کە بە بیانووی ئەقڵانییەت ئەفسانەو خەیاڵی ڕەت دەکردەوە) ڕووی دا. لە ڕاستیدا لۆگۆس/ و میتۆس **Logos/ Mythos** یان ئەقڵو ئەفسانە، هەر لەو ساتەوە جۆرێك لە ململانێی دەنواند لە نێوان مەعریفەی ئایینی لە سەرێكو مەعریفەی عەلمانیەتو پۆزەتیفیزمی ئیجابی یان ئەقڵانی لە سەرێکی تر. پاشان سەردەمی ئاینەکانی کتێب هات و سروش هاتە ناوەوەو جارێکی تر گفتوگۆو مشتومڕی نێوان (ئیمان و/ ئەقڵ)ی داگیرساندو ئاگری ناکۆکییەکەی خۆشتر کردو تەنانەت ئێمەیش تا ئەمڕۆ لە چوارچێوەی ئەو دوالیزمانەدا مشتومڕو ململانێ دەکەین.

بەڵام سەرباری ئەو هەموو شتانەی پێشتر وتمان، لێرەدا شتێکی تازە لە ئەزموونی عەلمانییەتدا هەیە وەك ئەوەی لە خۆرئاوادا ئامادەیەو بە تایبەتیش لە فەرەنسەدا. ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە کە هەندێ پێشکەوتنو گۆڕانکاریی کەم یان زۆر لە ئارادایە، بە تایبەتی لە بواری زانستەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەو پرۆسە پراکتیکیەکانیان. ڕاستە ئێمە تا ئێستاش دەرکەوتنی فەلسەفەیەکی گەورە نابینین  کاریگەریی دوو بیریاری گەورەی وەکو (دیکارت)و (کانت)ی بەسەرەوە نەبێت. بەڵام فەیلەسوفان ناتوانن پرۆسەی کاری بیرکردنەوە بکەن تەنها ئەوکاتە نەبێ کە پێویستە بە زانستی مێژوو و زمانەوانیو ئیتنۆلۆجیا (زانستی نەژاد یان ڕەگەز) و ئەنترۆپۆلۆجیاو سایکۆلۆجیادا تێپەڕن، واتە بەبێ ڕۆیشتن بەناو ئەو زانستانەدا ناتوانن شتێك بڵێنو بکەونە نێو پرۆسیسەی بیرکردنەوەوە. بەم جۆرە چەشنێك پەرتبوون لە مەعریفەدا دەبینین بەڵام ئامانجی ئەم فرە مەعریفەیە بریتییە لە کۆکردنەوەی پارچەو بەشەکانی زانستو مەعریفەو پسپۆڕەکانو ئینجا یەکخستنیان. لەنێو ئەم تێڕوانینەشدا دەرکەوتنی ئیشکالیەتێکی نوێ دەبینین کە وابەستەی دوالیزمە کۆنەکان نییە، بەڵکو دەچێتە نێو ڕوانینێکی یەکگرتوو بۆ مرۆڤ بە سیفەتی ئەوەی ئەم مرۆڤە کارەکتەرێکی تەواوو کامڵەو لە یەك کاتدا هەم خاوەنی ئەقڵو هەم خاوەنی ئەندێشەو خەیاڵە بە چەشنێك ئەقڵو خەیاڵ تیایدا لێکدی جودا ناکرێنەوە. لێرەوە ڕوانینێکی تریش بۆ کارو چالاکییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنرێ، ئەم ڕوانینە دان بەوەدا دەنێت کە خەیاڵو خەیاڵکراو لە پێکهاتەی مرۆڤدا بەشێکی گرنگ و دانەبڕاون.

لەنێو ئەم ڕوانینە تازەو فراوانەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا دەتوانین جارێکی تر سروش بهێنینەوەو تێکەڵی بکەین، واتە دەشێت جارێکی تر بەم ڕوانینە نوێیە لە "پێدراوی سروش" بکۆڵینەوە، ئەوەی کە لەسەر دەستی زانستی لاهوتدا بە شێوەیەکی تۆکمەو پێکەوەبەستراو داڕێژراوە[80]. ئێمە دەتوانین سروش بهێنینەوەو لەگەڵ ئەم ئەزموونە تازەیەی تیایدا دەژین، واتە ئەزموونی عەلمانییەت، تێکەڵی بکەین. ڕاستە عەلمانییەت لە فەرەنسەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو هەنگاوی گەورەی بڕیوە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتۆتە قۆناغی ڕەتکردنەوەیەکی ڕەگوڕیشەیی بۆ ڕەهەندی ئایینی، هەروەکو نەگەیشتۆتە قۆناغی چەوسانەوەی ئایین و قەدەغەکردنی، هەروەکو ئەمە لە یەکێتی سۆڤیێتی جاراندا ڕووی داو سرووتە ئاینیەکانیان قەدەغە کرد، من وایدەبینم ئەزموونی عەلمانیانەی فەرەنسە یاخود مۆدێلی فەرەنسی دروستترین و باشترینیانەو پتر دەتوانێت هانی بیرکردنەوەو تێڕامان بدات سەبارەت بە عەلمانیەت و بە عەلمانیکردن.

بەمجۆرە دەبینن من هەوڵدەدەم فیکرو عەقڵی خۆم بە چ ئاراستەیەکدا ببەم، من ئەم کارە دەکەم بە سیفەتی ئەوەی ئەندامێکم لە ئەندامانی ئیسلام و بەشداریشم لە ئەزموونی ئیسلامی و لە بوونی ئیسلامیدا[81].

## سێیەم: بەرەو "گەڕاندنەوەی" عەلمانییانەی ئیسلام

ئێستا ڕوانینی خۆمتان بۆ شتەکان لەناو ئیسلامدا بۆ ڕوون دەکەمەوە، لە تەك لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو فیکرانەی پێشتر خستنمەڕوو.

لە ئیسلامدا سێ شت هەیە کە من بە سێ دال ناوی دەبەم: (دین)و (دونیا)و (دەوڵەت). دین وەکو خۆتان دەزانن ئەوە ئایینە، دونیاش جیهانی دنیایی سەرزەمینە، دەوڵەتیش پەیوەندیی بە جیهانی سیاسەتەوە هەیە. ئەمانە ئەو سێ جەمسەرەن کە بەردەوام لە گۆڕەپانی ئەقڵیی ئیسلامیدا قسەوباس‌و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت.

دیاردەی قورئانی ڕەهەندێکی هێنایە ئاراوە کە بریتییە لە ڕەهەندی سروشی پێدراو یان پێدراوی سروش، هەروەکو لە مەسیحیەتیشدا ئەمە ڕووی داوە. ئێمە لێرەدا پێکهاتە تیۆلۆجی- لاهوتی‌و چەشنەکانی ئەو تیۆلۆجییەمان بەلاوە گرنگ نییە کە لەم تەرەف یان لەوی دیکە بڵاوبوبۆوە. سروشی پێدراو سەبارەت بە تێڕوانین‌و شیکردنەوەی ئێمە جەمسەرێکی بنەڕەتی پێکدەهێنێت، واتە تێڕوانینی مرۆڤایەتی پتر تەرکیز دەکاتە سەر خوداو بەرەو لای خودا ئاراستەکراوە. ئەم خودایە خودایەکی زیندووە، خودایەکە قسە دەکاو دێتە نێو مێژووی مرۆڤەوە. کەواتە ئەم خودایە تەجریدێکی زیهنی نییە[82]، بەڵکو بوونەوەرێکی زیندووەو لە مێژوودا دەردەکەوێ‌و دێتە نێو ژیانی ئینسانەوەو ئیرادەی خۆی دەردەبڕێ‌و فەرمان دەردەکات بۆئەوەی مێژووی بەشەرییەت بە پێی بینین‌و پلانەکانی خۆی بەڕێوە بچێت. ئەم پێدراوی سروشە (یان ئەم سروشی پێدراوە) بە وردی دیاریکراوەو لە چەند پەرەگراف‌و دەستەواژەیەکی دیاریکراودا قەتیس کراوە کە دەتوانین بیانخوێنینەوە. ئەمە ئەو قورئانەیە کە لە شێوەی دەقێکی تەدوینکراوی ڕەسمی‌و داخراودایەو پێی دەوترێت (المصحف)، دەتوانین هەمان شت سەبارەت بە نووسینە موقەدەسەکانی مەسیحییەتیش بڵێین.

من وەکو کەسێکی عەلمانی ئەم قسانە دەکەم نەك بە سیفەتی پیاوی ئایین. پاشان باوەڕی تایبەتیی خۆم یان جۆری ئەو باوەڕە گرنگ نییە، بەڵکو هەوڵ دەدەم تا دوورترین سنوور ئاسۆی تێگەیشتن‌و مەعقولیەت قووڵ بکەمەوە، مەبەستم ئەو مەعقولیەت‌و تێگەیشتنەیە کە بە هەمان پلە پەیوەندیی بەکەسی باوەڕدارو بێباوەڕیشەوە هەیە[83]. ئەمەیە ڕێگەی عەلمانییەت لە خستنەڕووی گرفتەکەدا، ئەو ڕێگەیەی هەوڵدەدات "فاکتەری ئایینی" بهێنێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە نەك دووری بخاتەوەو فەرامۆشی بکات. من وتم "فاکتەری ئایینی" نەك خودی ئاینەکان‌و عەقیدەکان بە هەموو ناوەرۆك‌و تەفاسیلەکانیانەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین فاکتەری ئایینی بخەینە ناو توێژینەوە مێژووییەکانمان‌و لەو پێکهاتەیە ڕامێنین کە کۆمەڵگاکانمانی لەسەر سەوز بووەو هەروەها لە میکانیزمی ئیشکردنی ئەو پێکهاتەیە ڕامێنین.

شتی گرنگ سەبارەت بە ڕەوت‌و میتۆدو تێڕوانینی ئێمە بریتییە لە کەشفکردنی هەڵوێستە هاوبەشەکان‌و پێدراوەکان‌و بونیادە هابەشەکانی سەرجەم ئەو فەزاو بوارانەی کە دیاردەی کتێبی پیرۆز، لە ڕووی مێژووییەوە، دەچێتە نێویانەوە. کاتێك ئەم جۆرە گوزارشت‌و ئەم چەشنە زاراوەیە بەکاردەهێنم، نابێ ئامادەبووان بە پێی بیرو نەریتە بنج بەستووەکانیان (کە تیۆلۆجیای کلاسیکی[84] سنووری بۆ داناوە) کاردانەوەیان هەبێت. دەبێ هەوڵ بدەین بە جۆرێك لەم دیاردەیە (دیاردەی کتێبی پیرۆز) تێبگەین بە سیفەتی ئەوەی ئەمە دیاردەیەکی شارستانییەو دەشێت بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریی بکەین: لێرەدا شتێك هەیە نووسراوە، ئەو شتە کیتابە، دواتر باوەڕداران خۆیانی پێوە دەبەستن‌و بەردەوام بۆی دەگەڕێنەوە. ئیدی دەبێ ئێمە میتۆدێك بدۆزینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی کیتاب، بە چەشنێك کە لەلایەن هەموو تایەفەکانی سەر بەیەهودیەت‌و مەسیحیەت‌و ئیسلام شتێکی مەقبول بێت‌و بتوانن وەریبگرن، هەروەها دەبێ لەلایەن سەرانسەری خەڵکەوە مەقبول بێت. بەڵام ئەم ئەرکە ئاسان نییەو بگرە سەخت‌و زەحمەتیشە. بۆچی؟

چونکە بیروباوەڕی بەمیراتبۆماوەی ئەو تایەفانە بیروباوەڕێکی داخراو و کەللەڕەقەو بە ڕووی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا دەوەستێتەوە. بەڵام ئەوەی کەمێك دڵخۆشمان دەکات ئەوەیە کە ژمارەی نێوەندەکانی توێژینەوەی زانستیو ژمارەی توێژەرە زانستییەکان تا دێت زیاد دەکاتو لە سەرانسەری جیهاندا زۆرترو فراوانتر دەبێت.

با ئێستا هەوڵ بدەین ئەو مەسەلەیە شی بیکەنەوە کە چۆن فەزای ئیسلامی (یان بوارو ڕووبەری ئیسلامی) شکڵی گرتووە، ئەمە پێش ئەوەی جۆری شکڵگرتنی کەلەپووری یەهودیو کەلەپوری مەسیحی ببینین. سەبارەت بە حاڵەتی قورئان، دەبینین ئەو گوتارە زارەکییەی پێغەمبەر وتوویەتی دواتر گۆڕاوەو بووە بە دەقێکی تەدوینکراوی ڕەسمیی داخراو[85]، (واتە بووە بەوەی کە پێیدەوترێ: المصحف). لێرەدا ئەو موسحەفە هەمیشە بووە بە مایەی تەئویلێکی کراوە لە پێناوی ئاراستەکردنو پێشڕەویکردنی مێژوودا. مەبەستم لە مێژووی سەرزەمینییە کە بە تێڕوانینێکی ئاخیرەیی دەژی ئەوەی کە مەسیحییەکان پێی دەڵێن: مێژووی نەجات. لێرەدا ئەوە گرنگە کە چەمکی "کەلامی خودا"مان پێ باشتر بێت لە چەمکی "قورئان"، کەلامی خودا یان وتەی خودا شتێکە لە بن نایەتو مومکین نییە دوایی بێت. ئێمە کەلامی خودا بە کوللیەتی خۆی، نازانین. جۆرەکانی سروش (وەحی) کە دوابەدوای یەك بۆ پێغەمبەرەکان هاتووە، واتە هاتنی وەحی بۆ موساو پێغەمبەرەکانی تەوراتو پاشان بۆ عیساو لە کۆتاییشدا بۆ موحەممەد، ئەم وەحییانە شتێك نین جگە لە چەند بەشێکی داپچڕاو لە کەلامی گشتیی خودا. تیۆری "کتێبی ئاسمانی" هێمایەکە بۆ وتنی ئەو شتەی کە لێرەدا کتێبێکی تر هەیەو ئەم کتێبە هەر هەموو کەلامی خودا لەخۆ دەگرێت (دایکی کتێب). واتە دایکی کتێب (ام الکتاب) سەرانسەری قسەی خودا لەخۆ دەگرێت. بەم مانایە دەبینین قورئان باسی (اللوح المحفوظ) دەکات کە مەبەستی لەو کیتابە کامیلو گشتییەیە کە کوللیەتی قسەی خودا لەخۆ دەگرێتو تەنها لە ئاسماندا هەیە. هەرچۆنێك بێت ئێمە لە گوتاری قورئانیدا دەرکەوتەیەکی زەمینی بۆ کەلامی خودا دەبینین کە لە ئاسماندا پارێزراوە.

لێرەدا دەبێت زانستی زمان بێتە ناوەو لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوە. گوتاری قورئانی پێی دەوترێ "گوتار" یان "وتار" لەبەرئەوەی لە سەرەتادا نەنووسرابووەوە، بەڵکو قسەیەکی زارەکی بووە، یان کۆمەڵێ دەستەواژەی زمانەوانیی زارەکی بوونو بە پێی بۆنەکانو موناسەباتو بارودۆخە گۆڕاوەکان وتراون. ئەمە بۆ ماوەی بیست ساڵ بەردەوام بووە. بەڵام سەبارەت بە مەسیحیەت، ئێمە دەزانین کە یەسوع بە درێژایی سێ 3 ساڵ قسەی کردووەو کۆمەڵێ شتی لە بارەی باوك (خودا) وتووەو گواستویەتیەوە بۆ خەڵك. ئەو بە زمانی ئارامی دواوەو لە فەلەستیندا شتەکانی خۆی وتووە کە حاخامەکانی یەهودی لێبووە. وشەکانی یەسوع دەچوونە نێو کەلەپورێکی ئایینی دیاریکراوەوە، ئەوکاتە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هەژموونی بەسەر فەلەستیندا هەبووە. ئەم دۆخە سیاسییە، لە ڕووی مێژووییەوە، ئەو دەستەواژە ناودارەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێت: "ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەرو ئەوەیشی هی خودایە بۆ خودا". ئەو دەمە مەسیح ناچار بوو شت بدا بە قەیسەر چونکە هێز لەلای ئەو نەبوو[86]. دەتوانین بڵێین لەوێدا دوو هێز هەبوو:

1-هێزی کنێست (یان پەرستگەی جولەکە) کە زۆر بەهێز بوو.

2-هێزی حکومەتێکی بیانی کە ئەویش خاوەنی دەسەڵاتو هەژموونێکی گەورە بوو. ئیدی یەسوع نەیدەتوانی —لە ڕووی مێژووییەوە- هێزو دەسەڵاتێك داگیربکات، تەنها شوێنگەیەکی پەراوێزیو بچووك نەبێت. واتە پتر شوێنێکی بچوکی لە وتاری ئایینیو تەبشیری ڕۆحیدا گرتبوو.

لەم ئاستەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە جیاوازییەك لە نێوان ئەزموونی یەسوعو شوێنگەی موحەممەددا هەیە، یان با بڵێین تەجەللای قسەی خودا لە گوتاری قورئانیدا، واتە ئەو قسانەی پێغەمبەری ئیسلام واژەی کردوون. کاتێك موحەممەد هات شوێنێکی بەتاڵو چۆڵی لەبەردەمدا بوو، ئەو شوێنە چاوەڕێی یەکێك بوو بێتە ناویەوەو کاری تیادا بکات. مەبەستم ئەوەیە شوێنێکی مێژوویيو سیاسیی لە بەردەمدا بوو کە تا ئەوکاتە کەس پێی تێنەخستبوو و

چاوەڕێی کەسێك بوو بزانێت چۆن داگیری بکات تا دەوڵەتێکی یەکگرتووی تیادا دروست بکات. لەم لایەنەوە جیاوازیی نێوان حاڵەتی یەسوعو حاڵەتی موحەممەد، لە ڕووی مێژووییەوە، گرنگە. بەڵام ئەو شتە بنچینەییەی کە دەبێ لێرەدا تەرکیزی بکەینە سەر، ئەوەیە کە: دەستەواژە قورئانییەکانو ئەو دەستەواژانەی یەسوع واژەی کردوون، لە زمانێکی مرۆییدا بەرجەستە بوونو لەگەڵ مێژووی واقیعیدا کارلێکیان کرد. بەڵام هەرگیز نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە ئەو پەیوەستکارییە زمانەوانییە –لە میانی دەستەواژەکانی یەسوعو موحەممەددا- لە سەرەتادا پەیوەستکاریەیکی زارەکی بووەو بەردەوامییەکی زارەکییانەی هەبوو. لەوێدا قوتابیو کەسانێك هەبوون گوێیان بۆ قسەکانی مامۆستا ڕادەدێرا. لێرەدا ئەوە گرنگ نییە کە چ شتێك گەیەنراوەو چ شتێکی دی نەگەیەنراوە (واتە ئەوەی لە ڕێگاداو لە کاتی گواستنەوەدا ون بووەو بیرچۆتەوە)، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چەندین پیاو هەبوون گوێیان لە پیاوێکی دی دەگرت کە بە هەمان زمانی مرۆیی ئەوان قسە دەکات. ئەو شتانەی گوێیان لێدەگرت لە بەریان دەکردو لە یادوەریدا دەیانپاراست بە چەشنێك ئەمرۆ ئێمە ناتوانین بە هۆی میتۆدی مێژووییەوە لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوەو بیپشکنین. ئەوەی لە هەردوو لایەندا ڕووی داوە (واتە لایەنی ئیسلامیو لایەنی مەسیحی) شتێکە لە ئیرادەو توانای پشکنینی ئێمەدا نییە سەرباری ئەو هەموو شتانەی کە کەلەپوری ئەرتەدۆکسی لەم بارەیەوە دەیانڵێت[87]. لەبەرکردنی تێکستەکان لە ڕێگەی یادوەرییەوە، بەرلەوەی ببێت بە تێکستێکی تۆمارکراو، بۆ ماوەیەکی زەمەنی درێژ بەردەوام دەبێت، واتە بەرلەوەی لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی سیاسیدا ببێت بە تێکستێکی تەدوینکراوی ڕەسمیو داخراو، تێکستێکی زارەکی بووەو لە زاکیرەدا لەبەرکراوە.

هەموو ئەمانە مانای چییە؟ لە زانستی زمانەوانیدا، مەبەستمان لە "تەدوینکراوی تێکست" یان "تێکستی تەدوینکراو" یان "تێکستی نووسراو" (تێکست لە زارەکییەوە بۆ نووسراو): بریتییە لە ژمارەیەك لە دەستەواژەی زارەکیی زمانەوانی[88] کە دواتر کۆکراوەتەوە تا یەکەیەك پێکبهێنێتو ئەم یەکەیە لە ئیسلامدا پێی دەوترێت موصحەف. ئەم یەکە کۆکراوەیە دەیەوێت هەموو ئەو دەستەواژە تێکستییانە لەخۆبگرێت کە مامۆستا (یان پێغەمبەر) واژەی کردوون. پاشان ئەم تێکستە نووسراوە لە ئیسلامو مەسیحییەتو یەهودیەتیشدا "ڕەسمی"یە. لێرەدا مەبەستمان لە "ڕەسمی" چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە ئەمە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدایە کە لە ئیسلامدا خۆی لە دەسەڵاتی خەلیفەدا دەنوێنێت. کەلەپووری ئیسلامی پێمان دەڵێت کە عوسمانی خەلیفەی سێیەم (644 ز- 656 ز) فەرمانی دەرکرد کە سەرجەمی ئەو دەستەواژە زارەکییانە (یان ئەو ئایەتانە)ی لە یادوەریی ئەسحابەکاندا پارێزراوە، کۆبکرێنەوە لە پێناوی تەدوینکردنو نووسینەوەیانو بۆئەوەی تێکستێکی نووسراوی ڕەسمیی داخراو (واتە کۆتایی) پێك بهێنرێت. مەبەستمان لە وشەی "داخراو" یان تێکستی داخراو، ئەو تێکستەیە کە لە دوای کاری کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو دەستەواژە زارەکییانەی شوێنی باوەڕو دان بە ڕاستو دروستییاندا نراوە، پێك دەهێنرێت. واتە دوای پرۆسەی کۆکردنەوەیەك کە پێیانوایە تەواوەو شامیلو کامیلە، ئیدی ڕایدەگەیەنن کە ئیتر لێرەوە ئەم تێکستە نووسراوە دادەخرێت. لە پاش ئەوە ئیتر هیچ کەسێك لە جیهاندا بۆی نەبوو شتێکی بۆ زیاد بکات یاخود شتێکی لێ دەربهێنێتو بڵێت ئەوە هەڵەیەو ڕاستەکەی بەم جۆرەیەو.... هتد، بێگومان لە مەسیحییەتیشدا شتێکی نزیك لەمەی ئیسلام ڕووی داوە.

لە دوای پێکهێنانی تێکستی زمانەوانیی نووسراوو ڕەسمی (موسحەف)، باوەڕداران یان لانیکەم توێژێك لە باوەڕداران قۆڵیان لێ هەڵماڵیو خۆیان بۆ لێکدانەوەی تێکست حازر کرد، ئیدی دەستیان کرد بە خوێندنەوەی (یان تەفسیرکردنی) تا دواجار فیقهی لێدەربهێنن (یان یاسای لێدەربهێنن) و تا تیۆلۆجیا (لاهوت) یان زانستی کەلام (کەلامناسی)*ی پێکبهێننو هەروەها سیستمێکی ئەخلاقیو دواتر دەزگاو دامەزراو دروست بکەن. من ئەمە ناودەنێم تەفسیر یان

* (زانستی کەلام یان کەلامناسی یان لاهوت یان تیۆلۆجیا..تایبەتە بە دیراسەکردنی ئاخاوتنی خودا)

کتێبەکانی تەفسیر یان تێکستە نووسراوەکانی تەفسیر[89]. لە واقیعدا ژمارەیەك لە تەفسیر هەیە بەقەدەر بوونی ژمارەی موفەسیرەکانو بگرە تەنانەت خوێنەرەکانیش، چونکە خوێنەرەکانیش بە ڕێگەی تایبەتیی خۆیان موفەسیرن. بەم مانایە پەرژین یان شورەیەکی داخراو بوونی نییە. ئەوان هەموو ڕۆژێ چەند تێکستێکی خوێنراوو چەند تێکستێکی تەفیسرکراو بەرهەم دەهێنن. لە کەنیسەشدا دەسەلات هەیە بە توندی هەژموونو کۆنترۆڵی بەسەر تەفسیرێکی تێکستەکاندا هەیە[90]. بەلام لە ئیسلامدا ئەم شتە بوونی نییە، مومکینە هەرکەسێك بتوانێت تەفسیر بکات بەلام دەبێ دەنگی بیستراو بێتو توانای قەناعەت پێهێنانی ئەوانیدیی هەبێت، دەنا خوێندنەوەکەی هیچ کاریگەرییەکی نابێت.

بۆچی ئێمە بەردەوام تێکست دەخوێنینەوەو نەوە لە دوای نەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو تێکستە؟ لە وەلامی ئەم پرسیارەدا باوەڕداران دەلێن: ئێمە خەلکێکین لەناو کۆمەلگەدا دەژینو مێژوویەکی زەمینیمان هەیە، خوداش هاتۆتە نێو مێژووەوە تا هیدایەتمان بداو ڕێی ڕاستمان پیشان بدات، هەموو ئەو خوێندنەوەو تەفسیرانەیش بەشدار دەبن لە پیشاندانی ڕێی ڕاستو هیدایەتو کارەکانماندا. لێرەوە بونیادی سیستمی خەلافەت لەدایك بوو کە پێدادەگرێ لەسەر پراکتیك کردنی ئەو یاسایەی لە تێکستەکانەوە (مەبەست لە تێکستی ئاینییە) دەرهێنراوە، پراکتیك کردنێك بە پێی ئەو مەنهەجەی گەورە ڕاڤەکاران گەلالەیان کردووە. (لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی "ڕەخنە لە عەقلی ئیسلامی" کە لە لایەن هاشم سالحەوە کراوە بە عەرەبی بە ناونیشانی: تاريخية الفكر العربي الاسلامي= مێژووگەرایی بیری عەرەبی ئیسلامی).

لە مەسیحییەتی ئەوروپاشدا تا هاتنی شۆڕشی فەرەنسی هەمان شت باوو بلاو بووە. ئێمە لە مەسیحییەتدا هەمان مەرجەعیاتو هەمان ڕەوتی عەقلیو کولتووری دەبینین کە لە ئیسلامیشدا بۆ وەبەرهێنانی[91] پێدراوی سروش بەکارهاتووە (واتە هەمان ئەو مەرجەعیەتە ئەقلیو کولتوورییە بۆ تەئویلکردنی تێکستە مەسیحییەکان بەکارهێنراوە). جا بۆئەوەی تیۆلۆجیستە دۆگماییەکان مۆنۆپۆلی حەقیقەت بکەنو گوایە هەموو حەقیقەت لای ئەوانە، ئەوا ستراتیژی ڕەتکردنەوە بەکاردەهێنن (واتە جگە لە باوەڕی خۆیان هەموو باوەڕێکی تر ڕەت دەکەنەوە) بە واتای ئەوەی ئەوان نکوڵی لە بوونی زەمینەیەکی ڕەمزیو مێژوویی هاوبەش دەکەن لەلای ئایینە کتێبدارەکان، پتر تەرکیز دەکەنە سەر تایبەتمەندیی تەئویلو پێکهاتە دۆگماییەکان. واتە تایبەتمەندیی هەریەکێك لەو سێ تیۆلۆجیایەی ئیسلامیو مەسیحیو یەهودیو دابڕانیان لە یەکترو هەریەکەشیان خۆی لەوی تر پێ باشترو بەرزترە. تا ئەمڕۆش لە ساتەوەختی ڕێکخستنی دیدەنیی ئیسلامی- مەسیحیدا لەو گێژاوە لاهوتییەی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین، تەنانەت لە نووسینە ئەکادیمیو "زانستییەکان"یشدا هەست بە هەمان تایبەتمەندی دەکەین.

ئەمڕۆ گەڕانەوەی فاکتەری ئایینی یاخود دیاردەی ئایینی، جارێکی تر ئەو قالبە دۆگماییە فیکریو ئەو لێکدوورکەوتنەوەیە دەچەسپێنێت کە لە نێوان تایەفەکاندا هەیەو ئەوەی کە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو باو بووە. نوێنەرانی تایفە گەورە جیاجیاکان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە دان بە "کۆگای ڕەمزیو سیمیۆلۆژیی هاوبەش"[92] لەلای سەرجەم ئایینە کتێبدارەکاندا، بنێن. مەبەستمان ئەوەیە نوێنەری سەرجەم تایەفە گەورەکان ڕەهەندی مێژووییو مێژووی سەر زەمینی ڕەت دەکەنەوەو باوەڕیان بەو مێژووە سەرزەمینییە نییە کە لە ڕاستیدا سەرانسەری فاکتەری سیاسیو ڕۆحیش لەخۆ دەگرێت.

هەموو ئەوەی باوەڕداران –بە پشتبەستن بە پێدراوی بنچینەیی سروش- ئەنجامی دەدەن، تەنها بۆ دامەزراندنی سیستمێکی کۆمەلایەتیو سیاسی نییە، بەلکو بۆ گەیشتنیشە بە دونیای نەمریو بۆ ئاخیرەت. بە بۆچوونی من ئەم تێڕوانینەیە کە هەموو ئەو کۆمەلگایانە جیادەکاتەوە کە بە شێوەیەکی عەمەلی دیاردەی سروشیان وەرگرتووەو قبولیان بووەو جێبەجێیان کردووە، سا ئەو کۆمەلگایە یەهودی بێت یان مەسیحی یان ئیسلامی.

ئەم تێڕوانین‌و ئەم قاڵبە تیۆلۆجییە لە بواری ئیسلامیدا ڕۆڵی خۆی بینیوەو بە درێژایی سەردەمی خەلافەت هەژمونی هەبووە: واتە لەساتەوەختی مەرگی پێغەمبەرەوە(632 ز) تا سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی (1258 ز). هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی 1258ی زاینی لەسەر دەستی مەغۆلەکاندا بووە نەك لە ساڵی 1924 لە لایەن ئەتاتورکەوە، چونکە خەلافەت سەڵتەنەت نییە. ئەتاتورك سەڵتەنەتی هەڵوەشاندەوە. خەلافەت لە سەردەمی حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هیچ نەبوو جگە لە لەقەبێکی زەوتکراو لە پێناوی بەخشینی ڕەوایی بە دەسەڵاتی حاکم‌و خواستەکانی سوڵتان. لێرەدا مەبەستمان لە حاکم، سوڵتانە. ئێمە جیاوازیمان لە نێوان سەڵتەنەت‌و خەلافەتدا دانا، چونکە "سوڵتان" لە زمانی عەرەبیدا واتە "دەسەڵات"، بەڵام لەقەبی خەلیفە واتە "وەکیل" یان "بریکار" یان "جێگر- نائیب" (لە زمانی لاهوتیی مەسیحیشدا: Vicaire)، واتە جێگری پێغەمبەر. پاشان ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە دوو دەسەڵاتی تەواو جیاوازو لێکنەچوو. ئەمە جگە لەوەی لەم مەسەلەیەدا ناکۆکییەك لە نێوان شیعەو سوننەدا هەیە، شیعەکان زاراوەی "ئیمام" بەکاردەهێنن کەچی سوننە زاراوەی "خەلیفە" بەکاردەهێنن. ئێمە ناتوانین لێرەدا بە درێژی هەموو ئەو گفتوگۆو مشتومڕە دوورو درێژانە شەرح بکەین کە لە نێوان شیعەو سوننەدا ڕوویان داوە بە تایبەتی سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی‌و تیۆلۆجیای سیاسی، ئەگەرچی بابەتەکە گرنگیشە. (خوێنەر دەتوانێت بۆ زیاتر شارەزابوون لەم مەسەلەیە، بگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئارکۆن بە ناوی "ئیسلام‌و عەلمانییەت" کە لە کتێبی "تاریخیة الفکر العربي الاسلامي"دا بلاوکراوەتەوەو هاشم ساڵح وەریگێڕاوەو چاپی دووەمی لە ساڵی 1996 لە بەیروت کراوە. هەروەها بڕوانە کتێبێکی تری ئارکۆن بە ناوی "الاسلام: الاخلاق والسیاسة) کە ئەمیش لە لایەن هاشم ساڵح وەرگێڕدراوە).

لە واقیعدا سیستمی سەڵتەنەتی عوسمانی جۆرێك لە عەلمانییەتی پێکدەهێنا[93]، بەڵام عەلمانییەت چاوەڕێی هاتنی ئەم سیستمەی نەدەکرد تا لە بواری ئیسلامیدا شکڵ بگرێت. لە ڕاستیدا ئەو عەلمانییەتە لە ساڵی 611ی زاینییەوە دەستی پێکردووە، واتە لە پاش سی 30 ساڵ لە مەرگی پێغەمبەر. لەو مێژووەدا (موعاویە) توانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت‌و دیمەشق بکات بە سێنتەری دەسەڵاتەکەی‌و لایەنگرانی (عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) لەناو ببات، ئەو ئەنسارانەی دواتر دەبن بە شیعە، لەسەر دەستی موعاویەدا دەکوژرێن. موعاویە کودەتایەکی خوێناویی ڕاستەقینەی ئەنجام دا بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت‌و ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت. بەڵام "خولەفا" ئومەوییەکان لە دیمەشق، لە دوای سەرکەوتنی موعاوییە، بەرگی ڕەوایی ئاینییان بە بەردا کرد. واتە ئەم کارە بەیارمەتی ئەو پیاوە ئاینییانە ئەنجام درا کە دەستیان کردبوو بە پێکهێنانی تیۆلۆجیا (زانستی لاهوت)ێکی ڕەسمی. ئەمەش سەرەتای کەلامناسی (علم الکلام)* بوو لە تەك هەموو ئەو گفتوگۆ توندو گەرمانەی یاوەریی شکلگرتنی کەلامناسیيان کردووەو ئەوەی تا ئەمڕۆش ئاگادای زۆر لایەنی نین. بەڵام لێرە سەرجەم چیرۆکی خەلافەت لە ئیسلامدا کۆدەبێتەوە کە پێویستە توێژەرێك لە گۆشەنیگایەکی مێژووگەراییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. (دیسان بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی ئارکۆن بە ناوی "ئیسلام‌و عەلمانییەت" کە لە کتێبی "تاریخیة الفکر العربي الاسلامي"دا بلاوبۆتەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی ئەم ناونیشانەی هەلگرتووە: "خەلافەت: بنەما مێژووییەکان‌و مەسەلەی بەخشینی ڕەوایی" ل 279.) هەرچۆنێك بێت، سیستمی سەڵتەنەت لە سەدەی شانزەهەمدا دامەزراوەو تا ساڵی 1924 بەردەوام بووە کە لەو ساڵەدا ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا بە ڕەسمی هەڵیوەشاندەوە.

---

* (زانستی کەلام یان کەلامناسی –علم الکلام- بەرامبەر بەزانستی لاهوت –تیۆلۆجیا- لەلای مەسیحییەکان. ئەم زانستە تایبەتە بەدیراسەکردنی ئاخاوتنی خودا. بڕوانە :محمد ارکون، معارك من اجل الانسنة في السیاقات الاسلامیة، ترجمة وتعلیق هاشم صالح، دار الساقي 2001 ص56 .)

دەبێ لێرەدا کەمێك لەلای ئەزموونی ئەتاتورکدا بوەستین بە سیفەتی ئەوەی تاکە ئەزموونێکی عەلمانییەتێکی ڕیشەییە لە بواری ئیسلامیدا، ئەم عەلمانییەتەی ئەتاتورك بە توندی دژی دابونەریتەکان بوو و هەروەها جۆرێك لە پەرگیریی لەخۆگرتبوو. لە ڕاستیدا ئەتاتورك لە ڕووی مەعریفییەوە لە ئەوروپادا خوێندوویەتیو لە شاری تولۆزی فەرەنسیو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەکادیمیای سەربازیدا ڕاهێنانی کردووە. بە تەواوی چووە نێو ئایدیۆلۆجیای پۆزەتیڤیزم (الوضعية) کە ئەو کاتە سەرانسەری فەرەنسای تەنیبوو. پاش ئەوە بیروباوەڕی عەلمانییەتی لە لادا چەسپی، گەڕایەوە بۆ تورکیاو لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەسەڵاتی گرتە دەست. ئیدی تەربوشو پۆشاکی تەقلیدیی ڕەتکردەوەو لە بری ئەوە شەپقەی ئەورووپیو پانتۆڵی سەپاند، پاشان ڕیشو سمێڵی قەدەغە کردو تەقویمی ئیسلامیی لابردو پیتی عەرەبیی گۆڕی بە پیتی لاتینی، هەروەها خوێندنی وانەی ئایینی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کردو.. هتد. بەم جۆرە ئەو وێنە کاریکاتۆرییەی عەلمانییەتێك دەبینین و لە پشتی ئەو جۆرە بڕیارو کردەوانەدا ڕوخساری تورکیایەك دەبینین بەو شێوەیەی لە ساڵی 1950دا ناسیومانە. گومانی تیا نییە کە چەندین لایەنی نوێو ئیجابی لە شۆڕشی ئەتاتورکدا هەیە، بەڵام لە سالآنی 1950-1960 و لەوەبەدواش جارێکی تر لە تورکیا مەرجەعیەتی ئایینی سەرهەڵدەداتەوە، هێزی بزاوتە ئاینییەکان زیادی کرد هەروەکو لە وڵاتە ئیسلامییەکانی تریشدا ئەو هێزە بەرەو هەڵکشان دەڕۆیشت، گەشەکردنی هێزی بزاوتە ئیسلامییەکان کاردانەوەوی ناوەندە عەلمانییەکانی وروژاندو بە ڕوویدا وەستانەوە. لە ڕاستیدا ئەو ناوەندە عەلمانییانە زۆر لە عەلمانییەتی بەرتەسکی فەرەنسییەکان دەچوو نەك عەلمانییەتێکی کراوە، مەبەستم ئەو خەباتگێڕانەی بە توندوتیژی دژی پیاوانی ئایین بوونەوەو دەیانویست هەموو دیاردەیەکی ئایینی لە کۆمەڵگەدا دووربخەنەوە. بە هیچ جۆرێ ئاینیان بەلاوە گرنگ نەبوو چونکە پێیان وابوو ئایین سەر بە چەرخی ڕابردووەو بە بۆچونی ئەوان بەسەرچووە. لە واقیعدا مومکین نییە ئەم جۆرە هەڵوێستە بە "عەلمانی" وەسف بکەین بەڵکو ئەمە زیاتر عەلمانەوییەتێکی نێگەتیڤانەیەو لێبوردەیی نازانێت. (عەلمانەوی: واتە عەلمانییەتێکی پەڕگیر، واتە ئەوەی پێی وایە عەلمانییە بەڵام لە ڕاستیدا دوورە لە جەوهەرو ناوەڕۆکی عەلمانییەتێکی پۆزەتیڤیو راستەقینە). ئەمە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆجیی دوژمنکارانەو داخراوە کە ڕێك بەرامبەر هەڵوێستی پیاوانی ئایین یان هەڵوێستی کەنیسەیە کە ئەوانیش دەمارگیرو داخراون[94] (واتە دەمارگیریی عەلمانەوی لە بەرامبەر دەمارگیریی ئاینیدا یەکسانە بە پێکدادانی بەردەوامی دوو دژو دوو جەمسەری ناکۆك کە هیچ لایەکیان لێبوردە نین).

ئەو دەمەی ئەتاتورك لە تورکیادا سەڵتەنەتی هەڵوەشاندەوە، زۆربەی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی، هەر لە مەغریبەوە تاوەکو ئیندونیسیا، لەژێر هەژموونی خۆرئاوادابوون. مەسەلەی دامەزراوی سیاسیش بە شێوەیەك لە شێوەکان لە کارکەوتبوو، هەروەها پەرەسەندنی ناوەکیو تایبەتیی ئەو کۆمەڵگایانە ئیفلیج ببوو. دەبوو چاوەڕێی ئەوە بکەین لە پەنجاکاندا جەنگی ڕزگاریخوازی نیشتمانی هەڵبگیرسێت تا شتەکان بشلەقێنو دەست بە جووڵانەوە بکەن. لەگەڵ بەدەستهێنانی سەربەخۆییشدا، ئەو وڵاتانە تەنها بۆ ماوەی سی یان چل ساڵ سەروەریی خۆیان بەدەست هێنا. ئەمەش لە ژیانی دەوڵەتانو میللەتانو ئەزموونە مێژووییەکاندا ماوەیەکی کەمە. ڕێك لەبەر ئەم هۆیە دەشێت باسی بوونی فشارێکی دەرەکیی بەردەوام بکەین کە پاڵەپەستۆی دەخستە سەر چارەنووسی مێژوویی ئەو کۆمەڵگایانەی توانای ئەوەیان نییە بە شێوەیەکی تایبەتیو ئازاد مێژووی خۆیان دروست بکەن. ئەو خۆرئاوایەی بە هێزەوە فشار دەخاتە سەر ئەم مێژووە یاخود جڵەوی دەکات دوودڵ نییە لە سوکایەتیکردن بە وێناکردنە ئایینیو سیاسییە دواکەوتووەکانی میللەتانی ئیسلامی[95]. لە راستیدا خۆرئاوا لەخۆبەگەورەزانینەوە نیگایەکی نزمو پڕ لە سوکایەتی دەگرێتە ئەو مێژووە. بەڵام دەبێ خۆرئاوا ئەوە بزانێت کە ئەم میللەتانە خۆبەخۆ دەسپێشکەرییان لە دروستکردنی مێژووی خۆیاندا نەکردووەو مێژووی خۆیان بە دەستی خۆیانەوە نەبووە تەنها پێش چل ساڵ نەبێت! ماوەی چل ساڵیش لە تەمەنی پەرەپێدانو پەرەسەندنی مێژوویی نەتەوەو میللەتاندا زۆر نییەو بگرە ئێجگار کەمیشە. بۆیە ناشێت خۆرئاوا داوایان

لێبکات سیستمێکی سیاسیی کراوەو لێبوردە دابمەزرێنن، ئەو  سیستمەی کە فەرەنسە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا توانیویەتی بنیاتی بنێتو کەچی هێشتا کەم‌وکورتیی تێدایە. چاودێرانو لێکۆڵەرەوە خۆرئاواییەکان کاتێك باسی گێروگرفتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانو خودی ئیسلام دەکەن، بایەخێکی شایستە بەو لایەنە نادەن. سا ئەگەر ئەمڕۆ موسڵمانان زۆر بە توندی خۆیان بە قورئانەوە گرێ دابێت[96] ئەوا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بۆشاییەکی مێژوویی کە چاوەڕێ دەکات یەکێك بێتو ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. ئەم بۆشاییە فیکریو مێژووییەش ناگەڕێتەوە بۆ زەمەنی داگیرکار –وەك هەندێ کەس وا دەڵێن- بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی درێژتر، بەڵام داگیرکار(ئیستیعمار) ڕۆڵی لە گەورەبوونو توندبوونی گێروگرفتەکاندا هەبووەو بۆشاییە فیکریو مێژووییەکەی گەورەتر کردۆتەوە.

تا ئەمڕۆش ئەو کۆمەڵگەیانە لەناو ئەقڵییەتێکی تەقلیدیدا دەژین. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە لە ماوەی پێنج سەدەی یەکەمی کۆچیدا بوژانەوەیەکی گەورە لە کۆمەڵگەدا بەرپا بووە لەژێر ئاڵای فیکری ئیسلامیو کولتووری عەرەبیی کراوەدا. کەچی دۆخی ئێستای کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکان ئاستێکی زۆر نزمتری هەیە لەچاو ئەو سیستمە سیاسیو کولتوورییەی لە سەردەمی سیستمی خەلافەتدا هەبووە. ئەودەمە لەوێدا فیکرو ڕوناکبیران هەبوون، لەوێدا فیکرێك هەبوو توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریی هەبوو، ئەو گرفتانەی دەخستەڕوو کە پەیوەست بوون بە مەعریفەی زانستیو هەروەها بە ئاخاوتنی خودا، هەروەکو ئەمە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە مەسیحییەتیشدا ڕووی دا. ئێمە پێشتر نموونەیەکمان لە دینامیکییەتی بیری عەرەبی- ئیسلامیدا هێناوەتەوە ئەویش ئەو بزاوتە ناودارەیە کە بە (موعتەزیلە) ناسراوە. ئەم بزاوتە توانیویەتی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا دابنێت: ئاستی وتەی خودا، و ئاستی گوتاری قورئانی. ئەم جۆرە ئاگاییەو ئەم جۆرە بیرکردنەوە جیدییە لە گرفتەکان، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا نابینین. لەو کاتەدا بنەماکانی فیقھ ببوو بە جۆرێك لە پرەنسیپو ئیپستیمۆلۆژیای یاسا، ئەمانە ببوون بە گرەنتییەك بۆ ئەو یاسایانەی لە تێکستە پیرۆزەکانەوە وەرگیرابوون. کەچی ئەمڕۆ کەسێك نییە بایەخ بەم شتانە بدات تەنانەت لە زانکۆکانیشدا. موسڵمانان هەر ئەوەندە دەڵێن کە قورئان بوونی هەیەو هەموو شتێکیشی تیادایەو هەموو شتێکیشمان پێدەڵێت. ئیدی لە ڕێی هێنانەوەی هەندێ ئایاتی قورئانیدا وەهمی ئەوەیان لە لادا دروست دەبێت کە ئیتر هەموو گێروگرفتەکانیان چارەسەر کردووە.

بەمجۆرە دەبینین موسڵمانان نوقمی ناو ئایدیۆلۆجیایەکی تەواونو لەم چەشنە کەشوهەوایەی ناو جیهانی ئیسلامیشدا هیچ بیرکردنەوەیەکی دروستو جیدی بوونی نابێت. لێرەشەوە لەوە دەچێت عەلمانییەت لەم کەشو دۆخەدا شتێکی مەحاڵ یان ئەستەم بێت. لەوەش زیاتر من وای بۆ دەچم کە وەزیفەی پێغەمبەرایەتی شێوێنراوەو زەوتکراوە بە تایبەتی لەسەر دەستی ئەو بزووتنەوە سیاسییە ئایدیۆلۆجییانەی ئیسلام بۆ کاری سیاسی بەکاردەهێنن، ئەم جۆرە بزووتنەوانە (واتە ئیسلامی سیاسیو ئایدیۆلۆجی) بە تەواوی بێئاگان لە مافەکانی ڕۆحو کەچی بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێن.

دیاردەی ئیسلامی، وەك دیاردەیکی ژیاری، کە دەمانەوێ لێرەدا لێی بکۆڵینەوە، لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی شلو شێواوو پەرتە. لە واقیعدا کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە زەمەنی پێغەمبەردا لە بنەڕەتدا بریتی بوون لە کۆمەڵگەی شارستانی (حضري)، واتە کۆمەڵگەی مەدینی (مەدینە= شار) و کۆمەڵگەی بەدەوی لادێی نەبوون زۆر کەم نەبێت. واتە ئەو دیاردە مەدینییە لە سنورێکی بچوکدا بڵاوبوو. بۆیە هەرکە شەپۆلی هاتنی میللەتانی تری وەکو تورکو دواتریش مەغۆلەکان بۆ ئەو ناوچەیە دەستی پێکرد (هەروەکو لە ناوچەی ئێرانو عێراقدا ڕووی دا) ئیتر خۆبەخۆ هەموو شتێك دارما. ئەمە لە نێوان هەردوو سەدەی پانزەهەمو  سیانزەهەمدا ڕوویدا. پاشان شەپۆلێکی پەلاماردەر لە خۆرئاواوە هاتو ئەمە سەرەتای جەنگە خاچپەرستییەکان بوو کە دەیانویست گۆڕی مەسیح ڕزگار بکەن. جەنگی سەلیبییەکان بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دوورو درێژ بەردەوام بوو. لە دوای قۆناغی جەنگی سەلیبیش، جوڵانەوەیەکی پێچەوانە دەستی

پێکردو ئەوەبوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی کرد بە هێرش‌و پەلاماردان بە ئاراستەی خۆرئاوای ئەوروپی‌و باکووری ئەفریقیاو باشووری ئیتالیاو تەنانەت بە ئاراستەی ڤییەنناى پایتەختی نەمسایش. بەم چەشنە کێبەرکێ‌و ململانێ لە دەریای سپی ناوەڕاستدا لە نێوان ئیسلام‌و ئەوروپادا لەدایك بووە.

بەڵام من جارێکی تر دەیڵێمەوە کە ژیاری عەرەبی ئیسلامی لە بەغداو لە ڕۆژگاری عەباسییەکاندا گەیشتبووە ئاستێکی بەرز. لەو دەمەدا بزووتنەوەی ڕاستەقینەی هیومانیزم سەریهەڵداو پەرەی سەند، ئەم بزووتنەوە هیومانیستییە زۆر کراوەو زۆریش لیبرالی بوو و لەسەر پایەی ئەقڵانییەتێکی ڕاستەقینە وەستابوو و تێڕوانینێکی فراوان‌و کراوەی بۆ ئینسان هەبوو. بەڵام ئەو دەستکەوتە تازانەی ئەو سەردەمە تۆکمەو توندوتۆڵ نەبوون بۆیە هەر خێرا کەوتە ژێر هەژموونی هێزە دەرەکییەکان‌و ملکەچی فشاری ئەو هێرش‌و پەلامارانە بوو کە لە خۆرهەڵات‌و لە خۆرئاواوە دەهاتن.

ئەو شەپۆلە پەلاماردەرانە توانییان بە یەکجاری شارستانیەتی کلاسیکی ئیسلامی لەناوبەرن. ئیتر لەو مێژووە بەدواو لە ئاکامی ئەو هۆکارانەدا جۆرێك لە پەرتبوون‌و پاشەکشە دەبینین کە ئەو کۆمەڵگایانە (واتە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان) وردە وردە گەڕانەوە بەرەو فۆرم‌و پێکهاتە قەبەلی‌و دێرینەکانی بەر لە ئیسلام. دواتریش چووە نێو چەرخی بزووتنەوە ئیخوانییەکان (مەبەست لە ئیخوان سەفای ئەوسایە نەك ئیخوان موسلمینی ئەمڕۆ) و شێوازەکانی سۆفیەتەوە، کە شوێنی دەسەڵاتە مەرکەزییەکانیان لە وەرگرتنی دەسەڵاتدا گرتەوە، هەروەکو لە وڵاتانی مەغریبی گەورەدا ڕوویدا، بەم جۆرە ئەو شتە هاتە ئاراوە کە بە دیاردەی (مورابیتەکان) ناسراوە.

مورابیتەکان کێن؟ مورابیتەکان ئەو کەسانەن شتێکی زۆر کەم لە بارەی پرەنسیپی ئایینی دەزانن، بە شێوەیەکی تەقلیدی فێربوونە‌و پاشان بەو زانیارییە کەم‌و پڕ لە هەڵەوە چوونەتە نێوەندی هۆزەکان‌و پاشان بۆ گوندو لادێکان. زانیویانە چۆن خۆیان بخزێننە نێو ئەو لادێ نشینانەی ئیسلامی ڕەسمی‌و فەسیح‌و ڕاستیان پێنەگەیشتووە بە شێوەیەکی زۆر کەم نەبێت. ئەو خەڵکە لادێ نشین‌و سادانە نوقمی ناو کولتووره کۆنەکانی خۆیان‌و ئەو بیروباوەڕانە بوون کە بەر لە ئیسلام هەبوون. مورابیتەکانیش بە کۆمەڵێ زانیاریی لاهوتیی خۆڕسك‌و سەرەتاییانەوە دەچوونە نێویانەوە. لەو نێوەندو لەو ژینگە زۆر کۆنانەوە کە خاوەنی کەلەپورێکی زۆر سەرەتایی بون، وەکو موبەشیرو مزگێنی بەخش هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئیدی ئەو مورابیتانە ڕۆڵێکی سیاسی‌و ئایدیۆلۆجییان لە لای دانیشتوواندا دەبینی‌و پاشان وەکو دادوەرو وەکو کەسانی ئاشتکەرەوەی نێوان هۆزەکان کاریان دەکرد، واتە ڕۆڵی ناوەندێکیان دەبینی بۆ ئاشتیی نێوان هۆزەکان لە سەرێك، لە سەرێکی تر ئاشتیی نێوان گرووپە ناوچەییەکان‌و دەسەڵاتی مەرکەزیی ژێر سایەی داگیرکاردا. لە ڕاستیدا ئیدارەی داگیرکاری دانیشتوانی ناچار کرد پترو پتر بەسەر خۆیاندا دابخرێن‌و زیاتر ڕووبکەنە دەسەڵاتە لۆکاڵییە ناوچەییەکان‌و ملکەچی ئەوان بن. ئێمە دەزانین ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییانەی دواتر پەیدابوون، یەکسەر ڕووبەڕووی ئیسلامێکی میللی (و دواکەوتوو) بوونەوە کە لە لایەن مورابیتەکانەوە پشتگیری دەکران. دوای ئەوە ئاستی ململانێی کۆنی نێوان ئیسلامی زانا/ و ئیسلامی میللی زیادی کرد.

کاتێکیش تەماشای کۆمەڵگە ئیسلامی‌و عەرەبیەکان دەکەین، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەو کۆمەڵگایانە خاڵین لە ئازادی. نەئازادیی ڕادەربڕین بوونی هەیە، نە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی‌و نەئازادیی فێربوون‌و پەروەردە. سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤیش هیچ شتێك نییە گرەنتیی ئەو مافانە بکات. تەنانەت ڕاگەیاندنی ئیسلامیی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 1980دا لە یونیسکۆ ڕاگەیەنرا، بەروبوومی کۆششێك نەبوو کە تایەفەی ئیسلامی بەرهەمی هێنابێت[97]، یان ئەنجامی پێگەیشتنێکی خۆیی‌و ناوەکی‌و سروشتی بێت، بەڵکو جاڕدانی ئیسلامی مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە مشەخۆرییەك بەسەر ئەو بیرانەی لە دەرەوە لەدایك بوون، پاشان هەندێ شتی بۆ زیادکراو گوایە ئەمە بەشێکە لە

کەلەپووری کۆنی ئیسلامی. بێگومان ئەقڵیەتی ئیسلامی سەرسامە بەو بیرانە، بۆیە دەیەوێت بگاتە دەوڵەتە نوێیەکانو کۆمەڵگە نوێیەکان.

پێکهاتەی ئەم دەوڵەتو سیستمە سیاسییانەو ئەو دۆخەش کە تەحەکومیان پێدەکات، تا ئەم ساتەوەختەش ڕێگەمان پێنادات بتوانین قسە لەسەر بوونی مافەکانی مرۆڤ لەو ناوچانەدا بکەین. مومکین نییە باسی بوونی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا بکەین ئەگەرچی ئەوان وای نیشان دەدەن پەرۆشی ئەم مەسەلەیەنو بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکاندا باسی دەکەنو لە ڕووکاردا داکۆکیی لێدەکەن[98]. بەڵام ئەم هەرایە لەسەر مافەکانی مرۆڤ جگە لە خستنەڕووی هەندێ دەستەواژەی ئاڵۆواڵا شتێکی تر نییە لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵگایانە بە دەستی کێشەیەکی تر دەناڵێننو کۆمەڵێ پێداویستی تر هەیە کە دەبێ بۆیان دابین بکرێت[99]. ئێمە لەم ئاستەدا هەڵوێستی زۆربەی ئەو حکومەتو ڕژێمانە دەزانین لە بەرامبەر کۆمەڵەی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، ئەم جۆرە ڕێکخراوانە (لە چەشنی گروپەکانی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ) لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا دامەزراوەو ئەو وڵاتانەش وەك ئیلتیزامکردن بە مۆدێرنەو پێشکەوتن، لە سەرێك پشتگیریی دەکەنو لە سەرێکی تر لەوە دەترسن پێشێلکارییە زۆرو زەوەندەکانیان ئاشکرا بکرێت.

تێبینی ئەوەش دەکەین کە وڵاتانی خۆرئاواو کۆمەڵگاکانیان پتر سەرقاڵی خۆیاننو سەرقاڵی پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆیاننو کەمتر ئامادەیی ئەوەیان هەیە یارمەتیی میللەتانی تر بدەن لە دابینکردنی پلە بە پلەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ. من باوەڕم وایە لێرەدا دوو زەمینەی گونجاو هەیە بۆ پشتگیریکردنی هاوکاریی نێوان خۆرئاواو جیهانی سێیەم:

*__یەکەم:__* لێرەدا زەمینەیەك هەیە بۆ هاوکاریی سیاسی کە دەبێ پێشوەخت، لە پێناوی بەدیهێنانیدا، گۆڕانکارییەکی تەواو لە ستراتیژدا ئەنجام بدرێت سا لە لایەنی خۆرئاوادا بێت یاخود لە لایەنی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا. ئەمرۆ هەموویان باسی زەرورەتی ڕێزگرتن لە مافەکان دەکەن وەك مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و هەروەها مافی گەلان لە پەرەپێدانو پێشکەوتن. لە بەرامبەر هەموو دانپیانانێك بە مافێك لە مافەکان، پێویستە ئێمە هەست بە لێپرسراوێتی پراکتیزەکردنیدا بکەین، واتە دەبێ لە ڕووی عەمەلییەوە کاری بۆ بکەین، نەك تەنها لە ئاستە تیۆرییەکەیدا بووەستین. بەڵام من تێبینی ئەوە دەکەم کە ئەم بەرپرسیارێتییە پێویستو گرنگە لە هاوکاریکردندا بوونی نییە نە لەم لاو نە لەولا. وتم بەرپرسیاریی پێویست، چونکە لە پێناوی ئەوەی ئەو پرەنسیپە جوانە پراکتیزە بکەین کە ماف بە میللەتان دەدات خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئێمە ئەوەش دەزانین کە بە ناوی ئەم پرەنسیپەوە چ هەڵەیەکی گەورەو چ زیادەڕۆیی‌و پەرگیرییەك کراوە. لە ڕاستیدا بە ناوی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینەوە چەندین تاوانی گەورە ئەنجام دراوە بێئەوەی کەسێك یان لایەنێك هەوڵی ڕێگەگرتنی لەو تاوانە دابێت، بە پاساوی ئەوەی نابێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دی وەربدرێت. ئەمە چ نیفاقو دووڕووییەکە! دەبینین لە پاش سەربەخۆییشدا جەخت لە مافی میللەتانی "پاشکەوتوو" دەکرا بۆ پەرەپێدانو پێشکەوتن. بەڵام کام پەرەپێدانو کام پێشکەوتن؟ ئەوەی ئەنجام دراوە بریتی بووە لە چەندین کارەساتو نەهامەتی بە چەندین شێوەو ڕەنگی جیاجیا. خۆرئاوایش کێشەکانی ئەو میللەتانەی بەلاوە گرنگ نەبووە بەڵکو گرنگ ئەوە بووە بەرهەمو شمەکەکانی بخاتە بازاڕی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانەوە بەبێ گرنگیدان بە دۆخی بەشەریو ڕۆشنبیریی ئەو میللەتانە. ئەمە وەکو لە سەردەمی شادا سەبارەت بە پەرەپێدانی ئێران ڕووی دا، هەروەها سەبارەت بە پەرەپێدانی هەندێ وڵاتی عەرەبیش. دەبێ جارێکی تر بیر لەو فەلسەفە سیاسییە بکەینەوە کە لە پشتی ئەو کێشەیەی نێوان خۆرئاواو وڵاتانی جیهانی سێدا پەنهانە. ئەمەش بێگومان پێویستیی بەوەیە پێشوەخت جۆرێك لە هاوکاری لە ئاستی سیاسیدا هەبێت. جا بۆئەوەی ئەم هاوکارییە بێتە دی، دەبێ یەکەم جار گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ئەقڵیەتەکانو لە جۆری بیرکردنەوەکاندا ڕووبدات،

هەروەها دەبێ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ستراتیژە سیاسییەکانو لەو ئامێرە کولتوریو ئەقڵییەدا ڕووبدات کە لە ڕابردوویەکی نزیكو دوورەوە بەمیرات وەرگیراوە[100].

دووەم: لێرەدا جۆرێکی تر لە هاوکاریو هاریکاری هەیە کە هیچی لەوەی یەکەم کەمتر نییەو بە بۆچوونی من مەرج بۆ هاوکاریی یەکەم دادەنێتو تەحەکومی پێوە دەکات، ئەویش بریتییە لە: هاوکارییەك لە هێنانەوە پێشی کەلەپوری هاوبەشی ئاینیی کۆمەڵگە کتێبدارەکان. لێرەدا مەبەستم لە وشەی هێنانەوەپێش، واتە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لە دیاردەی ئاینی بە گشتیو لە کەلەپوری هاوبەشی هەرسێ ئاینە سەرەکییەکە لە میانی فراوانترین تێڕوانینەوە. بەڵام مادامەکی ئەمڕۆ خۆرئاوا پێی وایە ئیسلام نامۆیەکی کولتوریو ئاینییە[101] و لە شوێنێکی تردا —واتە دوور لەوان-بوونی هەیە، واتە لە شوێنێکدایە پەیوەندیی بە ئەزموونی ئاینیی خۆرئاواوە نییە، مادامەکی لاهوت یان تییۆلۆجیای مەسیحی، بە شێوەیەکی ڕیشەییو ڕەخنەگرانە، گرفتی سروش ناخاتەڕوو لە ڕێگەی گرێدانیەوە بە دیاردەی کتێب وەکو دیاردەیەکی کولتووری، مادامەکی خۆرئاوا ئەم شتانەی نەکردووە، ئەوا زەحمەتە بتوانین، سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤو مافو ئەرکەکانی، بەرپرسیاریی هاوبەشمان لە ئەستۆ بگرین. من پێشتر هەر لەم جێگایەداو لە بارەی مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا داوای ئەو چەشنە هاوکاریو هاریکارییەم کردووە. سەرلەنوێ جارێکی تریش دووپاتی دەکەمەوە کە دەبێ چەشنێك لە هاوکاری لە بواری توێژینەوەو فیکرو کارکردندا بێتە ئاراوە، چونکە ئەم هاوکارییە مەرج بۆ جۆری ئەو چارەسەرکردنانە دادەنێت کە بۆ گیروگرفتە زۆرو زەوەندەکان خراونەتە ڕوو، مەبەستم چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی کە پێکەوەژیانی نێوان موسڵمانانو جولەکەو مەسیحییەکانو عەلمانییە خۆرئاواییەکان دەیخاتەڕوو، سا لە خۆرئاوادا بێت یاخود لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بێت.

## دواجار، چی بکەین؟

ئێستا، لە فەرەنسەدا دەتوانین چ شتێك لە ڕووی عەمەلییەوە ئەنجام بدەین؟ کۆششەکان بە چ ئاراستەیەکدا ببەین تا بە باشترینو بە خێراترین شێوە موسڵمانان تێکەڵی کۆمەڵگایەکی بە عەلمانیکراو بکەین؟ دەبێ سەرەتا دان بەوەدا بنێین کە موسڵمانان لە فەرەنسادا مافی قسەکردنیان نییە. مافی قسەکردن بۆ ژمارەیەکی کەمی ئەو ڕۆشنبیرانەش دەستەبەر نەکراوە کە تەنها ئەو توێژە دەگمەنە دەتوانن بەراوردێکی زانستی ئەنجام بدەن لە نێوان دەستکەوتە ئیجابیەکانی بیری عەرەبی — ئیسلامی لە سەرێكو لە سەرێکی تر شوێنگەی بیری فەرەنسی لە بواری بۆ نموونە عەلمانییەتدا. بەڵام سەبارەت بە کرێکارە کۆچبەرەکان، ئەوا بە هۆی دۆخی خراپو ئاستی نزمی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسییان، توانای ئەوەیان نییە داواکارییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ورد گەڵاڵە بکەن، تەنها لە ڕێگەی هاوارو پرۆتیستۆو ناڕەزاییو دروشمەوە نەبێت. (لەم بارەیەوە بڕوانە داواکاریی ئەوان بۆ تەرخانکردنی چەند جێگایەك بۆ نوێژکردن، یان داواکارییان بۆ ڕێزگرتنی پۆلیس لێیان، یان بەدەستهێنانی ناسنامەی فەرەنسیو.. هتد). کەچی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی فەرەنسیو وڵاتە خۆرئاواییەکانی تریش ئەو خەیاڵدانە نێگەتیڤە بەهێز دەکەن کە لە دژی ئیسلامە، یان با بڵێین ئەو وێنە نێگەتیڤییە لەسەر ئیسلامو عەرەب گەورە دەکەن. هەروەها ڕۆڵی ئەو ڕۆشنبیرە جیدییانەش کەم دەکەنەوە کە هەر ئەوان دەتوانن مەسەلەکان بە شێوەیەکی ڕوونو پێویست بخەنەڕوو. دەتوانم هەندێ نموونەی ورد بهێنمەوە لە ڕۆژنامەی لۆمۆند یان ئێکسپرێس یان گۆڤاری لویدیبا. لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەی فەرەنسیدا، دەبێ ئەو سانسۆرە خودییە لەبەرچاو بگرین کە موسڵمانان لە بەرامبەر خۆیاندا پرۆسەی دەکەن، واتە تەنها ئەو شتانە دەڵێن کە بە ئاسانی تێدەپەڕنو هیچ گرفتێك ناخولقێنن. بەم جۆرە دەبینین، سەبارەت بەم مەسەلەیە، بە زەحمەت قسەی جیدی دەکرێو وەردەگیرێ. دەبێ بەردەوام خەبات بکەین لە پێناوی ڕزگاربوون لە تابووە ئاینیو سیاسییەکان بەڵام بێئەوەی لە لایەن ئاینەکەی خۆمانو لەلای نەتەوەکەمان دوور

بخرێینەوە یان بخرێینە پەراوێزەوە[102]. بە باوەڕی من دەبێ بە یەك ئاراستە بۆ ئەم دوو ئامانجەی خوارەوە هەوڵ بدەین، یان با بڵێین ئەم دوو ئامانجە تێکەڵ بکەین:

1-لێرەدا مەسەلەیەك هەیە بە شێوەیەکی تایبەتی پەیوەستە بە تایفەی ئیسلامییەوە، ئەو تایەفەیەی چووە ناو جەنگێك لەو جەنگە دەچێت کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا کرێکارانی خۆرئاوا لە دژی کەنیسە هەڵیانگیرساند. ئەمە جەنگێکی سیاسیو فیکرییە دەشێت بە چەکی جیاجیا بکرێت، مەبەستم لە چەکی جیاجیا ئەو چەشنە کۆششو خەباتکردنانەی خوارەوەیە: یان لە میانی حیزبە سیاسییەکانەوە، یان لە میانی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی بە کۆمەڵە ئایینییەکان ناسراون، یاخود لە میانی هۆیەکانی ڕاگەیاندندا بێگومان ئەو کاتەی بۆمان دەرەخسێ بگەینە ئەوێ، یانیش لە میانی داهێنانی هونەریو فیکری. ئەوەیشی لەم ئاستەدا گرنگو بە پەلەیە دروستکردنی رایەکی گشتییە وەکو ئەوەی لە سەدەی هەژدەیەمدا نووسەرانو فەیلەسووفانی فەرەنسە دروستیان کرد. بوونی "ڕای گشتی" شتێکی پێویستو بنچینەییە لە پێناوی پرۆسیسەکردنی دیموکراسیەتو خۆڕاهێنان لەسەر دیالۆگو گفتوگۆ کە ئەمڕۆ ئەو چەشنە دیالۆگە لە نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگەی مەدەنیدا بوونی نییە.

2-ئامانجی دووەم پەیوەندیی بە ئاستێکی فراوانترو گەورتر هەیە، ئەو ئامانجەش ئاستی دیالۆگە لە نێوان کولتورەکانداو بگرە ئەو دیالۆگەش کە سنوورەکانی کولتووره تایبەتمەندەکان تێدەپەڕێنێت. ئەمڕۆ مومکین نییە مرۆ بە تەنها لە ڕێگەی تایەفە ئایینییەکەی یاخود لە ڕێگەی میللەتو نەتەوەکەیەوە بگاتە سەقامگیریو ئارامیو ڕزگاری. بەڵکو دەبێ بەهاو ناسنامە تەقلیدییە بەمیراتبۆماوەکان تێپەڕێنین، واتە پێویستە لە سەرمان سنورەکانی ئەو ناسنامە تەقلیدییە دێرینانە ببڕین کە لەناو هەموو گروپو تایەفەو نەتەوەو مەزهەبێکدا نیشتەجێیە. هەروەها دەبێ ڕەخنەگرتن لە بەها کۆنەکان گەورەترو فراوانتر بکەین. من بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە دەبینم ئەمڕۆ بە شێوەیەکی سادەگۆییو خێراو ئاسان باسی گەڕانەوەی ئایینەکان یان هەستانەوەی ئایینەکان دەکەن. ئەم هەستانەوە ئایینییە لە ڕووی ئەقڵییەوە شتێکی وەهمییەو بگرە تەنانەت ترسناکیشە، چونکە ئەمە جۆرێك لە زەوتکردنی ئەفسانەییو سیاسیی فاکتەری ئایینی دەنوێنێت. بۆیە وایدەبینم جەنگ لەناو هەر کەلەپورێکدا دەبێ درێژبێتەوەو لە ڕێگەی دیالۆگی کولتورەکانەوە دوورتر بڕوات، هەروەها لە ڕێگەی بەراوردکردنی نێوان گۆڕەپانە فیکرییە جیاجیاکان کە هێشتا کەس پێی تێنەخستووە تەنها لە لایەن توێژەرە دوورەپەرێزەکانەوە نەبێ بۆ نموونە خۆرهەڵاتناسەکان. من ئەمە دەڵێمو بیر لەو لایەنە بێهێزو سنوردارانە دەکەمەوە کە زانستە جیاجیاکانی گرتۆتەوە، بۆ نموونە زانستی وەکو ئەدەبی گشتیو ئەدەبی بەراوردکاریو مێژووی بەراوردکاریی ئایینەکانو مێژووی جیهانی ناوەڕاست کە بە سیفەتی ئەنترۆپۆلۆجیایەك بۆ ڕابردوو وێناکراوە. هەروەها بیر لەو ڕەخنەیە دەکەمەوە کە عەقڵی عەلمانی دەیکات، یان ڕەخنەی ئابووریی سیاسی کە پێدراوە تایبەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە لەبەرچاو ناگرێت کە بە کۆمەڵگەی تازەپێگەیشتوو ناودەبرێت.. هتد. لێرەدا بابەتێك هەیە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێکی ڕۆشنبیریو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانێکی ڕەگوڕیشەیی لە گۆڕەپانی ئەقڵیی فیکری نوێدا.

من دەزانم ئەو کارەی لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەم، ئێستا لە خۆرئاوادا، بە هۆی کۆششی ژمارەیەکی ڕوو لە زیادی بیریارانو توێژەرانو هونەرمەندانو نووسەران، لە قۆناغی جێبەجێکردندایە. ئێمە ئەمڕۆ لە فەرەنسەو ئەورووپاو بە شێوەیەکی گشتی لە خۆرئاوادا کۆمەڵێ پێداچوونەوەی گرنگو کۆمەڵێ دابڕانی یەکلاکەرەوە دەبینین لەگەڵ ئەو وێناو بیروباوەڕو هەڵوێستو تیۆرانەی لە ڕابردوودا بۆ ماوەیەکی درێژ باڵادەست بوون (واتە دابڕان لەگەڵ وێناو تیۆرە کۆنەکان) کە پێشتر بە تیۆرو وێنای "زانستی" و "گەردوونی" دادەنران. بەڵام هێشتا دۆزینەوەو خاڵە پێشکەوتووەکانی توێژینەوە، کە لەم دواییەدا لە خۆرئاوا بەدی هاتوون، لە چەند ڕووبەرو بازنەیەکی بەرتەسکی پسپۆڕانو توێژەراندا قەتیس کراوە. ئەو بیرو ڕۆشنبیرییەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراو بڵاوی دەکەنەوە، بە ئەندازەیەکی زۆر کەم

سوود لەو بیرە نوێیە وەردەگرن کە پێیان وایە بیرێکی زۆر قورسە. ئەو بۆچوونەی بەڕێوەبەرانی ئەو تەلەڤیزیۆنانە هەیانە کە پتر ملکەچی زەوق و ئارەزووی ژمارەیەکی هەرە زۆری خەڵکین، دەگاتە ئاستی بنیاتنانی دیوارێك لە نێوان ڕۆشنبیریی جەماوەری و ئەزمونگەری و ئایدیۆلۆجی لە سەرێك، ، و نێوان ئەو کۆششانەی دەیانەوێ سنوورە کولتوری و ڕۆشنبیرییەکان ببڕن و ڕەخنەیەکی فیکری جێگیر بکەن کە مۆدێرنە هێناویەتییە ئاراوە، لە سەرێکی تر.

ئەگەر لەم تێڕوانینەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، دەتوانین بڵێین لێرەدا دابەزینێك لە ئاستی بارودۆخی ڕۆشنبیریی هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە ملکەچی هەمان دەسەڵاتی هۆیەکانی ڕاگەیاندنن. پاشان دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی عەرەب و موسڵمانە هاوچەرخەکان زۆر بە توندی هەموو خواستنێك لە فیکری ئەوروپی و خۆرئاوایی ڕەت دەکەنەوە. لە واقیعدا ئەوان ئاگایان لە ڕەوتە فیکرییە هەرە نوێیەکان نییە و بێئاگان لەو بیرە تازانەی بە داهێنانێکی جوانەوە خزمەتی گەورە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکەن و لە ڕاستیدا ئەوان هیچ شتێك لە بارەی فیکری خۆرئاواییەوە نازانن تەنها ئەو نموونە سادە و ڕووکەشانەی بیری خۆرئاوایی نەبێت کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە.

بەم جۆرە دەبینین نیگامان بۆ هەر لایەك هەڵبخەین، کۆمەڵێ ئەرکی قەبە و قورس لە بەردەمی خۆماندا دەبینین کە چاوەڕێی کەسانێك دەکەن جێبەجێیان بکەن و ئەو ئەرکە قورس و گرنگانە لە ئەستۆ بگرن. بەڵام ئەو ئەرکانە ئەرکگەلێکن شەهیە و ئارەزوو دەکەنەوە و شوێنی بایەخپێدانی ئەو کەسانەیە ئازایانە و بێترس خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن و شانی دەدەنەبەر. ئەم ئەرکە قورس و گرنگانە پێویستیی بە سەرجەم وزە و ئەقڵە ڕۆشنەکانی ئەم چەرخە هەیە و پێوسیتیی بە گەورەکردن و زیادکردنی کۆششەکان هەیە تا ڕووبەرو پانتاییەکی زیاترو ئازادتر بۆ بارودۆخی مرۆڤایەتی بێتەدی.

تێبینی: هاشم ساڵح ئەم وەرگێڕانەی لە ڕێکەوتی 1989/11/19 لە پاریس تەواوکردووە.

## پەراوێزەکانی هاشم ساڵح:

1-ئاشکرایە ئەو جەماوەرەی محەمەد ئارکۆن قسەیان بۆ دەکات جەماوەرێکی فەڕەنسییە، یان جەماوەری توێژەران و ئەو کەسانەی بایەخ بەم مەسەلانە دەدەن و موتابەعەی ئەو سیمینارانە دەکەن کە سێنتەری تۆماس مۆر لە نزیك شاری لیۆن ڕێکی دەخات. عادەتی ئارکۆن ئەوەیە کاتێ قسە بۆ جەماوەرێك دەکات زیاتر ڕەخنە لە کەموکورتییەکانیان دەگرێت نەك موجامەلەیان بکات و کارە باشەکانیان بژمێرێ. بۆ نموونە کاتێ قسە بۆ موسڵمانان و عەرەبەکان دەکات، ڕەخنەیان لێ دەگرێ و ئەو وێنە هەڵەیەیان نیشان دەدات کە لە بارەی خۆیان و لە بارەی ئەوروپییەکانەوە هەڵیان گرتووە. کاتێکیش قسە بۆ جەماوەرێکی ئەوروپی یان فەڕەنسی دەکات، ڕەخنە لەو وێنە سەلبییە دەگرێ کە ئەوان لەسەر موسڵمانان و عەرەب هەیانە. لێرەدا خەوشی فەڕەنسییەکان دەردەخات کە لە ماوەی ئەزموونی دوورودرێژیان لە داگیرکردنی جەزائیردا پەند و عیبرەتیان وەرنەگرتووە، واتە (دیالۆگی کولتوورەکان)یان دروست نەکردووە کە دەبوایە دیالۆگی ڕۆشنبیرییان لەگەڵ عەرەب و ئیسلامدا دابمەزراندایە، لەوانەیە هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستەی کە کەسی پێشکەوتوو و بڵند و سەرکەتوو پێی وایە لە پێش کەسێکەوەیە کە کەمتر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. بەڵام ئەمەش پاساو نییە بۆ هۆی دواکەوتنی ئەو دیالۆگە چاوەڕوانکراوەی: عەرەبی-ئەوروپی، یان بە گشی دیالۆگی ئیسلامی-ئەوروپی.

2-لێرەدا مەبەست لە ئیپستیمۆلۆژیا (Epstemologie) زانستی تیۆری مەعریفە، یان فەلسەفەی مەعریفەیە، نەك مەعریفە لە خۆیدا، بەلکو ئەو مەرجە سەرەتاییانەی وا لە مەعریفە دەکات شیاوی هەبوون بێت. لێرەدا ئارکۆن

بانگەشەی ئیپستیمۆلۆژیایەکی نوێ دەکات کە دژی ئیپستیمۆلۆژیای ڕابردووگەرایی یان کلاسیکییە. ئەم ئیپستیمۆلۆژیا نوێیە ئەمڕۆ لەسەر دەستی ژمارەیەك لە توێژەرە پێشەنگەکان لە سەرانسەری دنیادا گەلاڵە دەبێت و زۆر لە جاران فراوانتر و قبوڵکراوترە، چونکە دەیەوێ ئەو سنوورە چەسپیوانە بسڕێتەوە کە کولتوور و میللەتە جیاواز جیاوازەکان لە یەکتر دەترازێنێ. هەروەها ئەمە ئیپستیمۆلۆژیایەکی ڕەخنەگرانەیە، واتە ئامادەیە بەردەوام بگەڕێتەوە بۆ هەنگاوەکانی پێشووی لە پێناوی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی. دیسان ئەمە ئیپستیمۆلۆژیایەکی کراوە و دینامیکییە نەك داخراو و ستاتیك.

3-واتە بە هۆی ئەوەی کە ئارکۆن لە خێزانێکی ئیسلامی و لەنێو کەلەپوورێکی ئیسلامی (لە جەزائیر) لەدایك بووە و گەورە بووە. بیرۆکەی باوی جەماوەری گشتیی خۆرئاواش ئەوەیە کە:" مومکین نییە موسڵمان ببێت بە کەسێکی عەلمانی کەچی مەسیحییەك یان جولەکەیەك بە ئاسانی دەبێت بە کەسێکی عەلمانی". هەموو هەوڵی ئارکۆنیش ئەوەیە تا پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنێت: واتە موسڵمانیش هەروەکو جولەکە و مەسیحی دەتوانێت ببێت بە عەلمانی، موسڵمان لە ڕابردوودا —ئەوکاتەی خاوەنی شارستانییەت بووە- ئەم مەسەلەیەی سەلماندووە.

4-ئەمە مانای وایە چەمکی عەلمانییەت، بەپێی ئارکۆن، هاوواتای چەمکی ئازادییە. بەڵام ئازادی و هەروەها عەلمانییەتیش هەمیشە مەرجدارن، ئەگەرچی ئەو مەرجدارییە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین عەلمانییەت لە ڕۆژگاری مەئمون و موعتەزیلەدا بوونی هەبووە، زۆر زیاتر لەوەی ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا هەیە. ئەو پرسیارانەی موعتەزیلەکان لەو سەروبەندەدا ڕووبەڕووی قورئانیان کردەوە، مومکین نییە ئەمڕۆ پرسیارگەلێکی لەوجۆرە لە هیچ ناوەندێکی کولتووریی عەرەبی یان ئیسلامی بخرێتەڕوو. پاشان عەلمانییەت، بە دیاریکراوی، بریتییە لە هەڵوێست لە بەرامبەر مەعریفەدا. ئەمە هەڵوێستێکە دەیەوێت تا ئەندازەیەکی گەورە ئازاد و کراوە بێت، یان تا ئەو ئەندازەیەی نەك تەنها مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەی پێدەدەن، بەڵکو ئەو پێشکەوتنە مەنهەجیی و مەعریفی و تەکنیکییەش کە لە زەمەنێك لە زەمەنەکان یان لە شوێنێکدا باو و بڵاوە. لە بەرامبەردا دەتوانین بڵێین زەحمەتە – ئەگەر نەڵێین مەحاڵە- بە شێوەیەکی بابەتی و ماقووڵ باسی ئیسلام و شارستانییەتەکەی بکەین لە بەردەم جەماوەرێکی ڕاستڕەوی پەڕگیری فەرەنسیدا. هەروەکو مەحاڵیشە بە شێوەیەکی مێژوویی باسی فیرقە ئیسلامییە جیاوازەکان بکەین لە بەردەم جەماوەرێکدا کە پێکهاتبن لە کەسانی ناو ئیخوان موسلمین یان فەندەمینتالیستە شیعەکان یان ئەو فیرقە ئیسلامییانەی تر کە لەسەر یەقینیاتی دۆگمایی و ئەرتۆدۆکسی خۆیاندا نووستوون.

5-ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو حوکمە پێشوەختەی گوایە ڕەگەزی ئەورووپی مەسیحی بە شێوەیەکی جەوهەری و ئەزەلی لە سەرووی ڕەگەزی عەرەبی ئیسلامییەوەیە.

6-لێرەدا ئارکۆن مەبەستی لە دابەشکردنی یاسایی: جیاکردنەوەی کەنیسەیە لە دەوڵەت. ئارکۆن پێی وایە عەلمانییەت شتێکە زۆر لەمە گەورەتر و قووڵتر و فراوانترە. ڕاستە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت زۆر پێویستە بۆئەوەی یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا بێتە دی و چینێکی پتەوی کۆمەڵگای مەدەنی پێکبهێنرێ، بەڵام عەلمانییەت هەموو ئەمانە دەگرێتەوە و هاوکات دوورتریش دەڕوا وەك دواتر ڕون دەبێتەوە. بەهەرحاڵ، فەرەنسە ماوەیەکی زۆرە ئەو ئەرکانەی جێبەجێ کردووە، بەڵام ئێستا ئیتر دەبێ قۆناغی دووەمی عەلمانییەت جێبەجێ بکات، کەچی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان تا ئەمڕۆش نەیانتوانیوە نە قۆناغی یەکەم و نە قۆناغی دووەم جێبەجێ بکەن.

7-ئەمە مانای وایە ئەوەندە بەس نییە مەعریفە بەرهەم بهێنین و ڕاستییەکان کەشف بکەین، بەڵکو دەبێ ئەوەش بزانین کە چۆن بیانگەیەنینە جەماوەر. لێرەدا سەرجەمی گرفتی پەیوەستکاری (یان کۆمیونیکەیشن) لە کۆمەڵگا

مۆدێرنەکانـدا خـۆی دەخاتـەڕوو. بەشـێکی زۆری توێـژەران لـە پـەراوێزدا دەمێننـەوە ئەگـەر نـەزانن چـۆن دەرەنجـامی توێژینەوەکانیان بگەیەننە جەماوەری پان و بەرین.

8-ئـارکۆن لێـرەدا ئامـاژە بـەو ململانێیـە دەدا کـە لـە سـاڵی (1984)دا و لـە سـەردەمی سۆشیالیستەکاندا لـە نێـوان لایەنگرانی قوتابخانەی تایبەتی (کاتۆلیکی بە شێوەیەکی بنچینەیی) و قوتابخانەی گشتیدابەرپا بوو. ئـارکۆن وای دەبینـێ پێویستە سەرلەنوێ گرفتی عەلمانییەت بە شێوەیەکی جیاواز بخرێتە ڕوو. ئێستا ئەمڕۆ هەندێ لە توێـژەران و بەرپرسـە گەورەکانی فەرەنسە باسی پێویستبوونی گەلاڵەکردنی "عەلمانییەتی نوێ" دەکەن.

9-ڕەنگە ئارکۆن لێرەدا لە بەرامبەر فەرەنسییەکان دڵرەق بووبێ. ئەزموونی عەلمانییانەی فەرەنسە یەکێکە لە هەرە ئەزموونە کۆنەکانی مێژوو وەك دواتر ڕوون دەبێتەوە. بـەلام لێـرەدا هەمیشـە جیاوازییـەك لـە نێوان نموونـە و واقیعـدا هەیـە، یـان لـە نێـوان تیـۆر و / پراکتیـك. ئـەمڕۆ فەرەنسییەکان هەوڵدەدەن عەلمانییـەتێکی نـوێ گەلاڵـە بکـەن کـە زۆر فراوانتر بێ لە عەلمانییەتی سەدەی نۆزدە، بەلام بەبێ هیچ تەنازولێك لـەو دەسـتکەوتە ئیجابیانـەی عەلمانییـەتی سـەدەی نۆزدەهـەم بـە دەسـتی هێنـاون کـە بـوارێکی گـەورەی بـۆ پێکهێنـانی فەرەنسـای نـوێ ڕەخسـاند و جەنگـە ئـاینی و مەزهەبییەکانی لەناوبرد (بە تایبەتی جەنگی نێوان کاتۆلیك و پرۆتستانت). بـەلام سروشـتی ئـارکۆن ئاوایـە، کاتـێ قسـە بۆ جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات لە بەردەمی خۆیاندا بە توندی ڕەخنەیان لێ دەگرێ.

10-مەبەستی ئارکۆن لە عەلمانییە پەرگیرەکان ئەو کەسە پەرگیرانەن کە خوێنـدن و توێژینـەوەی هـەر ئاینێـك ڕەت دەکەنەوە تەنانەت ئەگەر لە گۆشەنیگای کولتووری و مێژوویشەوە بێت. ئاینەکان –بە بۆچـوونی ئـەو کەسـانە- دەبـێ بـە تەواوی ڕەت بکرێنەوە نەك تەنها وەك سرووت و پەرستن (بێگومان لە قوتابخانە گشتییەکاندا) بـەڵکو وەك بابـەتیش بـۆ لێکۆڵینـەوەی زانسـتی. بـەلام ئـەمڕۆ فەرەنسییەکان باسـی ئـەوە دەکـەن کـە پێویسـتە "بابـەتی مێـژووی ئاینـەکان" لـە قوتابخانـە گشـتییەکاندا بخوێنرێـت لەگـەڵ دوورخسـتنەوەی فێرکردنـی سـرووت و پەرسـتنی هـەر ئاینێـك. بێگومـان سرووتەکان لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا مومارەسە دەکرێن (واتە لـە کەنیسـە و پەرسـتگا و کنێست و مزگـەوت) نـەك لـە فەزای گشتی کۆمەڵگا یان لە قوتابخانەدا. نابێ بـە هـیچ جـۆرێ منـدالان لەسـەر تەفریقـەی ئـاینی و تایـەفی و مەزهـەبی ڕابهێنرێن، دەنا جەنگی ناوخۆیی دەبێ بە شتێکی حەتمی، فەرەنساش لە ڕابردوودا نرخێکی زۆری بۆ تەفریقەی ئـاینی و مەزهەبی داوە.

11-موسڵمانەکان گاڵتە بە بیری عەلمانییەت دەکەن و پێیان وایە ئەمە شتێکە تایبەتە بە مەسیحییەکان و ئەمان پێویستیان پێ نییە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئیسلام –وەك ئەوان دەڵێن- بریتییە لە (دین و دونیا). سەیر ئەوەیە خۆرهەلاتناسەکانیش هەر هەمان شت دووپات دەکەنەوە، وەك بڵێی مەسیحییەت بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و تا سەدەکانی مۆدێرنە بریتی نەبووبێت لە (دین و دونیا). پاشان موسڵمانەکان دەڵێن عەلمانییەت لە بنەڕەتدا لە دژی کەهەنوت (پیاوانی کەنیسە) هاتۆتە ئاراوە و جا لەبەرئەوەی ئەم چینە لە ئیسلامدا بەو شێوە هەرەمی و پلەدارییە بوونی نییە، لەبەرئەوە عەلمانییەت هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە. خۆ ئەگەر بشڵێیت پرۆتستانت ئەو پێکهاتە هەرەمییەیان نییە کە لەلای پیاوانی ئاینی کاتۆلیکیدا هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا دان بە عەلمانییەتدا دەنێن، ئەوا لەم کاتەدا نازانن وەلام بدەنەوە. ئەمە جگە لەوەی ڕاست نییە بڵێیت چینی کەهنوت (یان شێخ و مشایخ) لە ئیسلامدا بوونی نییە. ئەمە لە ئیسلامیشدا هەیە بەلام بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی لەلای کاتۆلیکدا هەیە. هەموو مەشایخەکان هەمان پلە و گرنگییان نییە. بۆ نموونە فەتوای شێخی ئەزهەر زۆر گرنگترە لە فەتوای شێخێکی ئاسایی، سەرباری ئەوەی سیستمێکی پلەداریی هەرەمی لەلای شیعەدا بوونی هەیە.

12-لێرەدا مەبەست لە "بێلایەن" کەسێکە گوێ بە هیچ نادات و هەموو ئاینەکان ڕەت دەکاتەوە و نایەوێ لە ئاینەکان بکۆڵرێتەوە و هەروەها بەرگەی هیچ بەرپرسیارییەکی مەعریفی ناگرێت. ئەمەش هەڵوێستێکی زۆر ئاسانە و هیچ لەسەر خاوەنەکەی ناکەوێت.

13-لە ڕاستیدا ئەو شتەی ئارکۆن دەیەوێ، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ئاینەکان نەك لێکۆڵینەوەیەکی دابڕاوی مێژووی هەر ئاینێك بە جیا، ئەمە تێڕوانینێکی بەرفراوانی ئەنترۆپۆلۆژییە کە ئارکۆن دەیەوێ بەسەر لێکۆڵینەوەی دیاردەی ئاینیدا بیسەپێنێ، سا هەر ئاینێك بێت و لەهەر کۆمەڵگایەك بێت. بەڵام ئەم تێڕوانینە ئەنترۆپۆلۆژییە بەرفراوانەی کە دیوارەکانی تایبەتمەندی و دەمارگیریی ڕیشەداکوتاوی ناو دەروون دەڕمێنێ، لە لایەن زۆر کەسەوە ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توندوتیژ دەبێتەوە بە هۆی حەنینیان بۆ ڕابردوو و ئولفەتی دێرینەیان بۆ ئەو گوتەزا دەمارگیری و ئاینییانەی لەگەڵ شیری دایکدا خواردوویانەتەوە، ئیدی ئەوانە هەمیشە دەبنە دیلی قاڵبە تیۆلۆژی و لاهوتییە کلاسیکییەکان و ناتوانن لە بەرامبەر تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیای نوێدا بکرێنەوە.

14-بەپێی ئەو تێڕوانینەی ئارکۆن کاری لەسەر دەکات، دیاردەی ئاینی تەنها بەسەر هەرسێ ئاینە یەکتاپەرستییەکانی ئیسلام و مەسیحی و یەهودیدا (واتە ئاینەکانی سرووش) پراکتیك نابێت، بەڵکو ئاینەکانی دیکەی وەکو بودی و کۆنفۆشیوسی و تێکڕای تەجەلیاتی پیرۆزگەرایی کۆمەڵگا بەشەرییەکانیش دەگرێتەوە. چونکە مومکین نییە کۆمەڵگایەکی بەشەری بەبێ پیرۆزگەرایی یان حەرام بوونی هەبێت. ئاینە پلورالیستی و پەیگانیەکانیش وەك سەرجەمی ئاینەکانی دی نوێنەری پیرۆزگەرایین لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا. بەمجۆرە تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیای نوێ (واتە زانستی مرۆڤ و زانستی بەراوردکاری) ئاینە پلورالیستی و پەیگانییەکانیش دەهێنێتە ناو گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە و بایەخپێدانەوە بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە تەقلیدییەی پێشوەخت ئەو ئاینانە ڕەت دەکاتەوە.

15-زانستی ئیتنۆلۆژیا (Ethnologie) زانستێکە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە بە تایبەتی لەو سەروبەندەی کە میللەتانی ئەورووپی لە ڕێگای هەڵمەتی داگیرکاریدا میللەتانی دیکەیان ناسی. ئەم زانستە لە ڕابردوودا تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی ئەو میللەتانەی بە "سەرەتایی" و "دڕندە" و "سارد" ناودەبران بۆ جیاکردنەوەیان لە میللەتانی خاوەن "شارستانییەت" و "مێژوو" و "گەرم". ئێمە ئەو وشانەمان خستە ناو دوو جووت کەوانەوە چونکە شتەکان پتر ڕێژەیین. بەڵام سۆسیۆلۆژیا (زانستی کۆمەڵناسی) تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکان. ئەمڕۆ سنوور و دیوارەکانی نێوان ئەو دوو زانستە ڕووخێنراون، بە تایبەتی لەسەر دەستی چەند بیریارێکی ئازادی وەکو، بۆ نموونە؛ پییێر بۆردیۆ.

16-لەوانەیە هۆی ئەم دوورخستنەوەیە بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەوروپا مەسەلەی ئاینی وەك کێشەیەکی توندی کۆمەڵایەتی و سیاسی (واتە جەنگە ئاینی و مەزهەبییەکان هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە) تێپەڕاندووە.. و ئێستا سەرقاڵی کێشەی دیکەیە. ئەمە لە کاتێکدا تا ئێستاش دنیای ئیسلامی و عەرەبی تێکچڕژاوەتە نێو "جەنگە ئاینی و مەزهەبییەکان". پاشان ئاین لە هەموو شوێنێکدا گرفتێکی هەنووکەیی و ئامادە و سووتێنەر و ترسناك پێکناهێنێ. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لێرەدا جوداییەکی مێژوویی هەیە لە نێوان ئەوروپا و دنیای ئیسلامی. هەندێ کەس ئەو جوداییە مێژووییە لە ڕووی زەمەنییەوە بە (150-200)ساڵ دەپێون، واتە ماوەی نێوان شۆڕشی فەرەنسی و ڕۆژگاری ئەمڕۆ (وەك دەزانرێ شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789دا هەڵگیرساوە).

17-کۆمەڵگاش هەروەکو تاکەکەس، دان بە حەقیقەتی خۆی و بە ڕاستیی پاڵنەرەکانی خۆیدا نانێت، بەڵکو بەردەوام دەیشارێتەوە بۆئەوەی وێنەیەکی تری ڕەونەقدارتر لە بارەی خۆی بخاتەڕوو. بەڵام زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان قودرەتی ئەوەیان هەیە ئەم پرۆسەی خۆشاردنەوەیە ئاشکرا بکەن و ڕووتیان بکەنەوە و دەمامکەکانی سەر ڕوخساری کۆمەڵگا هەڵدەنەوە بۆئەوەی حەقیقەتی ڕاستەقینەی خۆی بە تێکڕای پێکهات و بونیاد و وەزیفەکانی

دەربکەوێت. هەموو کۆمەڵگایەك و هەموو تاکەکەسێك دەمامك دەپۆشێت بۆئەوەی حەقیقەتی خۆی بشارێتەوە و بەو جۆرە خۆی پیشان بدات کە خۆی دەیەوێت.

18-ئامانجی هەموو ئەم قسانەی ئارکۆن یەك شتە: دەرخستنی جیاوازیی ئابڕووبەری نێوان گوتاری ئایدیۆلۆژیی باوی جەزائیر و وڵاتە عەرەبییەکانی تر لە سەرێك، وە لە نێوان ڕاستیی واقیع و هێزە زیندوو و مێژووییەکانی لە سەرێکی تر. لە ڕاستیدا ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییەی بە درێژایی چل ساڵ و بگرە تا ئەمڕۆش باو بووە، گوتارێکە وێنەی ڕاستەقینەی هەموو کۆمەڵگا عەرەبییەکان دەشارێتەوە یان دەیشێوێنێ.

19-بێگومان ئارکۆن نکوڵی لە دیموکراسیبوونی وڵاتانی وەکو فەرەنسە و ئەڵمانیا و بەریتانیا و.. هتد ناکات. بەڵام دەیەوێت بڵێ دیموکراسی هەمیشە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و بەردەوامیش پێویستیی بە دیموکراسییەتێکی زیاترە. کەچی لە وڵاتانی ئێمەدا لانی کەمی دیموکراسیەتیش بوونی نییە. ڕەخنەگرتنی ئارکۆن لە کەموکورتییەکانی سیستمی دیموکراسی بە هیچ جۆرێ بەو مانایە نییە کە لە دژی پرەنسیپی دیموکراسییە.

20-لێرەدا ئارکۆن گۆڕەپانی فیکری لە گۆڕەپانی کولتووری جیادەکاتەوە، ئەگەرچی زۆریش لە یەکدی نزیکن، لە ڕاستیدا گۆڕەپانی فیکری لە فەلسەفە و توێژینەوەی زانستییەوە نزیکترە، بەڵام گۆڕەپانی کولتووری چەند چالاکییەکی هونەری دەگرێتەوە، وەك: چالاکیی شیعری و ئەدەبی و سینەمایی و شانۆیی و سەماو.. هتد.

21-مەبەست لەوەیە هەر زمانێك گوزارشت لە واقیع بکات، بە تەبیعەتی حاڵ ناچارە تەرکیز بکاتە سەر هەندێ لایەنی ئەو واقیعە یاخود هەندێ دیاردەی ئەو واقیعە و هەندێکی تری فەرامۆش بکات. چونکە واقیع زۆر چڕ و زۆر ئاڵۆزترە لەهەر زمان و لەهەر گوتارێك. زمان وەك هێڵێکی ڕاست وایە بەڵام واقیع هەڵدەکشێ و دادەکشێ و لە هەموو ئاڕاستەیەکیدا لقی لێدەبێتەوە.

22-ئەمە واتە ڕیشەی هەموو ئاینەکان یەك ڕیشەیە، یان بە دەربڕینێکی تر ئاتاجی ئاینی دواجار هەر یەك شتە و سەبارەت بە قووڵایی ناخی هەر فەردێك و هەر کۆمەڵگایەکی بەشەری هەمان پێداویستییە.

23-مەبەست لەو قاڵبە تیۆلۆژییە بە میرات بۆماوانەیە کە تایبەتمەندیی هەر ئاینێك جێگیر دەکات و ڕێگە نادات لەگەڵ ئاینێکی دیکە پەیوەندیی هەبێت بۆئەوەی وەکو ئاینێکی دەگمەن دەربکەوێت کە لە هەموو ئاینەکانی تر لە پێشتر بێت. بەڵام لە پشتی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕووی تیۆلۆژییەوە ئاوێتە بووە، یەك ڕەگوڕیشەی قووڵ هەیە کە ئارکۆن لەو ڕیشەیە دەدوێ. هەر ئەو ڕەگوڕیشەیەیە کە مەنهەجی ئەنترۆپۆلۆژیی بەراوردکاری ئاشکرای دەکات و دەست بەسەر ئەو ڕەگەزە هاوبەشانەدا دەگرێت کە لە هەموو بەشەرێکدا هەیە.

24-واتە وابەستەی ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا سەری هەڵداوە و لە ساتەوەختێکی زەمەنی دیاریکراوی ساتەکانی مێژوودا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو دۆخەوە. بەڵام ئیمانداری‌ێکی تەقلیدی پێی وایە کە ئەمە هەر لە سەرەتاوە و بگرە هەر لە ئەزەلەوە هەبووە و بەسەر مێژوو و مێژووگەرایشدا بڵند دەبێتەوە. بەڵام میتۆدی نوێی مێژوو بە ئاسانی چرکەساتی سەرهەڵدانی هەموو سرووتەکانمان بۆ دەردەخات (لە نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و حەجکردن و.. هتد) هەروەها پەیوەندیی ئەمانە بە سرووتەکانی پێش خۆی سا لە کۆمەڵگای کۆنی عەرەبیدا بێت یان لە ئاینە تەوحیدییەکانی تر و تەنانەت لە ئاینە دێرینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش. ئەوەی کە زۆر لە سرووتە دەرەکی و ناوەکییەکانی هەموو ئاینێك قووڵترە بریتییە لەو سۆزە قووڵەی کە لە پشتی یان لەژێر سرووتەکانەوە پەنهانە، دیسان بریتییە لەو ئاتاجە ئاینییە یان ئەو بونیادە بنەڕەتییەی کە بۆ ماوەی چەندین سەدە تێڕوانینی مرۆڤیان بۆ دنیا و دەوروبەرەکەی دیاری کردووە، ئەوەی کە بووە مایەی داهێنانی ئەو پەرستن و سرووتانە.

25-بێگومان نابێت خوێنەر وا تێبگات کە ئارکۆن لێرەدا لە دژی عەقڵ و عەقڵانییەتە. ئەم پیاوە لە مەوقعێکی زۆر پێشکەوتووی ئیپستیمۆلۆژی و عەقڵانیی ئەم چەرخەوە قسە دەکات. باوەڕی ئارکۆن بە عەقڵ و عەقڵانییەت

سنووری نییە. چەمکی عەقڵیش بە بەراورد بە چەرخی کلاسیکی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. میشێل فۆکۆ لە تێزە ناودارەکەیدا لە بارەی "مێژووی شێتی لە چەرخی کلاسیکیدا" مەودای ئەو بەنێویەکداچوونەی دەرخستووە کە لە نێوان عەقڵ/ و ناعەقڵدا هەیە، یان لە نێوان خەیاڵ و شەتەحات لە زەینی هەموو مرۆڤێکدا و تەنانەت لە زەینی عەقڵمەندە گەورەکانیش. واتە عەقڵێکی پەتی و تەمام عەیار و بێگەرد کە تێکەڵ نەبووبێ بە هیچ شتێ، بوونی نییە، ئەمە سەبارەت بە تێڕوانینی ئیپستیمۆلۆژیای نوێ بووە بە چەمکێکی کۆن و بەسەرچوو. عەقڵ پێویستیی بە تەڕایی خەیاڵ و شیرینیی وەهم هەیە بۆئەوەی بجووڵێتەوە و کاربکات و لە گەیشتن بە دەرەنجامێك سەرکەوتوو بێت. بەڵام عەقڵێکی ئەدەواتی و بیرکارییانەی سارد کە چەرخی تێکنۆلۆژیا هێناویەتی بەو پێیەی ئەمە لوتکەی عەقڵ و عەقلانییەتە، ئەمڕۆ دووچاری ڕەخنەگرتنێکی توند بۆتەوە لەسەر دەستی گەورە بیریارانی وەکو یۆرگن هابرماس و قوتابخانەی فرانکفۆرت و بەر لەمانیش ئادورنۆ. لێرەدا عەقڵ هەیەو عەقڵیش هەیە، واتە هەموو عەقڵەکان یەکسان نین. بۆ نموونە کاتێ ئارکۆن لە شوێنێکی تردا چەمکی عەقڵی ئیسلامیی کلاسیکی گەڵاڵە دەکات، ئەوە لەوێدا لە عەقڵێکی تایبەتی دەدوێ کە مەرجدارە بە کات و شوێن و بە تواناکانی ئەو عەقڵە.

26-لێرەشدا دەبێ لەگەڵ ئارکۆندا بین و هەندێ لە بۆچوونەکانی روونتر بکەینەوە بۆئەوەی خوێنەر لە بەدحاڵیبوون و تێگەیشتنی هەڵە دووربخەینەوە، چونکە مەسەلەکە ورد و ئاڵۆز و ترسناکیشە. یەکەم، سەبارەت بە عەقڵی لاهوتیی کە بۆ ماوەی چەندین سەدە دەسەڵاتی بەسەر خۆرئاوادا بەهێز بوو، لەوێدا زانای ئایینی (تیۆلۆژیست) ماهیەتی عەقڵێکی کامڵ و بێ هەڵەی لە ڕێگەی مۆنۆپۆلیزەکردنی تەفسیری دەقەکان، دیاری دەکرد. بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە تێکستە پیرۆزەکان لە بەرامبەر چەندین مانادا کراوەن و مانای جیاواز هەڵدەگرن، قەتیسکردنی تێکستی پیرۆز لە یەك مانادا جگە لە مومارەسەکردنی ستەمکاری شتێکی تر نییە. کەسی ڕاڤەکار (یان زانای لاهوت) ئەویش مرۆڤە و لە هەڵە بێبەری نییە، بەڵام ئەو وا لە خەڵکی دەگەیەنێت کە بێ هەڵەیە. پاشان مۆنۆپۆلکردنی یەك مانای شەرعی لە گۆشەنیگای مەعریفی و تەنانەت لە گۆشەنیگای ئایینیشەوە مەقبول نییە. چونکە لێرەدا چەندین هێڵ یان چەندین تەوژمی تیۆلۆژی لەناو یەك ئایینیشدا هەیە نەك تەنها یەك هێڵ. بۆ نموونە لە ئایینی مەسیحیدا ئەم هێڵ و تەوژمانە هەن: کاتۆلیکی، پرۆتستانتی، ئەرتۆدۆکسی، لەناو ئیسلامیشدا: سوننی، شیعە، خارجی.. هتد. لە دواییدا دیکارت و عەقڵی زانستیی نوێ هاتن و مرۆڤی ئەوروپییان لە دیلی دۆگمایی و مەیلی سکولاستیکی ڕزگار کرد و پاشان دەسەڵاتی خود یان سەروەریی خودیان سەپاند، واتە دەسەڵاتی عەقڵی بەشەری کە بە نێو پشکنین و ئەزموون و پێوانەی بیرکاریی وردا تێدەپەڕێ. ئەو شتەی لێرەدا ئارکۆن ڕەخنەی لێدەگرێ بریتی نییە لەو ڕزگارکردنە گەورەیەی عەقڵ، بەڵکو بریتییە لە گواستنەوەی عەقڵی دیکارتی کە بە تێپەڕبوونی زەمەن بوو بە عەقڵێکی وشك و ڕەق و دۆگما، هەروەکو ئەمە بەسەر هەموو ئەو عەقڵە گەورانەدا دێت کە بزاوتە مێژووییە گەورەکان دادەمەزرێنن. ئەو ڕەخنەیەی ئارکۆن ئاراستەی عەقڵی دیکارتی دەکات، ئەمڕۆ لە نێوەندی ژینگە زانستییە فەرەنسی و ئەوروپییەکاندا بووە بە شتێکی مەقبول بە تایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی توێژینەوەکانی میشێل فۆکۆ و یۆرگن هابرماز و ڕەخنەگرتنی ئەم دوو بیریارە لە سەرجەمگیری یان توتالیتاری عەقڵی کلاسیکی ئەوروپی. کاتێ دیکارت عەقڵی بەتاڵ کردەوە لەهەر عاتیفە و لەهەر خەیاڵێك و پێی وابوو خەیاڵ شتێکە لە دەرەوەی عەقڵدایە، بەمە شارستانییەتی ئەوروپی -واتە شارستانییەتی زانستی و پیشەسازی نوێ‌ی دامەزراند. بەڵام هاوکات کاریگەریی خەیاڵ و تەڕایی خەیاڵی لەناوبرد و دەوری خەیاڵی لە بنیاتنانی شارستانییەت و کارکردندا پووچ کردەوە.

پاشان ئەم عەقڵە لە چەرخی ئەمڕۆماندا —واتە چەرخی ئەمریکی و تێکنۆلۆژی و ئیستهلاکی- گۆڕا و بوو بە عەقڵێکی ئامێری و تەکنیکی بەرتەسك و ژمێرییارییەکی سارد.. تەنها ئەم لایەنەیە کە ئارکۆن ڕەخنەی دەکات نەوەکو

عەقڵ بە شێوەیەکی گشتی یان عەقلانییەتی ڕینیە دیکارت لە چرکەساتی یەکەمی سەرهەڵدانیدا بەر لەوەی ببێت بە ئەرتۆدۆکسییەکی وشك.

27-واتە لێکۆڵینەوەی زانستیی بەراوردکاریی بۆ دیاردەی سرووش هێشتاکە بە شێوەیەکی پێویست دەستی پێ نەکراوە. هەموو تایەفەیەك و هەموو ئاینێکی گەورە لەناو سرووشە تایبەتییەکەی خۆیدا خۆی داخستووە و پێی وایە تەنها سرووشی خۆی سرووشێکی ڕاست و درووستە، سرووشێك لە سەرووی کات و شوێن و مێژووەوە ڕاوەستاوە، هاوکات سرووشی ئاینەکانی تر ڕەت دەکاتەوە و بە سرووشێکی ساختەی دەژمێرێت. ئەم سرووشە لەلای ئەوان ڕەهای حەقیقەتە یان حەقیقەتێکی ڕەهایە. باشە چۆن لەم ئاستەنگە بێینە دەرێ؟ بێگومان لە ڕێگەی کرانەوە لە بەرامبەر ئەوانی دی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری و ئیعتراف کردن بە ئەزموونی ڕۆحی ئایینیەکانی تر و پاشان بە شێوەیەکی تایبەتی تەرکیزکردنە سەر مەسەلەی پەیوەندی نێوان سرووش و مێژوو. ئەو شتەی کە چەرخی پۆزەتیڤیزم لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کردوویەتی بریتییە لە فەرامۆشکردن و لابردنی سرووش بێئەوەی لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی جیدی بۆ ئەنجام بدرێت و گوایە ئەمە سەر بە زەمەنێکە تەواو بووە و بەسەرچووە و ئیتر پێویست ناکات گرنگی پێ بدرێت. بەڵام ئەمرۆ دەبینین بایەخدانێکی مەعریفی نوێ بە دیاردەی ئاینی و بە تایبەتیش بە دیاردەی سرووش سەری هەڵداوە. ئەم بایەخپێدانەش مانای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و شێواز و بەهاکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە تیشکێکی نوێ دەخرێتە سەر دیاردەیەك بەقەدەر مێژوو کۆنە.

28-مارکسیزمی ئەرتۆدۆکسی کاتێ ئەوەی ڕاگەیاند کە فاکتەری ئابووری لە مێژوودا و لە هەموو دۆخێکیشدا فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە، لە ڕاستیدا بە جۆرە پەلەکردنێکەوە مەسەلەکانی یەکلاکردەوە. کاتێکیش ڕایگەیاند کە فاکتەری ئاینی دەچێتە سەر بونیادی سەروو (یان: سەرخان) نەك بونیادی ژێرەوە (ژێرخان)، لێرەشدا دیسان پەلەی کردووە و لێکدانەوەیەکی خێرا و سادەگۆییانەی بۆ مەسەلەکان خستۆتە ڕوو. بەڵام ئەمرۆ ئێمە لە میانی دۆزینەوە گرنگەکانی ئەنترۆپۆلۆژیستە هاوچەرخەکانەوە ئەوە دەزانین کە مەسەلەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن بەو سادەکارییە باسبکرێن. مێژوو لە ڕێگەی تاکە فاکتەرێکەوە یەکلا ناکرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی چەندین کارکرد و فاکتەری دیکەوە تەماشا دەکرێت. هەندێ جاریش —بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ژیان- فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی تر گرنگتر و بایەخدارتر دەبێت. ئەمە جگە لەوەی جاری وا هەیە فاکتەری خەیاڵ یان ئەفسانە یان "سەرخان"دەشێت ببێت بە هێزێکی مادی فشارهێن بۆ سەر چارەنووسی مێژوو و کۆمەڵگا بەشەرییەکان. ئەوسا بونیادی سەرەوە "سەرخان" دەگۆڕدرێ و دەبێ بە بونیادی ژێرەوە، یان "ژێرخان"ێکی ڕاستەقینە.

29-مەبەستی ئارکۆن لە (خەیاڵکراوی گەورە) ئەو وەهمە گەورەیەیە کە دەسەڵاتی بەسەر ئاگایی ملیۆنان کەسدا هەیە، ئەوانەی پێیان وایە مومکین نیە دەسەڵاتێك هەبێت وابەستەی دەسەڵاتی ئاینی نەبێت. سەیر ئەوەیە ئەم وەهمە تا ئەمرۆش بوونی هەیە و بەردەوامە سەرباری سروشتی ستەمکاری و توندوتیژی دەسەڵاتەکان و ڕژێمە سیاسییەکان. بەڵام وردە وردە ئەو وەهمە نامێنێت ئەگەر زانیمان ئەمە لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە شکڵی گرتووە کاتێك فەقیهەکان ڕازی بوون بەوەی بەرگی شەرعیەت بکەن بەبەر دەسەڵاتی نوێدا کە لە ڕێگەی هێزی چەکدارییەوە گەیشتە دەسەڵات نەك لە ڕێگەی شەرعیەتی ئاینی.

پاشان ئەم وەهمە زۆر کۆنە و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە. کاتێکیش وەهمێکی لەو جۆرە لەو سەردەمەوە تا ئەمرۆ بەردەوام دەبێت و بە قۆناغی عەباسییەکان و فاتمییەکان و تورکەکاندا تێدەپەڕێ و دەگاتە ڕۆژگاری ئەمرۆمان، ئەوە دەبێتە یەکێ لە پێدراوە گەورەکانی مێژوو. بەمجۆرە وەهم دەبێت بە حەقیقەتێکی ماتریالی و ڕووی مێژوو دەگۆڕێت.

30-مەبەست لە (گوتاری کۆمەڵایەتی) گوتاری ژمارەیەکی گەورەی خەڵکییە لە کۆمەڵگادا، کەواتە ئەمە گوتاری بە کۆمەڵە نەك گوتارێکی تاکەکەسی، ئەمە گوتاری سەرانسەری کۆمەڵگایە.

31-واتە عەقڵی ئیسلامیی کلاسیکی بەرهەمی کێشمەکێشی نێوان دوو ڕەوت یان دوو تەوژمی ململانێکاری ئەو سەردەمە بوو: تەوژمی ئەهلی حەدیس و نەقڵ/ تەوژمی ئەهلی ڕەئی و عەقڵ (یان: تەوژمی فیقهی/ و تەوژمی فەلسەفی). هەریەکە لەم دوو تەوژمە ناچار بوون هەندێ تەنازول بۆ یەکتری بکەن.

32-لێرەدا مەبەست لە خەیاڵکراوی جەماوەرییە کە لە دوای شۆڕشی فەڕەنسەوە شکڵی گرت و شوێنی خەیاڵکراوی کاتۆلیکی و پاشایی گرتەوە. ئەم جۆرە خەیاڵکراوەیە ئەمڕۆکە ئاگایی ئەو فەڕەنسییە دەجووڵێنێ کە لە قوتابخانەی عەلمانییەتدا خوێندوویەتی و لەناو ئەو کۆمارەدا ژیاوە کە جیل فیری لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دایمەزراندووە. کاتێك دەڵێین "بەهای کۆماری" لە فەڕەنسەدا وەك ئەوە وایە بڵێین "بەهای عەلمانی".

33-ئەم چەشنە باوەڕە لەناو موسڵمانەکان و لە ناوەندی خۆرهەڵاتناسانیشدا بڵاوە، بە جۆرێ بڵاوە کە لەلای ئەوان قابیلی گفتوگۆ نییە! ئەمە سەبارەت بە ئاگایی ژمارەیەکی ئێجگار گەورەی موسڵمانان شتێکی نەگۆڕ و بەڵگەنەویستە. بەڵام واقیعەکە تەواو پێچەوانەی ئەمەیە. ئیسلام (ڕۆحی) و (زەمەنی) لەگەڵ یەکدی تێکەڵ ناکات و لە یەکتریشیان جیاناکاتەوە. لە ڕاستیدا دروستکردنی کۆمەڵگا و پلەی پێشکەوتنەکەیەتی کە تێکەڵکردن یان جیاکردنەوە دەسەپێنێ. ئەوکاتەی کۆمەڵگا ئەورووپییەکان لە قۆناغی سەدە ناوەندییەکانی مەسیحییەتدا دەژیان، ئەوانیش لایەنی ڕۆحی و لایەنی زەمەنییان تێکەڵ دەکرد، کاتێکیش لە ڕێگەی پیشەسازی و شۆڕشی زانستی و فیکریی نوێدا بونیادی ڕۆحی و زەمەنی گۆڕانکارییان بەسەردا هات یان ڕاستتر ئاوەژوو بوونەوە، ئەوسا ڕۆحی و زەمەنییان لە یەکتر جیاکردەوە. ئەمە زۆر بە سادەیی حەقیقەتی مەسەلەکانە و ئەمە پەیوەست نییە بە تایبەتمەندیی ئیسلامەوە تا لە ئاینەکانی دیکەی جیابکاتەوە وەکو خۆیان دەڵێن. کاتێ ئیسلام لە شارستانییەتی خۆیدا دەژیا، ئاستێك لە عەلمانییەتی بەخۆوە بینی.

34-چونکە بە تەنها تەرکیزکردنە سەر نموونەی ئەورووپی، دەیکات بە نموونەیەکی ڕەها و قەبە کە دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێنەوە. ئەو باوەڕەی کە گوایە ئەورووپییەکان لە هەموو کەس باشتر و لە پێشترن، هەوڵی داوە ئەم جۆرە بیرۆکەیە بسەپێنێ کە میللەتە ئەورووپییەکان لە میللەتانی دی باشتر و لەپێشترن و هەموو بەراوردکردنێکی نێوان خۆیان و ئەوانی دی ڕەت دەکەنەوە چونکە پێیان وایە لە هەموو جیهاندا هیچ ئەزموونێك نییە هاوشانی ئەزموونی ئەوان بێت.

35-ئارکۆن وای دەبینێ دیاردەی سەرکەوتنی شارستانیەتی ئەورووپی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری بەردەوامبوون و سەرخستن (واتە بەردەوامبوونی سەرکەوتنەکان یان سەرکەوتنی بەردەوام) کە هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە تیایدا دەژین. ئەمە لە کاتێکدا پێشکەوتن و پەرەسەندنی عەقڵانی و ژیاری لە بواری عەرەبی-ئیسلامیدا پەرەسەندنێکی پچڕپچڕ و کورتخایەن و کورتمەودا بووە (بۆ نموونە: ساتەوەختی هارون ڕەشید، ساتەوەختی مەئمون، ساتەوەختی عضد الدولة). شکستی بورژوازیی بازرگانیش بووەتە مایەی شکستی شارستانیەتی عەرەبی-ئیسلامی لە چەرخی کلاسیکیدا. چونکە "هێزی ماتریالی" لە هەموو شوێنێکی دنیادا پایەیەکی گرنگی ڕێنیسانسی عەقڵی و ئازادیی بیرکردنەوەیە (بۆ نموونە بڕوانە ڕێنیسانسی هۆڵەندە لە سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەم کە تیایدا ئازادیی بیرکردنەوە پایەدار بووە بە بەراورد بە وڵاتە ئەورووپییەکانی تر)، بیرمەندە ئازادەکانی ئەورووپا کتێبەکانی خۆیان لە هۆڵەندەدا بڵاو دەکردەوە نەك لە فەڕەنسە یان لە ئینگلتەرە.

36-بەر لە سەرکەوتنی چەمکی "خۆرئاوا" بە مانای عەلمانیی وشەی خۆرئاوا، سەرانسەری ئەورووپا بە جیهانی مەسیحی ناودەبرا، لە دواییدا بە خۆرئاوا ناوبرا.

37-فێرنان برۆدێل (1902-1985) یەکێکە لە گرنگترین مێژوونووسە هاوچەرخەکانی فەڕەنسە. لێکۆڵینەوەیەکی درێژی لە بارەی شارستانیەتی ئەورووپا ئەنجام داوە و لە ساڵی (1980)دا لە کتێبێکی گەورەدا بە سێ بەرگ بە چاپی گەیاندووە. ناونیشانی کتێبەکە بەمجۆرەیە:

شارستانییەتی ماتریالی، ئابووری و کاپیتالیزم لە نێوان سەدەی پانزەهەم و هەژدەیەمدا —لە بڵاوکراوەکانی ئارمان کولان- پاریس- 1980.

38-مەبەستی ئارکۆن پاشەکشەکردنی گۆڕەپانی ئاینییە لە ژیانی گشتیدا، بۆئەوەی ئاین تەنها لە ژیانی تایبەتیی تاکەکەسدا بمێنێتەوە نەك هەیمەنەیەکی تەواوی هەبێت و وەکو جاران هەموو فەزای گشتیی کۆمەڵگا داگیر بکات. -واتە نابێت باوەڕدارە تەقلیدییەکان لە ئاستی ئەم مەسەلەیەدا لە باوەڕی خۆیان بترسن. لە راستیدا ئەم زانستانە نابنە مایەی ونبوونی باوەڕ، بەڵکو دواجار دەمانگەیەننە باوەڕێکی نوێ کە زۆر لە باوەڕی کۆن کراوەتە تر و فراوانترە، واتە ئیمانی تازە لە ئیمانی بەرتەسکی کۆن کراوەترە. ئیمانیش مێژووی خۆی هەیە. لێرەدا چەندین جۆر ئیمانی ئایینی هەیە: ئیمانی سەرەتایی، ئیمانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئیمانی سەردەمی مۆدێرنە..

39-لێرەدا مۆرکی بەراوردکاریی لێکۆڵینەوەکانی ئارکۆن دەردەکەوێ. لە ڕێگای بەراوردکارییەوە شتەکان ڕوون دەبنەوەو حەقیقەتی ڕاستەقینەیان ئاشکرا دەبێت. بۆیە ئارکۆن هەمیشە، لە کاتی شیکردنەوەی ئەزموونی ئیسلامیدا، باسی ئەزموونی جولەکەو ئەزموونی مەسیحیش دەکات.

40-ئەم بێلایەنییە ساردوسڕەی خۆرهەڵاتناسەکان هەڵوێستێکی ئیپستیمۆلۆجیانەی زۆر کەم بێلایەنی لە پشتی خۆیدا شاردۆتەوە. لە راستیدا خۆرهەڵاتناسان لەو باوەڕەدان مەسیحییەت زۆر لە پێش ئیسلامەوەیەو بگرە جیاوازییەکی ڕیشەییان لە نێواندا هەیە بە ئەندازەیەك هیچ پەیوەستێك لە نێوانیاندا نییە، یان پێیان وایە ئیسلام کۆپییەکی دووپاتکراوی مەسیحییەتو یەهودییە. پاشان ئەوان پرەنسیپی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ڕەتدەکەنەوە بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لە لایەن زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکاندا پراکتیزە کراوە بە تایبەتی ئەنترۆپۆلۆژیا. لەبەرئەوە شۆڕشی میتۆدیو ئیپستیمۆلۆژیی ئارکۆن بەسەر میتۆدی خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی دەستی پێکرد. ئەو لەو پرەسەنیپەوە دەست پێناکات کە پێشوەختە بڕیار لەسەر باڵادەستبوون یان باشتربوونی سروشێك بەسەر سروشێکی ترەوە دەدات، واتە ئەو لە لێکۆڵینەوە زانستیو میتۆدییەکانیدا پرەنسیپی باشتربوونی ئاینێك لە ئاینێکی دی ڕەتدەکاتەوە.

41-میتۆدی فیلۆلۆجی میتۆدی سەرانسەری خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکییە. ئەم میتۆدە لە دەستنوسەکان دەکۆڵێتەوەو ساغیان دەکاتەوەو چاپیان دەکاتەوەو دەستدەکات بە خوێندنەوەیەکی زمانەوانیی تەقلیدیی دەستنوسەکان، هەروەها باسی کاریگەریی دەقەکانی پێشتر بەسەر دەقەکانی دواتر دەکات. جا لەبەرئەوەی قورئان لە ڕووی زەمەنییەوە لە پاش تەوراتو ئینجیلەوە هاتووە، دەبینین بە خۆشحاڵییەوە باسی کاریگەریی تێکستەکانی تر بەسەر قورئانەوە دەکەن، لێرەوە دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە قورئان شتێك نییە جگە لە دووپاتکردنەوەی تەوراتو ئینجیل.. واتە قورئان تەنها تەقلیدە.

42-ئەوانە هەمیشە ناوەڕۆکی عەقیدە ئاینییەکان لە پەیوەستیاندا بەو ژینگەو بەو بارودۆخانە بەتاڵ دەکەنەوە کە تیایدا بۆ یەکەمجار سەریانهەڵداوەو گەشەیان کردووە (واتە ناوەرۆکی باوەڕی ئاینی نابەستنەوە بە شوێنو دۆخی یەکەمین سەرهەڵدانیەوە) و پێیان وایە عەقیدەی ئاینی ئەو گەوهەرە جێگیرو نەگۆڕەیە کە لە سەرووی کاتو شوێنەوە دەوەستێت. ئەمەش خاسیەتی مێژووی تەقلیدیی فیکرەکانە کە پابەندە بەو میتۆدە فیلۆلۆجیەی لە نێوەندی خۆرهەڵاتناسیدا بڵاوە. بەڵام مێژووی سیستمەکانی فیکر بەو شێوەیەی میشێل فۆکۆو سەرجەمی زانستی نوێ گەڵاڵەیان کردووە، دان بە لێکدابڕانی نێوان فیکرو واقیعدا نانێتو باوەڕی بە لێکترازانی فیکرو واقیعی مێژوویدا نیە.

43-ئارکۆن مەبەستی ئەوەیە ئەو ئیسلامەی کە خۆرئاوا بۆ یەکەم جار ناسیویەتی، ئیسلامی چەرخی شارستانیەتی کلاسیکیو چەرخی زێڕینی خۆی نەبوو، بەڵکو ئیسلامێکی سکولاستیکیو دۆگمایی بوو، لێرەوە ئەو هەموو حوکمە پێشوەختو کلێشەدارانە بەرهەم هێنراون کە لەسەر موسڵمانانی ئەوروپاو خۆرئاوا بە گشتی دروست بوون، حوکمی

پێشوەخت وەکو ئەوەی کە دەڵێت: موسڵمان کەسێکە باوەڕی بە قەدەرو تەوەکول بە خواو ئەو شتانە هەیە، یان: موسڵمان تەسلیمبووی دەستی بارو زروفە، یان: ئیسلام دژی پێشکەوتن و شارستانیاتە.. هتد.

44-مەبەست لە هیومانیزمی گەردوونی، هیومانیزمی چەرخی کلاسیکی ئەورووپییە کە بانگەشەی جیهانیبوون و گەردوونیی دەکرد، بەڵام لە واقیعدا پابەندی دۆخی ناوچەیی بوو سەرباری دینامیکیەت و چالاکیەکانی. هەروەها پتر هیومانیزمێکی تیۆری و ئەبستراکتی بووە وەك لەوەی هیومانیزمێکی فیعلی و واقیعی بێت. ئەم هیومانیزمە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتنێکی زۆر بووەوە لەسەر دەستی هەندێ لە بیریارانی فەرەنسی و ئەورووپی وەك میشێل فۆکۆو جیل دۆلۆزو زۆری تریش.

45-ئەمە واتە نووسینە نامێژوویی و نازانستییەکان لە بارەی ئیسلام تا ئەمڕۆش زۆر زیاترن لە نووسینە زانستی و مێژووییەکان. ئەم حاڵەتە لە هەردوو لایەنی عەرەبی- ئیسلامی و ئەورووپی- خۆرئاواییشدا هەمان شتە. پاشان لێرەدا ململانێیەکی زۆر ناهاوتا هەیە لە نێوان هێزە پێشکەوتووەکان و هێزە کۆنەپارێزەکان.

46-زۆرجار ئەورووپییەکان هەموو کردەوەیەکی نادروست و هەموو هەڵسوکەوتێکی ناشایستەی کۆمەڵگە عەرەبییەکان دەلکێنن بە قورئانەوە. پێیان وایە موسڵمان بۆیە ڕەفتارێکی دیاریکراوی هەیە چونکە قورئان وا دەڵێت، موسڵمان بۆیە ئەو شتە ناکات چونکە قورئان حەرامی کردووەو..... هتد لەم جۆرە قسانە. لە واقیعیشدا قورئان شتێکەو هەڵسوکەوتی مرۆڤیش لە کۆمەڵگەدا شتێکی ترە. قورئان گوتارێکی ئایینییەو زمانێکی مەجازیی بڵندگەرای هەیەو مومکین نییە لەناو هەندێ قاڵبی دیاریکراوو لەناو هەندێ ڕێسای وشك و نەگۆڕدا قەتیس بکرێت، کە دواتر موسڵمانەکان ئەو چەشنە ڕەفتارەیان بەرامبەر بە قورئان نواند (نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە مەسیحیەکانیش لە بەرامبەر ئینجیلدا هەمان شتیان کردووە). بۆیە دەبینین پێکهاتە تیۆلۆجی و لاهوتییەکان لە کاتێکی دواتردا گەڵاڵە کراون و، زمانی هێمایی قورئانیش لە چەند قاڵبێکی دیاریکراودا قەتیس کرا. ئەوە بوو دواتر بە ئارەزووی خۆیان بە ناوی قورئانەوە شتی تریان دەوت و لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخی سەردەکەمەی خۆیاندا دەیانگونجاند. لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەنیشدا وردە وردە پێکهاتە تیۆلۆجییەکان شکڵێکی موتەعالی و پیرۆزیان وەرگرت و هەندێ جار لە پیرۆزیدا دەگەنە ئاستی قورئان، لە کاتێکدا ئەو شتانە بە تەواوی دروستکراوی بەشەرن و فوقەهاکان خوڵقاندوویانە.

47-بەم مانایە جاحظ و قوتابیەکەی (واتە: تەوحیدی) زۆر مۆدێرنترن لە گەورە تیۆریسانی تەوژمە ئیسلامی و عەرەبیەکانی ئەمڕۆ.

48-واتە کەرەستەکانی مۆدێرنەو تەکنیکە پێشکەوتووەکانی، چەندە دەشێت بۆ ئازادی و داهێنان بەکاربهێنرێن، بەقەدەر ئەوەش دەشێت بۆ مەبەستی ستەم و داپڵۆسین و تەسککردنەوەی ئازادییەکان بەکاربهێنرێن. میشێل فوکۆ لە چەندین کتێبیدا ئەم شتەی زۆر بە جوانی دەرخستووە، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە بارەی "شێتی" و "زیندان".

49-ئەمە ئەو هەڵوێستە ئیپستیمۆلۆژی (مەعریفی)یەیە کە ئارکۆن وەك توێژەرو بیریارێك پشتگیری دەکات. ئەمە هەڵوێستێکی پڕ لە جووڵەو دڵەڕاوکێ و وریایە، کرکەوتن لەسەر شتێکی کۆتایی و جێگیر ڕەت دەکاتەوە.

50-مەبەستی ئارکۆن لە هەڵوێستی گومانکاری ئەو هەڵوێستە عەدەمی و پوچگەراییە باوەیە کە ئەمڕۆ لەلای بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرە ئەورووپاییەکاندا هەیە. لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان هەڵوێستی گومانکاری کە دەبێتە مایەی نەزۆکی و مەرگ، و هەڵوێستی گومانکردنی داهێنەرانە لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەتی نوێدا.

51-ئەمڕۆ زاراوەی ئارکیۆلۆجیا لە نێوەندە زانستییەکاندا بووە بە زاراوەیەکی بڵاو، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە میشێل فۆکۆ لە ناوەڕاستی شەستەکاندا دایهێنا (ئارکیۆلۆجیای زانستە مرۆڤایەتیەکان، ئارکیۆلۆجیای مەعریفە.. هتد). ئاشکرایە لێرەدا وشەی ئارکیۆلۆجیا بە مانا مەجازییەکەی بەکارهێنراوە نەك بە مانای زانستی شوێنەوار. لێرەدا مەبەست لەم وشەیە گەڕانە لە قووڵایی شتەکانداو هەڵدانەوەی شتە شاراوەکانی ژێرەوەو دۆزینەوەی ڕەگەکانی، بۆ

ئەوەی بزانین چۆن ئەم شتانە بۆ یەکەم جار دەرکەوتوونو شێوەیان گرتووە. بەڵام زاراوەی "ئارکیۆلۆجیای مانا" واتە هیچ مانایەك ئەزەلیو کۆتایی نییە، بەڵکو هەر مانایەك چرکەساتی سەرهەڵدانو شکڵگرتنی هەیەو هەروەها ساتەوەختی تێکچوونو ڕمانیشی هەیە بۆ ئەوەی مانایەکی تری نوێ شوێنی مانا کۆنو بەسەرچووەکە بگرێتەوە.

52-زاراوەی ئەرسەدۆکسیزم یان ئەرتەدۆکسیزم (الارثذوکسیة) زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە فیکری ئارکۆنو بیری سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکان بە گشتی. لێرەدا دەشێت مانا زاراوەییەکەی بەسەر بۆ نموونە مارکسیزمیشدا پراکتیك بکرێت. ئەم زاراوەیەش بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو پرەنسیپو باوەڕە جێگیرو نەگۆڕانەی لە عەقیدەی ئاینیدا شێوە دەگرنو کەس ناتوانێت بە ئاسانیو بەبێ سزایەکی توند لەو بازنەیە دەربچێت. ئارکۆنیش بەم مانایە باسی ئەرتەدۆکسیی ئیسلامی دەکات کە ئەمیش دابەش دەبێتە سەر ئەرتەدۆکسیی سوننیو شیعیو خارجیو هەندێ لقی تریش. تاکە جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە ئەرتەدۆکسیی سوننی لە زۆربەی کاتدا زاڵ بووەو خۆی وەکو "ئیسلامێکی ڕاستو دروست" خستۆتەڕوو و پێی وایە جگە لە خۆی ئەوانی دی بیدعەن. ئەرتەدۆکسیی شیعەش کاتێك بۆی ڕەخسا بێتە سەر حوکمو سەربکەوێت، هەمان ڕۆڵی پرۆسیسە دەکرد. بۆ نموونە بڕوانە دۆخی ئێرانو سەرکەوتنی مەزهەبی شیعە کە وەك تاکە هێڵی ئیسلامی ڕاستو دروست خۆی دەرخست.

53-ئارکۆن مەبەستی ئەوەیە لە ساتەوەختی هاتنی دیاردەی قورئانییەوە تا ئەمڕۆ ململانێ بەردەامە لە نێوان گروپەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی/و گروپەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخراو کە دەوڵەتی ڕەسمیو نووسینو زمانی پاراو و ئەرتەدۆکسی ئایینی دەسەڵاتی بەسەر ئەوەی دووەمیاندا هەیە. ئەم ململانێیە بەو ململانێیەش دەوترێت کە لە نێوان ئیسلامی ڕەسمیو/ ئیسلامی میللیدا هەیە.

54-واتە ئاستی شیکردنەوەی مێژوویی/ ئاستی شیکردنەوەی ئایدیالیو پیرۆزگەرایی کە مێژوو و پێدراوە هەستپێکراوەکانی مێژووش تێدەپەڕێنێت.

55-ئەو شوێنگە ئیپستیمۆلۆجییەی ئارکۆن دەیەوێت بچێتە ناویەوە، هەمان ئەو شوێنگەیەی ئەمڕۆیە لە زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە خۆرئاوادا باوە. ئەمە شوێنگەیەکە نایەوێت خۆی وەکو دوا وێستگەو کۆتاییو جێگیر پیشان بدات. واتە ڕۆڵو شوێنی ئەو زانستانە هەمیشە گۆڕاوو پڕ لە جوڵەو شەپۆلاوییەو بەردەوام خۆی ڕاست دەکاتەوە، لەگەڵ بڕینی هەر قۆناغێکدا دەچێتەوە سەر هەمان هێڵی ئیپستیمۆلۆجی تا بۆی دەربکەوێت لە کوێدا هەڵە بووەو لە کوێدا ڕاست بووە.

56-لێرەدا مەبەست لە جەوهەریو چییەتی ئەو شتە جێگیرەیە کە ناگۆڕێتو دەستکاری ناکرێت. ئەمە ئەو وێنایەیە کە کەلەپوری ئەرتەدۆکسی لە هەموو کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا جێگیرو قایمی دەکات.

57-ئەمە جەنگێکە دەیەوێت هەموو قسەو حوکمە پێشوەختو باوەکان لە هەردوو لایەنی ئیسلامیو لایەنی ئەورووپی یان خۆرئاواییدا بلەقێنێتو کاڵیان بکاتەوە.

58-واتە نابێت باوەڕدارە تەقلیدییەکان لە ئاستی ئەم مەسەلەیەدا لە باوەڕی خۆیان بترسن. لە ڕاستیدا ئەم زانستانە نابنە مایەی ونبوونی باوەڕ، بەڵکو دواجار دەمانگەیەننە باوەڕێکی نوێ کە زۆر لە باوەڕی کۆن کراوەترو فراوانترە، واتە ئیمانی تازە لە ئیمانی بەرتەسکی کۆن کراوەترە. ئیمانیش مێژووی خۆی هەیە. لێرەدا چەندین جۆر ئیمانی ئایینی هەیە: ئیمانی سەرەتایی، ئیمانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئیمانی سەردەمی مۆدێرنە..

59-فەلسەفەی گومان لەسەر دەستی مارکس و نیچە و فرۆید سەریهەڵداوە، هەریەکە لەم بیریارانە لە بواری تایبەتیی خۆیدا و بەشێوەیەکی تا ئەندازەیەك جیاواز، قووڵایی حەقیقەتی مرۆڤایەتییان دەرخستووە. بیریاری یەکەم ڕەخنەی لە ئایدیالیزم گرتووە لەبەرئەوەی ئایدیالیزم ڕۆڵی فاکتەری ئابووریی لە مێژوودا فەرامۆش کردووە. بیریاری دووەم لە میانی تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەخلاق و بەها ڕەخنەی لە ئایدیالیزم گرتووە. بیریاری سێهەمیش لەو تێڕوانینەوە

رەخنەی لە ئایدیالیزم گرتووە کە هیچ بایەخێکی بە هەرێمی (نائاگایی) نەداوەو بگرە هەر بە تەواوی بێئاگا بووە لە کاریگەریی گەورەی نائاگایی-لاوعی.

60-لێرەدا هەڵوێستی ئارکۆن زۆر بە روونی دەردەکەوێ لە داکۆکیکردنی لە مۆدێرنەی عەقڵی و ئیپستمۆلۆژی.

61-ئەمانە شتگەلێکن بوونیان هەیە و ئارکۆنیش نکوڵییان لێناکات، بەڵام ئەمانە سیفەتێکی هەتا هەتایی و جەوهەری و نەگۆڕ نین کە بەردەوام بە عەرەب و موسوڵمانەکانەوە نووسابن وەك هەندێ لە ئەوروپییەکان و هەندێ لە راگەیاندنە ئەوروپییەکان لەو باوەڕەدان. بەڵکو ئەمانە نیشانەگەلێکی رووکارین بۆ چەندین شتی زۆر قووڵ. ئەو کۆمەڵگایانەی لە دەرەوە و لە ناوەوەش هەڕەشە لێکراون و دوچاری هەموو رواڵەتێکی خراپیی پەرەپێدان بوون و بگرە هەندێجار هەڕەشەی هەژاری و برسێتییان لەسەرە، مومکین نییە ئەو چەشنە کۆمەڵگایە لە عەلمانییەت تێبگات و بایەخی پێبدات. لەم سیاقە تراژیدییەدا ئەو مەسەلە گرنگانە بیر دەچنەوە کە ئەمڕۆکە دوچاری کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان بووە. سا ئەگەر کۆمەڵگە ئەوروپییەکانیش دوچاری هەمان بارودۆخ ببنەوە ئەوا بەهاکانی عەلمانیەت و دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیش لەق دەبن.

62-واتە لە ساتەوەختی هەڵبژاردندا هەلپەرستیی سیاسی وا لە سەرکردەکان دەکات پرەنسیپەکانی رۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسییان بیر بچێتەوە و ئیدی وتاری وا بلاو دەکەنەوە کە بۆنی رەگەزپەرستی لێدێت بۆ رازیکردنی هەستیاریی رای گشتیی فەرەنسی و بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان.

63-ئەمە لە کاتێکدا هەڵوێستی دژ بە موعتەزیلەکان بە تەواوی مێژووگەرایی دەق رەتدەکاتەوە و تەنانەت نکوڵی لە ماتریاڵیبوونی زمان و پیتەکانیش دەکات. ئەمە هەڵوێستی کەلەپور و ئەرسەدۆکسی ئیسلامییە کە دواتر لە مێژووی ئیسلامیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و تا ئەمڕۆش هەژمونی هەیە.

64-لێرەدا، بە بەراورد بە شتەکانر تر، مەرجە قورسەکانی فیکر دەردەکەوێ، واتە فیکر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دۆخ و فاکتەرە مادییەکانی دەوروبەر. فیکر شتێك نییە لە دەرەوەی هەموو مەرجەکانەوە لە هەوادا مەلە بکات وەك ئایدیالیستەکان و تەقلیدییەکان لەو باوەڕەدان، بەڵکو فیکریش مەحکومە بە کۆمەڵێ شت کە بە توندی بە سەریدا دەسەپێنرێت.

65-واتە پاشکەوتن و داکەوتن ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قۆناغی داگیرکاری، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنێکی دورودرێژی بەر لە قۆناغی داگیرکاریش. بێگومان داگیرکار هات و کێشەکانی قووڵتر کردەوە و بارودۆخەکەی خراپتر کرد. بەڵام ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی نایەوێت بە دوای هۆکارە قووڵەکانی دواکەوتوویی عەرەبیدا بگەڕێت، بۆیە هەموو بەرپرسیارێتییەکە فڕێ دەداتە سەر شانی داگیرکار و ئەو دەکات بە هۆکاری پاشکەوتوویی.

66-ئەو بڕیارەی ئەرسەدۆکسیەتی جێگیر کرد و سەرجەمی رەوتەکانی تری ناو ئیسلامی سڕییەوە، پێیدەوترێ "عەقیدەی قادری" وەك ئاماژەیەك بۆ خەلیفە ئەلقادر.

67-ئارکۆن دەیەوێت بە خۆرئاواییەکان و بە تایبەتیش بە فەرەنسییەکان بڵێت: بەسەو چیتر ئیسلام بەوە تاوانبار مەکەن کە لایەنی رۆحی و لایەنی زەمەنی لە یەکتر جودا ناکاتەوە وەك چۆن مەسیحییەت رۆحی و زەمەنیی لە یەکدی جودا کردەوە ئەو کاتەی کە رایگەیاند "ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوەیشی هی خودایە بۆ خودا". لە راستیدا مەسەلەکان بەشێوەیەکی لەیەکچوو لە واقیعدا روویانداوە. پاشای فەرەنسیش هەروەکو حاکمی موسوڵمانان پێویستیی بە برەوپێدانی ئاینیی کڵێسەیی هەبووە. سەرانسەری ئەوروپا لە ژێر سایەی سیستمی کۆنی رەوایی کەهنوتیدا ژیاوە (واتە دەبوو پیاوانی ئاینیی کڵێسە رەوایی بە سیستمی حوکم ببەخشن) ئەمە بەردەوام بوو تا ساتەوەختی هاتنی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789و دامەزراندنی رەوایەتییەکی نوێ کە رەوایی عەلمانییەتە و لەسەر بانگەوازی نێوداری مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی دامەزراوە. کەواتە بۆچی هەمیشە جیاوازی لە نێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا دەکرێت و

ئیسلام فڕێ دەدرێتە نێو خانەی ئاینێکی داخراو و لە ئایینە کتێبدارەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە؟ بۆچی دان بە مێژوو و بە ڕووداوەکانی مێژوودا نانێن بەوشێوەیەی لە مێژوودا روویانداوە؟

68-واتە سروش سەبارەت بە ئەوروپپیەکان بریتی بوو لە مەشروعیەتی بالاَ کە سەرانسەری خەڵك بەبێ چەند و چون باوەڕیان پێی هەبوو. پاشا یان ئیمپراتۆریش رەوایی سروشی بەبەردا دەکرا و ئیدی رەعیەتەکانیش بەبێ هیچ قسەیەك و بە شێوەیەکی خێرا و خۆڕسکانە تاعەت و وەلائیان پێشکەش دەکرد. پاشا یان ئیمپراتۆر لە پاش وەرگرتنی رەوایی سروش ئیدی دەبوو بە خەلیفەی خودا لەسەر زەوی و هاووڵاتیانیش قەرزی تاعەتکردنیان لەسەر دەبوو و هیچ کەس نەیدەتوانی لەو مەسەلەیەدا گفتوگۆ بکات، ئەمە بریتی بوو لە "قەرزدارێتیی مانا" (مديونية المعنى)، ئەم قەرزدارێتیی مانایە کە بە درێژایی چەندین سەدە هەژموونی هەبووە، لەگەڵ هاتنی شۆڕشی فەرەنسیدا، تێکشکاوە و بەرەو کاڵبوونەوە رۆیشتووە. لە راستیدا شکست پێهێنانی "قەرزدارێتیی مانا" لەو کاتەدا رووی داوە کە جەنگێکی بێئامان لە نێوان ئایینەکان و مەزهەبەکاندا هەڵگیرساوە، بە تایبەتی لەو دەمەدا کە بیروباوەڕی چەرخی رۆشنگەری بڵاوبۆتەوە وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو قەسابخانەیەی جەنگە ئاینییەکان نایانەوە و هەروەها لە بەرامبەر دەمارگیریی ئاینیشدا. لە پاش ئەو قەرزدارێتی مانایە، قەرزدارێتییەکی نوێ لەدایکبووە کە خۆی لە "مافی دەنگدانی گشتی"دا دەنواند. ئەوسا سەرۆکی هەڵبژێردراو بە دەنگدانی گشتی، خۆی بەسەر ئەو هاووڵاتییانەشدا دەسەپاند کە دەنگیان بە دژەکەی داوە و لە هەڵبژاردندا دەرنەچووە، بەم پێیە هەمووان قەرزاری تاعەتی سەرۆکی هەڵبژێردراون. ئەمە چونکە سەرۆکە تازەکە بەشێوەیەکی دیموکراتی زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناوە تەنانەت ئەگەر یەك تاکە دەنگیشی لە نەیارەکەی زیاتر بووبێت. ئەو سەرکردەیەی خۆی بۆ پالاَوتن هەڵبژاردووە و لە دەنگدانی گشتیدا دەرنەچووە، ناچارە بە ئەنجامەکانی دەنگدانی گشتی رازی بێت و رێزی ئیرادەی گەل بگرێت.

69-بێگومان لێرەدا ئارکۆن بە هیچ شێوەیەك نارازی نییە لە گەمەی دیموکراتی و لە پلورالیزمی سیاسی، ئەو پێیوایە دیموکراسییەت دەستکەوتێکی گەورەیە و مومکین نییە پاشەکشەی لێبکرێت و ئەمڕۆکە کۆمەڵگەکانی ئێمە پێویستییەکی ئێجگار زۆریان بەم چەشنە سیستمە هەیە. ئارکۆن تەنها ئاماژە بۆ ئەو فێڵ و گەمانە دەکات کە تەنانەت لە رژێمە دیموکراتییەکانیشدا لەلایەن هەندێ لە کۆمپرادۆر و خاوەن پارەو دەسەڵاتەکاندا ئەنجام دەدرێت. دەنا مرۆڤ لە کۆمەڵگە ئەوروپپیەکاندا و لە پاش شۆڕشی فەرەنسییەوە لەگشت باڵندگەراییەك (ترانسندێنتال) دابڕاوە و مرۆڤ خۆی بووە بە موتەعالی (ترانسندێنتال).

بەلاَم ئەمڕۆ ئەم دۆخە کۆمەڵێ ئیشکالات دەخاتە ڕوو، ئەمڕۆ بیریارە فەرەنسییەکان باسی پێویستبوونی گەلاڵەبوونی "عەلمانییەتێکی نوێ" دەکەن کە دەبێ رەهەندی رۆحی لە ژیانی مرۆڤدا لەبەرچاو بگیرێت.

70-خەلیفە کەسایەتییەکی "خوداوەندی" دەنوێنێت نەك بەشەری، بە تایبەتی لە چاوی جەماوەر و خەڵکی رەش و ڕووت. لە دیدی ئیماندارەکاندا خەلیفە مەشروعیەتێکی خوداوەندیی هەیە نەك مەشروعیەتێکی بەشەری.

71-ئارکۆن باوەڕی وایە عەرەب و موسوڵمانەکان بە گشتی لە دۆخێکدا دەژین دوچاری دوو دابڕان بوونە نەك یەك دابڕان: دابڕانی یەکەم دابڕانێکە لەگەڵ کەلەپووری داهێنەرانەیان لە چەرخی کلاسیکیدا، دابڕانی دووەمیش دابڕانە لەگەڵ دۆزینەوە و دەستکەوتە گەورەکانی مۆدێرنەی ئەوروپی کە دوو سەدە زیاترە هاتۆتە ئاراوە. ئەمە وایکردووە دۆخی کولتووریی ئەمڕۆی موسڵمانان دۆخێکی زۆر دژوار و زۆر هەژار بێت. جا بە هۆی ئەم دابڕانە دوو لایەنییەوە لەگەڵ چرکەساتەکانی مۆدێرنەدا، بەشی هەرە زۆری دۆسییەکان داخراون و تا ئەندازەیەکی گەورەش گرفتی خستنە ڕووی عەلمانییەت ئەستەمە.

72-مەبەستی ئارکۆن ئەوەیە کە رەوتی تازەگەرا و رەخنەگرانەی ناو فیکری ئیسلامی، نەك تەنها لە کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا فەرامۆش کراوە، بەڵکو لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسەشدا بایەخی پێ نەدراوە. هۆیەکەیشی

ئەوەیە فەرەنسییەکان پێیان وایە موسوڵمانان بە سروشتی خۆیان کەسانی کۆنەپارێز و تەقلیدین، پاشان مەسەلەی پێشکەوتن یان پاشکەوتنی موسڵمانەکان هیچ گرنگییەکی لەلای ئەواندا نییە. ئەوەی بە پلەی یەکەم بەلای ئەوانەوە گرنگە بریتییە لە بەدەستهێنانی دەنگی موسوڵمانە فەرەنسییەکان هەرچەند کۆنەپارێز و دژ بە مۆدێرنەی فیکریش بن. بگرە رۆشنبیرە موسوڵمانەکانی نیشتەجێی فەرەنسەش لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بایەخیان پێنادرێت چونکە ئەمانە – بە تێڕوانینی هەندێ توێژی دەسەڵاتی فەرەنسی – کەمایەتییەکی سۆسیۆلۆجین.

73-ئەمانە لە میانی ئەزموونی مێژوویی خۆیاندا خزمەتی خۆیان پێشکەش دەکەن و عەلمانییەت دەوڵەمەند تر دەکەن و لە ناوی نابەن وەك هەندێ کەس لەو باوەڕەدایە.

74-ئەم ڕەهەندە لە فەرەنسادا وەك ئەوە وایە بوونی نەبێت، بە تایبەتی لە پاش جێگیربوونی کۆماری سێیەم‌و سەرکەوتنی ڕەوتی پۆزەتیڤیزم‌و ماتریالیزم.

75-واتە مرۆڤ لە هەردوو ڕەهەندی ڕۆحی‌و زەمەنی، یان ئایینی‌و دونیایی، یان ڕۆحی‌و ماتریالی پێکدێت. ناکرێت یەکێك لەو ڕەهەندانە لابرێت‌و تەنها ئەوی دیکەیان بهێڵرێتەوە. بەڵام تێگەیشتن لە ڕەهەندی ئایینی بە پێی ئارکۆن زۆر جیاوازە لەو وێناکردنە ئایینییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بووە. ئارکۆن بە مانا ڕۆحیەکەی باسی ئاتاج‌و پێویستیی ئایینی دەکات، واتە بە مانای ئارەزووی ئینسان بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ڕەهایی‌و بۆئەوەی لەگەڵ نزیکبوونەوەی مەرگدا هەست بە لەنێوچوونی ئەبەدی‌و فەنابوون نەکات. هەمیشە ئینسان پێویستیی بە پەیوەندیکردنە‌و ئارەزووی لە هەتاهەتایی‌و نەمرییە، لەبەرئەوە پێویستیی مرۆڤ بە هێمایەکی ڕۆحیی نوێ‌و بڵندگەرایەکی نوێ، لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، شتێکی هەرە پێویستە (واتە لە تەك تێربوون لە لایەنە ماتریاڵییەکانی ژیان، مرۆڤ پێویستیی بە تێربوونی ڕۆحیش هەیە). لێرەوە بانگەشەکردن بۆ "عەلمانییەتێکی نوێ" دێتە ئاراوە، عەلمانییەتێك بە شێوەیەکی فراوانتر لە هەموو ڕەهەندەکانی مرۆڤ تێدەگات‌و ئەمە عەلمانیەتێکی کراوەترو دروست ترە وەك لەو عەلمانیەتەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەبوو و دەیویست ڕەهەندی ئایینی‌و لایەنی ڕۆحی لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکات. پاشان هەڵوێستی ئارکۆن هەڵوێستێکی ئایندەخوازییە‌و هەموو گەڕانەوەیەك بۆ ڕابردوو ڕەت دەکاتەوە. لێرەدا مەبەست لە ڕەهەندی ڕۆحی یان ئاینی، ئاینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەموو ئاینەکان دەبڕێت‌و تێیاندەپەڕێنێت.

76-تەوژمی فیکری دەتوانێت هێڵی سیاسی یان حزبی سیاسی دیاری بکات‌و بیسەپێنێت نەك بە پێچەوانەوە.

77-تەفسیری ناتەواو و کورتکراوەیی، ئەو تەفیسرەیە کە لایەنێك یان چەند لایەنێکی لێ قرتێنراوە.

78-لێرەدا هەڵویستی نوێی ئارکۆن لە مەسەلەی پێداچوونەوە بە عەلمانییەت دەردەکەوێت. ئەو هەموو گەڕانەوەیەك بۆ دواوە بەدوور دەزانێت.

79-مەبەست لە مەرسومی "نانت" ئەو مەرسومە ناودارەیە کە لە فەرەنسەدا پەیوەندیی پرۆتستانتی بە کاتۆلیکەوە ڕێکدەخست، لویسی چواردەیەم لە ساڵی 1685دا ئەو مەرسومەی هەڵوەشاندەوەو بەم جۆرە فەرەنسەی کاتۆلیك پرۆسەی چەوساندنەوەی پرۆتستانتی دەستپێکرد. چەندین قەسابخانەی درندانەیان لە گوندو ناوچەکانی پرۆتستانتەکان نایەوەو ژمارەیەکی زۆریان ناچار بوون بەرەو ئەورووپای باکوورو وڵاتە پرۆتستانتەکان هەڵبێن تا ژیانی خۆیان دەرباز بکەن. فەرەنسە بە هۆی ئەم ڕووداوەوە دوچاری مەینەتییەکی زۆر بو، تا ئەو ئەندازەیەی جۆرج دیموزیلی زانا ئەم ڕووداوەی بە گەورەترین برین لە مێژووی فەرەنسەدا ناوبرد. تا ئەمرۆش کاریگەریی پێوە دیارە. ماوەیەك بەر لە ئێستا بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ سەدە بەسەر چەوسانەوەی پرۆتستانەکاندا یادکردنەوەیەکیان سازداو ژمارەیەکی زۆری کتێب لەو بارەیەوە چاپکرا. وەك بڵێی فەرەنسە تا ئێستاش هەست بەوە بکات داوای لێبوردن لەو ڕووداوە بکات کە بەرامبەر بە خودی خۆی ئەنجامی داوەو لە چرکەساتی دەمارگیرییەکی هەڵچوو و گەمژانەدا هەڵیگیرساندووە.

80-مەبەست لەو سیستمە لاهوتی- تیۆلۆجییانەیە کە لەسەر دەستی فوقەهاکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەڵاڵە بوون.

81-محەمەد ئارکۆن لەساڵی (1928) لە ژێر سایەی ڕژێمێکی کۆلۆنیالی لەدایك بووە، لە سەرەتای پەنجاکاندا لە زانکۆی جەزائیر خوێندنی تەواوکردووە. پرۆگرامی خوێندن لەوێدا هەمان ئەو پرۆگرامە فەرەنسییە بووە کە لە پاریسدا دەخوێنرا، واتە لە چوارچێوەی فیکری ئەوروپیدا پێگەیشتووە بەڵام لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیی جەزائیری، دواتر بۆ خوێندن ڕووی لە فەرەنسە کردووە، بەڵام بەردەوام سەرقاڵی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوە بووە لە کێشەکانی کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکان، بۆیە بایەخی سەرەکیی ئەو لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانیدا بریتی بووە لە بواری فیکری عەرەبی ئیسلامی بە سوودوەرگرتن لە فیکری ئەوروپی.

82-ئەم وێناکردنە لە بارەی خودا لە ئاگایی جەماعیی ئیسلامیدا وێناکردنێکی باوە، ئەمە جیاوازە لەو وێناکردنە باوەی فەیلەسووفانو بیریاران کە خودا وەکو کارەکتەرێك بەرجەستە ناکەن، بەڵکو وەك بیرێکی بڵندو وەك تەجریدێکی زیهنی وێنای دەکەن. بەڵام مرۆڤی ئاسایی پێویستیی بەوەیە خودا بەرجەستە بکرێت تا تێبگاتو ئیمان بهێنێت. واتە خودا لە لای فەیلەسووفو بیریار خودایەکی وێناکراوە، بەڵام لەلای مرۆڤی ئاسایی خودایەکی بەرجەستەکراوە.

83-سەبارەت بە تێڕوانینی ئارکۆن، مومکین نییە "باوەڕدار" و "بێباوەڕ" لە یەکدی جودا بکرێنەوە بەو شێوە تەقلیدییەی لە سەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئیسلامو مەسیحییەتیشدا جودا دەکرانەوە. کەسی بێباوەڕیش ئینسانەو بە پێی مافەکانی مرۆڤو هاووڵاتی هەمان مافو ئەرکی هەیە. واتە مرۆڤ هەر مرۆڤەو هەمان مافی مرۆڤەکانی تری هەیە سا باوەڕدار بێت یان بێ باوەڕ، یان سەر بەهەر ئایینو مەزهەبێك بێت. کەچی لە تێڕوانینی کۆندا مرۆڤ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە مەحکومە بەوەی سەر بە چ ئاینێکە، بۆ نموونە ئەگەر لە خێزانێکی مەسیحیدا لەدایك بوو ئەوا دەبێ تا دەمرێ ئەو بەرپرسیارییە هەڵبگرێ بە هەموو ڕەنگدانەوە ئیجابیو سەلبیاتەکانیەوە. ئەگەر لە خێزانێکی موسڵمانیشدا لەدایك بوو ئەوا هەمان بەرپرسیاریی هەیە. یان ئەگەر کۆمەڵگاکە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بێت ئەوا ئەو کەسە موسڵمانە مافێکی زیاتری لە کەسی مەسیحی ناو هەمان کۆمەڵگەدا هەیە. یان ئەگەر کەسێك لە وڵاتێکی سوننیدا لەدایك بوو، ئەگەر خێزانەکەشی سوننی بێت کارەکانی باشتر بەڕێوە دەچێتو بە پێچەوانەشەوە لە وڵاتێکی شیعیدا (بۆ نموونە ئێران) خێزانی شیعە کارەکانی باشتر بەڕێوەدەچێت. واتە مرۆڤ لە دۆخێکی وەهادا دەبێ تا لە ژیاندا ماوە بەرپرسیاریی شوێنی لەدایکبوونەکەی هەڵبگرێت. ئەم چەشنە تێڕوانینە کۆنە بۆ چەمکی ئینسان بەسەر ئەوروپای مەسیحیشدا زاڵبووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی شۆڕشی فەرەنسیو بنجداکوتانی بیری عەلمانیەت، ئەو تێڕوانینە کۆنە هەرەسی هێنا. ئەمڕۆ هەر بۆ نموونە لە فەرەنسەدا، بە پێچەوانەی جارانەوە کە تەنها مرۆڤی کاتۆلیکی مافی تەواوی هەبوو و مرۆڤی پرۆتستانتیو جولەکە پتر چەوساوە بوون، ئەمڕۆ هەموو کەسێك مافی تەواوی خۆی هەیە ئیتر سەر بە هەرچ ئایینو مەزهەبێك بێت یان سەر بە هیچ ئایینو مەزهەبێك نەبێت. واتە مرۆڤ بە گشتی مافی تەواوی هەیە سا باوەڕدار بێت یان بێباوەڕ.

84-لێرەدا ئارکۆن وەك زانایەکی بواری ئایینی قسەدەکات، یان وەك پسپۆڕێك لە مێژووی بەراوردکاریی ئاینەکانو لە ئەنترۆپۆلۆجیای ئایینی. پاشان ئەو ناتوانێت پابەندی ئەو هەستیارییە ئاینییە بێت (هەستیاریی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست) کە ئینسانی باوەڕدار هەڵگریەتی بە هەموو ئەو گوتەزاو وێناکردنە لاهوتیانەی لە منداڵییەوە ئەو مرۆڤەیان کۆنترۆڵ کردووە. ئارکۆن ناچارە خۆی لە هەموو باوەڕو هەستیارییەکی ئاینی ڕزگار بکات بۆ ئەوەی مەسەلەکان لە حەقیقەتی خۆیاندا ببینێت، بۆئەوەی کەشفی بکات کە لێرەدا ڕووبەرێك هەیەو ئەم ڕووبەرە لە لایەن دیاردەی سروشی تەوحیدییەوە داگیرکراوە، ڕووبەرێکی تریش هەیە هەرگیز نەیتوانیوە داگیری بکات. باشە ئایینە کتێبدارەکان لە لای

کەسێکی ژاپۆنی چ مانایەکیان هەیە؟ یان لەلای کەسی چینیو هیندۆسی؟ کەواتە لێرەدا لێکۆڵینەوە لە "فاکتەری ئاینی" و کارکردی ئایینی گرنگە نەك ناوەڕۆکی عەقیدە ئاینییە جیاجیاکان.

لێکۆڵینەوە لە کارکردو فاکتەری ئاینی، بە پێی تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیای نوێ کە ئارکۆن کاری لەسەر دەکات، بریتییە لە ڕوانگەگرتنی دیاردەی ئاینی یان دیاردەی تەقدیس لە هەر شوێنو لەهەر کۆمەڵگەیەکی بەشەریدا بێت بێئەوەی پێشوەخت هیچ ئاینێك لە ئاینێکی تر بە باشتر دانرابێت (واتە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئاینی بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان ئاینەکاندا). ئەزموونەکان بۆیان سەلماندووینو هەروەها زانستی بەراوردکاریی ئەنترۆپۆلۆژیاش بۆی سەلماندووین کە هیچ کۆڵگەیەکی بەشەری نییە خاڵی بێت لە تەقدیس یان لە ئایین. بەڵام ئەم تەقدیسو ئەم پیرۆزگەراییە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕدرێت، هەروەك بە تێپەڕبوونی سەدەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. پیرۆزگەرایی ئاتاجێکی ئینسانییە، کارکردی ئاینیش دیسان ئاتاجێکی مرۆییە. بەڵام هەڵەکە لێرەدایە کاتێك مرۆڤ لەنێو ژینگەی ئاینێکدا لەدایك دەبێتو هەر لە منداڵییەوە لەسەر ئەو ئایینە پەروەردە دەکرێتو لەگەڵ شیری دایکیدا گوتەزاو سرووتەکانی دەخواتەوە، ناتوانێت وێنای ئاینێکی تر بکاتو ناتوانێت خەیاڵی ئەوە بکات کەسێکی تر باوەڕی بە ئاینەکەی ئەو نییە. لێرەوە دەمارگیریو هەستیاریی ئاینی لەدایك دەبێت کە لە ڕاستیدا هەستیارییەکی ئاینی تەقلیدیی سەدەکانی ناوەڕاستە. لێرەدا ئارکۆن تکا لە خوێنەر دەکات کە عەقیدەکەی خۆی بخاتە لاوە ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت، بۆ ئەوەی لە شتەکان تێبگاتو بتوانێت دیاردەو فاکتەری ئاینی شیبکاتەوە. بەڵام کێ دەتوانێت ئەمە بکات؟

85-ئارکۆن بە ئەندازەیەکی گەورە تەرکیز دەکاتە سەر قۆناغی زارەکی/ و قۆناغی نووسینەوە لەشکلگرتنی تێکستی قورئانیدا. ئەو لێرەدا وەك زانایەکی زمانەوانی دەدوێت. وەك دەزانرێ ئەو تێکستەی بۆ یەکەم جار لە زاری پێغەمبەرەوە هاتەدەرێ، تێکستێکی زارەکیو ئازادو دەرپەڕیو بوو، تەنها لە دوای مەرگی پێغەمبەر بە ماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژ ئینجا دەستکرا بە کۆکردنەوەو نووسینەوەیان. بگرە ناکۆکی لەسەر جۆری خوێندنەوەی تێکستەکانو ڕاستو دروستیانو جێگیرکردنیان بە نووسین ماوەیەکی زۆر دوورو درێژی ویستو ئەمە تا سەدەی چوارەمی کۆچی درێژەی کێشاو بەردەوام بوو (واتە ئەو تێکستە قورئانیەی لە بەردەستدایە، بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ تاوتوێ کراوەو شتی لێ لابراوەو شتی بۆ دانراوەو جیاوازیو ناکۆکییان لەسەر بووەو ئینجا ئەم شێوە کۆتاییەی وەرگرتووە)، بێگومان ئەمەش لەبەر چەندین هۆکاری عەقائیدیو چەندین هۆکاری هونەریو تەکنیکی کە پەیوەستە بە پیتی عەرەبیو پلەی پێشکەوتنی پیتە عەرەبییەکان (لە سەرەتادا خاڵ لەسەر پیتەکاندا نەبوو، دواتر خاڵ بۆ سەر هەندێ پیت دانرا، بۆ نموونە بۆ جیاکردنەوەی پیتی ــبـ، ـتـ،ـثـ.. هتد). جا بۆئەوەی خوێنەر بە باشی لە مێژووی شکلگرتنی قورئان تێبگاتو بتوانێت بە شێوەیەکی مێژوویی پەرەسەندنی نووسینەوەی تێکستی دامەزراندن لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵە بکات، باشتر وایە بگەڕێتەوە بۆ ئەم کتێبە گرنگەی ڕێجیس بلاشیر بە ناوی: "**Regis Blachere: Introduction au Coran**، **Paris**،**1959** "

کە باوەڕ ناکەم تا ئێستا ئەم کتێبە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی عەرەبی. بلاشیر لەو کتێبەدا ئەو دەرەنجامانە دەخاتەڕوو کە قوتابخانەی فیلۆلۆجی ئەڵمانی لەو بوارەدا پێیگەیشتووە، بلاشیر هەموو ئەو شتانە وەردەگێڕێتە سەر زمانی فەرەنسی لەگەڵ لێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوەی چەندین لایەنی ئەم مەسەلەیە. لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، ئەگەر خوێنەر بچێتە سەر ئەو چیرۆکەی کە کەلەپوری ئیسلامی ئەرتەدۆکسی لە بارەی شکلگرتنی تێکستی قورئانییەوە دەیگێڕێتەوەو ئەگەر بەراوردیان بکات، ئەوسا جیاوازییەکی گەورەی نێوان میتۆدی مێژوویی/ و میتۆدی ئیمانداریی تەقلیدی دەبینێت، ئێمە ئەمڕۆ پێویستییەکی ئێجگار زۆرمان بەو چەشنە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییانە هەیە، هەروەها پێویستیمان بە خوێندنەوەی بەردەوامی "میتۆدی مێژوویی" هەیە کە تا ئەندازەیەکی گەورە تیایدا فەقیرین.

86-واتە ئەگەر مەسیح لە توانایدا هەبوایە ئەوا دەستی بەسەر دەسەڵاتی دونیاییشدا دەگرت نەك تەنها دەسەڵاتی ڕۆحی. بەڵام پێغەمبەری ئیسلام توانی دەست بەسەر هەردوو دەسەڵاتەکەدا بگرێت، چونکە بارودۆخەکە جیاواز بوو، ئەودەمی پێویستیی بەوە دەکرد عەرەب یەکبخرێت کە پێغەمبەر ڕاستەوخۆ چووە ناو کاری سیاسییەوە. کەواتە بارودۆخە جیاوازەکان، جیاوازیی سەرەتایی نێوان ئەزموونی مەسیحییەتو ئەزموونی ئیسلامی سەپاند. بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نەبوو، مەسیحییەکانیش هەرکە بارودخێکی گونجاویان بۆ ڕەخسا یەکسەر دەستیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیشدا گرت.

87-لەبەرئەوەی دۆکیومێنتە تایبەتییەکانی ئەو سەردەمە بوونیان نییە یان نەماون، یاخود بە هۆی ململانێی توندی سیاسییەوە فەوتێنراون یان شێوێنراون. ئەو دۆکیومێنتانەی کە جێی باوەڕنو هی ئەو سەردەمە سەرەتاییەن، زۆر کەمن.

88-هەندێ لە وەرگێڕە عەرەبەکان، ئەم زاراوە زمانەوانییە فەرەنسییە (enonces) بە (نطق) یان (منطوقات) وەردەگێڕن، هیچ لارییەکم لەم وەرگێڕانە نییە، بەڵام من وام پێ باش بوو ئەو زاراوەیە بە دەستەواژەیەك تەرجەمە بکەم کە بریتییە لە "دەستەواژە زارەکییە زمانەوانییەکان" بۆئەوەی خوێنەر بە شێوەیەکی ڕوونتر تێیبگات.

89-بەم مانایە دەکرێت بڵێین قورئان سەبارەت بە موسڵمانان یەکەمین تێکستی دامەزراندن پێکدەهێنێت، ئەمەش ژمارەیەکی بێشومار تەفسیری بەرهەمهێناوە کە تا بێکۆتایی بەردەوام دەبێت. تەفسیری قورئان لە چرکەساتی تەبەرییەوە (الطبري) تا ئەم چرکەساتەی ئێمە، نەوەستاوە. وەك دەشزانرێ لە مێژووی بەشەرییەتدا، تێکستە بنچینەییە سەرەتاییەکان، بێکۆتا شەرحو تەفسیرو بەدواداچوون دەوروژێنێت. هەر وەچەیەك شتێکی تازەی تیادا دەبینێتو گرفتو ئارەزووەکانی خۆی تیادا دەبینێت یان پێداویستییە تایبەتییەکانی خۆی لێدەردەهێنێت.

90-لە ڤاتیکاندا وزارەتێکی گەورە هەیە بۆ کاروباری ئایینیو فەتواو ئیجتیهاد، هیچ مەسیحییەکیش بۆی نییە لێی دەربچێت. بەڵام لە ئیسلامدا مەسەلەکە جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مەرجەعیەتی گەورە بۆ فەتوا هەیە کە خۆی بەسەر هەموو موسڵماناندا دەسەپێنێت سا لە لایەنی سوننەدا بێت یاخود لە لایەنی شیعەدا. گومانیشی تیا نییە کە فەتوای شێخی ئەزهەر زۆر لە فەتوای هەر موسڵمانێکی ئاسایی گرنگترە، هەروەها لەلای شیعەکانیش لە سێنتەرە بنچینەییەکانی وەکو نەجەفو شوێنی تر.

91-هەندێ جار ئارکۆن هەندێ زاراوە بەکاردەهێنێت کە لەوانەیە لە سەرەتادا لەگەڵ هەستیاریی خوێنەری موسڵمانو باوەڕداردا بەریەك بکەون. بۆ نموونە زاراوەی "وەبەرهێنانی پێدراوی سروش" یان ئیستیغلالکردنی سروش لە لایەن باوەڕدارانەوە، ئاماژەگەلێکی ماتریالیو ئابووریی هەیە. ئەم زمانەی ئارکۆن زمانی سۆسیۆلۆجیستی ناوداری ئەڵمانی ماکس ڤێبەرمان بیردەخاتەوە کاتێك لێکۆڵینەوەی لەسەر ئایینی مەسیحی ئەنجام داوە بە تایبەتی لە بارەی پرۆتستانتیو پەیوەندیی بە ئابووریو کۆمەڵگاوە. بەم مانایە محەمەد ئارکۆن بەبێ هیچ گومانێك سۆسیۆلۆجیستی ئیسلامە، واتە زانای کۆمەڵناسییە لە باری ئیسلامیدا.

92-مەبەست لە زاراوەی "کۆگای ڕەمزیو سیمیۆلۆژیی هاوبەش" ئەو مەخزونە هاوبەشەیە لە هێماو نیشانەی هاوبەش لە لای سروشە تەوحیدییە جیاجیاکان (واتە سروشی تەوراتو ئینجیلو قورئان)، سەرجەمی ئەم سروشانە دابڕانێکیان لەگەڵ ئەو ئایینە فرەییانەدا دروست کرد کە بۆ ماوەی چەندین سەدە دۆڵی ڕافیدەینو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان تەنیبوو. واتە ئایینە فرەییو ئایینە تەوحیدییەکان مەخزونێکی هێمایی نوێیان پێکهێنا لەگەڵ سوودوەرگرتن لە ڕەگەزە کۆنەکانیش، بۆیە دابڕانەکە دابڕانێکی سەرتاپاگیری نەبوو، نەدەکرا دابڕانێکی سەرتاپاگیرو سەرجەمگیر بێت. بۆ زیاتر شارەزابوون لە دیوە لێکچوو و دیوە لێکنەچووەکانی نێوان ئایینە تەوحیدییەکانو ئاینە فرەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن، بڕوانە توێژینەوەکانی زانای فەرەنسی "ژان بۆتیرۆ" بە ناوی (ئەودەمەی

خوداوەند بەشەر دروست دەکات- ئەفسانە لە دۆڵی ڕافیدەیندا) چاپکراوەکانی گالیمار، ساڵی 1989. هەروەها بڕوانە کتێبی یەکەمی کە لە ساڵی 1987دا چاپکراوە بە ناونیشانی "Naissance de Dieu" کە من لێرەدا ناوێرم تەرجەمەی بکەمە سەر زمانی عەرەبی..

93-واتە سیستمی سەڵتەنەتی عوسمانی، لە ڕووی هەیبەتی ئاینییەوە، گۆڕانکارییەك بوو بەرەو کاڵبوونەوەی ئەو هەیبەتە. چونکە سیستمی خەلافەت پتر هەیبەتو بڵندیی ئاینیی لە ڕووی ئیسلامیەوە لەخۆگرتبوو، هەرچی سیستمی سەڵتەنەتە کەمتر ئەو هەیبەتە ئاینییەی تیادا بوو و پتر سیستمێکی بەشەری بوو ئەگەر بشێت ئەم گوزارشتە بەکاربهێنین. بەڵام ئارکۆن چرکەساتی عەلمانییەت دەگەڕێنێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورتر لەو چرکەساتەی لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا هاتە ئاراوە، ئەو دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی موعاویەو چرکەساتی زەوتکردنی دەسەڵات کە بە هێز دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت نەك لە ڕێگەی شەرعیەتی ئاینییەوە. بەڵام دواتر توانی دەست بەسەر شەرعیەتی ئاینیشدا بگرێت پاش ئەوەی دەسەڵاتی خۆی جێگیر کردو سەپاندی بەسەر هەمووانـدا، ئیدی فەقیهەکان ناچار بوون شەرعیەتی ئاینی بەبەر دەسەڵاتەکەیدا بکەن سا بە ئارەزوو بێت یاخود لە ترساندا.

94-لە کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا هەندێ ڕۆشنبیری سادە هەن پێیان وایە گرفتی ئاینییان تێپەڕاندوەو بایەخدانیش بە لێکۆڵینەوە لە ئایین کات بەسەربردنە. ئەمانە گوایە زۆر "پێشکەوتنخوازن"، ئەوەندە پێشکەوتنخوازن بە ئەندازەیەك هەرکەسێ توێژینەوە لە ئایین بکات بە دۆگماتیستو کۆنەپەرست تۆمەتباری دەکەن. بەڵام ئێمە دەزانین لە بەرامبەر یەکەمین هەڵکردنی ڕەشەبای بزووتنەوە "ئیسلامییە"کانی ئێستادا ئەو ڕۆشنبیرانە چییان بەسەرهاتو بۆ کوێ چوون. لە ڕاستیدا نەبوونی توێژینەوەی زانستی لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی ئیسلامیدا گۆڕەپانەکەی بە چۆڵی هێشتۆتەوەو بە تەبیعەتی حاڵ کەسانی تەقلیدیو ئایدیۆلۆجیست داگیری دەکەن. دەبوایە ئەو ڕۆشنبیرە زۆر "پێشکەوتنخواز" و زۆر عەلمانییانە بایەخیان بە مەسەلەی ئایینو کۆمەڵگە بدایە هەروەك فەیلەسووفانو بیریارانی ئەوروپا کە بە درێژایی چەندین سەدە ئەو کارەیان کرد، نەك پێیان وابێت مەسەلەکە تەواوبووەو چارەسەر کراوە تەنانەت پێش ئەوەی بابەتەکە بخرێتە بەر توێژینەوەیش.

95-ڕاستە لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ لە خۆرئاواییەکان بە چاوێکی سووك سەیری کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەکەنو پێیان وایە موسڵمان لەبەرئەوەی موسڵمانە هەمیشە بە پاشکەوتوویی دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە خۆیشیان بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دوورو درێژ دواکەوتوو بوون، بۆ ماەی سێ یان چوار سەدە خەباتیان کردووە ئینجا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ تیایدا دەژین. ئیتر چۆن گاڵتە بە عەرەبو موسڵمانەکان دەکەنو پێیان وایە دواکەوتووییەکەیان ئەزەلییە لە کاتێکدا ماوەی سی یان چل ساڵە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە. پەرەسەندنی مێژوویی پێویستیی بە ماوەیەکی زەمەنی هەیە، بگرە پێویستیی بە ماوەیەکی زەمەنیی دوورو درێژ هەیە تا پێبگاتو بەروبوومەکەی ببەخشێت.

96-مەبەستی ئارکۆن لە خۆبەستنەوەی موسڵمانان بە قورئانەوە ئەوەیە کە ئەوان هەموو شتێك لە قورئان داوا دەکەنو لە قورئاندا بە دوای چارەسەری گیروگرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو زانستییەکاندا دەگەڕێنو تەنانەت دەیانەوێ لە قورئاندا بە دوای ئەتۆمیشدا بگەڕێن. ئەمە لە کاتێکدا قورئان بەر لە هەر شتێکی تر کتێبێکی ئاینییە، بەڵام ئەوان بیریان دەچێت کە قورئان لە سورەتو ئایەتەکانیدا تەنزیهو بڵندگەرایی جوانی لێدەڕژێتو کتێبێکی ڕۆحییە، کەچی ئەوان داوای هەموو شتێکی لێدەکەنو تەنانەت کێشە سیاسییە بە پەلەو هەنووکەییەکانیش. مەبەستی ئارکۆن لە بۆشایی سیاسی، وەستانی ئیجتیهادو بیرکردنەوەی ئازادە لەناو ئیسلامدا کە بە درێژایی چەندین سەدە باڵی بەسەر بیری ئیسلامیدا کێشاوە. واتە ئەو بۆشاییە سیاسییە لەگەڵ هاتنی داگیرکاردا نەهاتووە –وەك ئایدیۆلۆجیستەکان وا دەڵێن- بەڵکو پاشکەوتوویو داکەوتنو وەستان بەر لە هاتنی داگیرکەر بە ماوەیەکی درێژ هەر هەبووە.

97-هێنان و وەرگرتنی ئاسان لە دەرەوە بە قووڵی لە زەویدا ناچەقێنرێ و نابێتە مایەی بەرهەمهێنانی شتێکی ئەوتۆ، چونکە لە ئاکامی کۆششێکەوە بەرهەم نەهێنراوە کە خود بەسەر خوددا ئەنجامی دابێت و نرخەکەی دابێت و لە مانای بەهاکەی زانیبێت، واتە مانای ئەو کۆششە زەحمەتەی لە پێناوی گەلاڵەکردنیدا چەشتویەتی. ئەم قسەیە تەنها بەسەر هێنانی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤدا پراکتیك نابێت، بەڵکو بەسەر هەموو ئەو میتۆدو بیرانەی تریش کە بە ئاسانی و خێرایی لە دەرەوە هێنراون (بۆ نموونە بڕوانە چۆنێتی هێنانی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی وەکو بونیادگەری و میتۆدەکانی تریش و هەروەها چۆنێتی پراکتیزەکردنیان بە شێوەیەکی سادەو ڕوکارئامێز لە ئەدەبی خۆماندا. هەروەها پراکتیزەکردنیان لە بوارەکانی سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیاو.. هتد).

98-بڕوانە چۆنێتی بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ کە چۆن لێرەو لەوێ دەردەکەون. بێگومان ئێمە دژی مافەکانی مرۆڤ نین و لاریمان نییە لە پێکهێنانی ئەو چەشنە کۆمەڵانە، بە پێچەوانە پێمان وایە ئەمانە نیشانەی هیوایەکی مژدەبەخشن. بەڵام لاریمان لەو ڕێگە ئاسانەی هێنانی پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ هەیە کە توێژە ئایدیۆلۆجیستەکان دەیهێنن، ئەوان پێیەوە ماندوو نەبوون و کۆششیان بۆ نەکردووە هەروەك میللەتە ئەوروپییەکان هەر لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا ئەمڕۆ کردوویانە. مافەکانی مرۆڤیش تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز نییە، تەنها بۆ جوانی نییە تا هەرکەسێ بیەوێ بە نرخێکی زۆر هەرزان خۆی پێ بەرزبکاتەوە. بەڵکو بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ نرخێکی گەورەی لە ڕشتنی خوێنێکی ئێجگار زۆر داوە لە لایەن بیریاران و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو میللەتانەی بەرهەمیان هێناوە. کەچی ئێمە هیچمان نەکردووە تەنها ئەوە نەبێ بە حازری هێناومانە وەکو چۆن شمەکی تری وەك جلوبەرگ و ئوتومبێل و ساردکەرەوەو ئەو شتانە دەهێنین. لە ڕاستیدا مافەکانی مرۆڤ لە قوڵایی خاکی ئێمەدا ناچەقێنرێت و هیچ ئاکامێکی سودبەخشی نابێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لە میانی ئەزموونی مێژوویی خۆماندا گەڵاڵە کرابێت و هەروەها لە میانی پێداویستی و بارودۆخەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکانمان. خۆ ئەگەر تەماشای کۆمەڵگاکانی خۆمان بکەین جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئینسانەکاندا دەبینین، هەر لە چرکەساتی لەدایکبوونەوە خەڵکی لە مافەکاندا یەکسان نین، ئەمە ئەو دۆخەیە کە کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لە لای ئێمە ناچنە ناویەوەو تەنها لە دەرەوەی ئەو دۆخە نایەکسانییەدا قسەدەکەن، ئەو ڕێکخراوانە پتر دیلی تێڕوانینێکی تیۆریی دور لە واقیعن، دیلی ئەو شتەن کە پێیدەوترێت هیومانیزمی ئەبستراکتی یان هیومانیزمی تیۆری.

99-لێرەدا مەبەست لە هەژاری و برسێتی و بێبەرگی و پێداویستییەکانی وەك خۆراك و خواردنەوەو شوێنی نیشتەجێبوون و ئەو شتانەیە.. ئیتر مانای چییە بەو ئەندازەیە باسی پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ بکرێ لە لایەن ئەو ڕۆشنبیرانەوە کە بە ئاسانی و بە حازری دەیهێنن، لە کاتێکدا کۆمەڵگە بەدەست برسێتی و قەیرانی نیشتەجێبوون دەناڵێنێ.

100-ئەوسا دەشێت بە شێوەیەکی ئیجابی و بەرهەمهێن دیالۆگی عەرەبی- ئەوروپی بێتە ئاراوە. بەڵام ئەو دیالۆگەی ئێستا لە ئارادایە، بە داخەوە، ناچێتە ناو قوڵایی گرفتە ڕاستەقینەکانەوە.

101-واتە خۆرئاوا ئیسلام دەخاتە ناو چوارچێوەی تایبەتمەندییەکی نامۆوەو وەك ئاینێکی لاتەریك تەماشای دەکات و لە ئەزموونی ئەوروپیانەی ئایین جیای دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئیسلامیش وەکو مەسیحییەت و یەهودیەت ئاینێکی تەوحیدی تاکپەرستییە. کەچی تا ئەمڕۆش خۆرئاوا باسی بەها یەهودی و مەسیحییەکان دەکات و ئیسلام لە گۆڕەپانەکەدا دووردەخاتەوە، کە دەبوایە وەکو یەك سەیری بەها ئاینییەکانی بکردایەو لە بەها یەهودی و مەسیحی و ئیسلامییەکان بدوایە، چونکە ئایین یان دیاردەی ئایینی هەر هەمان شتە، هەندێ جیاوازییان لە ڕووکاردا هەیە، بەڵام خاڵی هاوبەشیان زیاترە.

102-مەبەستی ئارکۆن ئەوەیە کە دەشێت ڕزگاربوونی ڕۆشنبیرە موسڵمانەکان لە بیروباوەڕی ئاینیو باوەڕهێنان بە پرەنسیپی عەلمانیو کارکردن بەو ئاراستەیە، ببێتە مایەی جیابوونەوەیان لە گروپەکەی خۆیانو لە کۆمەڵانی موسڵمانانو لەوانەیە تۆمەتی وەك ناپاكو خۆرئاوازادەو ناپاکی بەرامبەر ئایینو نەتەوەیان بدرێتە پاڵ، ئەمەش گرفتێکەو هەموو ئەو ڕۆشنبیرانە دەگرێتەوە کە هەوڵ دەدەن بە فیعلی لە عەقڵیەتی کۆن ڕزگاریان ببێ. جا لەبەرئەوەی ئارکۆن لە بوارێکی زۆر هەستیاردا کاردەکاتو.. لە بنەڕەتدا هەوڵ بۆ گۆڕینی ئەقڵیەتو بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە لای موسڵمانان دەدات، بۆیە نایەوێت ئیمانی سەدان ملیۆن کەس بوروژێنێت کە باوەڕێکی پتەویان هەیە، باسکردنی چەمکی ئیمانیش ڕێگەی تایبەتیی خۆی هەیە کە لە میتۆدە زانستییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت بێئەوەی ڕەخنەیەکی بریندارکەر ئاراستەی باوەڕی ئاینی بکاتو هەستی ئەو ژمارە بێشومارەی ئیمانداران بریندار بکات. لێکۆڵینەوەکانیشی لە بارەی بیرو ئەقڵی ئیسلامی، بە پلەی یەکەم، بۆ موسڵمانانەو ئامانجی ئارکۆنیش بریتییە لە گۆڕینی بیری دۆگمایی ئایینی، بۆیە دەبێت بە هێمنیو هەنگاو بە هەنگاو بچێتە ناو بابەتە سەرەکییەکەیەوەو هەر بەو ئاراستەیەش کاری کردووە.

## سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

الدكتور محمد اركون
العلمنة والدين: الاسلام- المسيحية- الغرب
ترجمة: د. هاشم صالح
دار الساقي، الطبعة الثالثة- 1996.

www.dengekan.com

# پاشـــکـــۆ

## دەروازەیەك بۆ بیری محەمەد ئارکۆن

## بەرەو ئارکیۆلۆژیای فیکری ئیسلامی

**هاشم سالح**

هەر لە سالانی 1978-1979 وە چوومەتە ناو وەرگێرانی کارەکانی محەمەد ئارکۆنەوە، واتە پانزە سال پترە سەرقالی تەرجەمەکردنی ئارکۆنم و تا ئێستا پتر لە حەوت کتێبیم وەرگێراوە، ئەمە جگە لە چەندین وتار و پەراوێز و شەرحی دوورودرێژ و هەروەها ژمارەیەك گفتوگۆ و چاوپێکەوتن لەگەلیدا لە پێناوی روونکردنەوەی فیکری ئەم پیاوە و گەیاندنی بە خوێنەران. بەلام سەرباری ئەم کارانە هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە هێشتا ئەم ئەرکە تەواو نەکراوەو تا ئێستاش فیکری ئارکۆن بۆ خوێنەری رۆشنبیر قورسە، لێرەو لەوێ چەندین نامەی گلەیی و نارەزاییم بۆ هاتوەو داوا دەکەن هەولبدەم زیاتر فیکری ئارکۆن روون بکەمەوەو بەشێوەیەکی ئاسانتر بیخەمە روو، نارەزایی ئەو کەسانەش تەنها لە وەرگێرانی ئەو وتار و کتێبانەدا نەبوو کە لە سەرەتادا وەرمگێراون و پتر وەرگێرانێکی حەرفی بوون و لەو ئەزموونەدا لاواز بووم، بەلکو لەو کتێب و لێکۆلینەوانەش تێنەدەگەیشتن کە بەم دواییە وەرمگێراون و پتر توانام بەسەریاندا شکاوەو زیاتر لە فیکر و تەوەرە سەرەکییەکانی تێگەیشتووم، لە راستیدا توێژەر - وەرگێر لەگەل تێپەربوونی رۆژگار و سالەکاندا رۆشنبیریی فراوانتر دەبێت و زانیاریی پتر دەبێت و باشتر دەتوانێت فیکرێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگوازێتەوە.

کەواتە سەرباری ئەو هەموو کۆششەی ئەنجامم داوە کەچی هێشتا فیکری محەمەد ئارکۆن فیکرێکی قورسە و بگرە لە تەوەر و بنچینە سەرەکییەکانیدا فیکرێکی داخراوە بۆ خوێنەری عەرەبی، لەبەرئەوە بیرم لەوەکردەوە رێگەیەکی تر بدۆزمەوە بۆ خستنەرووی بیری ئەم بیریارە، بیرم لەوە کردەوە خۆم راستەوخۆ وتار و لێکۆلینەوە لە بارەی بیری ئارکۆن بنووسم لە جیاتی ئەوەی وەریبگێرم و پەراوێزی بۆ بکەمەوەو شەرحی بکەم، تۆ بلێ باشتر وایە هەردوو شێوەکە تێکەل بکەم واتە هەم لە بارەیەوە بنووسم و هەم وەریانبگێرم و پەراوێزیشیان بۆ بکەم. جا لەبەرئەوەی من بۆ ماوەی پانزە سال خەریکی خوێندنەوە و تەرجەمەکردنی ئەم بیرە بوومە و خۆیشم لە ناو هەمان ئەو کەشوهەوا فیکرییەدا بووم کە بیری ئارکۆنی بەرهەمهێناو گەشەی پێدا، هەستم بەوەکرد کە من قودرەتی ئەوەم هەیە بچمە ناو ئەم کارەوە و ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرم کە تا ماوەیەکی نزیکیش جورئەتی ئەوەم نەدەکرد خۆمی لە قەرە بدەم. وتم باشە مادامەکی من لە تەرجەمەکردنی ئارکۆندا تا ئەم ئاست و سنوورە هاتووم و چەندین سالیشە لەگەل ئەم فیکرەدا دەژیم، بۆچی هەولنەدەم خۆم بابەتێك بنووسم و وردە وردە تەوەرە سەرەکییەکانی بگرم و زاراوە و میتۆدە زانستیەکەی شیبکەمەوە؟ پاشان نوسینی راستەوخۆ جیاوازە لە وەرگێران، نووسین بەرپرسیارییەکی گەورەترم دەخاتە سەرشان بەلام ئازادییەکی زیاترم پێدەبەخشێ لە شەرحکردنی ئەم بیرە و گرێدانی بە ژینگە زانستییەکەی و بەو رەوتە فیکرییانەی دیکە کە لە گۆرەپانەکەدا هەن. بەمجۆرە جومگە سەرەکییەکانی فیکری محەمەد ئارکۆن باشتر و روونتر دەردەکەون و خوێنەریش لەسەرچاوەو کاریگەرییەکانی ئاگادار دەبێت. بەم شێوەیە ئارکۆن نابێت بە "ئەفسانەیەك" و بە لوغزێك لە کاتێکدا ئەو بەردەوام رەهەندەکانی ئەفسانەی رووت کردۆتەوە و ریشەی مێژووگەریی فیکری ئیسلامیی ئاشکرا کردووە، ئەمە جگە لەوەی ئەم کارە توانای ئەوەم پێدەبەخشێ وەلامی ژمارەیەکی زۆری ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە خوێنەری عەرەبی لە بارەی کەلەپووری ئاینی خۆی و کەلەپووری خۆرئاوایی و مەسیحی و ئیسلامی و بەگشتی لە بارەی (دیاردەی ئاینی) رووبەرووی خۆی دەکاتەوە. ئەمەش بە تەبیعەتی حال بەرەو ئەوەم دەبات لەو زاراوانە بکۆلمەوە کە محەمەد ئارکۆن بەکاریان دەهێنێ و لە لێکۆلینەوەی فیکری ئیسلامیدا پراکتیزەیان دەکات، وەك دەزانرێ ئەو زاراوانە هۆی سەرەکیی قورسیی فیکری ئارکۆنن کە خوێنەر ناتوانێ بە ئاسانی لێیان تێبگات، ئەوەندە بەس نییە ئەو زاراوانە بە تەنها وشەیەك یان تەنانەت بە رستەیەکیش تەرجەمە بکرێن، بەلکو دەبێ بە درێژی شیبکرێنەوە و هۆی سەرهەلدانی ئەو زاراوانە لە

فیکری ئەورووپیدا روون بکرێتەوەو لەسەر دەستی کێدا داهێنراون و لە چ ژینگەیەکی گفتوگۆی زانستیدا گەشەیان کردووە و.... هتد، هەروەها دەبێ بەدوای ئەو هۆکارانەشدا بگەڕێین کە وای لە ئارکۆن کردووە هەندێ زاراوەی دیاریکراو هەڵبژێرێت و ئینجا بۆچی لەسەر لێکۆڵینەوەی فیکری ئیسلامیدا پراکتیزەی کردوون و چۆنی پراکتیزە کردوون و تا چ ئەندازەیەك لەو پرۆسیسەدا سەرکەوتوو بووە.. هتد.

وەك دەزانرێ ئەو زاراوانە سەر بەو زانستەن کە بە زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێ، دەبینیین هەندێ کەس تەنها قسە لەسەر "زانستە مرۆڤایەتییەکان" دەکەن، بەڵام من پێم وایە باشترین ناو بریتییە لە: "زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان" چونکە مەسەلەکە تەنها لێکۆڵینەوە نییە لە تاکە کەس یان مرۆڤ لە خۆیدا، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا، واتە لێکۆڵینەوە لە بونیاد و میکانیزمی کۆمەڵگە. ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە لەم سی ساڵەی دواییدا تەشەنەی سەندووە و بگرە لە ناوەندە زانستییەکاندا بووە بە میتۆدۆلۆژییەکی باو. میتۆدی زانستەکانی وەکو: زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجیا) و زانستی دەروون (سایکۆلۆجیا) و شیکردنەوەی دەروونی و زانستی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) و زانستی مێژوو و زانستی زمانەوانی و زانستی بەراوردکاریی ئایینەکان.... هتد، هەموو ئەمانە هاوشان و هاوکارن لە پێناوی تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و تێگەیشتن لە مرۆڤ. خۆرئاواییەکان چەندین قۆناغی گرنگیان بڕیوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگاکانی خۆیان بێگومان لە ژێر رۆشنایی ئەم زانستانە و زاراوە و میتۆدەکانیاندا. ئەم کارە گەیشتۆتە ئاستێك کە ئیتر گوندێك یان شارێك یان قۆناغێکی مێژوویی دوور یان نزیك نەماوەتەوە نەکەوتبێتە ژێر لێکۆڵینەوەی ئەم زانستانە بەشێوەیەکی ورد و پڕ لە ئامار و بونیادگەریانە. لەبەرئەوە کاتێك خۆرئاواییەکان پلان بۆ ئایندەی کۆمەڵگاکانی خۆیان دەکێشن، دەزانن لەسەر چ بنەمایەك پلان دابنێن، چونکە ئەوان هەموو پێدراو و زانیارییەکیان لەبەردەستدایە و دەتوانن بە شێنەیی لێکۆڵینەوە و کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، کەچی ئێمە شتێکی زۆر کەم لە بارەی کۆمەڵگاکانی خۆمان یان مێژووی خۆمان دەزانین، بێگومان مەبەستم لە زانین و مەعریفەیەکی زانستیی باوەڕپێکراوە نەك بۆچوونی گشتی باو یان حوکمدانی پێشوەخت. ئەم جۆرە بۆچوونە گشتی و پێشوەختانە لە هەموو شوێنێکی ناوچەکانی ئێمەدا هەن و ئەمەش وەهمی ئەوەمان لە لا دروست دەکات گوایە کۆمەڵگاکانی خۆمان دەناسین، لە راستیدا ئێمە لە ژینگە و لە منداڵی و لە ئایین و لە مەزهەبەکانی خۆمانەوە بە هەڵە و خۆڕسکانە ئەو زانیارییانەمان وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدا مەعریفەی زانستی بەر لە هەر شتێك ئەوە لە ئێمە دەخوازێت کە سنوورێك بۆ ئەو زانیارییە پڕ لە هەڵە و بۆ ئەو کلێشە سۆسیۆلۆژییە قەبەیە دابنێین.

من لێرەدا لەسەر مەسەلەی زانستێتی زانستە وردەکان و زانستێتی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان ناوەستم، ئەمە مەسەلەیەکی ئیپستیمۆلۆژیی قەبەیە و پێویستیی بە چارەسەرێکی سەربەخۆ هەیە. تەنها ئەوەندە دەڵێم کە زانستە مرۆڤایەتییەکان سوودی لە میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستیی ئەزمونگەری لە مرۆڤ و کۆمەڵگە بکۆڵێتەوە، هەموو ئەمەش بۆ ئەوەیە تا راڤەکردنێکی زانستی بۆ رەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بکرێ هەروەها بۆ میکانیزمەکانی کۆمەڵگە و چۆنێتی ئیشکردنی ئەو میکانیزمانە. زانستە مرۆڤایەتییەکان ویستوویەتی بگاتە یاساگەلێك هەمان حەتمیەتی یاساکانی زانستە سروشتی و وردەکانی هەبێت، بۆیە زاراوەو میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان شایستەی ئەوەن لە گۆڕەپانی عەرەبیدا بناسرێن و بگرە بەسەر لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە و مێژووماندا پراکتیك بکرێن بۆ ئەوەی بە باشی لە کۆمەڵگاکان و لە مێژووی خۆمان تێبگەین. جا لەبەرئەوەی محەمەد ئارکۆن یەکەمین توێژەری گەورەی موسڵمانە کە من ناسیبێتم عاشقی ئەو رۆحە زانستییە نوێیەیە و ئازادانە میتۆدەکانی لەسەر ئیسلام پراکتیزە کردووە، چەندین ساڵی دووروودرێژیشە بایەخی من چۆتە سەر ئەم بیریارە. دوای ئەوەی چەندین بابەت و کتێبی ئارکۆنم وەرگێڕاو ژمارەیەکی زۆری بابەتە وەرگێڕاوەکانیم لەلادا کەڵەکە بوون، بیرم لەوە کردەوە چۆن زاراوەکان کۆبکەمەوە و بە چ شێوەیەك رێکیان بخەم و بیانخەمە بەردەستی

خوێنەران. لە راستیدا من هەمیشە ئەو ئەرکەم دوادەخست و لەگەڵ خۆمدا دەمووت دەبێ بۆ ماوەیەکی زیاتر چاوەڕێ بکەم تا ئەو کاتەی بابەتە وەرگێڕدراوەکان زۆرتر دەبن و ئیتر دوای ئەوسا دەست دەکەم بە کاری تاوتوێکردن و پیاچوونەوەو رێکخستن، بەڵام لەبەرئەوەی محەمەد ئارکۆن تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە پرۆسەی توێژینەوەی زانستی و تا ئێستاش فیکر بەرهەمدەهێنێ و ئاگاداری گشت ئەو زاراوانەیە کە کتێبخانەی خۆرئاوایی لە زانستە جیاجیاکاندا بەرهەمیدەهێنێ، ئەمە واتا من دەبێ تا بێکۆتا چاوەڕێ بکەم. بۆیە بریارم دا سنورێك بۆ ئەو دواخستن و ئەو دوودڵییەم دابنێم و دەست بکەم بە جیاکردنەوە و رێکخستنی ئەو زاراوە زانستییانەی لە گۆرەپانی زمانە ئەورووپییەکانەوە (بە تایبەتی زمانی فەرەنسی، سەبارەت بە کارەکان و وەرگێڕانەکانی من) هاتونەتە ناو زمانی ئێمەوە، بەمجۆرە من کۆمەڵێ شتی باش دەخەمە بەردەستی خوێنەر کە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتە وەرگێڕدراوەکان، ئەوسا خوێنەر دوچاری ناتێگەیشتن و زەحمەتیی رستەکان و تەمومژیی ئەو زاراوە بیانییانە نابێت کە - وەك هەندێ کەس دەڵێن - فیکری ئارکۆن پڕە لەو جۆرە زاراوانە.

بەر لەوەی بچمە ناو پرۆسەی جیاکردنەوەی زاراوەکان و تەعریبکردن و شەرحکردنیان، هەوڵدەدەم روخسارە بنچینەییەکانی ئەو تێڕوانینە ئیپستیمۆلۆژییە گشتییە بخەمە ڕوو کە محەمەد ئارکۆن لە میانیەوە کاردەکات. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە هەموو فیکرێکی بەرپرسیار - واتە فیکرێکی وردبین و جیدی - پشت بە هەندێ زاراوەو کەرەستەی مەعریفی و پشت بە میتۆدەکان دەبەستێت. هەر فیکرێکیش کۆمەڵێ زاراوە و میتۆدی رۆشنی نەبێت لەو خانووە دەچێت کە دینگە و ستوون و دیواری نەبێت یان وەکو ئەو قسەیە وایە کە لە هەوادا پەرت دەبێت. ئەو شتەی کە فیکری جیدی - واتە فیکرێك بەرپرسیارە لەو شتانەی دەیانڵێ - لە فیکری ناجیدی و بەتاڵ جیادەکاتەوە، بریتییە لەوەی: فیکری جیدی هەر لە سەرەتاوە شوناسی خۆی ئاشکرا دەکات و زاراوە و میتۆد و بنەماکانی خۆی دیاری دەکات، پاشان داوا لە خوێنەر دەکات دواجار لە خودی ئەو فیکرە بپێچێتەوە، بە واتای: ئایا بە شێوەیەکی راست و دروست پراکتیزەی کردووە یان نا؟ ئاخۆ بە درێژایی رێگا خۆی بە میتۆدەکان بەستۆتەوەو بەڵێنەکانی خۆی بەجێهێناوە یان نا..؟

کاتێك سەیری رێچکەی فیکریی محەمەد ئارکۆن دەکەین دەبینین هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە تاوەکو ئەمڕۆ دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی توێژینەوەی زانستی لە بارەی ئیسلام - تەنها ئیسلام -، هەروەها دەبینین ئارکۆن هەر لە سەرەتاوە کارەکەی خۆی لەسەر جیاکردنەوەیەکی روونی نێوان دوو تێڕوانین یان دوو میتۆد بۆ لێکۆڵینەوە لە راستییەکانی ئیسلام دامەزراندووە: تێڕوانینی یەکەم یان میتۆدی یەکەم بریتییە لە میتۆدی خۆرهەلاتناسیی تەقلیدی، یان ئەوەی ئارکۆن بە "ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی" ناوی دەبات. میتۆدی دووەم بریتییە لە "ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" کە ئارکۆن خۆی پەیرەوی دەکات و لە رووی تیۆری و پراکتیکییەوە بنچینە زانستییەکانی پەرەپێدەدات.

ئێمە شتێك لە فیکری محەمەد ئارکۆن تێناگەین ئەگەر ئاگاداری ئەو جیاکارییە بنچینەییە نەبین کە هەر لە سەرەتاوە لە نێوان ئەو دوو زاراوەیەدا دایمەزراندووە و بە درێژایی سەرانسەری رێچکەی زانستیی خۆی پەیڕەویی کردووە. ئەم جیاکارییە - وەك دواتر دەیبینین - بازدانێکی نەوعی یان ئیپستیمۆلۆژی دەنوێنێ نەك پۆلێنکردنێکی رووکەشانەی جیاوازییە میتۆدییەکان. ئارکۆن لە راستیدا یاوەریی ئەو قەڵەمبازە ئیپستیمۆلۆژی و میتۆدییە گەورەیە دەکات کە هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە لە گۆڕەپانی فەرەنسیدا ئەنجام دراوە.

## ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی

دەبینین ئارکۆن زۆر جار زاراوەی ئیسلامیاتی کلاسیکی (یان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی) لە بری زاراوەی خۆرهەڵاتناسی (ئۆرێنتالیزم) بەکاردێنێت، چونکە وشەی "خۆرهەڵاتناسی" زیاد لە پێویست لەوتێنراوە بە هۆی ئەو مشتومڕە ئایدیۆلۆژییە توندەی لانیکەم لە شەستەکانەوە وروژێنراوە. لێرەدا دوو تێکستی بنچینەیی ئارکۆن هەیە (واتە دوو تێکستی میتۆدی و تیۆری) لە بارەی ئەو زاراوەیە دەدوێ. یەکەمیان پێشەکیی چاپی سێهەمی کتێبی (چەند وتارێك لە بارەی فیکری ئیسلامی) 1984و دووەمیان بەشی یەکەمی کتێبە ناودارەکەی بە ناوی (بەرەو رەخنەگرتن لە عەقڵی ئیسلامی) چاپی یەکەم 1984. جگە لە تێکستێکی دیکەی گرنگ کە راستەوخۆ باسی بابەتی خۆرهەڵاتناسی دەکات بە ناوی (گوتارە ئیسلامییەکان، گوتارە خۆرهەڵاتناسییەکان - و فیکری زانستی).

بێگومان لێرەدا چەندین ئاماژەی درێژ یان کورت هەیە بۆ ئەو گفتوگۆ میتۆدگەراییە گەورەیەی بەردەوام ئارکۆنی سەرقاڵ کردووە و لە نوسینە جیاجیاکانیدا بڵاوبونەتەوە، لە کوێدا پێویستی کرد لێی دەدوێین و سەرەتای دەستپێکردنیشمان یەکەمین کتێبی قەبەی ئارکۆنە بە ناوی (هیومانیزمی عەرەبی لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا).

ئارکۆن لە دەقی یەکەمیدا - واتە پێشەکیی کتێبی: چەند وتارێك لە بارەی فیکری ئیسلامی - بەمجۆرە ئەو زاراوەیە پێناسە دەکات: "ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی بریتییە لە کۆی ئەو مەعریفە خۆرئاواییەی لە بارەی ئیسلامەوە نووسراوە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم".

ئەم مەعریفەیە (واتە: خۆرهەڵاتناسی، یان ئیسلامیاتی کلاسیکی) رۆڵێکی ئیجابی هەبووە لە هەڵگیرساندنی ئەو شتەی عەرەبەکان پێیدەڵێن: "بووژانەوە" یان "رێنیسانس" (واتە: رێنیسانسی عەرەبی). گرنگترین دەستکەوتی خۆرهەڵاتناسی - کە کەمتر شوێنی رەتکردنەوەو مشتومڕە - بریتییە لە: چاپکردن و ساغکردنەوەی ژمارەیەك لە تێکستە کلاسیکییە عەرەبی - ئیسلامییەکان، ئەو تێکستانەی بۆ چەندین سەدە بیرچووبوونەوە تەنانەت لە لایەن موسڵمانان و خودی کەلەپووری ئیسلامیش. دەرهێنانی ئەو تێکستانە لەمەرقەدەکانیان و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەیان لەسەر رێگەی فیلۆلۆژیی (واتە فیقهی زمانەوانی) تا ئەمڕۆش دوورە لەوەی کۆتایی بێت، چونکە لێرەدا ژمارەیەکی زۆری دەستنوسی شاراوە و لەبیرچوو هەیە کە لە کتێبخانە جیهانییەکاندا پەنهانن و تا ئێستاش ساغ نەکراونەتەوەو رووناکییان نەدیوە. ئاشکرایە کە میتۆدی فیلۆلۆژیی وردبین یەکێ لە جیاکارییە بنەڕەتییەکانی ئیسلامیاتی کلاسیکی پێکدەهێنێ، جێی داخە ساغکردنەوەی تێکستە ئیسلامییە دێرینەکان لە دنیای عەرەبیدا پەیڕەوی سادەترین رێسای ئەم میتۆدە فیلۆلۆژییە ناکات کە هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە لە خۆرئاوادا بۆ ژیاندنەوەی کەلەپوری گریکی - لاتینی پرۆسەکراوە.

ئەمە سەبارەت بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی میتۆدی فیلۆلۆژی، ئەی لە بارەی لایەنە نێگەتیڤەکانی دەتوانین چی بڵێین؟ ئارکۆن دەڵێ: "بە پێچەوانەی ئەمەوە وا دیارە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی لاواز و پەرپووتە بە تایبەتی کاتێ کە بنەما و رێسا جێگیرە پەنهان و ئاشکراکانی دەپشکنین و هەروەها کاتێك لە نزیکەوە میتۆدەکانی و پاشان تەئویلەکانی (بێگومان بۆ ئیسلام) دەپشکنین بۆمان دەردەکەوێت چەندە لاوازە. من ئەمە دەڵێم و ناشمەوێ بخزێمە ناو ئەو دادگاییکردنە تۆمەتکاری و ئایدیۆلۆژییەی لە دژی خۆرهەڵاتناسی دەکرێت وەك چۆن ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمان ئەم کارە دەکەن. ئەوان تەنها بەوەندە واز دەهێنن کە دەیانەوێ بەرگریکردنێکی کوێرانە لە ئیسلام یاخود ئایدیۆلۆژیایەکی دوژمنکارانە شوێنی خۆرهەڵاتناسی بگرێتەوە یان بەڕوویدا بوەستێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا گرفتی راستەقینە لە ئاشکراکردنی بنەما جێگیر و شاراوەکانی خۆرهەڵاتناسیدایە، واتە گرێدانی بەوەی بشێت ناوی بنێین: سیستمی کولتوریی سەر بەچەرخی کلاسیکی لە خۆرئاوادا".

بەمجۆرە دەبینین ئارکۆن لە ئاستی ئیپستمۆلۆژییەوە رەخنە لە خۆرهەڵاتناسی دەگرێت نەك لە ئاستی ئایدیۆلۆژی، بە پێچەوانەی ئەو کارەی زۆربەی - ئەگەر نەڵێین هەموو - رۆشنبیرە عەرەب و موسڵمانەکان دەیکەن. دیسان ئارکۆن دەڵێ: "کاتی ئەوە هاتووە مەیلی مۆرالیستی - یان ئەوەی گوایە مۆرالیستیە - و وەعزدادانی باوی عەرەبی ئیسلامی تێپەڕێنین. هەروەها دەبێ ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییە پڕ لە ژاوەژاو و سادەگۆییانەش تێپەڕێنین کە هیچی وای بۆ خاوەنەکانیان تێناچێت. دەبێ هەموو ئەو شتانە تێپەڕێنین بۆ ئەوەی بخزێینە ناو رەخنەیەکی ئیپستیمۆلۆژیی قووڵەوە بۆ ئەم دوو سیستمە فیکرییە: لە سەرێك سیستمی عەرەبی - ئیسلامی کلاسیکی، لە سەرێکی تر سیستمی خۆرئاوایی. دەتوانین بڵێین ئارکۆن هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە رەخنەییە گەورەیە تەرخان کردووە.

بەڵام دەقی دووەم کە تیایدا لە بارەی ئیسلامیاتی کلاسیکی (واتە خۆرهەڵاتناسیی تەقلیدی) دەدوێ، بریتییە لە: "بەرەو ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" و لەوێدا دەڵێ: "ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی بریتییە لە گوتاری خۆرئاوایی لە بارەی ئیسلام، واتە گوتارێك هەوڵی عەقلانیکردن دەدات لە تێگەیشتنی ئیسلامدا. بەڵام وشەی ئیسلامۆلۆژی (**Islamologie**) و خودی زاراوەکە داهێنانێکی تەواو خۆرئاواییە. چونکە موسڵمانەکان تەنها لە بارەی ئیسلام قسە دەکەن وەك چۆن مەسیحیەکانیش هەمان شت دەکەن کاتێ لە بارەی مەسیحیەت قسە دەکەن".

کەواتە دوای ئەوەی ئەم وشەیە لە زمانە بیانییەکاندا داهێنرا، لە رێگەی وەرگێڕانەوە وشەیەکیان لە زمانی عەرەبیدا بۆ دۆزییەوەو لە راستیدا ئەمە لە لای ئێمە لە زۆربەی زاراوە و چەمکەکاندا روودەدات. جا لەبەرئەوەی خۆرئاواییەکان (لە خۆرهەڵاتناسان و غەیری خۆرهەڵاتناسانیش) لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا زانست بەرهەم دەهێنن و ئێمەش بە حازری وەریدەگرین، ئەوا ناچاردەبین چەمك و زاراوەکان وەربگێڕین هەروەکو چۆن واتا و هزر و فیکرەکانیش وەردەگێڕین. بێگومان ناشبێ بە چاوی سووکەوە سەیری ئەو کۆششە گەورانە بکەین کە لە پێناوی پرۆسەی گواستنەوە و وەرگێڕاندا خەرجکراوە، وەرگێڕان کارێکی ئەوەندە سادە و ئاسان نییە وەك هەندێ کەس بەو جۆرە وێنای دەکەن. ئەگەر ئێمە تا ئەمڕۆش ناتوانین لە بواری زانستیدا داهێنان بکەین ئەوا لایەنی کەم با بتوانین وەرگێڕانی چاك بکەین.

هەرچۆنی بێ، ئارکۆن وایدەبینێ ئەم زانستە تا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی بۆ نەکراوە تا جۆری میتۆدەکەی و سروشتی گریمانەکەی و لایەنە دیار و نادیارەکانی دەربخات. ئارکۆن لێرەدا دەیەوێ ئەو کارە ئەنجام بدات. ئاخۆ ئارکۆن چ رەخنەیەك و چ خەوشێکی دیکە لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکیدا دەبینێت؟ ئەو هەر لە سەرەتاوە تێبینی ئەوە دەکات کە "ئیسلامۆلۆژی کلاسیکی ئەرکی خۆی لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامدا قەتیس دەکات لە میانی نووسینەکانی گەورە فیلۆلۆژیستان و رووناکبیرە ئیسلامییە کلاسیکییەکان. لە سەرەتادا وا دەردەکەوێ کە ئەم میتۆدە زۆر وردبین و بابەتییە. زانای ئیسلامۆلۆژی (یان خۆرهەڵاتناس) دەزانێ کە خۆی کەسێکە لە دەرەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەیدایە و خۆی لە هەر جۆرە حوکمدانێك بە دوور دەگرێت، ئیدی تەنها ناوەڕۆکی تێکستە ئیسلامییە کلاسیکی و نوێیەکان دەگوازێتەوە و وەریاندەگێڕێتە سەر زمانە بیانییەکانی وەکو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتالی و.. هتد.

بەمجۆرە زانای ئیسلامۆلۆژی وەك رێنیشاندەرێکی سارد و وشك لە مۆزەخانەدا، رەفتار دەکات. ئەو تەنها تابلۆکانت پیشان دەدات بێئەوەی هەقی بەسەر شتێکی ترەوە هەبێت، واتە بێئەوەی راڤەیان بکات یان هەڵیانسەنگێنێ یاخود لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی تابلۆکاندا یارمەتیت بدات. بەڵگەش بۆ ئەمە دەبینین ئەو پەیوەندییە یان ئەو داپچڕانەی موسڵمانە هاوچەرخەکان لەگەڵ ئەو تێکستانەدا - واتە تێکستی خۆرهەڵاتناسان - هەیانە، بەلای زانای ئیسلامۆلۆژییەوە گرنگی نییە و وەك خۆیان دەڵێن: ئەمە ناچێتە ناو بازنەی پسپۆریی ئێمەوە و ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆیی و تایبەتییە و پەیوەندیی بە موسڵمانەکان خۆیانەوە هەیە و پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە.

بەڵام ئێمە دەزانین کە مەسەلەی (بەردەوامێتی) و (داپچڕان) سەبارەت بە مێژوونوسانی فیکر شتێکی زۆر گرنگە و نابێ خۆیانی لێ لابدەن ئەمە ئەگەر بیانەوێ بەشێوەیەکی جیدی کارەکەیان ئەنجام بدەن. ئەمە جگە لەوەی کە مەسەلەی بەردەوامێتی و داپچڕان تەنها بەشێوەی تیۆری یان ئەبستراکتی لێیناکۆڵرێتەوە بەڵکو بەشێوەیەکی واقیعی هەستپێکراو و پشکنینی مەیدانی لێیدەکۆڵرێتەوە. تەنها ئەم ڕێگەیە رادەی پەیوەندی یان نەبوونی پەیوەندیی موسڵمانە هاوچەرخەکان بە تێکستە کۆنەکانیان ئاشکرا دەکات. ئەوەندە بەس نییە موسڵمان بڵێ من موسڵمانم و ئیتر ئێمەش پێمان وابێت کە ئاگاداری تێکستەکانی کەلەپورەکەی خۆیەتی (بە تایبەتی تێکستە گەورەکانی چەرخی دامەزراندن: واتە تێکستی گەورە فیلۆلۆژیستان و دامەزرێنەرانی مەزاهیبەکانی وەکو ئیمامی شافعی و ئیبن حەنبەل و ئیبن مالك و ئەبوحەنیفە و جعفر الصادق و عبداللە بن اباض و.. هتد، پاشان تێکستی کەلامناسان و فەیلەسوفان و موعتەزیلەکان، ئەمە جگە لە تێکستی گەورەی دامەزراندن واتە قورئانی پیرۆزو هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەر و تەفسیرەکان و کتێبەکانی ئەخبار و مێژوو.. هەموو موسڵمانان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو تێکست و کتێبانە نین.

رەخنەیەکی دیکە لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی ئەوەیە: تەنها ئیسلامێك کە شوێنی بایەخی "خۆرهەڵاتناس" یان زانای ئیسلامیاتی کلاسیکییە لە راستیدا ئەو ئیسلامە رەسمییەیە کە پابەندە بە دەوڵەت و دەسەڵات و زمانی پەتی و رۆشنبیریی نوخبەوە. بگرە ئەو توێژەرە عەرەب و موسڵمانانەی بۆیان دەرەخسێ ببن بە مامۆستا لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکادا و پرۆسەی ئیسلامۆلۆژی دەکەن، لەم رووەوە شوێن پێی خۆرهەڵاتناسەکان هەڵدەگرن، واتە ئەوانیش تەنها بایەخ و گرنگی بە ئیسلامی رەسمی دەدەن. ئەمە واتا ئەوان لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەدا هەموو ئەم لایەنانەی خوارەوە دوور دەخەنەوە:

1-هەموو گوزارشتێکی زارەکیی ئیسلام، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەو میللەتانەی نووسین نازانن وەکو بەربەر و ئەفریقییەکان و جەماوەری میللی و نەخوێندەوار بە گشتی.

2-ئەو شتانەی نەنوسراون و نەوتراون، واتە ئەو شتانەی کەسێ ناوێرێ بیانڵێ یان بیاننووسێ بە هۆی سانسۆرێکی ئایدیۆلۆژیی توند و دەسەڵاتی تاکە حزب بەسەر هۆیەکانی راگەیاندندا (واتە ئەو شتە بدرکێنیت کە بیری لێناکەیتەوە، یان لە ناخی خۆتدا بیر لە شتێك بکەیتەوە بێئەوەی بوێریت بیدرکێنیت. لێرەوە هەژمونی دووڕوویی و نیفاق لە گۆڕەپانی عەرەبی - ئیسلامیدا زاڵدەبێت).

3-ئەو شتەی نەنووسراوە بەڵام وتراوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و مزگەوت و قوتابخانەو زانکۆدا گێڕدراوەتەوە و حیکایەت کراوە. خۆرهەڵاتناس هەمیشە بە "تێکستە شەرعییەکان"ی ئیسلامی کلاسیکی قەتیس دەکرێ، یان بە نووسینەکانی ریفۆرمیستە سەلەفییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کەچی لێکچەرێکی زیندووی وەکو لێکچەرەکانی محمد سعید رمضان البوطي فەرامۆش دەکات گەرچی ئەم پیاوە دەتوانێ لە یەکێ لە مزگەوتەکانی دیمەشقدا هەزاران کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەروەها دەکرێ ناوی متولی الشعراوی لە میسر بهێنین، یان ناوی وتاربێژەکانی مزگەوت و واعیزە گەورەکان، لە راستیدا ئەمانە کاریگەرییەکی زۆر گەورەتریان لەسەر میللەت هەیە وەك لە تێکستە کلاسیکییەکان. لە راستیدا خۆرهەڵاتناسە نوێیەکان گرنگی بە وتارەکانی سەلەفییە نوێیەکان دەدەن، هەروەها گرنگی بە نووسینەکانی ڕێبەری بزوتنەوە ئوسوڵییەکانی وەکو راشد الغنوشی یان حسن ترابی و ئەوانیتر دەدەن و دەقەکانیان وەردەگێڕنە سەر زمانە ئەوروپییەکان بێگومان لە تێڕوانینی بەرژەوەندییەکی سیاسی خێرا و راستەوخۆوە پتر لەوەی لە تێڕوانینی شیکردنەوەیەکی قووڵی ئیپستیمۆلۆژییەوە بێت و دواتر لەم خاڵە دەدوێین. ئەوان بە پلەی یەکەم دەیانەوێ خزمەتی کۆمەڵگاکانی خۆیان بکەن نەك خزمەتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان.

4-فەرامۆشکردنی ئەو تێکستانەی گوایە ئۆرێجیناڵ نین، واتە فەرامۆشکردنی ئیسلامی شیعی و اباضي (یان: خارجی) و تەنها بایەخ بە ئیسلامی سوننی دەدەن و پێیان وایە ئەم ڕەوتە نوێنەرایەتی هەموو ئیسلام دەکات، یان

ئیسلامی ئۆرسۆدۆکسی (ئیسلامی "ڕاست و دروست" بەو پێیەی ڕەوتەکانی تر بیدعەن). لە واقیعدا ئیسلامی سوننی جگە لە تیۆریزەیەکی عەقائیدی دۆگمایی شتێکی تر نییە، ئەمیش لە دواییدا هاتووە بۆ ئەوەی پاساوی ئەو شتانە بکات کە ڕوویانداوە و ڕەواییەك بخاتە بەر ئەمری واقیع (واتە ڕەواپێدانی زنجیرەیەك کاری مێژوویی و سیاسی کە لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە بەزەبری هێز سەپێنراون. ئومەوییەکان یەکەم کەس بوون ئاینیان زەوت کرد و بە دەسەڵاتی سیاسییەوە گرێیاندا، واتە ئاینیان بۆ ڕەوایەتی دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا کە لە ڕێگەی هێز و ستەمەوە بە دەستیان هێنا). ئیسلامی سوننی پەیوەستێکی بەهێزی بەو دەسەڵاتە سیاسیانەوە هەیە کە لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە (661ز) تا ئەمڕۆ بە دوای یەکدا هاتوون، کەواتە دەبێ دان بە ڕەوایی ئیسلامی خارجی و ئیسلامی شیعیشدا بنرێ بۆ ئەوەی دیالۆگ لەگەڵ ئیسلامی سوننیدا ئەنجام بدرێ و مەزهەبە ئیسلامییەکان یەك بگرن.

5-فەرامۆشکردنی هەموو سیستمە سیمیۆلۆژی - سیمانتیکییە نازمانەوانییەکان (واتە ئەو سیستمەی لە ڕێگەی ئیحا و هێما و ئاماژەوە دەلالەت دەبەخشێ، یان ئەوەی پێی دەوترێ "زمان"ی نازمانەوانی). بۆ نموونە ئەو ئەفسانانەی لە باوکان و باپیرانەوە بە میرات ماونەتەوە (حیکایەتەکانی داپیرە یان باپیرە لە شەوانی زستاندا) هەروەها عیبادەت و سرووت و مۆسیقا و چۆنێتی ڕێکخستنی کات و شوێن و ئاوەدانکردنەوەو چۆنێتی ڕێکخستنی شەقامەکانی شار و دیکۆری ناوەوە (تەنانەت دیکۆریش زمانی خۆی هەیە) هونەری بیناسازی و هونەری شێوەکاری و جلوبەرگ و متبەخ و بونیادەکانی خزمایەتی و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان. بە گشتی سەرجەمی ئەو نیشانەو هێمایانەی لە کۆمەڵگادا هەن (یان ئەوەی ڕۆلان بارت-ی ڕەخنەگری فەرەنسی پێیدەڵێ "ئیمپراتۆریای نیشانەکان" یان ئیمپراتۆری سیمیۆلۆژی).

لە ڕاستیدا زانستی ئیسلامیات -ئیسلامۆلۆژی - (یان: خۆرهەڵاتناسی) هەموو بایەخی خۆی لە لێکۆڵینەوەی بیری سێنتەریزمی زمانەوانی - یان لۆگۆسێنتەریستی **Logocentriste** - قەتیس کردووە، واتە (تیۆلۆژی - لاهوت، فیلۆلۆژی - فیقهی زمان ، فەلسەفە). بە مانایەکی تر بایەخدانەکانی خۆی لە لێکۆڵینەوەی تێکستە تیۆرییە دێرینەکان قەتیس کردووە و ئەوانی دیکەی فەرامۆش کردووە. تەنانەت ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیەش پتر ئەبستراکتییە و لە ناو تێڕوانینی ئایدیالی مێژووی تەقلیدیی فیکرەکان پرۆسە دەکرێ. بەمجۆرە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی ئەم شتانەی خوارەوەی فەرامۆش کردووە: گرفتی قەبە و ئاڵۆزی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ و مەرجداری نێوان ئیسلام بە سیفەتی دیاردەیەکی ئایینی/ و نێوان هەموو ئاستەکانی تری بوونی بەشەری (واتە فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و مێژوویی و زمانەوانی و سێکسی و... هتد). واتە بە شێوەیەکی گشتی و لە تێڕوانینێکی ئەبستراکتییەوە لە ئیسلام کۆڵراوەتەوە وەك بڵێی ئیسلام لە سەرووی کات و لە سەرووی شوێن و لە سەرووی کۆمەڵگا و مێژوووەوە وەستابێت، گوایە ئیسلام کار لە کۆمەڵگا و مێژوو دەکات بێئەوەی کۆمەڵگا و مێژوو کار لە ئیسلام بکەن، گوایە ئیسلام هەموو مێژوو و چەرخەکان دەبڕێ بێئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت (ئەمە تێڕوانین و گۆشەنیگای سەرجەم تیۆلۆژیای کلاسیکییە نەك تەنها لە ئیسلامدا بەڵکو لە مەسیحییەت و لە جولەکەشدا هەیە). ئەم چەشنە تێڕوانینە پێی وایە ئایین هیچ پەیوەندییەکی بە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ماتریالییەکانەوە نییە و ئایین لە سەرووی ئەم شتانەوەیەو ناکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە. ئەمە لە ڕاستیدا تێڕوانینێکی ئایدیالیستییانەیە و ناتوانێ لە بەرامبەر تاقیکردنەوەدا خۆی بگرێ. ئەمەش زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە نوێیەکان سەلماندوویانە، بۆ نموونە سۆسیۆلۆژیای ئایینی و زانستی مێژووی ئایینەکان و زانستی بەراوردکاریی ئایینەکان.

### مۆرکی پەراوێزیی خۆرهەڵاتناسی لە ناو گۆڕەپانی زانستی خۆرئاواییدا

لەبەرئەوەی لەلای ئێمە ناوی گەورە خۆرهەڵاتناسان ڕەونەقدار و نێودارە، پێمان وا دەبێ ئەمانە لە وڵاتی خۆیشیاندا هەمان ناوبانگ و ڕەونەقیان هەیە. لە واقیعدا مەسەلەکە - وەك ئارکۆن دەڵێ - بە پێچەوانەوەیە، کاریگەریی

خۆرهەڵاتناسەکان ناچێتە دەرەوەی دیوارەکانی بەشی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵات لە زانکۆکانی خۆرئاوادا، هەروەها ئەمانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەوتی زانستی خۆرئاوادا یان فیکری خۆرئاواشدا نییە، دیسان ئەمانە کاریگەرییەکی زۆر لاوازیان لەسەر ڕای گشتیی خۆرئاوادا هەیە.

ئایا دەکرێ کاریگەریی خۆرهەڵاتناسان لە گۆڕەپانی فەرەنسی (یان پاریسیدا) بەراورد بکەین بە کاریگەریی توێژەرێکی وەکو، بۆ نموونە، (کلۆد لیڤی شتراوس) کە پسپۆرە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی ئەمریکای لاتینی؟ یان ئایا دەشێت کاریگەریی ئەمان بەراورد بکەین بە کاریگەریی فەیلەسوفێکی وەکو (میشێل فوکۆ) کە پسپۆرە لە لێکۆڵینەوەی فیکری ئەوروپی؟ یان بەراوردی بکەین بە (فێرنان برۆدێل) یەکێ لە ڕێبەرانی زانستی مێژووی نوێ لە فەرەنسە؟ تەنانەت چەند ناوێکی وەکو لویس ماسینیون یان گۆستاف فۆن گرینباوم یان جاك بێرك ناتوانن لە بەرامبەر ناوی شتراوس و فۆکۆ و فێرنان برۆدێل بوەستن. کەچی ئەو ناوانە (واتە ناوی خۆرهەڵاتناسان) لەلای ئێمە زۆر باو و ناودارن. هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆرهەڵاتناسان بە زۆری بەوە ناسراون کە سەر بە میتۆدی کلاسیکیی خۆرئاوان، واتە سەر بە میتۆدی پۆزەتیڤیستی مێژووگەرایی و ئیتنیی سێنتەریزم. ئەمانە زۆر بە کەمی بەرامبەر بە نوێکاریی میتۆدی کراونەتەوە، واتە بەرامبەر بەو میتۆدانەی لەم دواییەدا سەریان هەڵداوەو گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە، واتە میتۆدی سۆسیۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا کە لە سەرەتای شەستەکانەوە نەخشەی مەعریفیی خۆرئاوایان بە تەواوی گۆڕیوە. ئێمە دەزانین کرانەوەی میتۆدی بەندە بە هەڵوێستێکی فیکری و دەروونی.

بە واتا: ئایا دەشێت میللەتانی دیکەی غەیری ئەوروپی هەمان ئەو شوێنگە مرۆڤایەتییەیان هەبێت کە میللەتانی ئەوروپی هەیانە؟ ئایا دەشێت زمان و کولتووری میللەتانی غەیرە ئەوروپی شایستەی هەمان لێکۆڵینەوەبن و ئایا هەمان ئەو یاسا و ڕێسایانەیان بەسەردا پراکتیك دەکرێ کە بەسەر زمان و کولتووری میللەتانی ئەوروپیدا کراوە؟ یان لێرەدا تەنانەت لە ئاستی میتۆد و لێکۆڵینەوە و زاراوەشدا جیاوازییەکی ڕەگەزی هەیە؟ لە ژێر ڕۆشنایی وەڵامی ئەم پرسیارانەدا هەڵوێستی هەموو توێژەرێك یەکلا دەبێتەوە: ئایا لە ڕووی ئیپستیمۆلۆژییەوە سەر بە مۆدێرنیتەی فیکرییە یان نا؟ ئاخۆ سەر بە خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکییە یان خۆرهەڵاتناسیی نوێ؟

## ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی

کەواتە محەمەد ئارکۆن دەیەوێ ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی شوێنی ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی (یان خۆرهەڵاتناسی) بگرێتەوە. بەڵام ئایا مەبەستی لەم زاراوەیە چییە؟ ئەگەر لەمە تێبگەین ئەوا لە گرنگیی ئەو پرۆژە گەورەیە تێدەگەین کە ئارکۆن هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری ئیسلامی خۆی لە قەرەی داوە. پرۆژەکەی ئارکۆن خواستێکی گەورەی هەیە و تا دوورترین سنوور دەکشێ، ئەگەرچی زۆرجار ئەم پرۆژەیە (واتە ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی) خۆی لە پشتی دارشتن و تەعبیری خاکەڕا و وریای توێژەرێکی ئەکادیمیدا دەشارێتەوەو لە ڕاستیدا بەرەو ئەو سەرەنجامەت دەبات کە خۆی مەبەستێتی بێئەوەی هەست بکەیت کە بەربەست و شوراکانت بڕیوەو تابووکانت پێشێل کردووە یان لە ئاستی مەعریفیدا بازی گەورەت داوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا پەروەردەییە "پیداگۆجییە" گەورەیەی ئارکۆن کە دەتوانێ تێزە فیکرییە هەرە ترسناك و شۆڕشگێڕییەکان بە کۆمەڵێ دارشتنی مەخمەلیی جوان و نەرم و هێمن بەرگپۆش بکات.

لە ڕاستیدا ئارکۆن دەیەوێ ئاگایی و هۆشیاریی ئیسلامی لە کەش و قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی تازەگەری (مۆدێرنیتە) بێئەوەی دوچاری شۆك و ڕاچەنین ببێت. بەڵام ئایا ئەمە مومکینە؟ ئاخۆ ئەم ئاگاییە لە ساتێك لە ساتەکاندا پارچە پارچە نابێت وەك چۆن ئەمە لە ئاگایی مەسیحی لە ئەوروپادا ڕوویدا ئەو کاتەی لە

سەدەی هەژدەهەمەوە بەر مۆدێرنیتەی زانستی و فیکری کەوت؟ بە مانایەکی تر: ئاخۆ نرخی ئەو گواستنەوەیە نادات تا لە کۆت و پێوەندەکانی رزگاری بێت؟ ئایا لێرەدا ڕێگایەکی تر هەیە بۆ رزگار بوون؟ ئەمانە تەنها پرسیارن و لە پەراوێزی فیکری ئارکۆندا دەیانخەینە ڕوو، دەشێت لەم باسە درێژەدا چەند جارێکی تر بەم پرسیارانە بگەینەوە.

ئارکۆن لەو دکتۆرە دەچێ دەیەوێ نەشتەرگەری بۆ نەخۆش بکات بێئەوەی نەخۆشەکە هەست بە ئازار بکات یان هەست بە کەمترین ئازار بکات، لەبەرئەوە بە وردبینییەوە حیساب بۆ هەموو شتێ دەکات بۆ ئەوەی نەخۆشەکە دووچاری شۆك نەبێت یان لەساتەوەختی نەشتەرگەریدا نەمرێت، ئەو دەزانێت هۆشیاری وئاگایی هاوچەرخی ئیسلامی ئاگاییەکی نەخۆشە و بگرە زۆریش نەخۆشە، ئەویش دەیەوێ رزگاری بکات نەك بیکوژێت. کەرەستەو ئامێری ئەو نەشتەرگەرییە بریتییە لە ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە و زاراوە ئاکتیڤەکانی روون بکەینەوە.

ئارکۆن لە دەقی یەکەمیدا لە کتێبی "چەند وتارێك لە بارەی فیکری ئیسلامی" دەڵێ: "رۆجێ باستید کتێبێکی چاپکرد بە ناوی -ئەنترۆپۆلۆژیای پراکتیکی- ئێمەش لەوێوە زاراوەی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی بەکاردەهێنین. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەو بیرە بنچینەییەوە دەست پێدەکەین کە: ئیسلام وەکو هەموو ئایینە گەورەکانی تر، کەم و زۆر، ئیلهامی بەسەرجەمی ئەو "بەهایانە" بەخشیوە کە بناغەی بونیادی گشتیی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان پێکدەهێنێ و بەرگی مەشروعیەتی بەبەر ئەو بەهایانەدا کردووە. بەڵام ئەم کۆمەڵگا ئیسلامییانە هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دوچاری چەندین لەرزینی گەورە "یان بازدانی گەورەی پێشکەوتن" بوون وەك ئەو پێشکەوتنانەی هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییە مەسیحییەکاندا روویدا، لە حاڵەتێکی واشدا هەندێ ئەرکی پراکتیکی بەرهەم دەهێنرێ کە مومکین نییە توێژەرە زانستییەکان فەرامۆشی بکەن یان چاوپۆشی لێبکەن، هەر ئەم ئەرکە پراکتیکیانەشە کە بەرنامەی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی پێکدەهێنێ کە ئێمە لە سەرانسەری کارەکانماندا خستوومانەتە ڕوو، ئەمەش لە بنەڕەتدا لەم کارە گرنگەدا قەتیس دەکرێ: خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی سەرانسەری کەلەپووری ئیسلامی".

**ئارکۆن مەبەستی لەم دوو زاراوەیە: "رەخنەگرانە" و "سەرانسەری" چییە؟**

مەبەستی لە هەڵوێستی رەخنەگرانە: تەبەنیکردنی هەموو ڕێگەکانی پشکنین و ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی کە خۆرئاوا بەسەر خۆیدا پراکتیزەی کردوون و تا ئەمڕۆش پراکتیزەیان دەکات لە پێناوی جێهێشتنی قەیرانە تایبەتییەکانی خۆی، بەڵام لەگەڵ تەبەنیکردن و وەرگرتنی ئەو میتۆد و لێکۆڵینەوە زانستییانە دەبێ کەمێك دەستکاری بکرێن و لە هەندێ شوێندا راست بکرێنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ حاڵەتی ئیسلامدا بگونجێن و قابیلی پراکتیزەکردن بن بەسەر کەلەپووری ئیسلامدا نەك وا دەربکەوێ کە بە زۆر سەپێنراون، ئەمەش وا لە فیکری ئەمڕۆی ئیسلامی - هەروەها فیکری عەرەبیش - دەکات کە پابەندی ئەم پێداویستییەی خوارەوە بێت:

جیاوازیکردن لە نێوان خەباتی ئایدیۆلۆژی - سیاسی لە سەرێك، و زەرورەتی هەرسکردنی دەستکەوتە زانستییەکانی خۆرئاوا لە سەرێکی تر. بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا و لە هاوسەنگیی هێزە باوەکاندا پێدەچێ ئەم چەشنە جیاوازیکردنە زەحمەت بێت ئەمە ئەگەر مەحاڵ نەبێت. لێرەدا زەرورەتی ئایدیۆلۆژی زاڵ دەبێت بەسەر زەرورەتی ئیپستیمۆلۆژیدا، لەبەرئەوە دەڵێم: دەشێت پێداچوونەوەی رەخنەگرانەی کەلەپووری ئیسلامی، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، بۆ ئەو توێژەرە موسڵمان و غەیرە موسڵمانە گۆشەگیرانە پاوان بکرێت کە لەو بوارەدا کاردەکەن، مەبەستم ئەو کەس و ئەو توێژەرانەی قایلن بەوەی بەشێوەیەکی گشتگیر باوەڕ بە پرەنسیپەکانی میتۆدی زانستی بهێنن هەروەها باوەڕ بە بیرۆکەی گەڕان بە دوای مانادا و دەرکێشانی ماناکان لە میانی سەرجەم ئەزموونە کولتوورییەکانی مرۆڤ نەك لە میانی تەنها ئەزموونێکەوە، واتە دەبێ ئەزموونی ئیسلام و ئەزموونی ئایینەکانی دیکەی وەکو مەسیحییەت و

یەهودیــەت و بوزییــەت و.. هتــد لەگــەڵ یــەکتر بــەراورد بکــەین، واتــە ئــەزموونی هــەموو ئایینــەکان بخەینــە نــاو بەراوردکارییەوە بۆ ئەوەی کەمێك عەقڵ و تێگەیشتنی خۆمان فراوان بکەینەوە.

ئەمە محەمەد ئارکۆن لە دەقی یەکەمیدا لە بارەی چەمکی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکییــەوە وتوویــەتی، ئــەی لــە دەقــی دووەمیدا چیی وتووە کە بە ناونیشانی "بەرەو ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی" نووسیویەتی؟ لێرەدا و لە میــانی ژمــاردنی ئــەم خاڵانەی خوارەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە ئارکۆن هێڵە پان و گشتییەکانی سەرجەم پرۆژە فکرییەکەی خــۆی دەکێشــێ. ئەو لە کاتێکدا بنەماکانی میتۆدی نوێ دیاریدەکات، دەبیــنین بەشــێوەیەکی راســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ کەموکورتییــەکانی میتۆدی کلاسیکی ئاشکرا دەکات:

1-ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی بە مۆرکە عەمەلی و پراکتیکییەکەی جیادەکرێتەوە نەك مۆرکی تیۆری یــان ئەبســتراکتی لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامیدا. ئەمە واتا زانای ئیسلامۆلۆژی لەو مەسەلە گرنگ و گەرمانەوە دەست پێدەکات کە موسڵمانان دەیخەنە بەردەمی خۆیان یان ڕووبەڕووی خۆیــانی دەکەنــەوەو لــە ژیــانی ڕۆژانەیانــدا بــەردەوام دوچــاری دەبــن. بێگومــان تێگەیشتن لە ئێستا بەر لە هەرچی پێویستی بە تێگەیشتنە لە ڕابردوو، واتە تێگەیشــتن لــە نــاوەڕۆکی بابەتییانــەی دەقــە ئیسلامییە گەورەکان و بە تایبەتی قورئان. میتۆدی بێلایەن یان میتۆدی بێلایەنگیری (واتە میتۆدێکی سارد و دەرەکــی و وەسفگەرایی) کە خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی پەیڕەویی دەکات، ناتوانێت لە ناوەرۆکەکە تێبگات. ئەگــەر بیــەوێ توێژینــەوە زانســتییەکەی بەشــێوەیەکی کــامڵ جێبــەجی بکــات دەبــێ زیــاتر و زیــاتر ڕۆبچــێتە نــاو پرۆســەی مەعریفــەوە، واتــە لێکۆڵینەوەی وەسفی بەس نییە بەڵکو دەبێ تێراو بکرێ بــە لێکۆڵینــەوەی تــەفکیکی - رەخنــەیی لــە پێنــاوی دەرهێنــانی حوکمە گشتییەکان.

2-زانستە مرۆڤایەتییــە نوێیــەکان لــە خۆرئــاوادا، ســەر لــە بــەر و لــە ڕەگــەوە، مەرجــەکانی پرۆسیســەکردنی فیکــری زانستیی هەڵگێڕاوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا فیکری ئیسلامی (واتە فیکری عــەرەبی و تــورکی و فارســی و پاکســتانی و گشــت ئــەو فیکــرەی بــە زمانــە ئیسلامییەکانی تــر نووســراوەتەوە) بــە دەســت دواکــەوتنێکی گــەورەوە دەناڵێنــێ و ســێ ســەدەش تێدەپەڕێنێ (ماوەی جیاوازیی مێژوویی نێوان فیکری ئیسلامی و فیکری ئەوروپی دەگاتە سێ سەد ساڵ. ئێستاکە فیکــری ئیسلامی هەســت بــە ئاســەواری شارســتانیەت و ئــەو لەرزینــە گەورانــە دەکات کــە لــە خۆرئــاوا لــە ســەدەی شانزەهەمەوە دەستیان پێکردووە و ئەو شتەیان بەرهــەم هێنــاوە کــە دەشــێت نــاوی بنــێین "بــیری نــوێ" یــان بــیری مۆدێرنــە). فیکــری ئیسلامی بە هەموو کۆپییەکی عەرەبی یان فارسی یان تورکی یــان پاکســتانی.. هتــد تــا ئــەمرۆش کەوتۆتــە ژێــر قورســایی هەژموونی سیستمی بیری سەدەکانی ناوەڕاستەوە، یان بە پێی گوزارشــتی میشــێل فوکــۆ: سیســتمی ئیپســتیمۆلۆژیی ســەدە تاریکەکان، یان ئیپستیم Epistem، و مەبەستمان لە ئیپستیمی سەدەکانی ناوەڕاست ئەمەی خوارەوەیە:

تێکەڵکردنی ئەوەی ئەفسانەییە / و ئەوەی مێژووییــە، نــەبوونی قــودرەتی جیاکردنــەوەی ئەفسانەیی لــە مێــژوویی، پاشان پۆلێنکردنی دۆگماییانەی بەها ئەخلاقی و ئایینییەکان، ئینجا جەختکردنێکی لاهوتیانــەی ئــەو گوتەیــەی کــە دەڵــێ کەسی ئیماندار باشترە و لە پێشترە لە کەسی بێئیمان، یان موسڵمان لە ناموسڵمان چاکتر و لە پێشترە، پاشــان پیرۆزکردنــی زمان و پێداگرتن لەسەر ئەوەی ئەو زمانە لە خوداوەیە و دروستکراوی بەشەر نییە، ئینجا جێگیر بوونی ئەو مانایەی لــە ڕێگەی پێغەمبەر و فەرموودەکانیەوە لە خوداوە گەیشتۆتە بەشەر، پاشان باوەڕهێنانێکی ڕەها بەوەی کــە ئــەو مانایــە لــە لایەن فوقەهاکانەوە بەشێوەیەکی کــامڵ و تــەواو ڕاڤــە کــراوەو ڕوون کراوەتــەوەو پــارێزراوە و گواســتراوەتەوە بــۆ وەچــەی ئیمانداران بەبێ هیچ ناتەواوی و لابردن و بێئەوەی هیچی لــێ ون بێت، پاشان باوەڕهێنان بەبوونی عەقڵێکی نــەمر یــان عەقڵێکی ئەزەلی و هەتا هــەتایی کــە هــیچ گۆڕانکــاری و ئــاڵوگۆڕێکی بەســەردا نایــەت و هــەروەها باوەڕهێنــان بــەوەی ئــەو عەقڵە لــە ســەرووی مێژووەوەیــە یــان ســنوورەکانی مێــژووش جێــدەهێڵێ چــونکە کانگاکــانی خــۆی لــە گوتــەی خــوداوە وەردەگــرێ. دیســان پێیــان وایــە ئــەم عەقڵە بناغەیــەکی ئــەنتۆلۆجی وای هەیــە بەســەر هــەموو مێژووگەراییەکــدا بــەرز

دەبێتەوە (واتە لەگەڵ گۆڕانکاریی زەمەن و سەردەمەکان، ئەو عەقڵە ناگۆڕدرێت و پارێزراوە) ئەمانە ئەو باوەڕە جێگیر و بنچینەییانەن کە هزر و زەینی خەڵکیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا داگیر کردووە. بێگومان بەشی هەرە زۆری تایبەتمەندییە گەورەکانی ئەم ئیپستیمەی سەدەکانی ناوەڕاست تا ئەمڕۆش تەنانەت لە فیکری هاوچەرخی مەسیحی لە خۆرئاواشدا بوونی هەیە و چالاکە، ژمارەیەکی زۆری رووناکبیرە مەسیحییە خۆرئاواییەکان - هەروەکو ژمارەیەکی گەورەی موسڵمانەکان - تا ئەمڕۆش مێژووگەرایی عەقڵ ڕەت دەکەنەوە و باوەڕیان وایە تێکستەکانیان دوورە لە هەڵە و ئەو تێکستانە پەیوەندییان بە مێژووەوە نییە.

3-بە پێچەوانەی ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکییەوە، ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە تێڕوانینێکی ئەنترۆپۆلۆژیی فراوانەوە لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە، ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی وایدەبینێ ئیسلام بریتییە لە یەکێ لە دەرکەوتەکانی دیاردەی ئایینی، دیاردەی ئایینی یان "دیاردەی پیرۆزگەرایی" دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە بەو مانایەی هیچ کۆمەڵگایەك خاڵی نییە لەو دیاردەیە، سا ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی بێت یان پێشکەوتوو، کۆن بێت یان نوێ. ئەم تێڕوانینە تەنانەت سەبارەت بە فیکری پێشکەوتووی خۆرئاواش تێڕوانینێکی زۆر تازەیە.

لێرەوە، ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە ڕەگوڕیشەوە جیاوازە لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی. ئێمە دەزانین ئامانجی ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی -واتە خۆرهەڵاتناسی- بریتییە لە: خستنە ڕووی کۆمەڵێ زانیاریی وەسفی و ورد - واتە زانیاریی دەرەکی و سارد - لە بارەی ئیسلام بۆ جەماوەری خۆرئاوایی کە هیچ شتێ لە بارەی ئیسلامەوە نازانێت. خۆرهەڵاتناسی (یان ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی) ناچێتە ناو لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی بەراوردکاری تا ئیسلامیش بەیەکسانی بخاتە بەردەم مەسیحییەت و یەهودیەتەوە. بەڵام ئامانجی ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی (واتە میتۆدی محەمەد ئارکۆن) بە تەواوی جیاوازە، ئارکۆن دەیەوێ لە میانی دوو تێڕوانینی کامڵەوە لە ئیسلام بکۆڵێتەوە کە ڕەچاوی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە دەکەن:

ا-ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی دەیەوێ بچێتە ناو ڕووبەڕووبونەوەیەکی پڕ لە ململانێوە لەگەڵ کەلەپورێکی درێژ لە تەقلیدی پیرۆزگەرایی کە دەیەوێ هەڵوێستی ئیسلام لە بەرامبەر ئایینەکانی تر جیابکاتەوە، واتە هەڵوێستی هێرشکاری کە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بە میرات ماوەتەوە، دەبێ لە جیاتی ئەمە هەڵوێستی بەراوردکاری شوێنی بگرێتەوە. ئارکۆن وایدەبینێ ئەم ئەرکە ئەوەمان لێدەخوازێ خۆمان بخزێنینە ناو گەورەترین پرۆسەی ڕزگارکردنی ناوخۆیی فیکری ئیسلامی، ئەویش لەو پرەنسیپە ئیپستیمۆلۆژییەوە کە (گاستۆن باشلار) لە بارەیەوە دەڵێ: مومکین نییە فیکری زانستی لە بوارێکدا سەربکەوێت تەنها لە پاش رووخاندنی ئەو زانیارییە هەڵانەدا نەبێت کە لەو بوارەدا باڵا دەستن، سا لەبەرئەوەی ئێمە لە ناو بازنەی ئاینێکی دیاریکراودا پەروەردەبووین پێمان وا دەبێ کە هەموو ئەو شتانەی وەرمان گرتوون ڕاست و دروستن و هەر شتێکی تری دەرەوەی ئەو بازنەیە هەڵە و لە ڕێ لادانە. کەواتە پێویستە یەکەمجار لە خۆمانەوە و لە ناو خۆمانەوە دەست بکەین بە پرۆسەی ڕزگاری.

ب-ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی چالاکییەکی ئاکتیڤی زانستییەو لەگەڵ تێکڕای فیکری هاوچەرخدا هاوکارە، لەبەرئەوە نموونەی ئیسلام وەردەگرێ و لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە هەروەکو لە ئاینەکانی دیکەی وەکو یەهودیەت و مەسیحیەت و بوزیەت و هیندۆسیەتیش دەکۆڵێتەوە، واتە لە تێڕوانینێکەوە کە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەنترۆپۆلۆژیای ئاینیدا بکات (ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینی واتە لێکۆڵینەوە لە ئاینەکان لە میانی بەراوردکردنیان و دۆزینەوەو کەشفکردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان)، ئەمە ئەو تێڕوانینە بەرفراوانەیە کە هەلومەرجی تایبەتی ئیسلام تێدەپەڕێنێ و دەگاتە حاڵەتی ئیمانداری و ئایینخوازی بە سیفەتی ڕەهەندێکی ئەنترۆپۆلۆژی لە ڕەهەندەکانی مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنێکدا (واتە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئایینی یان دیاردەی پیرۆزگەرایی لە میانی گشت ئاینەکانەوە نەك تەنها لە میانی یەك ئاینەوە، پیرۆزگەرایی و پیرۆزکردن دیاردەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە و هیچ کۆمەڵگایەکی بەشەری خاڵی نییە لەو

دیاردەیە). لەم تێڕوانینەوە محەمەد ئارکۆن دەستی کردووە بە خوێندنەوەیەکی تری قورئانی پیرۆز و هەندێ لە تێکستە ئیسلامییە کلاسیکییە گەورەکان. بۆچی؟ چونکە ئەو دەیەوێ لە ناو خودی فیکری ئیسلامیدا کۆمەڵێ پرسیاری نوێ بوروژێنێ، ئەو چەشنە پرسیارانەی ماوەیەکی دوورودرێژە سەبارەت بە فیکری مەسیحی پرسیاری زانراو و ئاشنان (بێگومان مەبەست لە فیکری مەسیحی خۆرئاوایە نەك خۆرهەڵات) لەبەرئەوەی فیکری مەسیحی لە خۆرهەڵات تا ئێستاش لەم لایەنەوە پاشکەوتووە ڕێك وەکو فیکری ئیسلامی (بڕوانە بارودۆخی مەسیحییە عەرەبەکان کە ئەمانیش لە هەمان هەستیاریی ئایینخوازیی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین بە پێچەوانەی مەسیحییە ئەوروپییەکان کە لە ناو کەشی مۆدێرنەدا دەژین) ئەمەش مانای وایە ئایین پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگا و بە پلەی پێشکەوتن یان پێشنەکەوتنی کۆمەڵگاوە.

ئارکۆن دەیەوێ فیکری ئیسلامی لە چاو فیکری مەسیحی خۆرئاوایی هەروا بە پاشکەوتوویی نەمێنێتەوە، بۆیە ئارکۆن قورئانی پیرۆز دەخاتە سەر مەحەکی ڕەخنەی مێژوویی و بەراوردکارییەوە، پاشان مەحەکی شیکردنەوەی زمانەوانیی تەفکیکی و لێوردبوونەوەی فەلسەفی کە تەرکیز دەکاتە سەر چۆنێتی بەرهەمهێنانی مانا و مەرجەکانی بڵاوبوونەوەو گۆڕانکاری و لەنێوچوونی ئەو مانایە، مانا هەتا هەتایی و ئەزەلی نییە، بەڵکو ئەویش هەڵدەوەشێتەوەو گۆڕانی بەسەردا دێ و پاشان ئاوا دەبێ هەروەکو چۆن پێدەگا و شکڵدەگرێ، مانا کاتێك هەڵدەوەشێتەوە کە گروهێك لە ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدا لەسەری ژیاون. ئارکۆن لە ڕێگەی ئەم ڕۆشنکردنەوە تازەیەوە بۆ قورئانی پیرۆز دەیەوێ بگاتە نوێکردنەوەی فیکری ئایینی بە مانای فراوانی وشەکە، نەك بە تەنها بیری ئایینی لە ئیسلامدا. ئەو دەیەوێ تێگەیشتنی ئێمە بۆ دیاردەی ئایینی تازە بکاتەوە بێگومان لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی میتۆدە نوێیەکان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئیسلام هەروەکو چۆن بیرمەندە ئەوروپییەکان ئەو میتۆدە تازانەیان بەسەر لێکۆڵینەوەی مەسیحیەت و یەهودیەتدا پراکتیك کردووە.

## ناکۆکییەکی ئیپستیمۆلۆژیی دیکە لە نێوان ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی و ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی

ئەم ناکۆکییە لە مانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ:

-ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی (یان خۆرهەڵاتناسیی تەقلیدی) بەسیفەتی سیستمێك لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە کە بریتی بێت لە کۆمەڵێ بیری تەجریدی تایبەت بە خۆی وەك بڵێی ئەو بیرانە گەوهەری جێگیر و نەگۆڕن و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت و بە مێژوو نالەوتێنرێن و ملکەچی مێژووگەرایی نابن، وەك وتمان ئەمەیە تێڕوانینی مێژووی تەقلیدیی بیرەکان و ئەم چەشنە تێڕوانینە پێی وایە فیکرەکان بە سەربەخۆیی لە دەرەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و هەلومەرجە ماترییالییەکان هەن وەك ئەوەی لە بۆشاییدا و لە سەرووی واقیع و لە سەرووی شتەکانەوە بن.

-بەڵام ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی وەك دیاردەیەکی ئایینی ئاڵۆز لە ئیسلام دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندیدا بە چەند فاکتەرێکی وەکو سایکۆلۆژی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و..هتد. لەبەرئەوە ئیسلامیاتی پراکتیکی میتۆدی ئەم زانستانە بەکاردەهێنێت:

1-میتۆدی شیکردنەوەی دەروونی.

2-زانستی دەروونی فەردی و جەماعی.

3-زانستی مێژوو (واتە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا هاتوون).

4-میتۆدی سۆسیۆلۆجیا (واتە لێکۆڵینەوە لە ئیسلام بە سیفەتی ئەوەی سیستمێکە بۆ کارکردنی مێژوویی یان بۆ پرۆسیسی مێژووگەرایی) وەك سۆسیۆلۆجیستی فەرەنسی (ئالان تۆرین) دەڵێ. ئەمەش واتە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئیسلام لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی تیایاندا بڵاوبۆتەوە و هەروەها کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایانەش لەسەر ئیسلام. بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئیماندارە تەقلیدییەکان تێیگەیشتوون، ئیسلامیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایانەی دەچێتە ناویانەوەو لێرەدا ئیسلامیش شێوەو ڕەنگی ئەو کۆمەڵگایانە وەردەگرێ (بەم مانایە دەشێت قسە لەسەر ئیسلامی ئیندونوسی و ئیسلامی پاکستانی و ئیسلامی عەرەبی و بگرە ئیسلامی مەغریبی و ئیسلامی مەشریقیش بکرێت... هتد).

بەمجۆرە دەبینین ئیسلام لە میانی گۆشە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە لێی دەکۆڵرێتەوە نەك تەنها لە میانی میتۆدی فیلۆلۆژیی (فیقهی) کە خۆرهەڵاتناسیی کلاسیکی تەنها لە ڕێگەی ئەم میتۆدەی دوایی لە ئیسلامی دەکۆڵییەوەو تا ئەمڕۆش لێی دەکۆڵێتەوە. ئەم ڕەوتە تازەیەی لێکۆڵینەوە - کە محەمەد ئارکۆن بە هەموو توانای خۆیەوە بانگەشەی بۆ دەکات - دەیەوێ ئیسلام لە "تایبەتمەندییە ئەزەلییەکەی" دەربهێنێ کە خۆرهەڵاتناسە تەقلیدییەکان تیایدا دیلیان کردبوو تا هیچ بەراوردکارییەك لە نێوان ئیسلام و مەسیحیەتدا ئەنجام نەدرێت و بە بۆچوونی ئەوان ئیسلام لە ڕەگەزێکی ترەو جیاوازە لە "ئاینە ژیارییەکان"ی تر و هەر بەراوردکارییەك لە نێوان ئەم دوو ئایینەدا دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی بەهای ئایینی مەسیحی، ئەمە ئەو دیدگا جێگیرە ناوەکیەیە (چونکە دیدگایەکە بە دەگمەن خۆی بە ئاشکرا دەردەخات) کە تەحەکوم بە کارەکانی ژمارەیەکی زۆری خۆرهەڵاتناسە کۆنزەرڤاتیفەکان دەکات. بەڵام لێرەدا هەندێ خۆرهەڵاتناسی کراوەو پێشکەوتوو هەن لە چەشنی (ماکسیم رۆدنسۆن) بە تەواوی لە بەرامبەر بەراوردکاریدا کراوەن.

لە هەموو ئەوانەی باسمان کرد، بۆمان دەردەکەوێ ئیسلامۆلۆژیی پراکتیکی لە ڕووی کرانەوەی مەعریفی یان ئیپستیمۆلۆژی و میتۆدییەوە خواست و ئامانجێکی گەورەتری هەیە وەك لە ئیسلامۆلۆژیی کلاسیکی، هەروەها لەوەش تێدەگەین کە ڕەخنەگرتنی محەمەد ئارکۆن لە خۆرهەڵاتناسی بە تەواوی جیاوازە لەو ڕەخنەیەی ژمارەیەکی گەورەی ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمان لە خۆرهەڵاتناسیی دەگرن، ڕاستە ئارکۆن لە خاڵێکدا کۆك و تەبایە لەگەڵیاندا ئەویش "بێنرخکردنی سێنتەریزمی ئیتنیی ئەوروپییە" یان ئەوەی بە "عەقڵی هەژمونگەرا" ناوی دەبات، بەڵام ئارکۆن گرفتەکە لە ئاستی ئایدیۆلۆژیدا ناهێڵێتەوە واتە ناچێتە ناو ئاستی ئایدیۆلۆژییەوە - وەك ئەو ڕۆشنبیرانە دەیکەن - بەڵکو گرفتەکە دەباتە ناو ئاستی ئیپستیمۆلۆژییەوە، مەسەلەی سێنتەریزمی ئیتنی ئەورووپی بەندە بە قۆناغێکی تەواوی مێژووی فیکری ئەورووپییەوە کە بریتییە لە مۆدێرنەی کلاسیکی، ئەم قۆناغەش لە سەدەی نۆزدەهەمدا - سەدەی پۆزەتیڤیزم و مێژووگەرایی و میتۆدی فیلۆلۆژی - گەیشتە ئەوپەڕی. ئەم میتۆدە بۆ کات و سەردەمی خۆی پاساوی خۆی هەبووە، لەبەرئەوە بێمانایە ئەمڕۆ و لە پاش بەسەرچوونی، لە دژی ئەم میتۆدە بابەت بوروژێنین و تێکڕای بیریارە ئەورووپییەکان بە مەیلداری سێنتەریزمی ئیتنی ئەورووپی تۆمەتبار بکەین، یان بەرەگەزپەرست تۆمەتباریان بکەین (لەوانە خودی مارکسیش).

لە واقیعدا هەر کولتوورێك کە سەردەکەوێ پتر مەیلی ئەوەی دەبێ لە دەوری خودی خۆیدا خول بخوات و خۆی بە چەقی گەردوون بژمێرێ، لەبەرئەوە پێویستە ئەو کولتووره بخەینە شوێنگەی خۆی واتە شوێنگەی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەی تیایدا ژیاوە، دەبێ دەستکەوتەکان و سەلبیاتەکانی بزانین بەرلەوەی بێنرخی بکەین یان ڕەخنەی لێبگرین، ئیتر پاش ئەوە دەتوانین لەوە بکۆڵینەوە چۆن ئەو کولتورە لەسەر دەستی میتۆدە تازەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان تەجاوز کراوە، سا لە هەر مرۆڤ و لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت، ئەم میتۆدە نوێیانە زۆر فراوانترن لە میتۆدە کلاسیکییە کۆنەکان، چونکە ئەوانەی یەکەم بەرامبەر بە هەموو کولتوورەکان و تێکڕای کۆمەڵگە بەشەرییەکان

**کراوەن بەبێ جیاوازی. دەبێ ئەوەش بزانین محەمەد ئارکۆن لە سەرەتای ژیانی کارکردنی زانستیدا لە ژێر کاریگەریی میتۆدی کلاسیکی خۆرهەڵاتناسیدا بووە (واتە میتۆدی فیلۆلۆژی) بەڵام پاش ئەوەی بە تەواوی لێی تێگەیشت و هەرسی کرد و لایەنە پۆزەتیڤەکانی زانی و ئاگاداری تۆکمەیی لایەنە زانستییەکەی بوو، ئینجا رەخنەی کرد و میتۆدێکی تری داهێنا، لە راستیدا سەرجەمی میتۆدی فیلۆلۆژی نێگەتیف نییە - وەك هەندێ کەس لەو باوەڕەدان - بەڵکو ئەمە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا قۆناغی یەکەم و بنچینەیی پێکدەهێنێ. بۆیە لە سەرەتادا کەمێك لەسەر میتۆدی فیلۆلۆژیی مێژوویی دەوەستین - ئەوەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوبووە - بەر لەوەی بچینە سەر لێکۆڵینەوەی ئەو میتۆدە تازەیەی محەمەد ئارکۆن تەبەنێنی دەکات. لێرەوە دەتوانین بارستایی ئەو جیاوازی و ئەو بۆشاییە گەورەیە بپێوین کە لە ئاستی ئیپستیمۆلۆژیدا هەردوو میتۆدەکە لە یەکتر جیادەکاتەوە.**

**سەرچاوە:**

**ژمارە (3)ی گۆڤاری (نزوی) ساڵی 1995.**

## بەرهەمەکانی ئارکۆن

### بە زمانی عەرەبی:

1- الفكر العربي : ترجمة د. عادل العوّا. دار عويدات- بيروت- سلسلة زدني علما 1979.
2- الإسلام بين الأمس والغد : ترجمة علي مقلد. بيروت.
3- تاريخية الفكر العربي الإسلامي : ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومي- بيروت 1986.
4- الفكر الإسلامي : قراءة علمية. ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومي- بيروت 1987.
5- الإسلام، الأخلاق والسياسة: ترجمة هاشم صالح. مركز الإنماء القومي بالتعاون مع اليونيسكو- بيروت 1986.
6- الفكر الإسلامي، نقد واجتهاد: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1995.
7- من فيصل التفرقة إلى فصل المقال: أين هو الفكر الإسلامي المعاصر؟: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1993.
8- الإسلام، أوروبا، الغرب: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1995.
9- الفكر الأصولي واستحالة التأصيل: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1999.
10- نزعة الأنسَنَة في الفكر العربي: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1997.
11- من الاجتهاد إلى نقد العقل الإسلامي. ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 1991.
12- معارك من أجل الأنسنة في السياقات الإسلامية: ترجمة هاشم صالح. دار الساقي- بيروت 2001.
13- قضايا في نقد العقل الديني. ترجمة هاشم صالح. دار الطليعة- بيروت 1998.
14- من التفسير الموروث إلى تحليل الخطاب الديني ترجمة هاشم صالح. دار الطليعة- بيروت 2001.
15-الإسلام، أصالة وممارسة، بيروت 1986.
16-العلمنة والدين، ترجمة هاشم صالح, دار الساقي –ط1 -1990.

### بە زمانی فەرەنسی:

- Deux Epîtres de Miskawayh, édition critique, B.E.O, Damas, 1961 ;
- Aspects de la pensée islamique classique, IPN, Paris 1963;
- L'humanisme arabe au 4e/10e siècle, J.Vrin, 2°éd. 1982;
- Traité d'Ethique, Trad., introd., notes du Tahdhîb al-akhlâq de Miskawayh, 1e éd.1969; 2e éd.1988;
- Essais sur la pensée islamique, 1e éd. Maisonneuve & Larose, Paris 1973; 2e éd. 1984;
- La Pensée arabe, 1e éd. P.U.F., Paris 1975; 6e éd. 2002; Trad. en arabe, anglais, espagnol, suédois, italien ;
- L'islam, hier, demain, 2e éd. Buchet-Chastel, Paris 1982; trad. arabe, Beyrouth 1983;
- L'islam, religion et société, éd. Cerf, Paris 1982; version italienne, RAI 1980;
- Religion et laïcité: Une approche laïque de l'islam, L'Arbrelle, Centre Thomas More, 1989;
- Lectures du Coran, 1e éd. Paris 1982; 2e Aleef, Tunis 1991;
- Ouvertures sur l'islam, 1e éd. J. Grancher 1989;
- L'islam. Approche critique, Le livre du mois, Club du livre 2002
- Pour une critique de la Raison islamique, Paris 1984;
- L'islam, morale et politique, UNESCO-Desclée 1986;
- Combats pour l'Humanisme en contextes islamiques, Paris 2002
- The Unthought in Contemporary Islamic Thought, London 2002.
- De Manhattan à Bagdad: Au-delà du Bien et du Mal, Paris 2003

### بە زمانی هۆڵەندی

- Islam in Discussie, 24 vragen over de islam, éd. Uitgeverij Contact, Amsterdam 1993;
- Islam & De Democratie; Een ontmoeting, en collaboration avec Frits Bolkestein, Uitgeverij Contact, Amsterdam 1994. -Plusieurs articles et interviews dans Revues et journaux néerlandais..

### به زمانی ئیندونیسی:

- **Nalar islami dan nalar modern: Berbagai Tantangan dan jalan Baru, trans. Johan H. Meuleman, INIS, Jakarta 1994.**
- **Berbagai Pembacaan Quran, trans. Johan H. Meuleman, INIS, Jakarta 1997, 256 p.**

### به زمانی ئینگلیزی:

- **Arab Thought, éd. S.Chand, New-Delhi 1988;**
- **Rethinking Islam : Common questions, Uncommon answers, today, Westview Press, Boulder 1994.**
- **The concept of Revelation: from Ahl al-Kitâb to the Societies of the Book-book, Claremont Graduate School, Ca.,1988;**
- **The Unthought in Contemporary Islamic Thought, London 2002.**

**کتێبە چاپکراوەکانی تری وەرگێڕ:**

⋆ شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق رەخنە) , چاپخانەی رەنج , سلێمانی- 2001 .

⋆ بیری رەخنەیی هاوچەرخ , کۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو , دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی , هەولێر- 2001 .

⋆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی-2001 .

⋆ ئایین و عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی , گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد ئارکۆن , دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی , هەولێر-2002 .

⋆ مەملەکەتی تیشکەکان , کۆمەڵێ چیرۆکی وەرگێردراوی جەلیل قەیسی , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی-2002 .

⋆ لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا , هاشم سالّح , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , کتێبی گیرفان (23) , چاپی یەکەم سلێمانی-2002 . چاپی دووەم سلێمانی-2004 , لەبلاّوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران لە هەولێر .

**پۆستی ئەلیکترۆنی وەرگێر:**

nawzadaa@yahoo.com